شه ریعه تی ئیسلام

به پێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی

خوای لێ رازی بێ

دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس

مامۆستای خوێندنگای ئایینیی
شیخ عبدالقادری گەیلانی

وە

پێش نوێژو خوتبەخوێنی
مزگەوتی ئەحمەدی لە بەغدا

بەرگی دووهەم

چاپی یەکەم

لەسەر ئەرکی (حاجی عبدالقادری حاجی عبداللەی جبار) لەچاپ دراوە

مافی لەچاپدانەوەی هەموو بەرگەکانی بۆ دانەرە

لە چاپخانەی (سلمان الاعظمي) لە بەغدا لەچاپ دراوە
١٣٩٢ی هیجری - ١٩٧٢ی میلادی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمــد لله رب العــالمين ،

والصــلوة والســلام على ســيدنا

محمــد آلــه وصـــحبه أجمعين ..

باسی زیان گەیاندن بە گیان یا بە ئەندام (جراح)

زیان گەیاندن کە لە شەرعدا پی‌ی‌ئەوتری (جنایت) سی جـوره (عمد)و (شبه عمد) و (خطأ) • زیان گەیاندنی عەمد ئەوەیە زیـان دەرەکە نیازی زیان گەیاندنەکەیش‌و نیازی کەسەکەیشی کردبی بەهـوی شتیکەوە کە زیاتر وابی کوشندە بی وەکو چەقوو کیردو خەنجەرو شیرو دەمانچەو تفەنگ‌و بەردی گەورەو سـووزن‌و ، دەرزی‌یـەك کە بیکا بە سکی کابرادا یا بە چاویا یا بە میزەلدانیا یا بە هەر ئەندامیکی‌تریا کە ببـی بەهوی مردنی ، یا ئەندامەکەی لەوانە نەبی کە دەرزی پیا کردنی کوشندە بی بەلام ئیشی پی‌بگەیەنی‌و بیئاوسینی تا کابرا بمری • بـەلی ئەگەر ئیشی نەگەیاندو نەی‌ئاوساند وەکو دەرزی‌یەك کـە بیـکا بـە پیسـتی پاژنەی کەسیکداو بە ریکەوت کابرا بمری ، ئەوە هیچی تیا نی‌یە • بەلام ئەگەر بە بەردیك یا کوتەکیك کە زیاتر وابی کوشندە نەبی بدا لە کەسیکی لاواز یا لە پیریك یا لە نەخوشیك وە کابرا بمری ، ئەوەیش هـەر بـەر عەمد ئەکەوی ، چونکە لە راستیدا ئەم شتانەیش بو ئەوکەسانە بە کوشـــندە ئەناسرین هەرچەند بو خەلکی‌تر کوشندە نەبن •

نیازی شەخص ئەوە ئەگریتەوە کە نیازی کەسیکی تایبەتی بکا وەك ئەوە کە دەمانچەیەك بنی بە کەسیکەوەو بیکوژی ، وە ئەوەش ئەگریتەوە کە نیازی کەسیکی تایبەتی نەکا وەکو ئەوە کە دەمانچەیەك بنی بە کومەلە خەلکیکەوە کە بە دوژمنیان بزانی بو ئـەوە کـــە یەکیکیان لی بکوژی هەرکامیان بی •

(شبه عمد)یش بریتی‌یە لەوە کە نیازی ئیشـــەکەو کەسەکـــەی هەبی ، بەلام بە شتیك کە زیاتر وابی کوشندە نەبی وەکو ئەوە بە توولیك

یا بە عاسایەکی سووك بدا لە کەسێکی بەهێزو شوێنەکەیش کە لێی ئەدا خەتەر نەبێ ، کەچی وا ڕێکەوێ بیکوژێ ..

(خطأ)یش ئەوەیە نە نیازی ئیشەکەو نە نیازی کەسەکەی نەبێ ، وەکو لەکاتێکا کە بە ڕێگادا ئەڕوا پێی هەلکەوێ لە منالێك و بیکوژێ ، یا نیازی ئیشەکەی ببێ بەلام نیازی کەسەکەی نەبێ وەکو ئەوە کە لە شاییدا دەمانچەیەك بتەقێنێ و بێ یەوی بە بەرزا بڕوا کەچی دەستی دانەوێ و بدا لە کەسێك و بیکوژێ ، یاخود دەمانچە بنێ بە کەسێکەوە کەچی بدا لە کەسێکی ترو بیکوژێ ، یا دەمانچە بنێ بە نەچیرێکەوە کەچی بدا لە کەسێك و بیکوژێ .

بەلام ئەوە کە نیازی کەسی هەبێ و نیازی ئیشەکەی نەبێ ، ئەوە مەحالەو میثالی نییە . لەناو ئەم چەند جورەدا تەنها لە عەمددا (قصاص) هەیە وە لە شوبهە عەمدو خەطادا (دیە) واتە خوێن ئەستێنرێ کە مالێکە ئەدرێ بە کەس و کاری کوژراوەکە ، وەکو لەمەولا باسی ئەکەین .

(بزانن) ئەو کردەوانە کە ئەبن بەهوی زیان گەیاندن سێ بەشن (مباشرة) و (سبب) و (شرط) . موباشەرە بریتییە لە کردەوەیەك کە کار بکا لە کوشتنی کەسەکەداو (فعلا) بیکوژێ وە کو ئەوە کە دەمانچەیەك بنێ بە کەسێکەوەو بیکوژێ . سەبەبیش ئەوەیە کار نەکا لە کوشتنا ، بەلام شتێکی لێ پەیدا ببێ کە ببێ بەهوی کوشتن وەکو ئەوە کە زور بکا لە کەسێك بوئەوە کە ئەوکەسە بکوژێ . شەرتیش ئەوەیە نەبێ بەهوی کوشتن بەلام بە بێ ئەوشتە کوشتنەکە نەبێ وەکو هەلکەندنی بیرێك لە سەرە ڕێگایەکدا کە خەلکی تێ بکەوێ .

سەبەب سێ جورە . یەکەم سەبەبی شەرعی وەکو شایەتیدان بە درو لەسەر ئەوە کە فلان کەس فلان کەسی کوشتووە . دووهەم (حسی)

وەکو زور کردن لە کەسێك بو کوشتنی کەسێکیتر • سیهەم عورفی وەکو ئەوە کە زەهر بکاتە خواردنیکەوە بوئەوە کەسێکبیخواو بمری • جا لەمشوینەدا بە تەرتیب هەندیك میسال ئەنووسین بوئەوە کە ببن بەهوی چاوکرانەوە بو میسالی ئەم بەشانە •

یەکەم، واتە سەبەبی شەرعی ، وەکو ئەوە دووکەس شەهادەت بدەن کە ئەحمەد مەحموودی کوشت ، وە دادگا ئەحمەد لە تولەدا بکوژیتەوە ، پاشان شاهیدەکان پەشیمان ببنەوەو بلین بە درو شەهادەتمان دا لە ئەحمەد، ئەمە وەکو کوشتنی عەمد وایەو ئەبی بەهوی کوشتنەوەی ئەم دوو شاهیدە، مەگەر میراتگرانی کوژراوەکە بلین خومان ئەمانزانی کە شەهادەتەکەیان درویە ، ئەمە لەمکاتەدا ئەوان ئەکوژرینەوە نەك شاهیدەکان کە بە درو شەهادەتیان دابوو •

دووەهەم ، واتە سەبەبی حسی ، وەکو ئەوە کەسێك زور بکا لە کەسێکی بالغی عاقل بوئەوە کەسێك بکوژیو ، ئەویش کەسەکە بکوژی• ئەمەیش بە کوشتنی عەمد ئەناسریت ، وە زورکەرو زور لیکراو هەردوکیان ئەکوژرینەوە ، وە ئەگەر زوری لە منالیك یا لە شیتیك کردبوو کابرا بکوژیو ئەویش کوشتی ، ئەوە هەر زورکەرەکە ئەکوژریتەوە ، چونکە منالو شیت بە ئالەتی رووت دائەنرین •

زور لیکردنی شەرعی بەوە دیتەجی کە زوردارەکە بلی ئەگەر ئەوکەسە نەکوژی خوت ئەکوژم یا کورت ئەکوژم ، وە بە هەمووجورە ترساندنیك نابی • بەلی ئەگەر زوردارەکە پیاویکیوا بوو هەرکەس لە فەرمانی دەربچوایە ئەیکوشت ، ئەوە پیویست نییە کابرای زور لیکراو بە هەرەشەی کوشتن بترسینی ، وە هەر بە فەرمانەکەی زور لیکردنەکە

دیتـــەجی ، وە لـــەپاش کوشتنی کابرا ئـــەم دووکەســـە هەردوکیان ئەکوژرینەوە •

لە غەیری ئەم صوورەتانەدا ئەگەر کابرا هەر بە فەرمانی زوردارەکە ئەو کەسە بکوژی ، ئەوە هەر پیاوەکە ئەکوژریتەوە ، ئیتر زوردارەکـــە ناکوژری •

لە جوری سەبەبی (حسی)ی زور لی‌کردنە ئەمە کە کەسیك زور بکا لە کەسیك دەمانچەیەك بنی بە نەچیریکەوە ، وە بیشزانی کە نەچـــیر نی‌یەو ئادەمیزادە ، وە کابرای زور لی‌کراو بە نەچیری بزانی‌و بیکوژی ، ئەوە لەم‌صوورەتەدا هەر فەرمان دەرەکە ئەکوژریتەوە • وە ئەگەر ئەمیش بزانی ئادەمی‌زادەو نەچیر نی‌یە ئەوە هەردوکیان ئەکوژرینەوە • وە لـــە صوورەتی زور لی‌کردنـــا ئەگـــەر خوین (دیـــە) واجب بوو یا لەبـــەر لی‌خوش‌بوون یا لەبەر هەلە ، مالەکەیش ئەکەویتە سەر هەردوکیان •

وە لە هەموو صوورەتیکی زور لی‌کردنا زورکەرو زور لی‌کراو بەو شەرتە ئەکوژرینـــەوە ئەگەر لـــە صـــیفاتی قیصاصدا ریك بن لەگـــەل کوژراوەکەدا ، ئەگینا ئەگەر کوژراوو زورکەرەکە بەنـــدە بوون‌و زور لی‌کراوەکە ئازاد بوو ، ئەوە هەر زورکەرەکە ئەکوژریتەوە • وە ئەگەر زور لی‌کراوەکەو کوژراوەکە بەندە بوون ، وە زورکەرەکەئازاد بوو هەر زور لی‌کراوەکە ئەکوژریتەوە ••

هەروەها پیویستە زورکەرو زور لی‌کراویش بالغ‌و عاقل بن ، ئەگینا ئەگەر منالیك زوری کرد لە کەسیك کە فلان‌کەســـیك بکوژی ، ئەویش کوشتی ، ئەوە قیصاص هەر لەسەر زور لی کراوەکەیە • هەروەها ئەگەر کەسیکی بالغ زوری کرد لە منالیك کە فلان کەســـیك بکوژی‌و ئەویش کوشتی ، ئەوە هەر زورکەرەکە ئەکوژریتەوەو منالەکە ناکوژریتـــەوە •

جا ئەگەر عەمدی نابالغ بە عەمد بزانری ئەوە نیوەی (دیـە)ی عەمـدی ئەکەویتەسەر وەکو ئەوە کە منالەکە بی‌تەمیز بی ، لەوی‌یشـدا ئیشی ئەو بە هەلە ئەزانری‌و نیوەی (دیە)ی هەلەی ئەکەویتەسەر .

ئەگەر کەسیك زوری کرد لە کەسیك کە دەمانچەیەك بهاوی بـو نەچیریك‌و ئەویش دەمانچەکەی پیوەناو دای لە ئادەمیزادیك‌و کوشـتی ، ئەوە قیصاص لەسەر هیچیان نی‌یە ، چونکە نیازی کوشتنی ئەوکەسـەیان نەبوە ، بەلکو (دیە)ی هەلەیان ئەکەویتەسەر وە پیویستە یەکی نیـوەی بـدەن .

ئەگەر کەسیك زوری کرد لە کەسیکی‌تر کە ئەحمەد یا مەحموود بکوژی ، ئەویش یەکیکیانی کوشت ئـەمـە بەر زور لی‌کردن ناکەوی ، وە لەم‌صوورەتەدا قیصاص هەر لەسەر پیاوکوژەکەیەو خاوەن فەرمانەکە گوناه‌بار ئەبی‌و بەس .

هەروەها بەر زور لی‌کردن ناکەوی ئەمە کە کەسیك زور لە کەسیك بکا کە خوی بکوژی ، چونکە مەرجی زور لی‌کردن ئەوەیە کوشتنەکەو ئیشە لی‌ترسراوەکە جیا بن لە یەك ، وە لەم‌حالەدا هەردوکیان یەك‌شتن[1] . هەروەها ئەگەر زوری لی بکا بلیت ئەبی خـوم بکوژی ، ئـەمـەیش نابی بەهوی قیصاص لەسەر بکوژەکە هەرچەند بەم کردەوەیە گوناهبار ئەبی .

ئەگەر کەسیك کەسیکی دا بـە دەمی مارەوە ، یا نـای بە کلکی دووپشکەوە ، وە مارو دووپشـکەکە دایان بـە کابراوەو مرد ، یاخود درندەیەکی پیاو خوری خست بەسەر کەسیکداو ئەوکەسەی خوارد ، یا

(١) لە (روض) دا جەزمی ناوە بەوەدا کە لەم صوورەتەدا نیوە (دیە) ئەکەویتە سەر زورکەرەکە .

کەسیکی خست بەسەر درندەیەکی پیاوخوردا لە تەنگەلانیکدا کە ئــەو کەسە مەیدانی راکردنی نەبی ، یاخود درندەیەکی بەردایە کەسیك لـــە شوینیکیوادا کە کابرا مەیدانی راکردنی نەبی ، یاخود مەیــدانی ببی ، بەلام دروندەکە زور چالاك بوو وە کابرای گرتو خواردی ، ئەوە لـــە هەموو ئەم حالانەدا قیصاص ئەکەویتە سەر ئەو کابرایە •

بەلام ئەگەر کەسیك سەگیکی لانگری بەستەوە لە دالانداو کەسیکی بانگ کرد بو مالی خوی ، وە سەگەکە کابرای خوارد ئەوە ئەو کابرایـە بە بی قیصاصو بی خوین ئەروا ، هەرچەند مەجالی ئەوە نەبی کابرا لـــە بەردەمی سەگەکە دەربچی • هەروەها ئەگەر ئەو سەگە لانگرە بەرەللا بیو پەلاماری کابرا بداو بیخوا ، چونکە ئەو سەگە بە ئارەزووی خـوی وە بە بی هاندانی خاوەنەکەی کابرای خواردووەو ، کابرایش مەیدانی خو رزگار کردنی بووە • وە ئەگەر مەیدانیشی نەبووبی بـە ئارەزووی خوی چووە بو ئەو شوینەو کەمتەرخەمییشی کردووە کـە عاسایەك یـا خەنجەریکی هەلنەگرتووە بوئەوەی خوی پیبپاریزی لـەو جـــورە دروندەیە •

ئەگەر کەسیك کەسیکی بەند کرد لە ژووریکا یا لـــە چولیکـــدا بەستیەوەو نانو ئاوی لی مەنع کرد تا مرد ، ئەوە قیصاصی ئەکەویتەســەر ئەگەر ئەوماوەیە لەوانە بی زورتر ئینسان بە بی نان یا بە بی ئاو نەژی تیادا، هەروەها ئەگەر ماوەکە کەم بوو، بەلام کابرای بە برسییەتی یا بە تینوویەتی بەند کردبوو ، بەلام ئەگەر ئینسانیکی تیرو تیراو لە ماوەیەکدا حەپس بکا کە ئینسان بتوانی بە بی نانو ئاو بژی ، کەچی وا ریکەوی کابرا بمری ، ئەوەیش هەر (شبە عمد)ە •

ئەگەر کەسیك منالیك بخاتە ئاویکی کەمەوەو منالەکە تیایدا بخنکی ،

ئەمە بە عەمد ئەزانری‌و ئەبی بە هوی قیصاص • هەروەها ئەگەر کابرایەکی مەلەنەزان بخاتە ناو ئاویکی زورەوەو کابرا بخنکی ، یاخود کابرا مەلە بزانی بەلام دەستی ببەستی بەجوری کە مەلەی پی نەکری ، یاخود کابرا پیویستی بە کوولەکە ببی بو مەلەوانی‌و ئەو کوولەکەکەی لی بسینی • بەلام ئەگەر کابرای مەلەوان خەریکی مەلە بوو ، وە کەل‌وپەلی مەلەی لەلادا بوو بایەکی توند هات نەیهیشت مەلە بکات ئەوە شوبهە عەمدە •

وە ئەگەر مەلەوانەکە بە ئارەزووی خوی مەلەی نەکرد تا خنکا ، یاخود ئاوەکە کەم بوو ، بەلام ئەم خوی تیا راکیشا تا خنکا ، ئەوە خوی بە دەستی خوی فەوتاندووە‌و نە قیصاصی هەیەو نە خوین (دیە) •

کەسیك کەسیك بخاتە هودەیەکەوەو دەرگای لی ببەستی‌و دووکەلی بدا تا ئەخنکی‌و ئەمری ، ئەمە عەمدە • هەروەها ئەگەر بیخاتە ناو ئاگریکی وەهاوە کە نەتوانی خوی لی رزگار بکا • بەلام ئەگەر ئاگرەکە لەوانە بوو کە کابرای لی دەربچی ، وە بە ئارەزوو دەرنەچوو تا مرد ، ئەوە قیصاصی نی‌یە ، بەلام لە واجب‌بوونی خوینەکەیدا دوو فەرموودە هەیە •

کەسیك ژار بکاتە ناو چیشتەوە بو منالیك یا شیتیك ئەویش بیخواو بمری ، ئەوە عەمدە‌و باعیثی قیصاصە • وە ئەگەر میوان‌داری‌ی پیاویکی عاقل بکا بە چیشتی کە ژاری تی‌کردبی ، ئەویش بیخواو بمری ئەوە لە فەرموودەیەکی ئیمامدا بە عەمد ئەناسری ، وە لە فەرموودەیەکدا بە شوبهە عەمدو باعیثی (دیە) یە چونکە خوی کەمتەرخەمی‌ی کردووە • هەروەها ئەگەر بە دزی‌یەوە ژار بکاتە ناو خواردەمەنی‌یەکی‌وا کە ئەغلەب کابرا لەو خواردەمەنی‌یە بخواو ، خواردی‌و مرد ، ئەمەیش هەر عەینی ئەو دوو فەرموودەیەی تیا هەیە • هەندی لە زانایان ئەفەرموون لەم دوو صوورەتەدا ئەگەر ئەوکەسە کە لەو خواردەمەنی‌یە ئەخوا لەو دوو

صوورەتەدا لەوانە بوو بەهۆی زاتینی هونەری دوکتوری‌یەوە یا بــــە بەراورد خواردەمەنی‌ی زەهراویی ئەناسی ، ئەوە ئەم صوورەتە شـوبهە عەمدە • وە ئەگەر لەوانە نەبوو کە خواردنی زەهراوی بناسی ئەوە عەمدە، چونکە هەرچەنــد کابرای خاوەن‌ژار زوری لی نـــەکردبی ، بـــەلام خواردەمەنی‌ی عادەتی بو میوان ، یاخود خواردنی خوراکی مالی خـوی وەکو پیویست وایە ، وە کابرایش نەیزانیوە بە ژارەکە ، وە نیـــازی خراپەی خاوەن ژارەکەیش وەکو بەکار هینانی ئالەتی کوشتنە ، لـــەم صوورەتەدا ئەبی بەهوی قیصاص لە خاوەن‌ژار •

ئەگەر کەسیك زوری کرد لە کەسیك بوئەوە کە برواتە خوارەوە بە بیریکدا یا سەرکەوی بە داریکدا یا بە زەردو ماهیکدا ، وە کابرا کەوتە خوارو مرد ، ئەگەر ئەو شوینانە لەوانــە بوون زورتر وابن بنیادەمیان لی داکەویتە خوارەوەو زورداره‌کەش مەبەستی فەوتاندنی کابرا زور لــی کراوەکە بی ، ئەوە بە عەمد دائەنری‌و باعیثی قیصاصە ، وە ئەگەر نیازی خراپ نەبوو ئەوە شوبهە عەمدەو باعیثی (دیە)یە لەسەر کەس‌وکاری کابرا • هەروەها ئەگەر لەوانەیش نەبن کە بنیادەمیان لی داکـــەوی بـــە ئەغلەب ، بەپی‌ی فەرموودەی پشت پی‌بەستراو وەکو لە شیروانیدا باســی کردووە •

ئەگەر کەسیك کەسیکی خستە ناو ئاویکی زورەوەو گورج ماسی‌یەك قووتی دا ئەوە بە عەمد ئەناسری‌و ماسی‌یەکە لەبەر بی‌شوعووری بە ئالەت دائەنری • وە ئەگەر کەسیك کەسیکی بریندار کردو کـابرای بریـندار کراو دەرمانی برینەکەی نەکرد تا مرد ئەوە هەر بە عەمد دائەنری •

ئەگەر کەسیك بیریکی هەلکەند لە ریگایەکداو کەسیکی نـــەفامی بانگ کرد کە زیاتر وابوو ریگای بەسەر بیرەکەدا ئەرویی‌و کەوتە ناوی‌و

مرد ، ئەوە بە عەمد ئەزانری‌و باعیثی قیصاصە • وە ئەگەر پیاویکی عاقلی بانگ کردو کەوتە ناوی و مرد ئـەوە نابی بـە ضـامنی مەگـەر سـەری بیرەکەی داپوشیبی یاخود ئەو پیاوە کە ئەکەویتە ناوی کویر بی ، یاخود بیرەکە لە شوینیکی تاریکدا بی ، ئەوە ئەم رووداوە بە شوبهە عەمـــد دائەنری • هەروەها ئەگەر سەری بیرەکە داپوشی بوئەوە کە هەرکەس بی بەسەریا بکەویتە ناوی ، ئەوەیش هەر بە شوبهە عەمد دائەنری • یا ئەگەر تەلەیەك دابنی لە ری گوزەریکداو دای‌پوشی ، ئەمەیش ئەگـــەر نەفامیك بانگ بکا بو سـەری‌و بکەویتە تەلـەکـەوەو بمری قیصـــاصی ئەکەویتەسەر • وە ئەگەر خاوەن تەمیزیکی پیوە بی شوبهە عەمدە • بەلی ئەگەر بەدزی‌یەوە تەلەیەکی لە پشتی دەرگای کەسیکەوە شاردەوە یـــا بومبایەکی دانا یا بیریکی هەلکەندو دای‌پوشی بەنیازی ئەوە کابرای خاوەن دەرگای پی‌بکوژی ، وە خاوەن دەرگاکە پیوەبوو ، ئەمانەیش بە عەمـــد ئەناسرین ، وە ئەبن بەهوی ئەوە کە قیصاص لەسەر کابرا ئیسپات ببی •

وە ئەگەر ئینسانیکی خستە خوارەوە بە بیریکدا کە قوولی مرینـەر بی ، وە لە بیرەکەدا شمشیریکی رووت داچەقینرابوو ، یـــا ماریکی پیس هەبوو ، وە کابرا کەوت بەسەر شمشیرەکـــەداو مرد ، یاخود مارەکـــە پی‌یەوە داو کوشتی ، ئەمەیش هەر بە عەمد دائەنری ، وە شمشیرەکـەو مارەکە بە ئالەت دائەنرین •

ئەگەر ئەحمەد کەسیکی گرت‌و مەحموود کوشتی یا ئەحمەد بیریکی هەلکەندو مەحموود کەسیکی تی فری‌داو مرد ، یـا ئەحمەد کەسیکی لە بەرزی‌یەکەوە خستە خوارەوەو مەحموود بـــە شمشیر کردی بـــە دوو کەرتەوە ، ئەوە لەم صوورەتانەدا قیصاص لەسەر مەحموودە • بەلی ئەگەر مەحموود لەوانە نەبوو کە بو ضامن بوون بشی ، وە ئەحمەد لەوانە بوو ،

ئەوە لە صوورتی یەکەمو دووهەمدا قیصاص لەسەر ئەحمەدە بەوشەرتە لە صوورەتی یەکەمدا کابرا بەنیازي ئەوە بگری کە بکوژری • ئەگینا ئەگەر بو پاراستني خۆی گرتی یا بۆ گاڵتەو یاری گرتی ئەوە هیچی ناکەوێتە سەر ، وە لە صوورەتی دووهەمیشا لە شوێنێکی بەرزیواوە بیخاتە خوارکە زورتر وابی ئینسانی پی بمری ، ئەگینا هەر (دیە)ی شوبهە عەمدی ئەکەویتەسەر ، وە لە مەسئەلەی بیرەکەدا ئەحمەد هەر گوناەو سەرزەنشتی ئەکەویتە سەر ، ئەویش بەوشەرتە ئەو بیرە بە ناحەق هەڵبکەنی •

(بیداربن) لەم صوورەتانەوە کە بەیانمان کردن دەرکەوت ئەگەر شەرتو خەریك بوون (مباشرة) کەوتنە یەك ئەوە حوکم بو خەریك بوونە ، وەکو لە مەسئەلەی بیرەکەدا • ئیستە هەرچەند هەلکەندنی بیرەکە شەرتە بەلام قیصاص لەسەر ئەوکەسەیە کە خەریك بووەو کابرای خستووەتە خوارەوە •

وە ئەگەر سەبەبو خەریك بوون کەوتنە یەك ، ئەوە هەندیجار حوکم بو سەبەبەکەیە وەکو لە مەسئەلەی شەهادەتی درودا بەوە کە فلان کەس فلان کەسی کوشتووە • وە هەندیجار حوکم بو خەریك بوونە وەکو ئەوە کەسیك یەکیك لە بەرزییەکەوە بخاتە خوارەوە ، وە لەپیش ئەوەدا کە بکەویتە زەوی یەکیك بە شمشیر دوو لەتی بکا • وە هەندیجار حوکم بو هەردوکیانە وەکو لە مەسئەلەی زور لیکردنا بو کوشتن بەیانمان کرد •

باسی کوبوونەوەی دوو جینایەت بە خەریك بوون

ئەگەر دووکەس جینایەتیان کرد لە کەسیك ئەوە یا ئەم دوو جینایەتە لە یەك کاتدا ئەکرین یا بەرودوا ئەبن • جا ئەگەر لە یەك کاتدا بوونو هەردوکیان بە زوویی کابرایان ئەکوشت وەکو ئەوە دووکەس پیکەوە

دەمانچە بنێن بە سەردلی کەسێکەوە ، یاخود بە زوویی گیانیان دەرنەئەکرد وەکو ئەوە کە یەکێکیان دەستی راستیو یەکێکیان دەستی چـەپی بڕیو پاش ماوەیەك کابرا مرد ، یاخود یەکێکیان برینێکی لێکردو ئەویان دە برینی لێکردو کابرا مرد ، ئەوە لەم صوورەتانەدا قیصاص لەسەر هەردوو کەسەکە ثابت ئەبێ‌و هەردووکیان لە قیصاصدا ئەکوژرین •

وە ئەگەر برینی یەکێکیان بـــە گورجی گیانی دەرئـــەکردو هی ئەوی تریان وا نەبو ، وەکو ئەوە یەکێکیان ملی کابرای بڕیو ئەویان دەستی بڕی ، ئەو هەر خاوەنی برینە گیان دەرکەرەکە بە بکوژ ئەناسریو قیصاص لەسەر ئەوە ، هەرچەند گومانیشمان ببێ لەوەدا کە برینی دووهەمیش گیان دەرکەرە ، چونکە قیصاص بە گومان ئیسبات نابێو شوبهە مانیعی قیصاصە، بەلام پێویستە بژاردنەوە یا قیصاصی ئـەو برینە بـدا کـە کردوویەتی ، مەسەلا کەسێك شمشێرێکی دا لە ملی کەسێكو ملی لە لاشـەی جیا کردەوە، وە کەسێکی تریش دەستی بڕی ، ئەوە سەربڕەکە ئەکوژرێتەوەو دەستی دەستبڕەکەیش ئەبڕدرێ ••

وە ئەگەر جینایەتەکان بەرودوابوون ، ئەوە ئەگەر یەکەمیان کابرای گەیاندە (حرکەی مذبوح) یـــەعنی جمەوجوولی حەیوانی ســــەربڕاو بەمڕەنگە کە قسەو ڕوانینو جمجوولی بە ئارەزووی خۆی پێنەهێشت ، وە لەپاش ئەو یەکێکی‌تر برینداری کرد ، ئەوە قیصاص هەر لەسەر یەکەمە ، وە شەخصی دووهەم تەعزیر ئەکرێ چونکە ئـەو بریندارە لـــە حوکمی مردوودایەو ئەم کەسەیش وەکو ئەوە وایە حورمەتی مردووی شکاندبێ •

وە ئەگەر کابرای یەکەم نەی‌گەیاندە حالەتی جمەوجوولی حەیوانی سەربڕاو ، وە کابرای دووهەم برینی لێکرد ، لەمکاتەدا ئەگـەر برینی کابرای دووهەم گیان دەرکەری دەس‌بەجێ بوو ، مەسەلا یەکەم دەستی

بری‌و دووهەم سەری بری ، ئەوە قیصاص لەسەر دووهەمە ، وە بژاردن یا قیصاصی ئەندامە براوەکەیش لەسەر یەکەمە • وە ئەگەر دووهەمیش نەی‌گەیاندە پلەی جم‌وجوولی حەیوانی سەربراو ، مەسەلا یەکەم دەستی راستی‌و دووەم دەستی چەپی بری‌و کابرا مرد ، ئەوە قیصاص لەسەر هەردوکیانە چونکە کابرا بە تەئثیری برینی هەردوو دەستی مردووە •

(بزانن) حالەتی جم‌وجوولی حەیوانی سەربراو بەوە دیتەجی کە قورقوراچکەی ببری یا لوولەی سووریچکەی ببری یاخود سکی بدری‌و هەندی لە ریخولەکانی بینە دەرەوە ، بەجوری کە بە قەطعی بزانین ئەو کابرایە لەپاش ماوەی روژیك یا دوو روژ ئەمری • لە وینەی ئەم حالەتانەدا ئەگەر برینداره‌کە قسەی ریك‌و جوانی نەبوو ، ئەوە دیارە • وە ئەگەر قسەی ریکیشی هەبوو هەر بە هیچ دانانری چونکە پاش ئەوە کە سارد بووەوە ئەو قسەیەشی نامینی ، وە ئەم حالەتە بە حالەتی یەئس‌و نائومیدی دائەنری‌و کابرا حوکمی مردوو وەرئەگری ، یەعنی دروستە میراتی بدری بە میراتبەر ، وە ئەگەر خزمیکی مرد میراتی لی وەرناگری • وە ئەگەر ژنەکەی لەوکاتەدا دووگیان بوو ، وە منالەکەی بوو ، دروستە شوو بکا ، وە هەر قسەیەك بکا لەبارەی کرین‌و فروشتن‌و مامەلەوە یا لەبارەی نیکاح‌و تەلاق‌و وەصیەت‌و بەخشین‌و هەر خیرو خیراتیکی ترەوە ، یا توبە بکا یا موسولمان ببی ئەوە هەمووی بی‌ئیعتیبارەو رەواجی نی‌یە • نەخوشیش ئەگەر بگاتە ئەم حالەتە وەك مردوو وایەو قسەو تەسەروفاتی بی‌ئیعتیبارە ، تەنها ئەوە نەبی کە ژنی ناتوانی شوو بکاو میراتی دابەش ناکری ، وە ئەگەر خزمیکی مرد میراتی لی وەرئەگری[1] ••

---

(١) سەیری بەرگی هەشتەمی (شیروانی) بکە لەسەر (تحفه) لە لاپەرە ٣٩٤دا •

ئەگەر نەخۆشێك گەیشتبوە کاتی سەرەمەرگ ، وە لەوکاتـــەدا یەکێك کوشتی یا دارێکی لێداو گیانی دەرچوو ، ئەوە قیصاص ئەکەوێتە سەری چونکە گەلێجار وا رێکەوتووە نەخۆش گەیشتووەتە ئەم حالەتەو پاش ئەوە چاك بووەتەوە •

ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت کە بە کافری (أهلى ذمە)ی ئەزانی یا وای ئەزانی باوکی کوشتووە ، یـا باوکی کوشـتبوو وە وای ئەزانی میراتبەرەکان هەموویان رازین بە کوشـتنەوەی ، یاخـود لە ولاتی ئیسلامدا کافرێکی کوشت کە بە کافری جەنگکەر (حربى)ی ئەزانی ، کەچی کابرای کوژراو بە پێچەوانەی زانستی بکوژەکە دەرچوو ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا قیصاص لەسەر کابرای بکوژ ثابت ئەبێ ، وە ئەو باوەڕەی کە بوویەتی بە هیچ دەرئەچێ ، چونکە کوشتن خەتەرەو بە خەیاڵی رووت کوشتنی کەس دروست نییە • بەڵێ ئـەگـەر لـە ولاتی کافرانا یا لە ریزی جەنگدا دای لە موسوڵمانێك ، بەگومانی ئەوە کە کافری جەنگکەرە ، ئەوە قیصاص ناکەوێتە سەری ، هەروەها ئەوە (دیە)یشی ناکەوێتە سەر لەبەرئەوە کە ئەم کابرایە بە مانەوەی لـــە ولاتی جەنگ (دار الحرب) دا حورمەتی خۆی شکاندووە •

باسی مەرجەکانی قیصاص

بە شـــەرت گیراوە لە قیصاصدا بێجگە لـــە دەسەنقەستیتی (تعمد) چەند مەرجێك • یەکەم ئەوەیەخوێنی کوژراوەکە پارێزراو بێ یا بەهۆی موسوڵمانەتییەوە یا بەهۆی (جزية) وە یا بەهۆی (امان) دانـــەوە • ئەگەر وانەبوو خوێنی بە فیرو ئەروا ، یا نیسبەت بە هەموو کـــەس وەك کافری جەنگکەر کە هەرکەسی بیکوژێ قیصاصی نییە ، یـا بە نیسبەت هەندێ کەسەوە وەکـو بکوژێ کـە قیصاصی لەسەر بێ ئـەوە ئەگـەر

میراتگری کوژراوەکە بیکوژی خوینی هەدەرە بەو شەرتە بکوژ یەك کەس بی یا کومەلیکی فامیدە بن‌و یەکیکیان بە ئیذنی ئەوانی‌تریان بیکوژی • (مع العلم) ئەمجورە کوشتنەش بە بی ریگادانی گەورەی موسولمانان گوناهە چونکە لەوانەیە هەراو فیتنەی لی پەیدا ببی • وە ئەگەر کەسیك لە غەیری میرات گرەکان لەخویەوە بیکوژی ئەوە قیصاصی لی ئەسینری •

بەلی ئەگەر موسولمانیك هەلمەتی هینا بو گیان یا ناموس یا مالی کەسیك یا ریگەی گرت لە خەلك ، وە بە غەیری کوشتن چاری نەئەکرا، ئەوە کوشتنی دروستەو نە قیصاصی هەیە و نە خوین (دیە) •

دووهەم : ئەوەیە بکوژەکە تەکلیفی لەسەر بی یەعنی بالغ‌و عاقل بی‌و کافری جەنگ‌کەر نەبی • کەواتە قیصاص نی‌یە لەسەر کافری جەنگ‌کەر چونکە لەخویدا خوینی هەدەرەو ئەکوژری‌و حوکمی ئیمەی وەرنەگرتووە • هەروەها قیصاص نی‌یە لەسەر شیت‌و نابالغ ، وە لەسەر ئینسانیکی نووستوو کە بتلیتەوە بەسەر کەسیکداو بیکوژی • بەس لەسەر منال‌و شیت خوین (دیە) پیویستە کە لە مالی خویان بیدەن ، وە لەسەر کابرای نووستوویش لە مالی خزم‌و کەس‌وکاری ئەدری •

ئەگەر کەسیك هەندی کات شیت بوو ، وە هەندی کات عاقل بوو ، ئەوە لە هەرکاتیکا بەگویرەی خوی موعامەلەی لەگەل ئەکری •

بەلی ، قیصاص واجبە لەسەر کەسیك کە بەهوی خواردن یا خواردنەوەی شتیکی حەرامەوە سەرخوش بووبی بە صوورەتیکی ناشەرعی‌و کەسیکی کوشتبی ، ئەمەش بە نیازی ئەوە کە ئەم جورە کەسانە سل بکەنەوەو شتی‌وا نەکەن •

ئەگەر بکوژەکە ئیدیعای کرد کە لە کاتی کوشتنەکەدا منال

بووەو ، قسەکەی ڕێی تێ ئەچوو ، وە شاهیدنەبوو لەسەر ئەوە کـــە لەوکاتەدا بالغ بووە ، ئەوە باوەڕی پێ‌ئەکری بە سوێند ، وە لـە باتێی کوشتنەوە خوێنی لێ ئەسێنرێ • هەروەها ئەگەر ئیددیعـای کرد کـــەوا لەوکاتەدا شێت بووە ، وە لەوەوپێش جاروبار شێتیی بەســەرا هاتبێ وە شاهیدیش نەبێ لەسەر ئەوە کە لەوکاتەدا عاقل بووە • بەڵێ ئەگـــــەر بکوژەکە هاتو وتی ئیستا منالم ، وە قسەکەشی ڕێی تێ‌ئەچوو ئـــەوە سوێندی نادرێ‌و قیصاصی لێ ناسەنرێ ، مادەم شاهید نەبێ لەسەر ئەوە کە لەوکاتەدا بالغ بووە •

سێهەم : ئەوەیە بکوژەکە زیادی نەبێ بەســەر کوژراوەکــەدا • ئەگینا موسوڵمان ناکوژرێتەوە بەهوی ئەوەوە کە (ذمی)یەك یا کافریکی خاوەن عەهدو پەیمانی کوشتبێ ، بەڵێ (ذمی) ئەکوژرێتەوە لەبـەرئـەوە کە (ذمی) یـا موسوڵمان یـا کافری پەیمان لەگـەڵ کراوی کوشـتبێ ، هەرچەند لەپاش ئەوە کـە ئەو (ذمی)یە (ذمی) یەکەی بریندار کرد ئەو بریندارە موسوڵمان ببێ جا بمرێ •

چوارەم : ئەوەیە بکوژەکە زیادی نەبێ بەســـەر کوژراوەکـــەدا بە ئازادی • کەواتە ئەگەر ئازادیك بەندەیەك بکوژێ ناکوژرێتـــەوە • بەڵام بەندە ئەکوژرێتەوە لە قیصاصی ئازادو بەندەدا •

پێنجەم : ئەوەیە بکوژەکە زیادی نەبێ بەســـــەر کوژراوەکەدا یا بەسەر میرات‌بەری کوژراوەکەدا بەوە کە بنچینەی ئـەو بێ واتـە باوك یا دایك یا بەرەوژوورتری بێ • کەواتە ئەمانە ناکوژرین بەهوی کوشتنی نەوەی خۆیانەوە یا بەهوی کوشتنی ژنی کوڕیانەوە یا بەهـوی کوشتنی

میردی کچیانەوە[1]. بەلام منال ئەکوژریتەوە بەهوی کوشتنی دایك‌و باوك‌و باپیرەی خویەوە ، هەروەها برا ئەکوژریتەوە بەهوی کوشتنی برایەوە .

ئەگەر دووکەس ئیدیعای ئەوەیان کرد کە فلان‌کەس کوریانـە ، وە لە پاشاندا یەکیکیان ئەوکەسەی کوشت ، ئەوە ئەگەر قیافەت شوناس کردی بە کوری بکوژەکە قیصاصی لی وەرناگیری . وە ئەگەر کردی بە کوری ئەویان ئەتوانی‌قیصاصی لی‌بسینی.وە ئەگەر نەی‌کرد بەکوری‌ئەویش ناتوانی قیصاصی وەربگری . بەلی ئەگەر کەسیکی سیهەم کردی بـــە کوری خوی‌و ئیسپاتی کرد ، ئەتوانی قیصـاصی وەربگری ، ئەگینا ئـەم قیصاصە رائەگیری تا راستی روون ئەبیتەوە .

ئەگەر دوو برای دایکی‌و باوکی یەکیکیان باوك‌و یەکیکیـان دایکی کوشت لە یەك‌کاتدا ، ئەوە ئەم برایە حەقی قیصاصی باوکی هەیەو ئـەو براکەیش حەقی قیصاصی دایکی هـــەیە . جائەگەر یـــەك‌کەوتن لـــە پیشکەوتنی یەکیکیاندا لە قیصاص وەرگرتندا ئەوە باشە . ئەگینا ئـــەبی قورعە بخەن . جا قورعە بو هەرکەس دەرچوو لەپیشدا حەقی خـــوی وەرئەگری . ئەنجا پاش ئەوە کە قیصاصی وەرگرت میرات‌بەری بـــرا کوژراوەکەیش ئەتوانی ئەم بکوژیتەوە لە قیصاصی ئەو باوکە یا ئـــەو دایکەدا کە کوشتوویەتی .

هەروەها ئەگەر ئەو دوو برایە بەرودوا باوك‌و دایکی خویان بکوژن

---

(١) لە صوورەتی یەکەمدا هەندی لە مافی قیصاصی ژنەکە ئەگەریتـەوە بو میردەکەی کە کوری بکوژەکـەیـە ، وە ئەم هەندە ئـەفەوتی‌و مافەکە ئەرواتە سەر (دیە) . وە لە صوورەتی دووهەمدا هەندی لە مافی قیصاصی کابرا دیتەوە بوژنەکەی کـە کچی بکوژەکەیە ، وە ئەم هەندە ئەفەوتی‌و مافەکە ئەرواتە سەر (دیە) .

وە لەوکاتەدا ژنو میردی لەبەینی باوكو دایکەکەدا نەبی • وە ئەگەر ژنو میردی لەبەینیانابووئەوەقیصاص لە بکوژی یەکەم ناسەنری چونکە لە حەقی قیصاصەکە هەندیکی ئەگا بە کوژراوی دووهەم ، وە ئەو حەقە بە میرات دیتەوە بو ئەم • کە هەندیکیش لە حەقی قیصاص فەوتا ئەوی تریشی ئەفەوتی • مەسەلا یەکیکیان لەپیشا باوکی خوی کوشت هەشت یەکی ئەو قیصاصە ئەروا بو دایکی • جا لەوکاتەدا براکەی تر دایکەکەی کوشت میرات لە دایکی نابا ، وە ئەو هەشت یەکە ئەرواتەوە بو بکوژی باوکەکە • کەواتە ئەبی لەجیاتیی قیصاص (دیە) بدا بە میراتگری بکوژی دایکەکە ، وە (دیە)کەیش بریتییە لە حەوت هەشت یەك چونکە هەشت یەکی دایکەکە هاتوەتەوە بو خوی •

ئەگەر کومەلیك بە هەموویان کەسیکیان کوشت ، وە شەرتەکانی قیصاص هاتەجی ئەوە هەموویان ئەکوژرینەوە لە قیصاصدا خواە بە کوشندەیەکی دەس بەجی بیکوژن ، یا لەوانە نەبی بەلام هەموو لەپیشا تەگبیریان کردبی‌و بریاریان دابی ئەوکەسە بکوژن • ئەگیرنەوە کە حەزرەتی (عمر) پینج کەسی کوشتووە لە قیصاصی کەسیکدا • وە دیارە قیصاص دامەزراوە بو پاراستنی خوینی ئادەمی‌زاد • کەواتە ئەگەر قیصاص لە کومەل نەسەنری خوینی خەلك ئەکەویتە مەترسی‌یەوەو ناپاریزری • بەلی خاوەنی کوژراوەکە ئەتوانی لە هەموویان خوش ببی یا لە هەندیکیان خوش ببی بەخورایی یا لەسەر بەشە (دیە)ی خوی بە ژمارەی گەلەکە وە قصاص لە باقی‌یەکانیان بسینی •

ئەگەر کەسیك بوو بە هاوبەشی باوك لە کوشتنی منالدا ئەوە ئەکوژریتەوە چونکە قیصاص هەر لەسەر باوکەکە لاچووە • هەروەها ئەگەر بەندەیەك ببی بە هاوبەشی ئازادیك لە کوشتنی بەندەیەکدا ، یا

کافریکی (ذمی) ببی بە هاوبەشی موسولمانێك لـە کوشـتنی کـافریکی (ذمی)دا ، یا موسولمانێك ببی بە هاوبەشی کافریکی جەنگ‌کەر لە کوشتنی موسولمانیکا ، یا ببی بە هاوبەشی کەسی کە قیصاص ئەسینی لە بکوژی باوکی خوی ، یا ببی بە هاوبەشی کەسیك کە خوی ئەکوژی ، یا بـە ناحەق ببی بە هاوبەشی کەسی کە لە مەیدانی‌دەفعی کەسیکی‌هەلمەت هینەردا ئەو هەلمەت هینەرە ئەکوژی ، لەبەرئەوە کە ئەم بە هاوبەش بووانە بە بی‌حەقی شەرعی خویان ئەکەن بە هاوبەش لە کوشتنی کەسیکدا کە ئەمان پـەیـوەنـدی شەرعی‌یان پیوەی نی‌یە •

بەلام قیصاص ناکەویتە سەر کەسیك خوی بکا بە هاوبەشی بکوژ بـە (شبه عمد) یا بە هەلە ، چونکە لەم صوورەتانەدا کوشتنی کابرا بە دوو ئیش دیتەجی کە یەکیکیان قیصاص پیویست دەکاو یەکیکیان پیویسـتی ناکا ، لەم‌کاتەدا حوکم بەو ئیشەیان ئەکری کە قیصاص پیویست ناکا •

ئەگەر کەسیك دوو برینی کرد لە کەسیك یەکیکیان بـە عـەمـدو یەکیکیان بە هەلە ، وە ئیشە عەمدەکە لەوانە نەبوو کە گیـان دەربکا بـە پەلە ، ئەوەیش قیصاصی لەسەر نی‌یە بە هەمان دەلیل •

هەروەها قیصاص نی‌یە لەسەر کەسیك کافریکی جەنگاوەر بریندار بکا ، جا کافرەکە موسولمان ببی‌و کابرا لەپاش ئیسـلام بوونـەکـەی برینیکی‌تری لی‌بکاو ئەمجا بمری •

ئەگەر کەسیك بریندار کراو ئەم بریندار کراوە دەرمانی برینەکەی خوی کرد بە دەرمانیکی ژاراوی‌ی‌وا کە دەس‌بەجی بیکوژی ، ئـەوە نە قیصاص‌و نە (دیە) لەسەر ئەوکەسە نی‌یە کە برینداری کردووە • وە ئەگەر ژاریکی‌وا نەبوو کە دەس‌بەجی ئینسان بکوژی ، بـەلام لەوانەبوو کە زورتر ئینسانی ئەکوشت ، وە ئەم کابرایـە بـە حـالی دەرمانەکـەی نەئەزانی ، یا هەر وا نەبوو کە زورتر ئینسان بکوژی ، کەچی کابرا مرد،

ئەوە قیصاص لەسەر کابرای پیشوو نی‌یە ، بەلام نیوەی (دیە)ی (شبه عمد)ی ئەکەویتەسەر • بەلی ئەگەر دەرمانەکە بە ئەغلەب ئینسانی ئەکوشت وە ئەم بریندارەیش بە حالی دەرمانەکەی ئەزانی ، ئەوە قیصاص ئەکەویتە سەر کابرا کە برینداری کردووە ، چونکە ئەبی بە شەریکی کەسی کە خوی بکوژی بە دەسەنقەست ، وە مردنەکەیش ئەدریتە پال هەردوو برینەکە •

وە ئەگەر کەسیك تیماری بریندارێکی کرد بە دەرمانێ کە دەس‌بەجی ئینسان بکوژی ، وە کابرای دوکتور ئەیزانی ئەم دەرمانە وەهایە ، ئەوە قیصاص ئەکەویتە سەر ئەم دوکتورەو بە تەنها خوی ئەکوژری چونکە دەرمانەکەی دەرمانیکی گیان دەرکەری دەس‌بەجی بووە • وە ئەگەر دەرمانەکەی گیان دەرکەری دەس‌بەجی نەبوو ، بەلام زورتر وابوو ئینسانی ئەکوشت ، وە کابرایش بە حالی دەرمانەکەی ئەزانی ، ئەوە قیصاص ئەکەویتە سەر هەردوکیان ، یەعنی ئەو کابرایش کە ئەم کەسەی بریندار کردووەو ئەم خاوەن دەرمانەش هەردوکیان ئەکوژرین • وە ئەگەر بە حالی دەرمانەکەی نەئەزانی ئەوە قیصاص لەسەر کەسیان نی‌یە ، بەلام (دیە)ی (شبه عمد) ئەکەویتە سەریان‌و یەکی نیوەی ئەدەن •

بەلی ئەگەر دەرمانەکە بە قسەی دووکەسی باوەر پی‌کراو دەرمانیکی بەسوود بوو یا بی‌زیان بوو ، وە کابرایش مرد ، ئەوە نە قیصاص‌و نە (دیە) لەسەر ئەم دوکتورە نی‌یە ، بەلکو کری‌یشی ئەکەوی چونکە واجبی خوی بەجی‌هیناوەو هیچ دریغی لەلایەنی ئەوەوە نەبوە • بەلام ئەبی بزانین بەیانی پیشوو بو شوینیکە کابرای بریندار ئیذنی دوکتورەکەی نەدابی بە دەرمانیکی تایبەتی دەرمانی برینەکەی بکا • ئەگینا هەر زیانێ

لەو دەرمانەوە پەیدا ببی بە خورایی ئەروا چونکە لەسەر ئیذنی بریندارەکەیە • هەروەکو یەکی لوویەك بە لەشیەوە بیتو ئیذنی کەسی بدا بیبریو ، ئەویش بیبریو کابرا بمری ، ئەوە خوینی بە زایە ئەروا ، چونکە ئەم کابرا لەسەر ئیذنی ئەو خوی لووەکەی بریوە •

ئەگەر کومەلیك بە توول دایان لە کەسیك تا مرد ، وە لیدانی یەکەیەکەیشیان لەوانە نەبوو کە بە تەنیا خوی کابرا بکوژی ، ئەوە راستتر ئەوەیە قیصاص ئەکەویتە سەریان ، بەوشەرتە کە لەبەینی خویانا بریاریان دابی بدەن لەو کابرایە ، وە لیدانی هەموو یەکیکیشیان دەخلی هەبی لە مردنی کابرادا • وە ئەگەر لیدانی یەکیکیان هیچ پەیوەندی نەبی تیایدا بەمجورە جیا بووبی لە لیدانی ئەوان ، وە نەبی بەهوی هیچ جورە ئازاریکیوا ، ئەوە ئەم کەسە بەر ئەم قیصاصە ناکەوی هەتاوەکو لە (دیە)یشدا بەشدار نییە • وە ئەگەر بریاری ئەو لیدانەیان نەدابی ، ئەوە (دیە)ی (شبە عمد) ئەکەویتە سەر هەموویان •

ئەگەر تاقەکەسیك کومەلیکی بە بەرودوا کوشت ، ئەوە ئەکوژریتەوە لە قیصاصی یەکەمیاندا ، وە (دیە)ی عەمدی باقیی کوژراوەکانیشی ئەکەویتەسەر • وە ئەگەر هەموویانی بە جاریٚ کوشت ئەوە بو کوشتنەوەی لە قیصاصی یەکیکیاندا قورعە ئەخری ، جا قورعە بە ناوی کیٚوە دەرچوو ئەکوژریتەوە لە قیصاصی ئەوەدا • وە ئەگەر غەیری ئەوکەسەی کە حەقی قیصاصەکەی هەیە پەلەی کردو کابرای کوشت ، ئەوە لەگەل ئەوەدا کە گوناهبار ئەبی بەر قیصاص ئەکەوی ، وە (دیە) بو کوژراوەکانیتر لە مالی ئەوکەسە ئەدری •

باسی گورانی حالی جینایەت لی‌کراو
یا جینایەت‌کەرەکە

بەر لە بەیانی حوکم لەم شوینەدا چەند دەستووریك هەیە ئەکرین بە بیناغە بو وەرگرتنی حوکمی جینایەت لەوشوینانەدا کە بەیان ئەکرین •

یەکەم : هەر جینایەتیك کە لە سەرەتاوە نەبی بەهوی ئەوە کــە جینایەت‌کەرەکە ضامن ببی لە ئاخرەوە بە گورانی حالی کابرای جینایــەت لی‌کراو ، نابی بەهوی ئەوە کە ئەوکەسە ببی بە ضامن • دووهەم : هــەر جینایەتیك کە لە سەرەتاو دواییەوە ضەمانەتی نــەکرابی ، ئیعتیبــاری ئەندازەی (حق الضمان) لە ئاخریەوە ئەکری • سیهەم : پیویســـــتە هاوسانی (تکافؤ) هەبی لەبەینی تاوان‌کەرو تاوان لی‌کراودا لە یەکەم بەشی تاوانەکەوە • جا ئەگەر کەسیك کافریکی جەنگ‌کەری بریندار کــردو لەپاشان کافرەکە موسولمان بوو ، وە بەو برینەیش مرد ، ئەوە کــابــرای جینایەت‌کەر ضەمانەتی لەسەر نی‌یە لەبەرئەوە کە لەکاتی بریندارکردنی کابرادا خوینی بی‌قیمەت بووە • وە لە فەرموودەیەکی ئیمامدا لەم‌کاتــەدا (دیە)یەکی سووکی‌وا کە بو موسولمانیکی ئازاد دەست بدا ئەکەویتــە سەر کەس‌وکاری جینایەت‌کەرەکە ••

وە ئەگەر موسولمانیك تیریکی هاویشت بو کافریکی جەنگ‌کــەر ، وە کافرەکە لەپیش ئەوەدا کە تیرەکەی پی‌بگات موسولمان بوو جا تیرەکەی پی‌گەیشت‌و مرد ، ئەوە قیصاص ناکەویتە سەر ئەو تیر هــاویژە ، بــەلام لەسەر مەذهەبی ئیمام (دیە)یەکی سووك ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری • وە ئەگەر شەخسیکی موسولمانی بریندار کرد ، جا موسولمانەکە پاشــگەز (مرتد) بووەودو بە تەئثیری تیرەکەیش مرد ، ئەوە قیصاصی نەفسەکەی ناکەویتە سەر جینایەت‌کەرەکە ، بەلام قیصاصی ئەصــلی برینــەکــەی

ئەکەویتەسەر چونکە لەکاتی موسولمانەتیی کابرای جینایەت لی‌کراودا کردوویەتی ، وە ئەم قیصاصە ئەدری بەوکەسە کە لەسەر فەرضی موسولمانەتیی جینایەت لی‌کراوەکە میراتی لی وەردەگرت ، وە ئەگەر برینەکە قیصاصی نەبوو ، بەلکو مایەی واجب بوونی مال بوو ، وەکو ئەوە کە پارچەیەك لە گوشتی رانی ببری ئەوە لەم‌کاتەدا ئەگەر ئەو مالە کەمتر بوو لە (دیە)ی کابرا ئەوە ئەو مالە ئەدەین بە میراتگرەکەی ، وە ئەگەر (دیە)کەی کەمتر بوو لەو مالە ئەوە (دیە)کەی ئەدەینی •

ئەگەر موسولمانیك بریندار کرا ، لەپاشا پاشگەز (مرتد) بووەوەو لەئەنجامدا موسولمان بووەوە ، وە بەهوی برینەکەوە مرد ، ئەوە قیصاصی نی‌یەو (دیە)یەکی گرانی دەس‌بەجیی ئەکەویتە سەر نەفسی برینداركەرەکە بیدا بە میراتبەری کوژراوەکە • وە لە فەرموودەیەکی ئیمامدا هەیە کەوا ئەگەر ماوەی پاشگەز بوونەوەکە کەم بوو ، پیویستە قیصاص لە کابرا بستینریت •

ئەگەر موسولمانیك کەسیکی (ذمّی)ی بریندار کرد ، ئەوجا (ذمی)یەکە موسولمان بوو ، وە مرد ئەوە قیصاصی واجب نابی • بەلی ئەگەر میراتگری موسولمانی هەبوو ، واجبە (دیە)ی ئەوکەسە بدری بە میراتگرەکەی •

باسی شەرتی قیصاصی ئەندامو برین‌کردنو لابردنی هیز

ئەگەر کومەلیك بەجاریك هیزیان خستە سەر شمشیریکو دەستی کەسیکیان پیی بری ، ئەوە دەستی هەموویان ئەبرریتەوە • هەروەکو ئەگەر کومەلیك بە هەموویان کەسی بکوژن ئەکوژرینەوە • ئەو برینانەی کە وان لە سەرو روخساردا دە جورن • یەکەم پیست رووکین (حارصە) •

دووهەم خوین هینەر بە شەرتی ئەوە کە خوینی لی نەروا (داهیە) • سیهەم ئەوەیە لە گوشتی سەریش ببری (باضعە) • چوارەم ئەوەیە ئەو برینە بە گوشتەکەدا برواتە خوارەوە (متلاحمة) • پینجەم ئەوەیە برینەکە بگاتە ئەو پیستە ناسکە کە وا لەبەینی گوشتو ئیسکدا (سمحاق)• شەشەم : ئەوەیە ئیسکەکەیش دەربخا (موضحة) • حەوتەم : ئەوەیە ئیسکەکە بشکینی (هاشمە) • هەشتەم : ئەوەیە ئیسکەکە لەجیی خویەوە بجوولینی بو جییەکیتر ئەگەرچی نەیشیشکینی (منقلە) • نوهەم : ئەوەیە برینەکە بگا بە کیسەی دەماغی کابرا (مأمومة) • دەهەم : برینیکە بگا بە کیسەی دەماغی کابراو بیشیدرینی (دامغە) • لەناو ئەم دە جورە برینەدا هەر بو (موضحە) قیصاص هەیە کە ئیسکەکەی پیدەرکەوتووە ، ئیتر لە برینەکانیتردا (ارش) هەیە واتە بژاردن •

وە ئەگەر برین لە غەیری سەردا بەجوریك بوو کە ئیسکی دەرخست وەکو سینەو قولو ران یاخود هەندیك لە نەرمەی لووتی یا نەرمەی گوی یا لیوی یا زمانی بری ، بەلام لە ئەصلەکەی جیا نەکردەوە ، ئەوەیش قیصاصی تیا دیتەجی • هەروەها قیصاص واجبە لە برینی هەر ئەندامیکی جمگەدا وەکو قولاپەو ئەژنوو مووچی دەستو ئەنیشكو وردەلەی پەنجەی دەستو پی ، هەتاوەکو لە جمگەی بیخی رانو قولا ئەگەر نەبی بەهوی ئەوە کە تەنشتی کونی تیبیو ناوسکی دەربکەوی • ئەگینا قیصاصیان تیا دروست نییە چونکە لەمکاتەدا لائەدا لە ئەندازەی حەقی شەرعی • بەلی ئەگەر کابرای ران یا قول براو مردبوو ئەوە قیصاصەکەی واجب ئەبی هەرچەند بە برینی ئەو جمگەیە ناوسکی کابرای جینایەتکەر دەربکەویو بمری •

هەروەها قیصاص واجبە لە کویرکردنی چاودا ، وە لە برینی گویچکەو پیلووی چاوو زوبانو لووتو نەرمەی لووتو ذەکەرو

هیلکەگونو ولمەی رانو ئەم بەرو ئەوبەری فەرجی ئافرەتدا • بەلام قیصاص نی‌یە لە شکاندنی ئیسقاندا چونکە ئەندازەکەی دەرناکەوی • بەلی ئەگەر لەگەل شکاندنی ئیسقانەکەدا لای خواروویشی جیا بووبوەوە ئەوە دروستە لە نزیکترین جمگەوە لەو شوینە شکستەیە ببری و (حوکوومەتی) شکستەکەیش وەربگری • بەلام ئەگەر هیچ جوزئیك لە خواری شکستەکەوە جیا نەبووبیتەوە ، ئەوا رەوا نی‌یە لە ئەندامی کابرای جینایەتکەر ببری ، بەلکو هەر (حوکوومەتی) شکستەکەی ئەکەوی کە بریتی‌یە لە ئەندازەیەك پارە کە حاکم بریاری ئەدا بەرابەر بەو شکستەیە •

ئەگەر کەسیك ئیسکی سەری کەسیکی دەرخستو ئیسکەکەیشی لە شوینی خوی جوولاند ، ئەوە سەری جینایەتکەرەکە ئەشکینری لە قیصاصدا بەجوریك کە ئیسکەکەی دەربکەوی ، وە پیویستە کابرای جینایەتکەر دە وشتریش بدا بە کابرای بریندار لەجیاتی‌ی جوولاندنی ئیسکی سەری •

وە ئەگەر کەسیك دەسی کەسیکی بری لە مووچدا ، ئەوە دروست نی‌یە بو ئەم دەست براوە پەنجەی کابرای جینایەتکەر لە وردەلەدا ببری ، وە تەنها حەقی ئەوەی هەیە ئەویش دەستی ئەم ببری لە جمگەی مووچدا • وە ئەگەر هاتو ئەم وردەلانەی بری سەرزەنشت ئەکری • بەلام حەقی قیصاصی خوی نافەوتی •

ئەگەر کەسیك قولی کەسیکی شکاندو جیایشی کردەوە ، کابرای بریندار بوی هەیە دەستی ئەو جینایەتکەرە ببری لە ئەنیشکاو حوکوومەتی شکستەکەیشی لی وەربگری • وە ئەگەر ویستی دەستی کابرای جینایەتکەر لە مووچدا ببری‌و حوکوومەتی ئەوی‌تری وەربگری بوی هەیەو ئەمەی بو دروستە •

ئەگەر سەری بریندار کردو گەیاندی بەوە کە ئیسکی ســــەری دەرکەوی‌و ، بەهوی ئەمەوە کویر بوو ، کابرای بریندار ئەتوانی ئیسکی سەری ئەو دەربخا • جا ئەگەر ئەمیش کویر بوو ئەوە باشە ، ئـەگینـا ئەتوانی بە شتیکی بی‌زیان کویری بکا ، مەسەلا سووزنیکی ســـوورەوە کراو نزیك بکاتەوە لە چاوی تا کویر ئەبی • هەروەها ئەگەر کەســـیك شـــەقازلەیەکی دا لە کەسیك‌و ئەوکەســـە کویـــر بوو ، ئەمیش ئەتوانی شەقازلەیەك بدا لەوکەسە ، جا ئەگەر ئەویش کویر بوو ئەوە حەقی خوی وەرگرتووە • وە ئەگەر کویری نەکرد بەشیوەی پیشوو کە باسمان‌کرد کویری بکا • هەروەها ئەگەر کەسیك دای لە کەسیك‌و کەڕی کرد یـا کویری کرد یا لالی کرد یا هیزو هەلمەتی ئەندامیکی فەوتاند ، ئەوە لـــە هەموو ئەم حالەتانەدا قیصاص واجب ئەبی چونکە لابردنی ئـەم هیزانـــە ئاســـانە •

ئەگەر کەسیك پەنجەی کەسیکی بری‌و بەهوی برینی ئەو پەنجەوە پەنجەکانی تریشی داکەوتن ، ئەوە هەر حەقی قیصاصی لـــەو پەنجەیەدا هەیە کە بریویەتی ، چـونـکە جینایەتی عەمدی لـــەلایـــەن کـــابرای جینایەت‌کەرەوە هەر بو ئەو یەك پـەنجـەیە بووە ، بەلام (دیە)ی ئـەو چوار پەنجەکەی‌تریشی ئەکەویتە ســەر ، وە پیویســتە لـە مالی خـوی دەس‌بەجی بیدا بە کابرا ، هەروەها پارەیەکیشی ئەکەویتە سەر لـە حەقی شوینی سەوز بوونی بنی پەنجەکانیدا •

بەلی ئەگەر یەکی کوتەکیکی‌دا لە دەستی کەسیك‌و دەستی ئاوســاو داکەوت ، ئەوە ئەبی (دیە)ی هەموو دەستەکەی پی‌بدا • وە ئەگەر لەم صوورەتەدا کابرا مرد ، قیصاصی لی ئەسەنری‌و کابرا ئەکوژری •

باسی چونیەتیی قیصاص‌و قیصاص‌وەرگر وە یەك‌نەکەوتنی میراتگرەکان لە قیصاص وەرگرتن‌و عەفوکردنا

شەرتە لە قیصاصی ئیسکی دەرکەوتوودا بیجگە لە شەرتە پیشووەکان ئەندازە گرتنی ئەو برینە • کەوابوو ئەبی بە داریك یا بە خەیاتەیەك ئەندازەی برینەکەی سەر بگیری بە دریژیو بە پانی • وە مانیعی قیصاص نی‌یە جیاوازی هەبی لەبەینی سەری جینایەتکەرو جینایەت لی‌کراودا لەبارەی ئەستووریی پیست‌و زوریی گوشتەوە ، وە دروست نی‌یە ئەندازەی شوینی برینەکە بەنیسبەت بو هەموو سەری کابرای جینایەت لی‌کراوەوە بگیری چونکە زور جار ئەبی بەهوی دەس‌دریژی لە بریندارەکە یا لەوکەسە برینەکەی کردووە • مەسەلا ئەگەر برینی سەری کابرا چواریەکی سەری بیو ئیمەیش ئیسکی چواریەکی سەری جینایەت کەرەکە دەربخەین ، ئەگەر سەری بچووکتر بی لە سەری کابرای بریندارکەر ، ئەوە حەقەکەی بەتەواوی وەرنەگرتووە • وە ئەگەر سەری گەورەتر بی لە سەری ئەو ، ئەوە لەم‌کاتەدا غەدرمان لە جینایەتکەرەکە کردووە • بەلام ئەگەر کەسیك هەموو ئیسکی سەری کەسیکی دەرخست ، ئەوە ئیمەیش ئیسکی هەموو سەری جینایەتکەرەکە دەرئەخەین ، هەرچەند سەری بریندارەکە زل‌تر بی لە سەری جینایەت لی‌کراوەکە ، ئیتر ئەندازەی سەری بریندارەکە تەواو ناکەین لە روخسارو پشت ملی جینایەتکەرەکەدا ، بەلی بەشی ئەوەی کە ماوەتەوە لە ئەرشی برینەکە وەری‌ئەگرین لە کابرای جینایەتکەر لەسەر ئیعتیباری دابەش‌کردنی ئەو ئەرشە بەسەر هەموو بەشەکانی سەریا • مەسەلا ئەگەر ئەرشی برینە ئیسك دەرخەرەکە دە دینار بوو ، وە دەیەکیکی سەری کابرای بریندار

زیاتر بوو لە سەری جینایەتکەرەکە ئەوە ئیسکی سەری جینایەتکەرەکە دەرئەخەینو دیناریکیشی لی وەرئەگرین بو بریندارەکە لە ئەرشی ئەندازەی فەرق لە بەینی سەریانا •

وە ئەگەر سەری جینایەتکەرەکە زلتر بوو ، ئەوە ئەو ئەندازەیـە لـە ئیسکی سەری دەردەخەین کە لە سـەری جینـایـەت لی کراوەکەدا دەرکەوتووە • وە لەمکاتەدا فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئیختیار بە دەستی جینایەت کەرەکەیە بو دیاری کردنی شوینی برین کردن لە سەریا • ئەگەر کەسیك ئیسکی پیشی سەری کەسیکی دەرخست ئەوە ئیسکی پیشی سەری دەرئەخری‌و لە سەریشیا ئەندازەی ناتەواوی‌یەکەی تەواو ئەکری •

ئەگەر قیصاص وەرگر لە ئەندازەی بـرینی بریندارەکە زیـاتـری دەرخست ، ئەوە قیصاصی ئەو زیادەیەی لی وەردەگیری بەوشەرتـە بـە عەمدی زیاد بروا • وە ئەگەر بە هەلە بوو یاخود عەمد بوو وە کابرا لەسەر مال عەفو کرا لە قیصاص پیویستە کابرای زیادەرەو ئەرشی برینیکی ئیسك دەرخەری تەواو بدا • بەلی ئەگەر زیادەکەی بەهوی قوصـــــــووری جینایەتکەرەکەوە بوو بەمرەنگە کە لەکاتی بریندار کـردنەکـەیـدا جموجوولی زور ئەکردو دەستی کابرای بریندارکەریش ترازا ، ئـەوە بە بی‌قیصاص‌و بەخورایی ئەروا •

ئەگەر سەری بریندارکراوەکە لەبەر دەردیك مووی لی نەئەروا ، وە سەری بریندارکەرەکە مووی هەبوو ئەوە قیصاصی بو وەرناگرین • بەلکو ئەگەر برینەکە (دیە)ی هەبوو (دیە)ی بو دائەنیین ، ئەگینا لەســـــەر بریاری حاکم پارەیەکی لەجیاتی‌دا بو وەرئەگرین •

ئەگەر کومەلیك ئیسکی سەری کەسیکیان دەرخست ، ئەوە ئیسکی

سەری هەموویان دەرئەخری بە ئەندازەی دەرخستنی ئیسکی سەری برینداد کراوەکە •

بەشەرت گیراوە لەگەل شەرتەکانی تری قیصاص بو وەرگرتنی قیصاصی ئەندامی لەش وەکو دەستو پێو گویچکەو چاوو زوبانو لیوو وینەی ئەمانە ، یەکیتی لە شویندا • کەواتە راست لەجیاتیی چەپو چەپ لەجیاتیی راست نابرری ، یا لیوی سەروو لەجیاتیی لیوی خواروو ، یا بەپیچەوانەوە ، یا پەنجەی دەست لەجیاتیی پەنجەی پی ، یا پەنجەیەکی دەست یا پی لەجیاتیی پەنجەیەکی تری دەست یا پی نابرری • گویچکەی ساغیش نابرری لەجیاتیی گویچکەیەك کە هەندیکی نەمابی•هەروەها هەر ئەندامیك کەسوودەکەی لەخویدا بی وەکو چاوو زوبان ، خاوەن سوودیان لەجیاتیی بیسوود وەرناگیری هەرچەند خاوەنەکەیشی ریگا بدات • کەواتە ئەگەر دەستیکی ساغیان بری لەجیاتیی دەستیکی ئیفلیج بە بی ریگادانی خاوەن دەستەکە ئەوە نابی بە قیصاص ، وە (دیە)ی ئەو دەستە ساغە براوە ئەکەویتە سەر کابرای دەستبر ، وە ئەگەر تەشەنەی کردو گیانی کابرای دەستبراوی پێ دەرچوو قیصاص لەو دەستبرە ئەسەنری •

کەواتە دروست نییە برینی دەستیکی ساغ لەجیاتیی دەستی کە ئیفلیجیی تیابی ، وە پییەکی ساغ لەجیاتیی پییەك کە وشك بووبیو هاتوچووی پینەکری ، وە زمانیکی گویا لەجیاتیی زمانی کە لال بی • چاوی ساغیش کویر ناکری لەجیاتیی چاوی کە کویر بی ، بەلام کویر ئەکری لەجیاتی چاوی خیل یا شەوکویر یا ئاو پیاهاتوو یا بچووك • هەروەها زمانی گویا ئەبرری لە قیصاصی زمانی منالیکدا کە نیشانەی قسە کردنی تیا دەرنەکەوتبی • وە دەستی ساغ ئەبرری بە قیصاصی دەستی کە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە ئەنیشکی وشك بووبیو لە ئیش کردن نەکەوتبی • هەروەها قاچی ساغ ئەبرری لەجیاتیی قاچیك کە

هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە ئیفلیج بووبی • گویچکەی بیسندەیش ئەبرری لەجیاتیی گویچکەی کەڕو ، لووتی بون کەر ئەبرری لەجیاتیی لووتی بون نەکەر •

دیارە دروستیشە پێیەك کە ئیفلیج بێ ببرری لەجیاتیی پێیەکی ساغ ، مەگەر شارەزایان بلێن ئەگەر ئەو دەستە یا ئەو قاچە ئیفلیجە ببرریتەوە خوینی ناوەستیتەوەو کابرا ئەمری ، ئەوە لەم حالەدا نابررینەوە •

جا ئەگەر ئەندامێکی عەیبدار بررا لە قیصاصدا ، پێویستە خاوەن قیصاصەکە قەناعەت بکاو نەلێت تولەی ئەو ناتەواوییەم ئەویتەوە چونکە ئەندامەکەی من ساغ بووە ، لەبەرئەوە کە لە بنچینەدا کابرا خوی رازی بووە بەو قیصاصە • بیجگە لەوەیش هەردوو دەستەکان لە دیمەن و شیوەدا وەك یەك وان •

ذەکەریش وەکو دەست وایە لە ساغیو شلەپەتکەییدا • شلەپەتکەیی لە ذەکەردا ئەوەیە کە وشك و لوول بێ بەجوری کە نەکریتەوە ، یاخود وشك و رەق بێ بەجوریك کە نەنووشتیتەوە • ئیتر ئیعتیبار بە هەستان و هەڵنەستان نییە • کەواتە ذەکەرێ کە هەڵسیت ئەبرری لە قیصاصی ذەکەریکدا کە هەڵنەسیت ، وە ذەکەری ئینسانی (کەڵ) ئەبرری لە قیصاصی ذەکەری کەسیکی خەسینراودا ، یا لە قیصاصی ذەکەری شلەپەتکەدا •

هەروەها مانیع نییە لە قیصاص وەرگرتن ئەمە کە ئەندامی کابرای بڕندە گەورەتر یا بچووکتر بێ لە ئەندامە بڕاوەکە • هەروەها قەیدی نییە جیا بن لە یەك لە قەڵەویو کورتیو دریژیو ساغیو نەخوشیو ناشیرینیو لە رەنگ و لە پیشە زانیندا • کەواتە دەستی دریژ ئەبرری

لەجیاتیی کورتو ، گوشتن ئەبرری لەجیاتیی لەرو دەستی نووسەر ئەبرری لەجیاتیی دەستی نەخویندەوار ، وە دەستی گەورە لەجیاتیی دەستی بچووك ، وە دەستی کە نینوکی پەنجەکانی جوان بی لەجیاتیی دەستی کە نینوکی پەنجەکانی جوان نەبی ، وە دەستی کە هیزی زور بی لەجیاتیی دەستی کە هیزی کەم بی ، یا دەستی کە ساغ بی لەجیاتیی دەستی کە گەڕۆڵ بی •

بەلام دروست نییە برینی دەستی کە هەموو پەنجەکانی هەبی لەجیاتیی دەستی کە هەندی لە پەنجەکانی نەبی ، یاخود هەندی لە نینوکەکانی هەلوەریبی •

ئەگەر ئینسانیکی دەستو پەنجە تەواو دەستیکی چوار پەنجەی بری ، ئەوە ئەو دەستە تەواوە لە قیصاصدا وەرناگیری ، وە کابرا ئەتوانی (دیە)ی چوار پەنجەکەی وەربگری • هەروەها ئەیشتوانی ئەو چوار پەنجەیە لە دەستی کابرای جینایەتکەردا ببری ، وە لەم صوورەتەدا (دیە)ی بیخی پەنجەکانیشی لیئەسینی ، وە لە هەردوو صوورەتەکەدا ئەم کابرا ئەتوانی پارەیەك لە جینایەتکەرەکە بسینی لەجیاتیی پینجیەکی بەری دەستی ، وە ئەو پینجیەکە بریتییە لە شوینی سەوزبوونی پەنجە ناتەواوەکەی چونکە لە بەرابەری ئەوەوە هیچی دەست نەکەوتووە •

ئەگەر کابرایەکی خاوەن دەستو پەنجە دەستیکی بیپەنجەی بری ، ئەوە لەو شوینەدا قیصاص نییە ، بەلکو هەرحەقی پارەیەکی هەیە بەرابەر بەری دەستیو پشتی دەستی کە بریتییە لە ئەندازەیەك کە حوکمرانی ئەو شوینە بەپیی بیری خوی بریاری ئەدا •

ئەگەر کەسی کە پەنجەی دەستی ناتەواو بی دەستیکی تەواوی بری، ئەوە دەستی لە قیصاصدا ئەبرریو (دیە)ی پەنجەکانیشی لی وەرئەگیری

بەژمارەی ناتەواوی‌یەکانی دەستی • هەروەها ئەگەر کابرای دەست‌بڕ پەنجەکانی شەل‌و بی‌سوود بن • بەلی کابرای دەست‌براو ئەتوانی قەناعەت بکا بە بڕینی ئەو دەستە ناتەواوەو داوای مال نەکا •

(بیداری) دەرکەوت لە بەیانە پیشووەکەوە کەوا پەنجەیەك لە قیصاصی پەنجەیەکی‌تردا ، وە سەرە پەنجەیەك لە قیصاصی سەرە پەنجەیەکی‌تردا نابرریت • هەروەها پەنجەیەکی زیاد بەهوی پەنجەیەکی ئەسلی‌یەوە ، یا بەهوی پەنجەیەکی زیادەوە کە شوینیان جیا بی ، وە پەنجەیەکی ئەسلی بەهوی پەنجەیەکی زیادەوە نابرری • وە قیصاص هەیە لە هەلکەندنی دانیکی‌وادا کە سوودی مابی بەتەواوی ، سەروو بە سەروو، وە خواروو بە خواروو لەگەل چاودیری‌کردنی یەکیتی‌ی شوینیدا • کەوابی دانی کە ئەوەندە بچووك بی بو جووینی خواردەمەنی نەشی ، یا دانی کە زوری لی هەلوەریبی یا لەق‌و شل بووبی وەکو دانی پیر ، ئەوە قیصاصی نی‌یە ، مەگەر دانی کابرای جینایەت‌کەریش هەر وا بی •

قیصاص نی‌یە لە شکاندنی دانا مەگەر بەهوی ئالەتیکی‌واوە کە بە بی کەم‌و زیاد دانی کابرای جینایەت‌کەر بشکینی وەکو دانی کابرای جینایەت لی‌کراو •

ئەگەر کەسیك دانی منالیکی‌وای هەلکەند کە هیشتا دانی کاتی شیر خواردنی نەکەوتبوو ، ئەوە رائەوەستین تا کاتی دەرهاتنی دانەکانی • جا ئەگەر لەوکاتەدا کە دانە کەوتووەکانی دەردین ئەو دانە شکاوەی دەرنەهاتەوەو شارەزایان وتیان جیگای دەرهاتنەوەی دانەکەی فەوتاوە ، ئەوکاتە قیصاصی ئەو دانە لە جینایەت‌کەرەکە وەرئەگرین • بەلی ئەگەر کەسیك دانیکی کەسیکی شکاند کە لەپاش کەوتنی دەرهاتبووەوە ، کەچی وا ریکەوت ئەو دانە دووبارە دەرهاتەوە ، ئەوە قیصاص وەرئەگیریت لە

جینایەت کەرەکە چونکە ئەم جورە دەرهاتنەوەیە نایابەو لە حوکمی ئەوەدایە کە دەرنەهاتبیتەوە •

(بزانن) هەر ئەندامیك کە لەپاش جینایەت لە کابرای جینایەت کەر پەیدا ببی لە قیصاصدا وەرناگیری ، کەواتە ئەگەر کەسیك کە دانی پیشووی نەبوو ، دانی پیشووی کەسیکی شکاند ، کەچی پاش ئەم جینایەتە دانی پیشووی دەرهات ، ئەوە ئەو دانە دەرهاتووە لە قیصاصدا هەڵ ناکیشری •

باسی جیاوازیی قسەی
کابرای جینایەت کەرو کابرای موستەحەقی خوین

ئەگەر کەسیك کابرایەکی وای کرد بە دوو لەتەوە کە خوی پیچابوو لە جلەوە ، وە ئیددیعای ئەکرد کە ئەو کابرا مردوو بووەو لەکاتی مردوویەتیدا لیی داوە ، خوین رەسەکەیشی ئیددیعای ئەکرد کە لەو کاتەدا زیندوو بووەو بە زیندوویی لیی داوەو کوشتوویەتی ، ئەوە ئەو خوین رەسە سویند ئەدری لەبەرئەوە کە ئەصل مانەوەی ژیانی ئەو کەسەیە • بەلام کە سویندی خوارد هەر (دیە)ی ئەکەویو کابرای جینایەت کەر ناکوژری چونکە ئەم شوینە شوینی گومانو شوبهەیەو قیصاصیش بە شوبهە ئیسبات نابی •

بەلی ئەگەر کابرای جینایەت لی کراو مەعلووم نەبوو زیندوو بووە یا مردوو بووە ، وەکو منداڵیکی لەبارچوو ، ئەوە لەم کاتەدا کابرای جینایەت کەر باوەری پی ئەکری بە سویند مادەم شاهید لەسەر ژیانی راست نەبیتەوە •

ئەگەر کەسێك دەستی کەسێکی بڕی و ئیدیعای وابوو کــە ئــەو دەستە ئیفلیج بووەو ، کابرای دەست‌براویش ئیدیعای ئەکرد کــــە دەستەکەی ساغ بووە ، ئەوە بەپێی (مەذهەبی ئیمام) ســــــویندی جینایەت‌کەرەکە ئەدری • هەروەها لە وینەی ئــەم حالەتەیشدا ، واتــە لەشوینێکا کە جینایەت لە ئەندامی بەدەرەوەبووی دیاری کرابی ، مـادام کابرای جینایەت‌کەر ئینکاری ئەصلی ساغیی ئەو ئەندامە بکا ، باوەر بــە سویندی ئەو ئەکری ، چونکە ئەگەر ئەندامەکە ســـاغ بووایە کابــرای جینــایەت‌لی‌کراو ئەیتوانی شـــاهید راســت بکاتــەوە لەســەر ســاغیی دەستەکەی • بەلام لە ئەندامی پەنهانیدا وەکو (ذەکەر) مەسەلا ، ئــەوە کابرای جینایەت لی‌کراو سویند ئەدری لەسەر ساغیی ئەو ئەندامــە ، چونکە راست کردنەوەی شاهید لەسەر ساغیی ئەو جورە شـــــوینە شتیکی گرانە • لەگەل ئەوەیشدا ئەصـــل لــە ئــەنـدامی ئادەمیزادا سەلامەتی‌یە •

وە ئەگەر هەردوکیان قسەیان یەك بوو لەسەرئەوە کە ئەو ئەندامە وەختی خوی ساغ بووە ، بەلام جینایەت‌کەرەکە ئەیوت لەپیش ئەوەدا کە من جینایەتەکەم بکەم عەیبیکی تیا پەیدا بووبوو ، وە خاوەنەکەی ئینکاری ئەکرد ، ئەوە لەم‌حالەتەدا باوەر بە سویندی خاوەنی ئەندامەکە ئەکری ، چونکە مادەم دیارە لەپیشدا ئەو ئەندامە ساغ بووە ، ئەصل ئەوەیە عەیبی تیا پەیدا نەبووبی ، وە لەم جورە شوینەدا قیصاصی شوینەکە واجب ئــەبی لەسەر فەرموودەی (ابن حجر) وە (دیە)ی عــمــد واجب ئەبی لای (رمـلي) •

ئەگەر کەسێك هەردوو دەست و پێی کەسیکی بڕی و ئەوکەســە مرد ، جا کابرای جینایەت‌کەر ئەیوت بە سیرایەتی برینەکــان مردووە ، یاخود لەپیش چاكبوونەوەی دەست و پێیدا خوم کوشتم بو ئەوە تاقــە

(دیه)یەکی بکەویتە سەر کە (دیـه)ی نەفسـه ، وە صـوورەتی مەسئەلەکەیش وابی (دیه) واجب بیو ، خاوەن خوینەکەیش ئیدیعـای ئەوەی ئەکرد کە لەپیش مردنیا برینی دەستوپیکەی خوش بووەتـەوەو ئەوسا مردووەو ، قسـەکـەیشی ریی‌تی‌نەچوو ، وە ئیمکانی هـەبوو ، یاخود ئیدیعای سەبەبیکی‌تری دیاریی ئەکرد بو مردنی کابرا ، بـەلام شاهیدی لەسەر نەبوو ، وە خوش‌بوونەوەی کابرایش لەوماوەیەدا ریی تی‌بچی یا نە ، ئەوە لەمصوورەتانەدا راستتر ئەوەیە کە ئەو خوین رەسـه باوەری پی‌ئەکری بە سویند ، لەبەرئەوە کـه بەهوی برینی دەسـتو پی‌کانی (دیه)ی هەردوو ئەندامەکە ثابت بووەو ئەصلیش نەبوونی مانیعە لەسەریان. بەلام ئەگەر لەوماوەیەدا خوشەوە بوونی کابرا ریی‌تی‌نەچی لەبەر کەمیی وەخت ، ئەوە باوەر بە سویندی جینایەتکەرەکە ئەکری ، تەنها لە یەك شویندا نەبی کە بریتی‌یە لەو شوینە کە خوین‌رەس سەبەبی دیاری نەکردبی‌و خوشـەوە بوونی ئەندامەکـانیش لـەوماوەیەدا ریی‌تی‌نەچی‌و جینایەتکەرەکەیش بلی خوم کوشتوومە ، ئەوە پیویستە جینایەتکەرەکە سویند بخوات چونکە ئەصل وایـه کردەوەیەکی‌تری وەهای نەکردبی کە تەئثیری کردەوە پیشووەکانی ببری .

ئەگەر کەسیك دەستی کەسیکی بریو کـەسـەکـە مرد ، وە جینایەتکەرەکە ئیدیعای ئەکرد کـه بـە سەبەبیکی‌تر مردووە غەیـری سیرایەتی برینەکە ، خواه سەبەبەکە دیاری بکا یا نە بوئەوە کـه نیوە (دیه)کەی بکەویتە سەرو نیوەکەی‌تری بکەویتە سـەر ئەو خـاوەن سەبەبەکەی‌تر ، وە وەلی‌یەکەیش ئیدیعای سیرایەتی ئەکرد بو ئەوە کە (دیه)ی تەواوی بکەویتە سەر ، یاخود قیصاصی بکەویتە سـەر ، ئـەوە راستتر ئەوەیە کە باوەر بـە سـویندی وەلی‌یـەکـە ئـەکری ، مادەم

جینایەتکەرەکە بە شاهید ئیسباتی ئیددیعاکەی خوی نەکا ، وە قیصاص یاخود تەواوی (دیە)ی لەسەر ثابت ئەبی •

ئەگەر کەسیك دوو برینی لە سەری کەسیکدا کرد کە ئیسقانی سەری دەرخست ، وە لەپاشان ئیسقانی بەینی ئەو دوو برینەشی دەرخست، بەلام ئەیگوت ئەو ناوبەینەم لەپیش خوشەوە بوونی برینەکاندا لابردووە بوئەوە کە بژاردنی یەكجار ئیسك دەرخستنی بکەویتە سەر ، وە بریندارەکەیش ئیددیعای وابوو کە لەپاش خوشەوەبوونی ئەوانە بووە ، تا بژاردنی سی ئیسقان دەرخستنی لی بسینی ، ئەوە سوینی جینایەتکەرەکە ئەدری مادەم قسەکەی ری‌ی تی‌بچی‌و بەعادەت لەوانەبی قسەکەی راست بی ، ئەگینا کابرای بریندار سویند ئەدری ، بەلام کە سویندی خوارد هەردوو بژاردنی ئەکەویتەسەر جینایەتکەرەکە نەك سی بژاردن ، چونکە ئەم سویندەی کە خواردوویەتی بو مەنعی ئیددیعای جینایەتکەرەکە بووە تا بژاردنەکە نەبی بە یەکی ، ئیتر وەکو مەنعی قسەکەی ئەو ئەکا ، بژاردنیکی سیهەمیشی پی ثابت نابی •

باسی موستەحەقی قیصاص‌و ، قیصاص وەرگرو هەندی بابەتی‌تر

سوننەتە لە قیصاصی غەیری گیاندا خوراگرتن لە وەرگرتنی قیصاصدا تا برینەکە خوش ئەبیتەوە ، وە دروست نی‌یە کابرا عەفو بکری لەسەر مال ، چونکە ری‌ی‌تی‌ئەچی ئەو برینە تەشەنە بکا بو گیانی کابراو بیکوژی ، چونکە لەمکاتەدا حەقی بریندارەکە ئەفەوتی •

راست وەهایە حەقی قیصاص ثابت ئەبی بو هەموو میراتگرەکانی کوژراوەکە بەنیسبەتی میرات • وە ئەگەر یەکی لەم میراتبەرانە کابرای

عەفو کرد بەخورایی یا لەسەر مال ، ئیتر دروست نی‌یە ئەو کابرا بکوژری لەبەرئەوە کە قیصاص پارچە پارچە نابی • جا کە یەکیکیان بکوژەکەی عەفو کرد ، ئەوە میرات‌گرەکانی‌تر یا بەشە (دیە)ی خویان وەرئەگرن یا ئەوانیش عەفوی ئەکەن •

وە ئەگەر لەناو میرات‌گرەکانا مندال یا شیت یا نادیار هەبوو ، واجبە راوەستن تا منالەکە بالغ ئەبی یا شیتەکە چاك ئەبیتەوە یا نادیارەکە ئەگەریتەوە • ئەگەر شارەزایان (اهلی خبره) وتیان ئەو شیتە هەرگیز چاك نابیتەوە ، ئەوە لەم‌حالەدا وەلی ئەمری شیتەکە دائەنیشی لەجی‌یداو قیصاص ئەستینی • بەلی ئەگەر ئەو شیتە لات‌و هەژار بوو ، وە مەسرەفی نەبوو واجبە لەسەر وەلی‌ئەمرەکەی کابرای بکوژ بەخشی بەرابەر بە پارە بوئەوەی بەو پارەیە شیتەکە بژیینی • بەلام وەلی ئەمری منالی عاقلی نابالغ حەقی ئەمەی نی‌یە کەوا بکوژەکە بەخشی بەرابەر بە پارە ، چونکە بالغ‌بوون‌و پی‌گەیشتنی منالەکە شتیکی نزیك‌و عادەتی‌یە •

بەلی ئەگەر بکوژەکە ری‌گرو جەردە بی‌و خەلك بکوژی واجبە لەسەر حاکم شەرعی ئەو شوینە پەلەپەل بکا بو کوشتنەوەی کابراو مەودای نەدا • وە پیویستە گوی نەدا بە میرات‌گری کابرای کوژراو ، چونکە ئەم کوشتنەوەیە لە دەستی ئەودایە •

هەروەها واجبە لەسەر حاکم شەرعی موسولمانان بکوژ بخاتە بەندیخانەوە تا کاتی قیصاص لی وەرگرتنەوەی دیت • ئیتر دروست نی‌یە بە کەفیل بەرەللای بکا ، چونکە لەوانەیە هەل بی‌و دەس‌نەکەویتەوەو قیصاصەکە بفەوتی •

واجبە لەسەر میرات‌گرەکانی کابرای کوژراو ریك‌بکەون لەسەر دیاری‌کردنی کەسی کە قیصاصەکەیان بو جی‌بەجی بکا • ئیتر دروست

نی‌یە بە هەموویان کوبنەوە کابرا بکوژن ، چونکە بەهوی کومەل کردنی ئەم تاقمەوە پەریشانی‌و نارەحەتی بو کابرای بکوژ زیاتر لەو ئەندازەیــە پەیدا ئەبی کە موستەحەقیەتی • مەگــەر لــەحالیــکدا کـــە قیصاصەکەی بەوجورە بی کە بیخەنە ناو ئاویکی زور یا لە زەردو ماهیکەوە هەلی‌دیرنە خوارەوە •

جا ئەگەر ریك‌نەکەوتن لەسەر کەسیك کە بیکوژی پیویستە قورعە بخەن • نەخوش‌و پیرو لاوازیش ئەخرینە قورعەوە • بەلام ئەگەر قورعە بەناوی یەکی لەمانەوە دەرچوو ئەبی وەکیل بگری بو قیصاص سەندن • ئەگەر یەکی لە میرات‌گرەکان لەخویەوە لەپیش قورعە خستندا یا لەپاش قورعە ، بەلام بەپیچەوانەی ئوسوولی قورعەکە کابرای کوشتەوە ، ئەوە لەگەل ئەوەدا کە پیچەوانەی شەرع جوولاوەتەوە قیصاص ناکەویتەســەر چونکە شوبهەی حەقی هەیە • وە لەم‌کاتــەدا میرات‌گرەکــانی‌تر حــەقی (دیە)یان هەیە لــە مالی جینایەت‌کەرەکە چونکە ئەم کابرا بــە بی‌ئیذنی ئەوان بکوژەکەی کوشتووە ، وە لەوە ئــەچی کــە کــەســیکی بیگانــە کوشتبیتی • بــەلام میرات‌گرانی کــابــرای جینــایــەت‌کــەر (دیــە)ی جینایەت‌کەرەکە لەم کەسە پەلە کردووە ئەستینن ، تەنها ئەو ئەندازەیەی نەبی کە بەشی خویەتی لەو (دیە)یە کە لــە میراتی جینایەت‌کەرەکـــە وەرگیراوە •

(بزانن) ئەگەر حاکمی شەرع مەنعی ئەم کابرایەی کردبوو لـــە کوشتنی جینایەت‌کەرەکــە ، ئەویش گویی نەدایەو کوشــتی ، ئــەوە گومانی تیا نی‌یە کە قیصاصی لی ئەسینری • وە ئەگەر ئیــذنی دابوو بــو کوشتنی ئەوە گومانی تیا نی‌یە کە قیصاصی لی ناستینری • بەلی ئەگـــەر یەکیك لە میرات‌گرەکان بکوژەکەی عەفو کرد لـــە قیصـــاص کــەچی یەکیکی‌تریان هەر کوشتی ئەوە قیصاص لەوە یەکە ئەستینری ، خـــواە ئاگای هەبی لەو عەفوکردنە یا نــە ، چونکە کــەمتەرخــەمی‌ی کــردووە

بەهوی ئەوەوە کە بە بی لیکولینەوەیەکی باش ئەو کابرایەی کوشتووە •

دروست نی‌یە قیصاص بستینری بە بی ئیذنی ئیمام یا جی‌گری ئیمام لەبەرئەوە کە بەجی‌هینانی (حدود) لە دەسەلاتی ئیمامدایە • ئەوەندە هەیە ئیمام لە حەقی خوادا سەربەخو حەق ئەستینی ، وە لە حوقووقی ئادەمیزاددا پیویستە خاوەن‌حەق داوای حەقی خوی بکا لەگەل ئەوەشدا کە ئەهل بی بو وەرگرتنەوەی ئەو حەقە ، ئەوسا بوی دروستە حەقەکە بسینی • ئەگینا بە بی‌داواکردنی حەق‌داری ئەهل دروست نی‌یە دەس بدا لە قیصاصەوە • وە سوننەتە قاضی دووکەسی دادپەروەری لەگەلدا بی‌و ئاگایان لە داواکردنی میرات‌گرەکە ببی ، بوئەوە کە ببن بە شاهید لەسەر داواکردنی حەقەکە لەلاینی ئەو میرات‌گرەوە • جا ئەگەر میرات‌گر پەلەی کردو بە بی‌ئیذنی ئیمام قیصاصی سەند ، ئەوە حەقەکە تەواو ئەبی ، بەلام گوناهی ئەکاو تەعزیریش ئەکری بوئەوە کەسی‌تر ئیشی‌وا نەکا •

واجبە لەسەر ئیمام ئیذنی خاوەن حەق بدا بو وەرگرتنی حەقی خوی ، بەو شەرتە کە کابرا لایق بی بو قیصاص وەرگرتن ، یەعنی لە قیصاص وەرگرتندا لە موسولمان ئەوکەسە موسولمان بی‌و بالغ‌و عاقل بی‌و دلی ئەستوور بی‌و ئوسوولی قیصاص وەرگرتن بزانی • ئەم ئیذن دانە تەنها لە قیصاصی نەفسدا دروستە ، ئەگینا لە قیصاصی ئەندامدا وەکو دەست‌و پی‌و دەرخستنی ئیسکی سەر ، وە لە قیصاصی هیزدا وەکو کەر کردن‌و کویر کردن دروست نی‌یە ئیذنی خاوەن حەقەکە بدا ، لەبەرئەوە کە زیاتر وایە میرات‌گر داخ لە دلەو لەوانەیە لە ئەندازەی حەقی خوی لابدا • لەم صوورەتانەدا پیویستە کەسیکی تایبەتی دابنین بو ئەوە کە حەقەکە وەربگری • هەروەها دروست نی‌یە ئیذن‌دانی خاوەن‌حەق بو وەرگرتنی حەددی بوختان کردن‌و تەعزیر ، نەوەك لە ئەندازەی حەق لابدا • جا ئەگەر ئیذنی شەخصیکی لایقی دا کە بدا

له گەردنی ، ئەویش دای له شوێنێکیتریو وتی به عەمدی بووه ، ئەوه تەعزیر ئەکری بەلام عەزل ناکری • وه ئەگەر وتی به هەله بووه ئـەوه تەعزیر ناکری ، بەلام ئەبی عەزلی بکا ••

(بزانن) وەرگرتنی قیصاص حەقیکه واجبـه دەس‌بەجی جی‌بەجێ بکری له هەر شوێنیکا بی ، هەرچەند حەرەمی مەککه یا ناومالی کـەعبـه بی ، وه له هەرکاتیکا بی گەرم یا سارد ، بەلام دروست نی‌یه لـەنـاو مزگەوتەکەدا بکوژری لەترسی پیس‌کردنی • هەروەها دروست نی‌یه له مولکی کەسیکیتردا بکوژری به بی ئیذنی ئەوکەسه•ئەگەر قیصاص کەوته سەر ژنیکی دووگیان به حەلال یا به حەرام ، موسولمان یا کافر یا پاشگەز بووەوه ، وه قیصاصەکه قیصاصی نەفس بی یا ئەندامی لەش ، ئەوه دروست نی‌یه قیصاصی لی وەربگیری تا سکەکەی لی ئەبیتەوەو مناڵەکه گوش ئەکاو کەسیك پەیدا ئەبی که شیری پی بداو به شـیرەکەی قەناعـەت بکا • وه ئەگەر کەسیکیوا پەیدا نەبوو پیویسته ئەو ژنه خوی شیری پی بدا تا له شیر ئەبریتەوه • ئەگەر هاتوو خاوەن حەق به پیچەوانەی ئـەم دەستووره جوولایەوەو قیصاصی وەرگرت له ژنەکەو مناڵەکه لەبەر بی‌شیری مرد ، ئەوه قیصاص لەوکەسه ئەسەنری چونکه به دەسەنقەست بووه بـەهـوی فەوتانی ئەو مناڵه •

ئەگەر ئەو ژنه که قیصاصی لەسەره ئیددیعای کرد کەوا دووگیانه ، ئەوه باوەری پی‌ئەکری به سویند ، هەرچەند نیشانەی دیاریشی نـەبی • کەوابوو ژنیکی وەها ئەگەر میردی هەبوو واجبه مەنعی میردەکەی بکری لەوه که بچیته لای نەوەك ژنەکەی دووگیان بی‌و قیصاصەکه دوابکەوی •

(بیدار بن) هەرکەسی به هەرجوری کەسیکی کوشـت بەوجوره قیصاصی لی وەرئەگیری مادام ئەوجوره رەوا بی له شەرعدا • کەواتـه

ئەگەر بە شیر یا بە تیر یا بە خەنجەر یا خنکاندن یا هەلدیراندن یا بە سەر پانکردنەوە کوشتی هەر بەوجورە ئەکوژریتەوە لەگەل تەماشای چونیەتیو چەندی‌یەتی‌دا • وە ئەگەر بە مەنعی نانو ئاو لەیەکی بوو لە ماوەی سی روژدا مەسەلا ، ئەوە کابرای بکوژ مەنعی نانو ئاوی لی ئەکری لەو چەند روژەدا ، جا ئەگەر بەوماوەیە نەمرد ئەبی ماوەی مەنعەکەی زیاد بکری تا ئەمری • وە ئەگەر کەسیك شەرابی کرد بە قورگی کەسیکا تا مرد ، یا زینای لەگەل کردو بەو کردەوەیە کوشتی ، ئەوە ئەم کەسە بە شمشیر ئەدری لە ملی •

ئەگەر کەسیك دەستی کەسیکی بریو برینەکە تەشەنەی کردو مراندی ، ئەوە خاوەن حەق ئەتوانی بە شیر بدا لە ملیو ئەیشتوانی دەستی ببری ، جا ئەگەر برینەکەی ئەم تەشەنەی نەکردو نەمرد بدا لە ملی بیکوژی • وە ئەیشتوانی دەستی ببریو گورج بیکوژی •

ئەگەر کەسیك قولی شەخسیکی شکاند یاخود سکی دریو کابرا بەوە مرد ، ئەوە خاوەن حەق ئەتوانی بە شیر بدا لە ملی ئەوکەسەو بیکوژی ، چونکە شکاندنی قول یا درینی سکی کابرامان بو ضەبط ناکری • وە ئەگەر دەست براوی قیصاصی خوی وەرگرتو لەپاشا مرد ، ئەوە میراتگرەکەی ئەتوانی کابرای جینایەتکەر بکوژی ، وە ئەگەر لی‌ی خوش بوو حەقی نی‌یە مالی لی وەربگری •

ئەگەر جینایەتکەر بەهوی تەشەنەکردنی برینی قیصاصەوە گیانی دەرچوو ئەوە خوینەکەی بە هەدەر ئەروا ، وە ئەگەر جینایەتکەرو جینایەت لی‌کراویش بەهوی تەشەنەکردنی برینەکەیانەوە مردن ، ئەوە ئەگەر بەیەکەوە گیانیان دەرچوو یاخود جینایەتکەر لەپاشانا مرد ، ئەوە باشە • وە ئەگەر جینایەت لی‌کراوەکە کەوتە دواوە ، ئەوە میراتگرەکەی ئەتوانی نیوەی (دیە) لە مالی جینایەتکەرەکە وەربگری •

ئەگەر کەسیك دەستی راستی کەسیکی بریبوو ، وە لەکاتی قیصاصدا دەستی چەپی دەرکرد بو کابرای جینایەت لی‌کراو تا لە تولەدا بیبریتەوە ، ئەویش بری ، ئەمە ئەگەر جینایەتکەرەکە بە نیازی حەلال کردن دەستی چەپی بو دەرکرد ، ئەوە بە هەدەر رویشتووە • وە ئەگەر باوەری وابوو کە ئەکەویتە بەر تولەی دەستی راستی‌و خاوەن حەقیش باوەری بەوە نەبوو ، یا ئەویش باوەری بەوە هەبوو ، ئەوە راستتر ئەوەیە ئەو دەستی چەپی کابرایە قیصاصی نی‌یە چونکە خاوەنەکەی بە بی‌سوود فەوتاندوویەتی ، وە قیصاصی دەستە راستەکەشی لەسەر ئەمینی • هەروەها ئەگەر جینایەتکەرەکە وتی سەرم لی‌شیواو بە دەستی راستم زانی ، وە کابرای خاوەن حەقیش وتی منیش بە دەستی راستم زانیوەو بەو باوەرە بریومە •

بەلی ئەگەر کابرای خاوەن‌حەق ئەیزانی کە دەستی چەپە ، بەلام بویە بری وای‌ئەزانی ئەکەویتە بریتی‌ی دەستە راستەکە ، یاخود ئەیزانی کە بە شەرع ناکەویتە بریتی‌ی دەستە راستەکەو ، تەنها بە بیرو بریاری خوی کردی بە قیصاصی دەستە راستەکەی ، ئەوە قیصاصی دەستە راستەکەی نامینی، بەلام(دیە)ی دەستی راستی ئەکەوی‌و ئەتوانی لەکابرای جینایەتکەری وەربگری • وە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ، تەنها صوورەتی یەکەم نەبی ، (دیە)ی دەستە چەپەکەی ئەکەویتە سەر ئەم کابرا کە بریویەتی •

ئەگەر لەو صوورەتەدا کە کابرای جینایەتکەر وتی سەرم لی‌شیوا ، ئەم خاوەن‌حەقە وتی بویە دەستەکەم بری وام‌ئەزانی حەلالی کردووە بوم ، ئەوە قیصاصی ئەو دەستە چەپەی ئەکەویتەسەر • هەروەها ئەگەر وتی ئەم‌زانی ناکەویتە بەردەستی راست‌و هەر بە دەسەنقەست بریومە ، یاخود بلیت سەرم لی‌شیوا بویە بریم ، هەر قیصاصی ئەکەویتە سەر بو ئەو دەستە چەپە •

چی لە جینایەتی عەمدەوە پەیدا ئەبێ ؟

ئەوەی کە لە جینایەتی عەمدەوە پەیدا ئەبێ هەر قیصاصە ، بەوشەرتە پیویستی پەیدا بیو مانیعی نەبی • جا ئەگەر قیصاص کەوت ئەوکاتە (دیە) جیگەی ئەگریتەوە • ئەگەر خاوەن حەق جینایەتکەرەکەی عەفو کرد لە قیصاص بەخورایی ئەوە بەخورایی عەفو ئەبی • وە ئەگەر لەسەر (دیە) عەفوی کرد (دیە)کەی ئەکەویتەسەر • هەروەها ئەگەر لەسەر زیاتر لە (دیە) عەفوی بکا بەوشەرتە ئەو مالە لە جینسی (دیە)کە بی وەکو دووصەد حوشتر لەسەر فەرموودەی بەهیز کە ئەوەتە پاداشی کوشتنی عەمد قیصاصە ، ئەوە ئەو زیادەیشە واجب ئەبی ، بەوشەرتە کابرای جینایەتکەر قوبوولی بکا • وە ئەگەر لەسەر غەیری جینسی (دیە) عەفوی بکا ئەوە پیویستە بە قوبوولی جینایەتکەرەکە خواە ئەو مالە کەمتر بی لە ئەندازەی (دیە) یا ئەوەندەی ئەو بی یا زیاتر بی • وە ئەگەر قوبوولی نەکرد ئەوە مالەکە ناکەویتە سەری ، بەلام قیصاصەکە لە شوینی خویا ئەمینیتەوە • وە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە جینایەتکەرەکەی عەفو کرد لە (دیە) ئەوە بەتالە چونکە هێشتا (دیە) واجب نەبوە تا عەفوی بکا • بەلی ئەگەر لەپیشا عەفوی کرد لە قیصاص بەرابەر (دیە) ، وە لەپاشا لە (دیە)کەیش عەفوی کرد ئەوە دروستە • وە ئەگەر هەردولا صولحیان کرد لەجیاتیی قیصاص لەسەر ئەندازەیەك مال ، وە خاوەنحەق کابرای جینایەتکەریشی عەفو کرد لەو مالە ، ئەمەیش هەر دروستە •

ئەگەر خاوەنحەق حیجری لەسەر بوو بەهوی لاتکەوتنەوەو کابرای جینایەتکەری عەفو کرد لە قیصاصو ناوی مالی نەبرد ئەوە دروستەو هیچ ناکەویتەسەر جینایەتکەرەکە • هەروەها ئەگەر عەفوی کرد لەسەر بریاری ئەوە کە مال نەکەویتەسەری•وە ئەگەر عەفوی کرد لە

قیصاص لەسەر ئیعتیباری (دیە) ئەوە (دیە)کە واجب ئەبی لەسەر جینایەتکەرەکە ، وە لەمکاتەدا ناتوانی لەو (دیە)یە عەفوی بکا لەبەرئەوە کە حیجر لەسەر نراوی لاتکەوتوو حەقی بەخشینی مالی نی‌یە • هەروەها لەسەر ئەو فەرموودەیە کە پاداشی عەمد یەکیکە لە قیصاص‌و لە مال ، هەر حەقی نی‌یە کابرا لە (دیە)کە عەفو بکا • هەر خاوەن حەقیکیش حیجری لەسەر بی بەهوی ئیسراف‌و تەبذیرەوە ، ئەویش حوکمی حیجر لەسەر نراوی لاتکەوتووی هەیە لە حوکمی عەفوی جینایەتکەرەکەدا •

ئەگەر خاوەن روشدیك وتی بە یەکی دەستم ببرە ، ئەویش بری ، ئەوە بەخوڕایی لەکیسی چووەو حەقی هیچی نی‌یە هەرچەندیش برینەکەی تەشەنە بکاو بمری • بەلی لەمصوورەتەدا لە فەرموودەیەکدا (دیە) ئەکەویتە سەر دەس‌برەکە وەکو ئەوە کە بلیت بمکوژەو ئەویش بیکوژی ، ئەوە لەم صوورەتەیشدا فەرموودەی هەلاویردراو ئەوەیە (دیە)ی ناکەوی ، بەلام لە فەرموودەیەکدا (دیە) ئەکەویتە سەر بکوژەکە •

ئەگەر کەسیك دەستیکی کەسیکی بری‌و برینداره‌کە کابرای عەفو کرد لە قیصاصی دەستەکەی‌و لە بژاردنەوەکەشی یەعنی لە نیوە خوینەکەی ، خواه لی‌خوش‌بوونەکە بە لەفظی وەصیەت بی یا بە گەردن ئازادکردن (ابراء) بی یا بە (اسقاط) خستنی بی یا بە هەر جوریکی‌تر ، ئەوە لەمصوورەتانەدا ئەگەر ئەو برینە خوش بووەوەو تەشەنەی نەکرد ئەوە باشە ، وە ئەگەر تەشەنەی کرد بو گیانی کابراو کوشتی یا بو ئەندامیکی‌تری ، ئەوە کابرای جینایەتکەر عەفو ئەبی لە قیصاصی دەستەکەی‌و لە بژاردنەوەکەشی ، بەلام عەفو نابی لە حەقی تەشەنەکردن بو گیانی کابرا یا بو ئەندامیکی‌تری • هەرچەند لە لەفظی عەفوەکەدا پی‌ی‌وتبی عەفوم کردی لە حەقی جینایەت لەم دەستەمدا ، وە لە هەر شتیکیش لەمەوە پەیدا ببی • کەواتە ئەگەر برینەکە تەشەنەی کرد بو

ئەندامیکی تری (دیە)ی ئەو ئەندامەی ئەکەویتە سەر • وە ئەگەر تەشەنەی کرد بو گیانی کابرا ، ئەوە ئەندازەیەکیوا کە (دیە)ی نەفسی پی تەواو ببی لەگەل بژاردنی دەستەکەیدا واجب ئەبی لەسەر تاوانبارەکە • یەعنی ئەگەر جینایەتکەرەکە دەستیکی بریبیو کابرا مردبی نیوە (دیە)ی دەستەکەی لائەچیو نیوەی (دیە)ی گیانی لەسەر تاوانبارەکە ئەمینی ئەبی بیداتی • بەلی ئەگەر وەختی خوی کابرای جینایەتکەر هەردوو دەستی کابرای بریبیو کابرایش لە قیصاصو لە بژاردنی ئەو دوو دەستەی عەفوی بکاو پاشان بە تەشەنەکردنی برینەکە بمری ، ئەوە ئیتر هیچی ناکەویتەسەر جینایەتکەرەکە ، چونکە (دیە)ی ئەو دوو دەستە (دیە)ی گیانەو کابرایش لەو ئەندازەیە عەفوی کردووە •

بەلام ئەگەر عەفو کردنەکە بە لەفظی وەصیەت بی وەکو ئەوە کە بلیت وەصیەت بی بو ئەوکەسەی کە جینایەتی لی کردووم بە پارەی بژاردنی جینایەتەکەیو بە هەرچی لەو جینایەتەوە پەیدا ببی ، ئەوە کابرای جینایەتکەر لە (دیە)ی تەشەنەکردنی برین بو نەفسو لە (دیە)ی ئەندامی تریش هەر ئازاد ئەبی ، بەوشەرتە کە لە سییەکی مالی دەربچی ، یاخود میراتبەرەکانی ئیذنی زیاد لە سییەکیش بدەن • ئەگینا هەر لە ئەندازەی سییەکی مالی بریندارە مردووەکەدا وەصیەتەکە جیبەجی ئەکری •

(بزانن) لەوصوورەتانەدا کە عەفوەکە بە لەفظی وەصیەت نەبی ئەوە کابرای جینایەتکەر لە هەرچی ئازاد ببی پیویستە لە سییەکی مالی زیاتر نەبی ، یا میراتبەرەکان رازی بن وەکو ئەوە کە عەفوەکەی بە لەفظی وەصیەت بی •

ئەگەر کابرای دەست‌براو وتی بە جینایەت‌کەرەکە وا عەفوم کرد، لەم جینایەتەو لەوە زیاتر دریژەی پی‌نەداو باسی هیچی نەکرد ، ئەوە کابرای جینایەت‌کەر هەر لە قیصاصی دەستەکەی رزگار ئەبی نەك لە (دیە)کەیشی ، چونکە ئەو لەفظە هەر بو قیصاصی دەستەکە ئەرواتەوە • بەلی ئەگەر زوری پی‌نەچوو لەپاش ئەوە وتی (وە لە بژاردنی دەستەکەیش) ، ئەوە لە بژاردنی دەستەکەیش رزگاری ئەبی •

ئەگەر کەسیك چەقویەکی کرد بە سکی کەسیکاو برینداره‌کە کابرای جینایەت‌کەری عەفو کرد لە قیصاص ، وە لەپاشا مرد ، ئەوە خاوەن‌حەق ئەتوانی قیصاصی ئەوکەسە لە جینایەت کەرەکە بسینی‌و عەفوی برینداره‌کە بی‌سوودە چونکە کابرای جینایەت‌کەری لە قیصاصی برینی (جائفە)کەی عەفو کردووەو برینی وا قیصاصی نی‌یە چونکە ضەبط ناکری وەکو لەپیشەوە بەیانمان کرد[1] •

ئەگەر کەسیك بەهوی تەشەنەکردنی برینی لایەکەوە حەقی قیصاصی نەفسی دەس‌کەوت‌و ، ئەم‌کەسە کابرای جینایەت‌کەری عەفوکرد، لە قیصاصی نەفس ئیتر حەقی قیصاصی تەرەفەکەی نامینی ، بەلام ئەگەر لە حەقی قیصاصی تەرەفەکە عەفوی‌کرد ئەوە حەقی قیصاصی نەفسی ئەمینی •

ئەگەر کەسیك دەستی کەسیکی بری‌و کابرا بە تەشەنەکردنی برینەکەی مرد ، وە خاوەن‌حەق دەستی کابرای بری‌یەوەو لە قیصاصی نەفس عەفوی کرد ، ئەوە ئەگەر ئەم جینایەت‌کەرە نەمرد ئەوە عەفوەو رزگارە • وە ئەگەر ئەمیش بە تەشەنە کردن مرد ئەوە دەرئەکەوی ئەو

---

(١) ئەم حوکمی عەفومانە لەبەر روونـاکی‌ی عیبارەتی (تحفە)و (شیروانی)و (شرح منهج)و (حاشیەی جمل)دا نووسیوە • تکام وایە ئەوکەسانەی تەماشای ئەم شوینە ئەکەن بە وردی تەماشای ئەو کتیبانە بکەن •

عەفوە بی‌سوود بووە • ئیتر مالی ناکەویتە سەر ئەم کەسە کە عەفوی کردووە •

ئەگەر کەسیك کەسیکی کرد بە وەکیل لە وەرگرتنی قیصاصدا ، وە لەپاشانا وەکیلەکەی عەزل کرد ، وە وەکیلەکەیش کابرای جینایەت‌کەری لە قیصاصدا کوشت ، ئەوە ئەگەر ئەیزانی بەوە کە عەزل کراوە ، قیصاصی کابرا ئەکەویتە سەری • وە ئەگەر نەی‌ئەزانی بە عەزلەکە ئەوە قیصاصی لەسەر نی‌یە • بەلام (دیە)ی کابرای ئەکەویتەسەر، وە پیویستە لە مالی خوی ئەو (دیە)یە بدا وە حەقی ئەوەیشی نی‌یە بگەریتەوە بو سەر ئەوکەسە کە کردوویەتی بە وەکیل مادەم ئەوکەسە عوزری هەبی لە تەفرەدانی خەبەرپی‌دانی وەکیلەکەی‌دا • بەلام ئەگەر بە بی‌عوزر تەفرەی خەبەر پی‌دانی کابرای وەکیلی دا ئەوە واجبە ئەو (دیە)یە کە وەکیلەکە ئەیدا بە میرات‌بەری کوژراوەکە ، ئەمیش بیداتەوە بە وەکیلەکە •

ئەگەر کەسیك قیصاصی کەوتە سەر ژنیك‌و ژنەکەی مارە کرد بو خوی لە حەقی قیصاصەکەدا ئەوە باشەو قیصاصەکە لەسەر ژنەکە نامینی • جا ئەگەر لەپاش چوونە لای ژنەکە لی‌ی جیا بووەوە ئەوە هیچ ، وە ئەگەر لەپیش چوونەلایدا لی‌ی جیا بووەوە نیوەی بژاردنی جینایەتەکە لە ژنەکە ئەسینیتەوە • وە بە فەرموودەیەك نیوەی (مهر المثل)ی لی وەرئەگریت •

باسی (دیـە)

(دیە) لە شەرعدا بریتی‌یە لە مالی کە واجب ئەبی لەسەر ئینسانیکی تەکلیف لی‌کراو بەهوی جینایەتەوە لەسەر نەفسی کەسیك یا لەسەر ئەندامیکی لەشی •

(دیە) قورس ئەبی بەهوی چەند شتەوە وەکو ئەوە جینایەتەکە

عەمدی‌و بە دەسەنقەست بێ یاخود (شبه عمد) بێ ، یاخود بە هەلە بێ بەلام لە حەرەمی شاری مەککەدا رووبدا ، یاخود لە یەکێك لە چوار مانگە حەرامەکەدا بکرێ کە بریتین لە (ذی القعده)و (ذی الحجة)و (محرم)و (رجب) یاخود لەسەر خزمێکی‌وا بێ کە مەحرەم بێ وەکو ئەوە کابرا برای خۆی یا خوشکی یا پووری بکوژێ •

سووکیش ئەبێ بەهۆی چەند شتەوە وەکو ئەوە کوژراوەکە مێ‌ینە بێ یا بەچکە بێ لە سکی دایکیا یا کافر بێ •

(دیه)ی موسولمانی ئازادی نێرینە ، غەیری منالی کە لە سکی دایکیا بێ ، صەد وشترە • بەلام ئەم وشترانە لە جینایەتی (عمد)و (شبه عمد)دا ئەکەین بە سێ بەشەوە بەمجورە : سێ وشتری مێچکەی سێ سالانە ، سێ وشتری مێچکەی چوار سالانە ، چل وشتری ئاوس هەرچەند لە تەمەنی پێنج سالان کەمتردا ئاوس بووبن • وە لە جینایەتی بە هەلەدا ئەکرێن بە پێنج بەشەوە : بیست وشتری مێچکەی یەك سالانە ، بیست وشتری مێچکەی دوو سالانە ، بیست وشتری نێری دوو سالانە ، بیست وشتری مێچکەی سێ سالانە ، بیست وشتری مێچکەی چوار سالانە • بەلی ئەگەر ئەم جینایەتی بەهەلەیە لەسەر خزمێکی مەحرەم بوو یاخود لە حەرەمی شاری مەککەدا بوو یا لە یەکێك لە چوار مانگە حەرامەکەدا بوو ، ئەوە ئەو (دیه)یە ئەکرێ بە سێ بەشەوە وەکو لە (دیه)ی کوشتنی (عمد)و (شبه عمد)دا •

(دیه)ی جینایەتی عەمد دەس‌بەجێ ئەدرێ لە مالی کابرای جینایەتکەر • وە (دیه)ی (شبه عمد) لە ماوەی سێ سالدا ئەدرێ لە مالی خزم‌و خویش‌و کەس‌وکاری جینایەتکەرەکە • وە (دیه)ی جینایەتی بە هەلە خواه پێنج بەش بێ یا سێ بەش بێ ئەویش بە سێ سال

وە لە مالی خزم‌و خویش‌ۆ کەس‌وکاری جینـایەت‌کەرەکە ئەدری • ئەم وشترانە ئەبی ساغ‌و بی‌عەیب بن ، وە وشتری نەخوش‌و عەیبدار دروست نی‌یە ، مەگەر خاوەن حەقەکە رازی بی • ئاوس‌بوونی وشتریش بـــە قسەی دووکەس ئیسپات ئەکری لەوانە کە ئاگادارن لە وەزعی وشتر •

هەرکەس (دیە)ی لەسەر بی مادەم خوی وشتری هەبی لـــە مالی خوی (دیە)کە ئەدا ، ئەگینا لە زوربەی وشتری ئەو شارە یا ئەو دەشتە کە ئەکەویتە نزیکی ئەو شوینەوە کە تاوانەکەی تیا کراوە • وە دروست نی‌یە لا بدری لەو جورە وشترە کــــە شـــەرع دیـــاری‌ی کردووە بو جوریکی‌تر یا بو قیمەتەکەی مەگەر بە رەزامەندی‌ی خاوەن حەقەکـــەو رەزامەندی‌ی جینایەت‌کەرەکەیش •

ئەگەر حوشتر دەس‌نەکەوت لەو ولاتەو لە نزیکی ئەو ولاتـــەدا ، یاخود بە قیمەتیکی زورتر لە قیمەتی عادەتی ئەیان‌فروشت ، ئەوە لەکاتەدا قیمەتی صەد وشترەکە ئەدری بە قیمەتی عادەتی‌و بە پارەی نـــەختی ئـــەو شوینە کە واجبە وشترەکەی تیا بدریت • وە ئەگەر هەندی وشتر هەبوو کە بەشی تەواوی (دیە)کەی نەئەکرد ، ئەوە ئەو ئەندازەیە کە هـــەیـــە لەگەل قیمەتی باقی‌یەکەیدا ئەدریت •

(دیە)ی ئافرەت‌و خونثا (نیرو می) نیوەی (دیە)ی پیاوە لـــە نەفس‌و لە ئەندامدا • وە هەر کافری کە بانگی ئایینی ئیسلامی پی گەیشتبی ئەگەر (کتابی) بی یەعنی لە شوین کەوتووانی (توراة) یا (انجیل) بی (دیە)ی نەفسی یا ئەندامی سی‌یەکی (دیە)ی موسولمانە بەوشەرتە لـــەو تاقمە بی کە دروست بی موسولمان ژنیان لی مارە بکا • وە (دیە)ی ژن‌و خونثایان نیوەی (دیـــە)ی پیاوەکەیانە • وە ئەگەر ئاگرپەرست (مجوسی) یاخود بت‌پەرست یا روژپەرست یا گاپەرست یا زەندیق‌و بی‌ئایین بی ئەوە

(دیه)کەی سێ‌یەکی پێنج‌یەکی (دیه)ی موسولمانە • کەواتە (دیه)ی ئاگرپەرست‌و ئەوانەی لەگەلیا باس‌کران ، شەش وشترو دوو سێ‌یەکی وشتریکە • وە (دیه)ی ژن‌و خونثایان نیوەی (دیه)ی پیاوە •

وە ئەو (سامری)یانەی کە جوولەکە بە کافریان نەزانن یەعنی لە ئوسوولی بناغەی ئایندا لەوان جیا نەبن ، وە ئەو (صبتی)یانەی کە گاورەکان بە کافریان نەزانن یەعنی لە ئوسوولی بناغەی ئاینیا لەوان جیا نەبن ، ئەوانەیش لە (دیه)دا وەکو (کتابی)ی جوولەکەو گاور وان • وە ئەگەر پیچەوانەی ئەوان بن ئەوە (دیه)یان وەکو (دیه)ی ئاگرپەرست وایە • هەروەها ئەو کافرانە کە بانگەوازی ئیسلامەتی‌یان پی‌گەیشتووەو موسولمان نەبوون‌و خویان بە شوین‌کەوتووی ئاینی حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) یا حەزرەتی داوود (علیه السلام) ئەزانن • وە هەرکەسی بانگەوازی ئاینی ئیسلامی پی‌نەگەیشتبی ، ئەوە ئەگەر شوینی ئەو بەشەی ئاینەکەی خوی کەوتبی کە نەگورراوە[1] ، ئەوە حوکمی لە (دیه)دا وەکو حوکمی ئەهلی ئەو ئاینەیە • کەواتە ئەگەر لە جوولەکە بی وەکو جوو ، وە ئەگەر لە گاور بی وەکو گاور ، وە ئەگەر لە ئاگرپەرست بی (دیه)ی ئاگرپەرستی هەیە •

وە ئەگەر وانەبوو ، بەم‌جورە گومان هەبوو لەوەدا کە بانگەوازی ئیسلامی پی‌گەیشتووە یا نە ، یاخود کەوتبوە شوینی ئەوەی کە گورراوە لە ئاینەکەیدا ، یاخود نەکەوتبوە شوینی ئوسوولی ئاینەکەی خوی ، یاخود وەختی خوی ئاینیکی حەقی بووبوو ، بەلام ئیمە نەمان‌زانی چ ئاینیکە بەورەنگە کە کابرای کوژراو ری‌ی تی‌ئەچوو لە جوولەکە یا

(١) ئەوەش بزانین کە ئاینە پیشووەکان هەموو دەستی گورینیان تی‌براوە •

گاور یا لە کومەلی ئـاینی حــەزرەتی (ابراهیم) بی وە بەراســـتی نەمان ئەزانی لەکامیانە،یاخود ئەمان زانی ئاینەکەی چی یە بەلام نەمان ئەزانی واجبی (دیە)ی چەندیکە ، مەسەلا جوولەکەیەك کوژراو گورج لاشەکەی لەناوبراو نەمان زانی پیاو بووە یا ژن ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانـەدا (دیە)ی ئەوەندەی (دیە)ی پیاوی ئاگرپەرستە •

(بزانن) لە بەیانی پیشووەوە دەرکەوت کە (دیە)ی غەیری ئەو جوولەکەو گاورە کە لە نەتەوەی حەزرەتی (یعقوب) بی وەکو (دیە)ی ئاگرپەرست وایە ، چونکە بە شەرت گیراوە لـە واجب بوونی سی یـەکی (دیە)ی موسولماندا بو ئەوان ، ئەوە کە دروست بی ژنیان مارە بکری لە موسولمان ، وە ئەم شەرتەیش لە غەیری ئەولادی حەزرەتی یەعقووبـدا نادروە نایابە ، وە پاریزراوی بو کافری غەیرە کیتابی لە ولاتی ئیمەدا هەر بە ئەمان و صولح و ری کەوتنەو بە عەقدی جیزیە نابی • بەلام بو کافـری کیتابی بە عەقدی جیزیەیش ئەبی •

باسی (دیە)ی برین کردن لە روخسار

(دیە)ی برینی کە ئیسك دەربخا لە روخساری ئینســــانیکی موسولمانی ئازادی نیرینەدا نیوەی دەیەکی (دیە)کەیەتی کە ئەکاتە پینج وشتر ، هەرچەند ئەو برینە ئیسقان دەرخەرە لەو ئیسقانەدا بی کـە لـە پشتی گویچکەوە بەرز بووەتەوە • یا لەژیر جەمسەری بەندی شەویلەدا بی یا لە پشتی سەرەوە بی لەو شوینەدا کە دائەپەری بو مل •

جا ئەگەر برینەکە بە (عەمـد) یـا بـە (شبه عمد) بوو ئـەوە وشترەکان بە سی بەش ئەدرین ، وشترو نیویکی میچکەی سی ســـالەو وشترو نیویکی میچکەی چوار سالەو دوو وشتری ئاوس • وە ئەگەر بە

هەلە کرابوو بە پێنج بەش ئەدرین ، وشترێکی میچکەی یەك ســـاڵەو میچکەیەکی چوار ساڵە •

(دیە)ی برینی کە ئیسقانی روخساری ژنیکی موسولمانی ئــازادی دەرخستبی چواریەکی دەیەکی (دیە)کەیەتی کە بریتی‌یە لـــە دوو وشترو نیو • وە (دیە)ی برینی کە ئیسقانی روخساری ناموســـولمانیکی دەرخستبی هەر بەم‌نیسبەتەیە بەلام لە (دیە)کەی خوی • کـــەواتـــە (دیە)ی برینی کە ئیسقانی روخساری نیرینەیەکی کیتابی‌ی دەرخستبی وشتریك‌و دوو سی‌یەکی وشتریکە ، وە (دیە)ی برینی کـــە ئیسقانی روخساری نیرینەیەکی ئاگرپەرست یا بت‌پەرستیکی دەرخستبی سی‌یـەکی وشتریکە ، وە (دیە)ی برینی کە ئیسقانی روخساری ژنیکی ئاگرپەرست یا بت‌پەرستی دەرخستبی شەش‌یەکی وشتریکە •

وە بو منالی کە لە سکی دایکیا بی ئەگەر ئیسقانی روخساری دەرخراو پاشان بە مردوویی داکەوت بەلام بە غەیری ئیســـقانی روخســـــار دەرخستنەکەی مردبوو ، ئەوە (دیە)کەی بریتی‌یە لـــە بیســـت‌یەکی (دیە)ی دایکی • وە ئەگەر بە ئیسقان دەرخستنەکە مرد ئەوە (دیە)کەی بریتی‌یە لە دەیەکی (دیە)ی دایکی • وە لەم‌کاتەدا (دیە) بو برینـــە ئیسقان دەرخەرەکە دانانری چونکە جینایەتەکە بووە بە جینایەت لەســـەر نـــەفس •

(دیە)ی برینی کە ئیسك شکینی بەتەنها یا ئیســـك بجـــوولینی لەجی‌ی خویەوە بو جی‌ی‌تر با نەیشی‌شکینی نیوەی دەیەکی (دیـــە)ی خاوەنەکەیەتی • (دیە)ی برینیکیش کە ئیسك بشکینی‌و بیگویزیتـــەوە لەجی‌ی خویەوە یا دەری‌بخا ، یاخود پیویستی بکا کە ئیسکەکە دەربخری بو دەرهینانی یا بو راست کردنـــەوەی ئـــەوە دەیـــەکی (دیـــە)ی

خاوەنەکەیەتی • هەروەها حوکمی برینی کە ئیسک لەجیی خوی بگویزیتەوە لەگەل تیکشکاندنیا یا لەگەل دەرخستنیا • وە ئەگەر لەگەل هەردوکیانا بوو ئەوە (دیە)کەی دەیەکو نیوەی دەیەکی (دیە)ی خاوەنەکەیەتی •

(دیە)ی برینیکیش کە بگا بە توورەکەی میشکی کابرا یا توورەکەی میشکی بدری ، ئەگەر کابرای بریندار ئازادو نیرینە بوو سی‌یەکی (دیە)ی کابرایە • هەروەها (دیە)ی برینی کە بگاتە ناوەوە وەك سكو سینەو کەلەکەو ژیر گەردنو هەردوو تەنشتی ئادەمیزاد ، یا برینی کە لە ولمەی رانی ئافرەتەوە بگاتە ناو عەورەتی یا لە ولمەی رانی پیاوەوە بگاتە دوای ، یا لە پشت ملیەوە بگاتە ناو قورقوراچکەی ، یا لە پیستی پیشیەوە بگاتە میزەلدانی • لە هەموو ئەم صوورەتانەدا سی‌یەکی (دیە)ی کابرا بریندارەکە واجب ئەبی •

بەلام لەم جورە دانانری ئەوە کە کەسیك روخساری کەسیك کون بکاتو کونەکە بگاتە ناودەمی ، یا پیلووی چاوی کون بکاتو بگاتە ناوچاوی ، یا پیستی ذەکەری کون بکاتو کونەکە بگاتە جیگای تیەربوونی میزی ، یا قولی کون بکاتو کونەکە بگاتە ناو موخی ئیسقانی ، یا لووتی کون بکاو کونەکە بگاتە ناو لووتی •

ئەگەر کەسی ئیسکی سەری کەسیکی دەرخستو کەسیکی‌تر شکاندی‌و کەسیکی‌تر جوولاندی لە شوینی خوی‌و کەسیکی‌تر برینەکەی گەیاندە توورەکەی میشکی کابرا ، ئەوە هەرکام لەمانە نیوەی دەیەکی (دیە)ی کابرای ئەکەویتە سەر ، تەنها کابرای چوارەم نەبی ئەوە لەسەر حیسابی ئەو مالە کە پیشووەکان داویانە پیویستە سی‌یەکی (دیە)ی کابرا تەواو بکا ، یەعنی دەیەکو نیوەی دەیەکو سی‌یەکی دەیەکی (دیە)ی کابرا بدات •

(بزانن) برینی ئیسقان دەرخەر زور ئەبی بە چەند شت •
یەکەم : جیاوازی لە صوورەتدا وەکو ئەوە کە یەکی لە دوو لاوە ئیسکی سەری یەکی دەرخاو پیستو گوشتی مابەینی ئەو دوو برینە بە حالی خوی بمینیتەوە • ئەگەر هیچیان نەمایەوە یاخود هەر یەکیکیان مایەوە ئەوە بە یەك برینی ئیسقان دەرخەر ئەناسری • هەروەها ئەگەر ناوبەینەکەیان بە تەشەنە کردنی ئەوان رزی‌و لەناوا نەما • بەلی ئەگەر کەسیکی‌تر ناوبەینەکەیانی لابرد ، ئەوە ئەوکەسە بژاردنی برینیکی ئیسقان دەرخەری ئەکەویتە سەرو بژاردنی دوو برینە ئیسقان دەرخەرە پیشووەکەیش لەسەر کابرای یەکەم ئەمینیتەوە • وە ئەگەر هەر کابرای یەکەم ئەو ناوبەینەی لابرد ، ئەوە ئەو دوو برینە ئەبن بە یەك برین‌و کابرا بژاردنی یەك برینی ئیسقان دەرخەری ئەکەویتە سەر مادەم پیش خوش‌بوونەوەی دوو برینە ئیسقان دەرخەرەکان لەناوی بردبی • بەلام ئەگەر کابرای بریندار خوی ناوبەینەکەیانی لابرد ، ئەوە بژاردنی دوو برینە ئیسقان دەرخەرەکان لەسەر کابرای جینایەتکەر ئەمینیتەوە •

دووەم : جیاوازی‌ی شوین • کەواتە ئەگەر کەسیك دریژەی دا بە دەرخستنی ئیسقانی سەری کەسیك تا گەیشت بە دەم‌و چاوی ئەوە بە دوو برینی ئیسقان دەرخەر دائەنری ، لەسەردا یەکیك‌و لە روخساردا یەکیك •

سیهەم : جیاوازی‌ی جینایەتکەرەکە • کەواتە ئەگەر کەسیك ئیسقانی سەری کەسیکی دەرخست‌و کەسیکی‌تر برینەکەی پان یا دریژ کرد ، ئەوە ئەبی بە دوو برینی ئیسقان دەرخەر ، بو هەرکامیان بژاردنیکی تایبەتی ئەکەویتە سەر جینایەتکەرەکە • کەواتە ئەگەر هەر کابرای یەکەم برینەکەی گەورە کرد ئەوە هەر بە یەك برینی ئیسقان دەرخەر دائەنری ئەگەر لەسەر دەرنەچی بو روخسار یا بە پیچەوانەوە •

چوارەم : جیاوازیی حوکمە • کەواتە ئەگەر کەسێك برینێکی ئێسقان دەرخەری لەسەری کەسێکدا کرد ، بەلام نیوەی بە (عەمد)و نیوەی بە (شبە عمد) یا بە هەلە بوو ، ئەوەیش ئەبێ بە دوو برینی ئێسقان دەرخەر ، بو هەرکام بژاردنێکی تایبەتی هەیە لەسەر ئیعتیباری (عمد) یا (شبە عمد) یا هەلە • بەلام ئەگەر یەکێ بە هەلە ناوبەینی دوو برینی ئێسقان دەرخەری لابرد ، ئەوە بە یەك برینی ئێسقان دەرخەر دائەنرێ مادەم برینە پێشووەکانیش بە دەستی ئەم کرابوون •

برینی گەیشتووە ناوەوەیش زور ئەبێ بەو هویانەی کە برینی ئێسقان دەرخەریان پێ زور ئەبێ • کەواتە ئەگەر کەسێك رمێکی دوو شاخی کرد بە سکی کەسێکا ، ئەوە (دیە)ی دوو برینی بە ناوەوە گەیشتووی ئەکەوێتەسەر • هەروەها ئەگەر تیرێکی کرد بە پشتیاو لە سکیەوە دەرچوو ، یا گوللەیەکی دا لە سکیو لە پشتیەوە دەرچوو ، وە کابرا نەمرد ، ئەوە بژاردنی دوو برینی گەیشتووە ناوەوەی ئەکەوێتەسەر •

هەرکام لەم برینانە کە بژاردنی دیاریان هەیە بژاردنەکەیان نافەوتێ بە خوش بوونەوەیان • فەرقی برینی گەورەو بچووك نییە لە بژاردندا ، هەتاوەکو ئەگەر کەسێك سووزنێك بکا بە سەری کەسێکداو بگا بە ئێسقانەکەی ، ئەوە بژاردنی برینێکی ئێسقان دەرخەری ئەکەوێتە سەر •

ئەو برینانەی کە وان لەپێش برینی ئێسقان دەرخەرەوە ئەگەر بەهوی ئەندازەیەکەوە نیسبەتیان لە برینی ئێسقان دەرخەرەوە دەردەکەوت ، ئەوە بەو نیسبەتە دەبژێررین • وە ئەگەر دەرنەدەکەوت ئەوە ئەندازە مالێکی بو واجب ئەبێ کە حاکمی شەرع بە قەناعەتی خوی لەسەر رێ‌پیشاندانی شارەزایان بوی دائەنێ •

باسی ئەو ئەندامانە کە بژاردنی دیاریيان هەیە

یەکەم : لەو ئەندامانە گوێ‌یە • لە برینی گوێچکەیەکــدا نیوەی (دیە)ی کابرا واجب ئەبێ ، وە بە هەردوکیان (دیە)ی تـەواو واجب ئەبێ • وە ئەگەر هەندێکیان لێ برا ئەوە لەسەر نیسـبەت‌یان بۆ تەواوی گوێچکەکان (دیە)ی بۆ دائەنرێ • هەڵکیشانی گوێچکەیش وەکـو برینی وایە • هەروەها ئەگەر بەهۆی دەرمانێکەوە گوێچکە وشـك بکاتەوە • وە ئەگەر ئەو گوێچکەیە کە برا کابرا دەنگی پێ نەئەبیست ئەوە وەکو نیوە (دیە) لە گوێچکەکەدا هەیە ، لە لابردنی هێزی بیستنی گوێچکەکەشدا نیوە (دیە) هەیە • هەروەهایە حوکمی ئەو ئەندامانـەی کە هێزەکەیان لە خۆیاندا نی‌یە وەکو لووت • ئەویش (دیە)ی خـۆی و (دیە)ی لابردنی هێزەکەی لە یەك جیـا ئەکرێنەوە وەکو لـەمـەولا دەرئەکەوێ ، چونکە ئەم ئەندامانە خۆیان مایەی جوانین بۆ لەشی کابـرا هەرچەند بێ‌هێزیش بن ، لەبەرئەوە فەرق نی‌یە لەبەینی برینی گوێچکەی کەڕو گوێچکەی بیستندەدا لە واجب بوونی (دیە)دا • وە ئەگەر کەسێك گوێچکەیەکی وشك بووەوەی بری ئەوە نیوە (دیە)ی لەســەر نی‌یە چونکە ئەو گوێچکەیە هیچ جوانی‌یەکی پێوە نەبوە ، بەلکو حاکمی شەرع خۆی شتێکی بۆ دائەنێ • وە ئەگەر لەگەل برینی گوێچکەدا ئیسقانەکەی بنیشی دەرکەوت ئەوە ئەبێ بژاردنی برینی ئیسقان دەرخەریشی بۆ بدا •

دووهەم : چاوە • ئەگەر یەکێ تاقە چاوێکی کەسێکی هەڵـکۆلی ، نیوەی (دیە)ی ئەوکەسەی ئەکەوێتە سەر • ئەگـەر هەردوو چـاوی هەڵبکەنێ تەواوی (دیە)ی ئەکەوێتە سەر ، وە لە واجب بوونی (دیە)دا فەرق نی‌یە لە بەینی چاوی ساغ و بەهێزو چاوی نەرم و بێ‌هێزدا یا چاوێ کە تکەتك بکا یا شەوکوێر بێ یا بچکولە یا خێل بێ ، یا تانەی بەسەرەوە

بێ بەلام هێزی بینینی کەمی نەکردبێ • وە ئەگەر بەهۆی ئەو تـانـەیەوە هێزی کەمی کردبێ ئەوە ئەگەر نیسبەتی لەگەل چاوی خاوەن هێزدا دیار بێ بەو نیسبەتە بژاردنەکەی ئەدرێ ، ئەگینا هەر ئەوەندەی تیایە کـــە حوکمرانی شەرع شتێك بریار ئەدا کە بیدرێتی لەجیانیدا • وە ئەگەر کەسێك چاویکی کوێر هەلکۆلی ئەوە حوکمرانی شەرع ئەندازە پارەیەکی ئەخاتە سەر کە بیدا بە کابرای چاو هەلکۆلراو • وە لە صوورەتی کوێـر کردنی چاوی ساغدا هەر یەك بژاردن واجب ئەبێ چونکە هێزی بینین وا لەوشوێنەداو بە وینەی گوێچکە نییە کە (دیە)ی جیگەکەو (دیە)ی هێزەکە لە یەك جیا بن •

سێهەم : پیلووی چاوەکانە • لە برین یا وشك کردنی هەر پیلوویەکدا چواریەکی (دیە)یەك هەیە • وە لە هەر چواریانا (دیە)ی کەسەکـــە بەتەواوی واجب ئەبێ ، خواه ئەو پیلووانە برژانگیکیان بێ یا نـــە ، وە پیلووی چاوی بینا بن یا کوێر ، چونکە پیلوو خۆی مـایـەی جوانیی ئادەمیزادە •

چوارەم : نەرمە لووتە ، کە بریتییە لـــە سێ پەردە ، وە لـەبرینی هەر یەکێکیانا سێیەکی (دیە) واجب ئەبێ ، وە لە برینی دوانیـانـا دوو سێیەك ، وە لە برینی هەرسێکیانا تەواوی (دیە)ی کەســـەکـە واجب ئەبێ • ئەگەر لەگەل برینی ئەم سێ پەردەیەدا هێزی بۆن کردنیشی لابرێ ئەوە دوو (دیە) ئەکەوێتە سەری • وە ئەگەر ئێسقانی لووتی دەرخست، ئەوە بژاردنی ئێسقان دەرخستنی ئەکەوێتە سەر •

پێنجەم : لێوە • لە برینی هەر لێوێکدا نیوە (دیە)یەك هەیە • وە لە برینی هەردوو لێودا (دیە)ی تەواو هەیە •

شەشەم : زوبانە • لە برینی تەواوی زوباندا (دیە) واجب ئـەبێ •

هەرچەند پسك بێ یا حەرفێك بگوڕیت بە حەرفێكی‌تر ، یا هەندە حەرفێكی بۆ نەوتری یا بە گران قسەی بۆ بكری • وە ئەگەر بەهۆی برینی زوبانەوە هێزی چەشتنی نەما ئەوە دوو (دیە) ئەكەویتە سەر زویان برەكە • وە ئەگەر كەسێك هەندیكی لە زوبانی كەسێك بری بەشە (دیە)ی ئەو ئەندازە براوەی ئەكەویتە سەر بە ئەندازەگرتن‌و نیسبەت‌دانی لە هەموو زوبانەكە • وە ئەگەر ئەو زوبانە لال بوو ، وە هیچ قسەی پێ نەئەكرا ئەوە لە برینیا هەر ئەو ئەندازە پارەیە هەیە كە حوكمرانی شەرع دای‌ئەنێ • وە لە زوبانی مندالدا ئەگەر نەگەیشتبێ بە وادەی دەركەوتنی قسە یا گەیشتبێ‌و (بابا)و (ماما) بلیت یا نیشانەی قسەكردنی لێ دەركەوی بەهۆی گریان‌و مەمك مژینەوە ، ئەوە برینی ئەو زوبانە ئەبێ بەهۆی واجب بوونی (دیە) • وە ئەگەر منالەكە گەورە بووبوو ، وە نیشانەی قسەكردنی لێ پەیدا نەبووبوو ئەوە بە لاڵ دائەنرێ‌و تەنیا ئەندازە پارەیەكی تیا واجب ئەبێ كە حوكمرانی شەرع دای‌بنێ •

حەوتەم : دانە • لە شكاندنی هەر دانێكی كەسێكی نێرینەی ئازادی موسولماندا ، چ تەنیا ئەوەی وا بەدەرەوە بیشكێنێ یاخود بە بیخەكەیەوە هەڵی‌بكەنێ پێنج وشتر (دیە) واجب ئەبێ بە چەند شەرت • یەكەم ئەوەیە دانەكە ئەسلی بێ • كەواتە ئەگەر دانەكە دانی لاپاڵ بوو ئەوە حوكمرانی شەرع شتێكی بۆ دائەنێ • دووەم ئەوەیە تەواو بێ • كەواتە ئەگەر دانەكە شكاو بێ یاخود هەلوەریو بێ یا هەندی لەو ئەندازەیەی كە وا بەدەرەوە قرتابێ ئەوە بەشی خۆی لە (دیە) پێ‌ئەدری • سێیەم ئەوەیە دانێكی رەسای بە سوود بێ • كەواتە ئەگەر ئەوەندە بچووك بێ كە بۆ جوین‌و برینی خواردەمەنی‌ی عادەتی بەكارنەیەت ئەوە حوكمرانی شەرع خۆی شتێكی تیا دادەنێ • چوارەم ئەوەیە لەپاش كەوتنی كاتی منالی رواببێتەوە • ئەگینا ئەگەر دانی زەمانی شیر خواردن بێ‌و یەكێك

هەڵی کەندبی و لە وادەی خویدا دەرهاتبیتەوە ئەوە (دیە)ی نی یەو تەنها حوکمرانی شەرع خوی ئەندازە پارەیەکی لەسەر دادەنی • هەروەها ئەگەر دەرنەیەتەوەو دوو کەسی شارەزا بلین جیگای دەرهاتنەوەکەی خراپ نەبووە • بەلام ئەگەر هاوریزەکانی دەرهاتنەوەو ئەو دەرنەهاتەوەو دووکەسی شارەزا وتیان شوینی دەرهاتنەوەی خراپ بووە ، ئەوە (دیە)ی ئەکەوی • پینجەم ئەوەیە ئەوەندە شل و لەق نەبووبی کە بو برین و جاوینی شتی خواردەمەنی نەشی ، ئەگینا هەر حوکمرانی شەرع خوی شتیکی لەسەر دائەنی •

جا لەگەل بەجیهاتنی ئەم مەرجانە ئەگەر کەسیك دانیکی یا چەند دانیکی کەسیکی شکاند یا هەر لە بنا هەڵی کەند ، ئەوە لە هەر دانیکا پینج وشتر (دیە)ی ئەکەویتەسەر • وە ئەگەر هەموو دانەکانی هەڵکەند (دیە)ی هەموویان واجب ئەبی هەرچەند لە ئەندازەی (دیە)ی نەفسیش زیاد بی •

هەشتەم : شەویلەیە • لە فریدانی هەر شەویلەیەکدا نیوە (دیە)یەك هەیە ، وە لە فریدانی هەردوکیانا تەواوی (دیە) واجب ئەبی • وە هەرچەند ددانیشیان لەسەر بی (دیە)ی ئەوانیش واجب ئەبی و ناکەویتەبەر (دیە)ی شەویلەکان •

نوهەم : دەستە • لە برینی هەر دەستیکا نیوە (دیە)یەك ، وە لە برینی هەردوکیانا تەواوی (دیە) واجب ئەبی • جا ئەگەر لە جمگەی مووچدا بران ئەوە باشە • وە ئەگەر لە ژوورترەوە بران حوکمرانی شەرع ئەندازەیەکیش پارە بو ئەندازەی سەرووی ئەو جمگەیە دادەنی چونکە ناوی (دەست) لە شەرعدا لە مووچ بەرەوژوور ناگریتەوە • وە لە هەر پەنجەیەکدا دە وشتر واجب ئەبی ، وە لە هەر وردەلەیەکدا لە

پەنجەکان سی وشترو سی‌یەکە وشتریك هەیە ، تەنها لە وردەلەی پەنجە گەورەدا نەبی ئەوە پینج وشتری پی واجب ئەبی لەبەرئەوە کە هەردوو وردەلەی هەیە ٠

دەهەم : پی‌یە ٠ لە هەر پی‌یەکدا لە قولاپەدا ببڕیت نیوەی (دیە)ی ئەو کەسە ، وە لە هەردو پی‌یدا تەواوی (دیە)ی هەیە ٠ وە ئەگەر پی‌ی لە ژوور قولاپەوە بڕرابوو ، ئەوە بو لای ژووروی قولاپەکە حوکمرانی شەرع خوی شتیك دائەنی ٠ وە لە هەموو پەنجەیەکی پی‌دا دە وشتر ، وە لە هەر وردەلەیەکدا سی‌یەکی ئەوە هەیە ، مەگەر پەنجە گەورەکە ، ئەوە لە هەر وردەلەیێکیدا پینج وشتر هەیە ٠ وە لە واجب بوونی (دیە)دا فەرق نی‌یە لەبەینی پی‌ی ساغو شەلو دەستی ساغو شەلدا ، وە هەمان (دیە) بو ئەوانیش واجب ئەبی ٠ بەلی ئەگەر وشك بووبوون ئەوە حوکمرانی شەرع خوی شتیکیان تیا بریار ئەدا ٠

یازدەهەم : دوو گوی مەمکی ژنە ٠ لە بڕینی گویەکی مەمکدا نیوە (دیە) وە لە بڕینی هەردوکیاندا (دیە)ی تەواو واجبە ٠ وە ئەگەر بڕینی گوی مەمکەکە بوو بەهوی کون بوونە سینە ئەوە بژاردنی ئەو کونەشی ئەکەویتەسەر ٠ بەلام لە بڕینی گوی مەمکی پیاودا ئەوە حوکمرانی شەرع خوی شتیك بریار ئەدا ، هەروەها لە بڕینی ولە گوشتی ژیر گوی مەمکیا ٠

دوازدەهەم : ذەکەرە ٠ لە بڕینی ذەکەردا تەواوی (دیە) پیویست ئەبی ، خواە خاوەن ذەکەرەکە پیر بی یا جوان بی ، گەورە بی یا منال بی ، خەسینراو بی یا ساغ بی ٠ هەروەها لە بڕینی سەری ذەکەردا (دیە)ی تەواو واجب ئەبی ٠ وە لە بڕینی هەندی لە سەری ذەکەردا بژاردنی واجب ئەبی بەپی‌ی نیسبەتی بڕاوەکە بو هەمووی ٠ وە ئەگەر کەسی

داریکی دا بە ذەکەری کەسیکداو شەلی کرد بەجوری کە هیزی تیــــا نەما ، ئەوە تەواوی (دیە)ی کەسەکە ئەکەویتە سەری • هەروەها ئەگەر بەدریژیدا لەتی بکاو لە ئیش بکەوی ئەوە تەواوی (دیە) واجب ئەبی • بەلام بو برینی هەندی لە گوشتی ذەکەر لەملاو لــەولایــەوە ، ئــەوە حوکمرانی شەرع خوی شتیك بریار ئەدا •

سیازدەهەم : هیلکەگونە • لە برینی هیلکەیەکیاندا نیوە (دیــە) ، وە لە برینی هەردوکیاندا تەواوی (دیە) هەیە ، هەرچەند هیلکەگــونی منال یا پیاوی پیر یا ئینسانی ذەکەر براو یا شلەپەتکە بی • بەلی ئەوەنــدە هەیە پیویستە هیلکەکە دابکەوی ، ئەگینا برینی پیستەکەی نابی بــەهــوی (دیــە) •

چواردەهەم : دوو لیوەی فەرجی ئافرەتە • لــە برینی یەکیکیــانــا نیوە (دیە) وە لە برینی هەردوکیانا تەواوی (دیە) هەیە خواە ئەو ژنە پیر بی یا جوان ، بیوەژن بی یا کچ ، خەتەنە کراو بی یا نە ، وە فەرجی عادەتی بی یاخود بە پارچە گوشت یا بە پارچە ئیسقان گیرابی • وە ئەگەر لەگەل برینی ئەو دوو لیوارەی فەرجیدا لە گوشتی بەریشی بری ، یاخود کچیتیی لابرد ، ئەوە واجبە بەرابەر بەوەیش ئەندازەیەك پارە بدا کــە حوکمرانی شەرع دیاریی ئەکا • وە ئەگەر بە چوونەلا یا بە ئالــەتیــك یەکالای کردەوە ، ئەوە (دیە)ی تەواوی ئەکەویتەسەر •

پازدەهەم : ولە گوشتی ئەمبەرو ئەوبەری رانە ، ئەو شوینە کــە ئینسان لەسەری دائەنیشی • ئەوە لە برینی ولمەیەکیاندا نیوە (دیە) ، وە لە برینی هەردوکیاندا (دیە)ی تەواو واجب ئەبی •

شازدەهەم : پیستی لەشە • ئەگەر کەسیك پیستی لەشی کەســیکی گرتەوە ، وە لەوکاتەدا کە هیشـــتا ژیانیکی دامــەزراوی تیــا مابوو ،

کەسیکی‌تر هات کوشتی ، ئەوە (دیە)ی تەواو ئەکەویتە سەر ئەوکەسە کە پیستەکەی گرتووەتەوە ، وەکو چون قیصاصی ئەکەویتە سەر ئەو کابرا کە کوشتوویەتی • بەلام ئەگەر هەر ئەوکەسە کە پیستەکەی گرتووەتەوە کوشتی ، ئەوە هەر قیصاص یا (دیە) ئەکەویتە سەر ئەم کابرایە کە ئەم دوو ئیشەی کردووە •

باسی لابردنی هیز لە گیانی ئادەمیزاددا وە هەندی شتی‌تر

ئەو هیزانەی کە بژاردنی تایبەتی هەیە بەرابەر بە نەهیشتنیان چواردەن ••

یەکەم : عەقلە • ئەگەر کەسیك بە دەرمان یا بە لیدان یا بە ئازاردان‌و ترساندن ، مەسەلا ، عەقلی کەسیکی نەهیشت ، ئەوە ئەبی تەواوی (دیە)ی ئەوکەسە بدا • وە ئەگەر بەهوی برینداركردنی شوینیکیەوە بوو ئەوە ئەبی بیجگە لە بژاردنی عەقلەکەی ، برینەکەشی بو بژیری یا ئەو ئەندازە پارەیە بدا کە حوکمرانی شەرع دای‌ئەنی لە بەرابەریا • جا ئەگەر وەلی ئەمری مندال ئیددیعای فەوتانی عەقلی منالەکەی خوی کرد ، ئەوە ئەگەر قسەو کردەوەی منالەکە لەکاتی تەنهایی‌و سەربەخوییدا تیکچووبوو ئەوە باوەری پی‌ئەکری بە بی‌سویند ، وە ئەگەر قسەو کردەوەی بەجی‌بوون ئەوە باوەری پی ناکریت •

دووەم : هیزی بیستنە • ئەگەر کەسیك هیزی بیستنی گوییەکی کەسیکی نەهیشت ، ئەوە نیوەی (دیە) ، وە ئەگەر هیزی هەردوو گویی نەهیشت ئەوە تەواوی (دیە)ی ئەوکەسەی ئەکەویتەسەر • وە ئەگەر لەگەل لابردنی هیزی بیستنیا گویچکەشی بری یا هەلی‌کەند لە

بن یا وشکی کردەوە ، ئەوە ئەبی (دیـە)ی گویچکەکەیش بـداو وەکو لەپیشەوە باسمان کرد •

ئەگەر کەسیك ئیدیعای لاچوونی هیزی بیستنی خوی کرد بەهوی جینایەتی کەسیکەوە ، ئـەوە واجبـە لی‌ی ورد بنـەوە ئەگـەر لـەکاتی بی‌ئاگاییدا لە دەنگی خەلك رائەچلەکا ، ئەوە باوەری پی‌ناکری • ئەگینا سـویند ئەدری‌و (دیـە)ی هیزی گویچکەکـەی وەرئەگری • ئەگـەر کەسـیك دای لـە هەردوو گویچکەی کـەسـیك‌و هیزی بیستنیان کەم‌بوو ، ئەوە ئەگەر نیسبەتی هیزی ئیستەیان لە هیزی لەوەوپیشـیان دەرئەکەوت بومان ، ئەوە بەونیسبەتە (دیە)ی ئەو هیزە فەوتـاوەی لی ئەسینری ، ئەگینا حوکمرانی شەرع شتیکی ئەخاتە سەر کە بیدا بە کابرا لی‌دراوەکە •

وە ئەگەر هەر هیزی تاقە گویچکەیەکی کز کرد ، ئەوە گویچـکە کزەکەی بە لوکە ئەگیری‌و هیزی ساغەکەیان بەراورد ئەکری بوئـەوەی بزانین لەکوی‌وە دەنگ ئەبیسی • پاش ئەوە ئەم گویچکە ساغەی بە لوکە ئەگیری‌و ناساغەکەی بەر ئەدری‌و ماوەی بیستنی ئەمیش دیاری ئەکری ، جا بەنیسبەتی فەرقی ئەم دوو شیوەیە (دیـە) بـو ئـەو گویچـکە هیز کزکراوە دائەنری •

سیهەم : هیزی چاوە • لە لابردنی هیزی یەك‌چاودا نیو (دیـە) پیویستە • وە لە لابردنی هیزی هەردوکیانا (دیە)یەکی تەواو واجبە • وە ئەگەر ئەم هیزە بەتەنها خوی لابری‌و چاوەکان خویـان هیچیـان لی‌نەیەت ، یاخـود لەگـەل هەلـکەندنی چاوەکانـا بی ، (دیە)کە زیاد ناکات‌و وەکو گویچکە نی‌یە ، چونکە هیزی چاو وا لە عەینی جیگەدا •

ئەگەر کەسیك ئیدیعای لاچوونی هیزی چاوی کـرد بـەهـوی جینایەتی کەسیکەوە ، ئەوە بەراورد ئەکری بەوە کە شتیکی وەك دەرزی

یا سووزن لە چاوی نزیك بکریتەوە ، ئەگەر کابرا دانەچلەگاو خوی لانەدا ئەوە باوەری پی‌ئەکری ، هەروەها لاچوونی چاوەکە ثابت ئەبی بە قسەی دووکەسی دادپەروەر لە دوکتورانی چاو •

چوارەم : لابردنی هیزی بونکردنە • لە لابردنی هیزی بونکردندا بەتەواوی (دیە) ثابت ئەبی ، وە لە لاوازکردنیا ئەگەر نیسبەت مەعلووم بوو بەشی خوی لە (دیە) بو دائەنری • ئەگینا حوکمرانی شەرع شتیکی بو دائەنی • وە ئەگەر لەگەل لابردنی هیزەکەدا نەرمەلووتی کەسەکەیشی بری ئەوە (دیە)ی ئەوەیشی ئەخریتەسەر •

پینجەم : هیزی قسەکردنە • لە لابردنی هەمووی هیزی قسەکردندا (دیە)ی کەسیك بە تەواوی واجب ئـەبی • وە لـەلابردنی هیزی وتنی هەندی حەرفدا بەشە (دیە)ی بو دائەنری لەسەر نیسبەتی بەتیکرای ئەو حەرفانە کە لە زوبانی ئەوکەسەدا بە عادەت بەکار ئەهینرین •

ئەگەر کابرا وەختی خوی نەی‌ئەتوانی هەندی حەرف بەکاربهینی ، خواە هەروەها لە دایك بووبوو یا پاشان بەهوی دەردیکەوە وای‌لی‌هاتبوو ، وە کابرای جینایەتکەریش توانای بەکارهینانی حەرفەکانی‌تری پی لابرد، ئەوە تەواوی (دیە)ی ئەدریتی • وە ئەگەر ئەو هەندە حەرفەی کـــە زوو فەوتاوە بەهوی جینایەتی کەسیکەوە بووبی ئەوە لەسەر ژمـــارەی حەرفەکان (دیە)ی ئەم جینایەتە دواییە دائەنری •

ئەگەر کەسیك هەندیکی لە زمانی کەسیك بری‌و هەموو توانـــای قسەی ئەوکەسە فەوتا ، ئەوە تەواوی (دیە)ی واجب ئەبی • وە ئەگەر هەندیکی لە زمانی بری‌و هەندی لە توانای قسەکردنی ئەوکەسە رویشت، ئەوە (دیە)کەی لەسەر حیسابی زورەکەیانە ، مەسەلا چواریەکی زمانی بری‌و نیوەی توانای قسەکردنی بروا ، یا نیوەی زمانی بری‌و چواریەکی

توانای قسەکردنی بروا ، لە هەردوو حالەتەکەدا نیوەی (دیە)ی لەسەر واجب ئەبی •

شەشەم : هیزی دەنگە • لە لابردنی هیزی دەنگی کەسیکدا تەواوی (دیە) لەسەر جینایەتکەرەکە واجب ئەبی • وە ئەگەر لەگەل لابردنی هیزی دەنگیدا زمانیشی لە هاتوچو کەوت ئەوە دوو (دیە) ئەکەویتە سەر جینایەتکەرەکە •

حەوتەم : هیزی چەشتنە • لە لابردنی تەواوی هیزی چەشتنی کەسیکدا تەواوی (دیە)کە لەسەر کابرا واجب ئەبی • وە لەبەرئەوە کە بە هیزی چەشتن شیرینیو ترشیو تالیو سویریو زولالی وەرئەگیری ، ئەگەر کابرا هیزی وەرگرتنی هەندی لەم تامانەی نەما ئەوە بەنیسبەتی هیزە فەوتاوەکەوە بو ئەم پینجە (دیە)ی بو دائەنری • وە ئەگەر هەموو تامەکانی وەرئەگرت بەلام بە ناتەواوی ، ئەوە حوکمرانی شەرع شتیکی بو دائەنی •

هەشتەم : هیزی جاوینی خواردەمەنییە • ئەگەر کەسیك دای لە دەمو دانی کەسیك بەجوریکیوا کە هیزی جاوینی خواردەمەنیی نەمینی ، ئەوە واجبە تەواوی (دیە)ی ئەوکەسە بدا •

نوهەم : هیزی هەلمەتی دەستە • بە لابردنی هیزی هەلمەتی یەكدەست نیوە (دیە) ، وە بە لابردنی هیزی هەلمەتی هەردوو دەست (دیە)ی تەواو واجب ئەبی •

دەهەم : هیزی هەلمەتی پییە • بە لابردنی هیزی هەلمەتی یەك پی نیوە (دیە) ، وە بە لابردنی هیزی هەلمەتی هەردوو پی (دیە)ی تەواو واجب ئەبی •

یازدەهەم : هیزی دەرپەراندنی ئاوی ئارەزووی ئینسانە • ئـەگەر کەسیك دای لە پشتی کەسیك یاخود ئازاریکی‌تری پی‌گەیاند بەجوریك کە هیزی دەرکردنی ئاوی پی نەهیشت ، ئەوە واجبە (دیە)ی تەواوی بـداتی •

دوازدەهەم : هیزی لەزەت‌و خوشی وەرگرتنە لە چوونەلای ژن •

سیازدەهەم : هیزی ئاوس‌کردنی ژنە • ئەگەر کەسیك بە ئازاردانی کەسیك وای لی‌کرد کە خوشی‌ی چوونەلای ژنی نەما ، یاخود وا دای لە هیلکە گونەکانی کە هیزی ئاوس‌کردنی ژنی پی‌نەهیشت ، ئەوە واجبـە (دیە)ی ئەوکەسە بدا •

چواردەهەم : هیزی ئاوس‌بوونی ژنە • ئەگەر کەسیك بە دەرمان یا بە لیدان‌و ئازار پی‌گەیاندن وای‌کرد لە ئافرەتیك کە منال‌دانی لە کەلکی ئەوە کەوت منال هەل‌پیچی‌و ئاوس ببی ، ئەوە واجبە (دیە)ی ئـەو ژنە بـدا •

وە ئەگەر کەسیك پشتی کەسیکی شکاند یاخـود بـــە دار لی‌ی‌داو ئازاریکی‌وای پی‌گەیاند کە هیزی چوونەلای ژنی نەما یا هیزی چوونەلای ژن‌و ئاو دەرپەراندنی نەما ، ئەوە واجبە لەسەری دوو (دیە) بەوکەسە بـدات •

باسی لابـردنی کچیتی

ئەم کچیتی‌یە ئەگەر میردەکەی لای ببا ئەوە حەقی خویەتی خـواه بە ذەکەر یا بە پەنجەی خوی یا بە شتیکی‌تر • (مع العلم) ئەگـەر بـە غەیری ذەکەر لای بباو ئازار بە کچەکە بگەیەنی ئەوە کـردەوەیـەکی حەرامی کردووە لەسەری گوناهبار ئەبی • بەلکو ئەگەر بلی بە ژنیك کە

بە پەنجە کچیتیی ئەوکچەی بو لاباو ئەویش لای‌بیا ، ئەوە بژاردنی ئەو کچیتییە ئەکەویتە سەر ئەو ژنەو ئیذنی کابرا بی‌سوود ئەبی • ئەرشەکەشی بەم‌جورە ئەبی ئەوژنە فەرض بکری بە جاریە ، وە تەماشا بکری ئەگەر ئەو جاریەیە کچ بی قیمەتی چەندە ، وە ئەگەر بیوەژن بی قیمەتی چەندە ، ئەوە فەرق‌و جیاوازیی بەینی ئەم دوو حالە ئەبی بە بژاردنی کچیتیی ئەو کچەو وەرئەگیری لەو ژنەو ئەدری بە کچەکە •

وە ئەگەر کچیتییەکەی لەلایەنی غەیری میردی خویەوە لابرا ، لەم صوورەتەدا ئەگەر بە غەیری ذەکەر لای‌برد ، ئەوە هەر بژاردنی کچیتییەکە ئەکەویتە سەر ئەوکەسە کە لای‌بردووە وەکو ئیستە بەیانمان کرد • وە ئەگەر بە ذەکەر لای‌بردو بە ئیذنی کچەکە خوی بوو ، ئەوە هەردوکیان حوکمی کەسیکی زینا کردوویان هەیە کە صەد دارە بو کچەکەو بو پیاوەکەیش یا صەد دارە یا سەنگەسار کردنە • ئیتر مالی دنیا ناکەویتە سەر کابرا •

وە ئەگەر بە زور رویشتبوە لای کچەکە یا بە شوبهە نیکاحی دانەمەزراو یاخود بە شوبهەی ژنی خوی ، ئەوە ئەبی کچیتییەکەی بو بژیری لەگەل ئەندازەی (مهر المثل)ی ئەو کچەدا ، بەلام لەگەل فەرض کردنیا بە بیوەژن ، چونکە مادەم کچیتییەکەی بو بژارد ، ئیتر مارەیی بیوەژن دائەنری بوی • وە ئەگەر کچی بە پەنجە کچیتیی کچیکی‌تری لابرد ئەوە قیصاصی هەیە ، یەعنی ئەویش ئەتوانی کچیتیی ئەم لابا • وە ئەگەر کەسیك بە زور یا بە شوبهە رویشتە لای بیوەژنیك ئەوە (مهر المثل)ی ژنەکەی ئەکەویتەسەر • وە لە صوورەتی زوردا حوکمی زینایش لەسەر کابرا جی‌بەجی ئەکریت •

ئەگەر کەسیك چووە لای ژنیك‌و یەکالای کردەوە ، یەعنی بەینی

پیش‌و پاشی لابرد ، ئەوە (دیە)ی ئەو ژنەی ئەکەویتە سەر ، خواە ئەم کابرایە میردی ژنەکە بی یا نە ، وە بە ئالەتی چوونەلا یەکالای کردبیتەوە یا بە ئالەتیکی‌تر • وە ئەگەر قابیل نەبوو میردەکەی بچیتە لای بە بی یەکالا کردنەوەی ئەوە حەرامە برواتە لای • وە ئەگەر ژنـەکـە بەهوی ئـەو چوونە لایەوە مرد ، قیصاصی ئەکەویتە سەر میردەکەی •

(بیدار بن) ئەگەر کەسیك چەند ئـەنـدامیـك‌و چـەنـد هیزیکی کەسیکی لابرد کە ببی بەهوی واجب بوونی چەند (دیە) لەسەری ، وە ئەوکەسە بە سوی‌ی ئەم زامانەوە مرد ئەوە ئەگەر عەفویان کـرد لـە قیصاص تاقە یەك (دیە) واجب ئەبی لەسەری • هەروەها ئەگەر کابرای جینایەت‌کەر پاش ئەو جینایەتانە وە بەرلەوە کابرا خوش ببیتەوە بیکوژی• بەلی ئەگەر زامەکان بە دەسەنقەست‌و کوشـتنەکە بـە هەلـە بوو یـا بەپیچەوانەوە ، ئەوە هەر برینی (دیە)ی تایبەتی‌ی خوی ئـەکـەوی‌و (دیە)ی کوشتنەکەیش زیاد ئەکری لەسەریان • هەروەهـا ئەگـەر کەسیکی‌تر غەیری ئەوکەسەی لەپیشەوە ئەو جینایـەتـانـەی کردووە ، بیکوژی ، لەم‌صوورەتەیشدا (دیە) زور ئەبی •

باسی ئەوەی کە حوکمرانی شەرع بریاری ئەدا بەرابەر بە هەندی برین

هەر برینی کە بژاردنی بو دیاری نەکرابی ، حوکمرانی شـەرع ئەندازەیەك پارە بریار ئەدا لە بەرابەریا • نیسبەتی ئەم ئەندازە پارەیـە بولای (دیە)ی کابرای بریندارکراو وەکو نیسبەتی ئەو ئەندازەیە کـە کەمی کردووە لە قیمەتی کابرای بریندارکراو بەهوی برینەکەوە ، بـو لای قیمەتەکەی بە ساغی بە فەرزی ئەوە کە ئەوکەسە بەندە یا کەنیزەك

بێ • مەسەلا ئەو پیاوە کە پارچەیەك گۆشت لە رانی براوە فەرزی ئەکەین بە بەندەو ئەڵێین قیمەتی بە ساغی دە دینارەو، بەهۆی ئەو گۆشت لێبرینەوە بووە بە نۆ دینار • کەواتە ئەو ئەندازە پارەیەی کە بۆی دائەنری بەرابەر بە برینی پارچە گۆشتەکەی رانی دەیەکی قیمەتی عەبدەکەیە ، واتە لێرەدا دەیەکی (دیە)ی ئەوکەسەیە •

جا ئەگەر ئەو برینە لە ئەندامێکا بێ کە (دیە)ی هەبێ وەکو دەستوپێ ئەوە پێویستە نەگا بە ئەندازەی (دیە)ی ئەو ئەندامە • کەواتە ئەبێ ئەندازە پارەی دیاری کراو بەرابەر بە برینی وردەلەی پەنجە کەمتر بێ لە (دیە)ی ئەو وردەلەیە ، وە ئەندازە پارەی دیاری کراو بەرابەر بە برینی پەنجە کەمتر بێ لە (دیە)ی پەنجەکە • وە ئەگەر دەستێکی بێ پەنجە لە مووچدا برِرا یا بەری دەست یا پشتەکەی بریندار کرا ، ئەبێ ئەو ئەندازە پارەیە کە دیاری ئەکری لە بەرابەریا کەمتر بێ لە (دیە)ی پێنج پەنجەکە • وە ئەندازە پارەیەك کە دیاری ئەکری بەرابەر بە بریندار کردنی سك کەمتر بێ لە بژاردنی کون کردنی سك ، وە ئەندازە پارەیەك کە دیاری ئەکری بەرابەر بە بریندار کردنی سەر کەمتر بێ لە بژاردنی زامێکی سەر کە ئێسکەکەی دەرخستبێ • وە ئەگەر برینەکە لە شوێنێکدا بێ کە (دیە)ی نەبێ وەکو رانو باسكو قولو شانو پشت ، پێویستە نەگا بە ئەندازەی (دیە)ی کەسەکە • وە ئەگەر وا هەلکەوت لەسەر ئەساسی ئەم لێکدانەوەیەی کە وتمان ئەندازەی پارە دیاری کراوەکە گەیشتە ئەندازەی (دیە)ی ئەندامەکە یا (دیە)ی نەفس ، ئەوە ئەبێ قاضی بە ئیجتیهادی خۆی شتێکی لێ کەم بکاتەوە •

(بیدار بن) قیمەت دائەنری بۆ بریندارەکە لەپاش خۆشەوە بوونی برینەکەی • جا ئەگەر لەوکاتەدا ناتەواویی هەبوو ئەوە باشە• وە ئەگەر ناتەواویی پێوە نەبوو ئیعتیباری نزیکترین کاتی عەیبدار بوونی ئەوکەسە

ئەکری ، وە بە ئیعتیباری ئەوکاتە قیمەتی بو دائەنری • وە هەر برینی کە بژاردنی دیاری کراوی هەبی وەکو ئەو برینەی کە ئیسقانی ســـــەری دەرخستبی ، هەر عەیبی لە وردە برینەوە بەدەوریا پەیدا ببی ، تابیعی ئەوە لە بژاردندا ، وە ئیتر ئەندازە پارەیەکی بو دانانری•وە هەر برینی بژاردنی دیاری کراوی نەبی وەکو خوین لیهینانی لەشی کەسیك ئەوە هەر برینی بەدەوریا پەیدا ببی ئەندازە پارەیەکی بو دائەنری وەکو برینە ئەسلی‌یەکە کە ئەم وا لە دەوروبەریا •

باسی هەندی لـەو شتانە ئەکـا کە ئەبن بەهوی واجب بوونی (دیە)

ئەگەر کەسیك فیراندی بەسەر مالیکی نەفامدا یا بەسەر نەخوشیکدا یا بەسەر نوستوویەکدا ، یاخود بە خەنجەرەوە هەلمەتی بو بردن ، ئەوانیش لەسەر فەراغی بانی یا بیری یا چەمیکدا بوون‌و بەهوی ئەمەوە راپەرین‌و کەوتنە خوارەوەو مردن ، ئەوە لەم صوورەتانەدا (دیـــە)یەکی قورس ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری ئەوکەسە • هەروەها ئەگەر شیت بوون یـا کەڕ بوون یا کویر بوون (دیە)ی ئەوشتانە لەسەر ئەوکەسە پیویســـت ئەبی ، چونکە ئەم کردەوانە بە جینایەتی (شبە عمد) دائەنرین ، وە لـە فەرموودەیەکی ئیمامدا ئەبن بەهوی قیصاص • وە ئەگەر کابرا عەفو کرا (دیە)یەکی قورس لەسەر خوی واجب ئەبی •

وە ئەگەر هەرای لە نەچیریك ئەکرد یا بە خەنجەر دڕنـدەیـەکی ئەفراند ، وە ئەو جورە کەسانەی کە باسمان کردن لەویـادا بوون ، وە ترسان‌و مردن یا لە فەراغی بیرەکەوە یا لە فەراغی بانەکـــەوە کەوتنـــە خوارەوەو مردن یا شیت بوون یا کەڕ بوون ، ئەوە (دیە)یەکی ســووك

ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری ئەوکەسە • وە ئەگەر ئەمانە لە شوینیکی پان‌و بی‌ئەندیشەدا بوون یاخود کابرا هەرای لە ئینسانیکی بالغی خاوەن هوش‌و فام کرد ، کەچی وا ریکەوت لە قەراغ بانیکدا وەستابوو ، وە راچلەکاو کەوتە خوارەوەو مرد ، ئەوە نابی بەهوی واجب بوونی (دیە) •

ئەگەر پیاویکی زورداری‌وا کە خەلك لی‌ی بترسن ژنیکی بانگ کردو ژنەکە لەترسا بەری‌خست ، یا بەزور دای بەسەر خانوویەکداو ژنیکی ئاوس لەویادا بەری‌خست ، ئەوە ئەو زوردارە ئەبی بە ضامنی بەچکەی ئەو ژنە بە ئەندازەی دەیەکی (دیە)ی دایکی وەکو لەمەولا باسی ئەکەین ، وە ئەو مالە ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری ئەو کابرا • هەروەها ئەگەر ژنەکەیش مرد ئەوە (دیە)ی ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری زوردارەکە •

هەروەها ئەگەر کەسیك خوی بباتە شیوەی درندەیەکەوەو ژنیکی دووگیان لەترسا بەر بخا یا منالیکی نەفام بترسی‌و بمری ، ئەوە ئەو کابرایە ئەبی بە ضامنی بەچکەی ژنەکەو منالەکە •

ئەگەر کەسیك دەنگی ئەسپی یا قاتریکی‌دا ، یا دەستی لی هەل‌تەکاندو ولاخەکە کەوتە ناو ئاویکەوە یا کەوتە چالیك ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنی قیمەتی ئەو ولاخە • وە ئەگەر کەسیك بەسەر ولاخەکەوە بوو ، وە بەهوی راپەرینی ولاخەکەوە داکەوت‌و مرد ، ئەوە (دیە)ی (شبه عمد) ئەکەویتە سەر کابرا • هەروەها ئەگەر نەقیزەی ولاخەکە بداو ئەویش هەل‌بخاتەوەو شتیك بفەوتینی ، وە سروشتی ولاخەکە وابی لەوانە نەبی ئەو شتە بفەوتینی وەکو وشتر یا قاتر یا ئەسپ یا گای بارەبەر ، ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنی ئەوشتە •

ئەگەر کەسیك منالیکی نابالغی خستە کونی درندەیەکەوەو

دروندەکەی تیابوو ، یاخود درندەیەکی فڕە دا بەسەریا یاخود ئەو منالەی لەگەل درندەیەکدا خستە تەنگەبەریکەوەو دروندەکە منالەکەی خوارد یا برینداری کرد ، ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنی ئەو منالە • جا ئەگەر درندەکە خوین‌خوار بوو وەکو شیرو پلەنگ‌و ورچو بەراز ، ئەوە قیصاص ئەکەویتە سەر کابرا ، وە ئەگەر لەوانە نەبوو ، کەچی بە ریکەوت خواردی وەکو سەگ ئەوە بە (شبه عمد) دائەنری‌و (دیه) ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری کابرا •

ئەگەر کەسیك منالیکی لە کیوی دانا کە شوینی دروندە بوو ، وە لەوکاتەدا دروندەکە لای منالەکەدا نەبوو ، بەلام لەپاشا ری‌ی لی‌کەوت‌و خواردی ، ئەوە کابرا نابی بە ضامنی منالەکە‌و هاتن‌و خواردنی درندەکە بە هەلکەوت ئەژمیرری • هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەگەر منالەکە بی تەمیز بوو ، وە لەوانە نەبوو کە را بکا لەو دروندەیە کابرا ئەبی بە ضامنی •

بەلام ئەگەر بالغیکی خاوەن هوشی لەویادا دانا ، وە لەئەنجامدا دروندە هات‌و خواردی ئەوە بە هیچ جوری کابرا نابی بە ضامنی ، مەگەر دەست‌و پی‌ی ئەو پیاوەی بەستبیتەوەو لەوشوینەدا وەکو کوتەرەدار فرەی دابی ، ئەوە لەم‌کاتەدا ئەبی بە ضامنی •

ئەگەر کەسیك بە چەکەوە کەوتە دوای کەسیکی عاقلی بالغ‌و ئەویش رای‌کرد‌و خوی هاویشتە ئاویکەوە یا ئاگریکەوە یا لە بەرزایی‌یەکەوە خوی فری دایە خوارەوەو مرد ئەوە کابرا نابی بە ضامنی ، چونکە ئەو فەوتانە بە دەستی ئەوکەسە نەبوو ، بەلکو کابرا بە ئارەزووی خوی وای لە خوی کردووە • بەلی ئەگەر کابرا لەکاتی راکردنا بە خوی نەزانی لە بانیکەوە یا لە بەرزایی‌یەکەوە کەوتە خوارەوە یا کەوتە ئاویکەوەو مرد

ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنیو ، (دیە)ی (شبه عمد)ی ئەکەویتە سەر •
هەروەها ئەگەر وەختەکە تاریك بوو یاخود کابرای راکردوو کویر بوو یاخود لەکاتی راکردنا بانەکە لەژیریا رووخاو بوو بە ژیرەوە ، ئەوە لەم صوورەتانەیشدا کابرای خاوەن چەك ئەبی بە ضامن •

وە ئەگەر کەسیك کەوتە دوای منالیك یا شیتیك یا پیاویکی عەقل‌سووكو ئەویش خوی خستە خەتەرەوەو مرد ، ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنو (دیە)ی (شبه عمد)ی ئەکەویتەسەر •

ئەگەر کەسیك منالیکی دایە دەستی مەلەوانیك بو ئەوە کە فیری مەلەی بکاو ، منالەکەی بەدەستەوە خنکا ، ئەوە ئەبی بە ضامنی منالەکە بە (دیە)ی (شبه عمد) • هەروەها ئەگەر مەلەوانەکە بە منالەکە بلیت خوی بروات ناو ئاوەکەوەو ئەویش بروات‌و ئاو بیبا یا بخنکی ئەبی بە ضامنی • هەروەها ئەگەر لەوکاتەدا کە فیری مەلەی ئەکا بە عەمدی دەست لە ژیری منالەکە دەربینیو منالەکە بخنکی ، وە لەم وەختەدا قیصاصی ئەکەویتە سەر • بەلکو لەم‌صوورەتەدا ئەگەر ئەوکەسە کە ئەیەوی فیری مەلە ببی پیاویش بی ، مادەم کابرا دەستی لە ژیرا دەرهینا تا خنکا ، هەر قیصاصی ئەکەویتە سەر مەلەوانەکە •

ئەگەر کەسیك بیریکی هەلکەندو بیرەکە بوو بەهوی فەوتانی نەفسی یا مالی ، ئەوە ئەگەر هەلکەندنی ئەو بیرە بە صوورەتی زوررو ناشەرعی بوو ، بەورەنگە کە ئەو بیرە لە مولکی غەیردا هەل‌بکەنی بە بی ئیذنی خاوەنەکەی ، یا لە مولکی تیکەلاوی خویو کەسیکی‌تردا بە بی ئیذنی هاوبەشەکەی ، یاخود لە ریگەیەکی تەسکدا هەلی‌بکەنی ، هەرچەند بە ئیذنی پیشەوای موسولمانانو بو سوودی گشتی بی ، یا لە ریگایەکی گوشادا بی بە بی ریگادانی پیشەوای موسولمانان یاخود ریگای دابی بەلام

بو مەسلەحەتی خوی هەلی‌بکەنی ، ئەوە ئەو بیر هەلکەنە ئەبی بە ضـامن بو هەر زیانیك لەوبیرەوە پەیدا ببی لە گیان‌و ئەندام‌و مالی خەلکدا •

وە ئەگەر بیرەکەی لە شوینیکدا هەلکەندبی کـە خوی موستەحەقی سوودی ئەو شوینە بی بە مولك یا بە وەقف یا بـــە وەصـــیەت یا بـــە بەکری‌کرتن ، یاخود لەشوینیکی ویرانەدا هەلی‌بکەنی چ بو ئەوە کە بیکا بە مولك‌و چ بوئەوە تا لەوی بی ئاوی لی هەل‌بکوزی ، یاخود لە ریگایەکی کوشادا هەلی‌بکەنی کە زیانی بو کەس نەبی بە عـــادەت‌و پیشـــەوای موسولمانانیش ریگای دابی ، یاخود ئەو ریگای نەدابی بەلام بیرەکەی بو سوودی گشتی بی ، ئەو لەم صوورەتانەدا هەرچی لی پەیدا ببی کـابـرا نابی بە ضامنی •

هەروەها ئەگەر لە مولـکی کەسیکی‌تـردا هــەلی‌بکەنی ، بـــەلام خاوەنەکەی ریگای دابی ، لەم‌صوورەتەیشدا ئەم بیر هەلکەنە ضـــامن نابی • بەلام ئەگەر لەپاش ئەوە کەسیکی تی‌کەوت خاوەن مولکەکە وتی من ریگام داوە لەوەدا کە ئەو بیرە هەلکەنی ئەوە لی‌ی قوبوول ناکـــری چونکە لەپاش ئەوە کە هوی ضامن بوون بە ظاهیر هاتەجی بە قسەی ئەو کابرا لاناچی •

وە ئەگەر کەسیك لە مولکی خویدا بیری هەلکەند ، بەلام بیرەکەی زیانی هەبوو بو خەلکی‌تر وەکو ئەوە لەپال دیواری مالە دراوسیدا بـوو ئەوە ئەبی بە ضامنی هەرچی کە بەو بیرە بفەوتی ، بەلام لەو ئەندازەیەدا کە لە عادەت دەرچووەو بە ناحەق هەل‌کەنراوە •

حوکمی مزگەوت‌و تەکیەو میوانخانـەی خـیراتی‌یش وەکو ریـگا وایە ، یەعنی ئەگەر کەسیك بیریکی هەل‌کەند لە شوینیکی تەنگەبەریـدا بەجوری کە خەلکی ئەو شوینەی لە هاتوچودا تی بکەوی ، ئەوە کـابـرا

ئەبی بە ضامن • هەروەها ئەگەر لە شوێنێکی گوشـــادا هەڵی بکەنی بێ ڕیگادانی پیشەوای موسوڵمانان ، یاخود لەسەر ڕیگادانی ئەو بەڵام لەبەر مەسلەحەتی کابرا خوی بێ • بەڵام ئەگەر لە شوێنێکی گوشادا بە ئیذنی پیشەوای موسوڵمانان هەڵی بکەنی یاخود بە بێ ئیذنی ئەو هەڵی بکەنی و لەبەر سوودی گشتی بێ ، ئەوە کابرا ضامن نابێ •

وە ئەگەر کەسێك لە موڵکی خوی دا ئیشێکی عادەتی ی کرد ، کەچی بوو بە هوی زیان پی گەیشتنی کەسێك ، وەکو ئەوە گوزەیەك ئاو لەسەر بان دابنی کەچی با بیخاتە خوارەوە ، یاخود لە ماڵی خوی دا دار لەت بکاو تەڵەزمێکی لی بپەڕی و بدا لە شتی بیشکێنی ، یاخود لەکاتی ئارامی ی هەوادا ئاگر لە حەوشی خویدا بکاتەوەو پاشان بە هەڵکەوت پزیسکێکی لی بیتەوەو شتێك بسووتێنی ، ئەوە نابێ بەهوی ضامن بوونی بو ئەو کەسە کە زیانی پی گەیشتووە •

وە ئەگەر ئەو کابرا ئیشەکەی بەپیچەوانەی عادەت بوو ، وەکو ئەوە کە لەکاتی هیرشی بادا ئاگر بکاتەوە لە موڵکی خویدا بەڵام با ئاگرەکەی ببا بو شوێنێکی تر و ئەو شوێنەی پی بسووتێنی ، یاخود لە غەیری وەختی بادا ئاگرێکی گەورەی کردەوەو لەپاشان با هەڵی کردو شوێنێکی سووتاند ، یاخود لەکاتی وشك بوونی کشت وکاڵدا ئاگری جگەرەی فڕی دا بو قەراغی ئەو کشت وکاڵە ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا کابرا ضامن ئەبێ •

ئەگەر کەسێك ئاوی باغ یا کشت وکاڵی خوی داو ئاوەکە سەری کرد بو دەرەوەو کشت وکاڵی کەسێکی تری فەوتاند ، یا خەرمانی کەسێکی برد ، یاخود ئاوڕشێنی شوێنێکی کرد لەبەر مەسلەحەتی خوی یا لەبەر مەسلەحەتی کەسێکی تر ، بەڵام ئەوەندە موبالەغەی تیا کرد شوێنەکەی

کرد بە قورو کەسێك پێی هەلخلیسکاو زیانیکی پی گەیشـــت ، ئەوە ئەوکەسە ئەبی بە ضامن بەوشەرتە کە ئەوکەسەی بـەویـا رائـەبووری نەزانی ئەو شوینە بەوجورەیە • ئەگینا ئەگەر ئاگای لی بیو هـەر لەبـەر کەللەرەقیی خوی گوزەری پیا بکا ئەوە کەس نابی بە ضامنی چونـکە تاوانی خویەتی •

هەروەها ئەگەر کەسیك ئاوی هەلکرد بو باغ یا بو زەراعەتی خویو جوگەکە شکا بەسەر زەراعەتی کەسیکی تراو فەوتاندیو ئەیشیزانی بەوە کە جوگەکە داشکاوەو هیچی نەکرد ، ئەوەیش ئەبی بە ضامن •

ئەگەر کەسیك فەرمانی دا بە کەسیك کە ئاورشینی شوینیك بـکاو ئەویش موبالەغەی تیدا کردو بوو بەهوی زیان پیگەیشتنی کـەسـیك ، ئەوە کابرای ئاورشینکەر ضامن ئەبی • بەلام ئەگەر بە فەرمانی خاوەن فەرمانەکە کابرا موبالەغەی کرد لەو ئاورشینەدا ، ئـەوە ئـەم ئەبی بـە ضـــامن •

ئەگەرکویریك بە بیئەوەیکەسی دەستی رابکیشی بە رییەکدا رویشتو زیانیکی گەیاند ، ئەوە ئەبی بە ضامنی ئەو زیانە • هەروەها ئەگەر سواری ولاخیك بوو وە ولاخەکەی زیانیکی گەیاند ، ئەوە خوی ئەبی بە ضامن نەك ئەوکەسە کە لە ولاخەکە ئەخوری •

ئەگەر کەسیك داویك یا تەلـەیـەك لە ویرانەیەکدا یا لە مولـکی کەسیکدا بنیتەوە ، ئەوە هەر حەیوانیکی پیوە ببی ، یا هەر ئینســانیکی بیتەمیزی تیبکەوی ، ئەم خاوەن تەلەیە ئەبی بە ضامنی ئەو زیانە • وە ئەگەر ئینسانیکی بالغی عاقلی تیبکەوییو زیانی پیبگا ، ئەوە ئەم کابرایـە نابی بە ضامنی ، مەگەر سەری داوەکە یا تەلەکەی داپوشیبی بەجـــوری

کەس پێی نەزانی ، ئەوە لەمحاڵەدا هەر خاوەن تەڵەکە ضامنە . هەروەها ئەگەر کابرای زیان پێ گەیشتوو کوێر بێ .

ئەگەر کەسێك کەسێکی گرت بە کرێ بۆئەوە بیرێکی بۆ هەڵبکەنێ‌و بیرەکە رووخا بەسەر کابرادا ، ئەوە ئەو خاوەن ئیشە نابێ بە ضـــامن هەرچەند بیشزانێ کە ئەو شوێنە خەتەرە .

ئەگەر کەسێ دارێکی لە دیوارێکەوە دەرکردو زیانی لێ پەیدا بوو بۆ ئەوکەسانە کە لە رێگاوە بەلای ئەو دارەدا ئەرۆن ، ئەوە ئەو خاوەن دارە ئەبێ بە ضامن . جا ئەگەر زیانەکـە بەهۆی ئـەو ئەندازەیەوە بوو کەوا بەدەرەوە ، وەك ئەوە کە جلی کەسێك بدرێ ، ئەوە کابرا ئەبێ بـە ضامنی هەمووی . وە ئەگەر بەهۆی هەموو دارەکەوە بـوو چ ئەوەی وا لەناو دیوارەکەداو چ‌ئەوەی وا لە دەرەوە ، بەم‌رەنگە کە گیرا لە بارێك‌و بەهێزی ئەو ئەندازەیەی کە لەناو دیوارەکەدایە زیانی بە بارەکە گەیاند ، ئەوە ضەمانەتەکە لەسەر نیوەیە ، یەعنی کابرای خاوەن‌دار ئەبێ بە ضامنی نیوەی ئەوشتەو بەس ، لەبەرئەوە کە ئەو دارە نیوەی لەناو دیواری ماڵی کابرادا بووەو لەو ئەندازەیەدا کابرا ئیشێکی ناشـــەرعیی نەکردووەو سەرەرێگەی خەڵکی نەگرتووە .

حەلالە ئینسان پلووسك لەسەر بانی خۆی دابمەزرێنی هەرچـەنـد ئاوی لیوە برژێ بەسەر رێگای خەڵکداو پیشەوای موسـوڵمانانیش رێگای نەدابێ ، چونکە شتێ‌وا ناچارییە . بەڵام هەر زیانێکی لێ پـەیـدا ببێ خاوەن پلووسکەکە ئەبێ بە ضامنی. جا ئەگەر زیانەکە بەهۆی پلووسکەکە خۆیەوە بوو ، واتە پلووسکەکە درێژ بوو ، وە گیرا لە بەرگی کەسـێك یا لە بارێك‌و درێ ، ئەوە لەم صوورەتەدا ئەگەر هەموو پلووسکەکە لەناو دیوارا قایم کرابوو ضەمانەتی لەسەر کابرا نییە ، وە ئەگەر هەمووی لە

دەری دیوارەوە بوو ، وە کابرا پلووسکەکەی بە بزمار قایم کردبوو بە دیوارەکەوە ئەوە ئەبی بە ضامنی هەمووی • وە ئەگەر هەندیکی لە دەرەوە بوو ، وە هەندیکی لە سەربان یا لەناو دیوارا بوو ، وەکو عادەت وایە ، ئەوە ئەبی بە ضامنی نیوەی • وە ئەگەر زیانەکە بەهوی ئاوی پلووسکەکەوە بوو ، ئەوە ئەبی بە ضامنی هەمووی •

ئەگەر کەسیك دیواریکی بە لاری دروست کردو لەپاشان کەوت ، ئەوە هەر زیانیکی لی پەیدا بی کابرا ئەبی بە ضامنی • وە ئەگەر بە راستی دروستی کردو هەندیکی بەهوی تەکانی شتیکی وەك بومەلەرزەوە لار بووەوەو کەوتو زیانی گەیاند ، ئەوە ئەگەر زیانەکە بەهوی ئەندازە لارەکەیەوە بوو ئەوە کابرا ئەبی بە ضامنی هەمووی • وە ئەگەر بەهوی راستەکەیو لارەکەیەوە بوو ئەوە ئەبی بە ضامنی نیوەی • وە ئەگەر دیوارەکەی راست دروست کردو لەپاشان بەهوی کارەساتیکەوە کەوتو زیانی گەیاند ئەوە نابی بە ضامن • بەلی لەمکاتەدا ئەگەر بەهوی ئەو کوما گلەوە کە کەوتووە زیانیك پەیدا بوو کابرا ئەبی بە ضامنی بەمشەرتە قوصووری کردبی لە لانەبردنی گلەکە •

ئەگەر کەسیك تویکلی کالەكو شووتیو شتیوای فریدایە سەر ریگاو بوو بەهوی هەلخلیسکانو زیان پی گەیشتنی خەلك ئەوە ئەبی بە ضامن • وە ئەگەر لە شوینیکی لاڕیدا فرەی دا یاخود بردی بو سەلوینکی خەلکی ئەو شوینەو لەوی فرەی دا ، ئەوە هەر زیانیکی لیوە پەیدا بی نابی بە ضامنی • هەروەها ئەگەر ئەم کابرا ئەم جورە شتانەی لە مولکی خویدا فری داو یەکی بەسەریا هاتو زیانی پی گەیشت ئەوە ئەو کابرایە نابی بە ضامن •

ئەگەر کەسیك لە حەمامدا سابوونیك یا شتیکیوای فریدایە سەر

ریگای گوزەری خەڵكو بوو بەهوی زیان پی گەیشتنیان ، ئەوە تا ئەو ماوەیە کە بەعادەت خاوەن حەمام حەمامەکەی ئەشوری کابرای فرەیدەر ضامنە ، وە لەپاش ئەو ماوەیە کابرای خاوەنحەمام ئەبی بە ضامن • بەلی لە فەتاوای ئیمامی غەزالیدا ئەلی ئەگەر خاوەن حەمامەکە مەنعی کابرای کرد لە فریدانی شتیوا ، یاخود مەنعی نەکرد بەلام کابرای خوشور لە عادەت بەدەر ئەو شتانەی فری دا ، ئەوە هەر ئەم کابرایە ئەبی بە ضامن • (ابن حجر) فەرموویەتی ئەم فتوایە جوانە • لەراستیدا ئەگەر کابرا مەنعی کرا حەقی فرەدانی ئەوانەی نییە ، وە ئەگەر مەنع نەکرا حەقی بە ئەندازەی عادەتەو لەوە زیاتر ستەمەو ئەبی بەهوی ضامن بوونی •

(بزانن) لە هەموو ئەم صوورەتانی ضەمانەتەدا ئەوکەسە کە زیانەکەی لیکەوتووە،ئەبی خوی بە ئارەزوو وە لەگەل عەقلو زانستدا نەخستبیتە ئەو زیانەوە • ئەگینا هەر زیانیکی لی بکەوی بیقیمەتەو بە خورایی ئەروا •

ئەگەر کەسی کەسیکی بە کری گرت بو برینی میوەیەك ، یا بو هەلکەندنی کاریزیك یا بو دەرکردنی کانیكو کابرا لە دارەکە کەوتە خوارەوە یا کاریزەکە یا کانەکەی بەسەردا رووخاو مرد ئەوە خاوەن ئیشەکە ضامن نابی •

ئەگەر دوو هوی زیان پیگەیشتن کەوتنە یەك ، ئەوە ئەو هویەیان کە نزیکترە بە زیانەکە ئەبی بەهوی ضامن بوون • کەوابوو ئەگەر کەسیك بە ناحەق بیریکی هەلکەندو کەسیکیتر بەردیکی بە ناحەق لە قەراغی بیرەکەدا داناو کەسیك پیی لەو بەردە هەلکەوتو کەوتە بیرەکەوە ، ئەوە کابرای بەرد دانەر ضامنە • وە ئەگەر خاوەن بەردەکە ئەو بەردەی بە حەق دانا ، مەسەلا جیگەی بەردەکە مولکی خوی بوو ،

وە بویەی دانابوو کە سنووری مولکەکەی دەربکەویو خەلك داگیری نەکەن ، ئەوە کابرای بیرھەلکەن ئەبی بە ضامن •

بەلی ئەگەر کەسیك بیریکی بە حەق ھەلکەند لە مولکی خوی‌دا ، وە کەسی چەقویەکی خستە ئەو بیرەوەو بەو چەقویە کەسیك تووشی زیان بوو ، ئەوە زیانەکەی بەخورایی ئەروا چونکە بیرەکە کە ھوی پیشوو بووە بە حەق ھەلکەنراوە •

ئەگەر کەسیك بەردیکی لەسەرە ریگادا داناو دووکەسی‌تریش بەردیکی‌تریان داناو یەکیك بەھوی ئەو دوو بەردەوە پیی‌ھەلکەوت ، ئەوە ھەر سیکیان وەکو یەك ئەبن بە ضامنی ئەوکەسە ، بەسی بەش ، ھەریەکی بەشیك •

ئەگەر کەسیك کیردیکی بەدەستەوە بوو ، وە کەسیکی‌تر یەکیکی‌دا بەسەر ئەو کیردەدا ، ئەوە ضەمانەت لەسەر ئەم کەسەیە نەك لەسەر خاوەن کیردەکە • ئەگەر کەسیك پالی نا بە کەسیکەوە بو ئەوە بیخاتە ناو ئاو یا بیخاتە خوارەوە لەسەربان ، یا بیخاتە ئاگرەوەو ئەوی‌تریش ئەم کابرایەی لەگەل خویدا راکیشاو بەیەکەوە کەوتنە خوارەوە یا سووتان یا خنکان ، ئەمە ئەگەر کابرای دووھەم بەھیوای خو رزگارکردن ئەوی یەکەمی راکیشابی ئەوە ھەر یەکەم ضامنە بو دووھەمو دووھەم نابی بە ضامنی یەکەم ، وە ئەگەر مەبەستی ئەوە بووبی ئەمیش لەگەلیا بی ئەوە ھەردوکیان ئەبن بە ضامنی یەکتر •

ئەگەر دووکەس بە خەنجەر دایان لە یەك ، ئەوە ھەردوکیان بە ضامنی ئەویان دائەنرین ، وە گوی لە ئیددیعای کەسیان ناگیری کە بلی دیفاعی لە نەفسی خوی کردووە • بەلی ئەگەر بە شاھید ئیسبات بکری

کە یەکێکیان لە پێشا دەستی وەشاندووەو ئەویان دیفاعی کردووە ، ئەوە دیفاع کەرەکەیان نابێ بە ضامن •

ئەگەر کەسێك بەردێکی لە ڕێگایەکدا دانــاو کەســێك پێی لێ هەڵکەوت و مردو بەردەکەشی تل کردەوەو شتێکی پێ شکاند یــا منداڵێکی پێ کوشت ، ئەوە کابرای یەکەم ضامنی دووهەم ئەبێ و کابرای دووهەمیش ئەبێ بە ضامنی زیانی کابرای دوایی •

ئەگەر کەسێك لەناو ڕێگایەکدا دانیشت یا نووست ، وە یەکێ پێی لەو کەسە هەڵکەوت و مرد ، ئەوە ئەگەر ڕێگەکە پان بێ و مەیدانی هات و چو بێ بۆ خەڵك لە شوێنێکی ترەوە ، ئەوە کابرای مردوو خوێنی بە خۆرایی ئەڕوا ، چونکە خۆی بووە بەهۆی مردنی خۆی • بەڵام لــەم صوورەتەدا ئەگەر نووستووەکە یا دانیشتووەکە مرد کابرای ڕێبوار ئەبێ بە ضامنیان •

وە ئەگەر ڕێگەکە تەسك بوو ئەوە بەپێچەوانەوەیە • یەعنی ئەگەر دانیشتووەکە یا نووستووەکە مرد ئەوە خوێنی بە هەدەر ئەڕوا • وە ئەگەر ڕێبوارەکە مرد ئەمان ئەبن بە ضامنی • وە لەسەر ئەم دەستوورانە حوکمی ئەوەیش دەرئەکەوێ کە ئەگەر ڕێبوارەکەیش بمرێ و نووستووەکــە یــا دانیشتووەکەیش بمرێ • بەڵێ ئەگەر کەسێك لە قەراغی ڕێگەکەدا دوور لەبەرپێی خەڵکەوە دانیشت یا نووست ، وە یاخود ماندوو بوو لە ناوچەقی ڕێگەدا ڕاوەستاو یەکێ بەهۆی ئەوەوە پێی هەڵکەوت و زیانێکی تووش بوو ، ئەم کابرایە نابێ بە ضامنی چونکە قەراغی ڕێگە ناگیرێ لە کەس • هەروا ڕێگا لە کەس ناگیرێ لەکاتی مــانــدوویەتیدا لــــە چەقی ڕێــگەدا ڕاوەستێ و وچانێك بدا • بەڵام ئەگەر کابرای دانیشتوو یا نووســـتووی قەراغی ڕێگا ، یا کابرای وەستاوی چەقی ڕێگا مــردن ، ئــەوە کــابــرای ڕێبوار ئەبێ بە ضامن •

هەروەها ئەگەر کەسێك لە مزگـەوتـا نوێژی ئـەکرد ، یاخـود لای گرتبوو بو خواپەرستیو کەسێك بەسەریا هات ، ئەوە ئەگەر ریبوارەکە تووشی زیان ببی بەخورایی ئەروا ، وە ئەگەر ئەم تووشی زیان ببی ئـەوە ریبوارەکە ضامنە • هەروەها ئەگەر کەسێك لە مولکی خویا دابنیشـیو کەسێك بی بەسەریا ، ئەگەر ئەو ریبوارە تووشی زیان ببی ئەوە بەخورایی ئەرواو ئەگەر خاوەن مولکەکە تووشی زیان ببی ئەوە ریبوارەکە ضامنە •

هەروەها ئەگەر کەسێك لەسەر سەکوی بەردەمی دووکـانی خویـا دابنیشیو کەسێك بی بەسەریا ، ئەوە ئەگەر ریبوارەکە تووشی زیـان ببی بەخورایی ئەروا ، وە ئەگەر خاوەن دووکانەکە تووش ببی کابرای ریبوار ضامنە • بەلی ئەگەر دووکان دارەکە بە ناحەق ئەو شـوینەی گرتبـوو ، ئەوە کابرای ریبوار هەر زیانیکی پیبگا ئەمیش ئەبی بە ضامنی ئەو •

باسی ئەوە کە دووکەس لە یەك بدەن وە هەندی شتی تریش

ئەگەر دووکەسی بالغو عاقلو ئازاد دایان لە یەك ، پیادە بن یا سوار، یا یەکیکیان پیادە بیو یەکیکیان سوار ، وە هەردوکیان مردن ، ئـەمـە ئەگەر بە بیقەصد بووبی یەکی نیوەی (دیە)ی سووکی هـاوریکـەی ئەکەویتە سەر ئەو خزمو کەسوکارانەی کە لەپشتا ئەچنەوە سەر یەکو لە یەك باپیرەن ، چونکە مردنی هەرکام لەمـانـە بەهـوی خویـەوەو هاوریکەیەوە بووە • کەوابوو هەریەکی نیوەی (دیە)ی ئەفەوتیو نیوەی ئەکەویتە سەر هاوریکەی • وە لەبەرئەوە کە جینایەتەکەی بـە خـەتـا بووە (دیە)کە سووکەو پیویستە لەسەر کەسوکاری بوی بدەن •

وە ئەگەر بە عەمدیو قەصد دایان لە یەكو مردن ، یـەکی نیـوە (دیە)یەکی قورس ئەکەویتە سەر کەسوکاریان •

فەرقی نی‌یە لەم حوکمەدا کە وتمان ئەوە کە هەردوو کەسەکە لە هیزدا وەکو یەك بن یا فەرقیان ببی ، وە ئەگەر سوار بوون ولاخەکانیان لە یەك جور بی یا جیاواز بی • بەلی ئەگەر یەکی لەم دووکەسە کە پیادەن ئەوەندە بی‌هیز بوو جوولانەکەی هیچ تەئثیریکی نەبوو ، ئەوە خوینی کابرای خاوەن‌هیز بەخورایی ئەرواو نیوەی (دیە)ی بی‌هیزەکەش ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری ئەو کابرا بەهیزە • هەروەها ئەگەر ولاخی یەکیکیان هیزو تەکانی نەبوو ، وە تەکان تەنها لە ولاخی یەکیکیانەوە بوو ، وە بوو بەهوی ئەم کارەساتی مردنە •

وە ئەگەر یەکیکیان بە قەصدو ئەویان بی‌قەصد بوو ، ئەوە کەس‌وکاری خاوەن قەصدەکە نیوەی (دیە)ی قورسی بی‌قەصدەکەی ئەکەویتە سەر • وە کەس‌وکاری بی‌قەصدەکەیش نیوەی (دیە)ی سووکی خاوەن قەصدەکە ئەدا • فەرموودەی راستتر ئەوەیە یەکی دوو کەفارەتیش واجبە لەسەریان • کەفارەتیك بوئەوە کە دەخلیان لە کوشتنی خویاندا بووەو ، کەفارەتیك بو ئەوە کە دەخلیان لە کوشتنی هاوری‌کەیاندا بووە ، چونکە کەفارەت بەش ناکری‌و هەرکەس کەمترین پەیوەندیکی ببی لە کوشتندا کەفارەتی بەتەواوی ئەکەویتە سەر ، وە ئەم کەفارەتە لە میراتەکەی دەرئەکری[1] • هەروەها ئەگەر ولاخەکانیش مردن هەریەکی لەمانە نیوەی قیمەتی ولاخی هاوری‌کەی ئەکەویتە سەرو لە میراتەکەی دەرئەکری •

ئەگەر دوو منال یا دوو شیت یا منالیك‌و شیتیك لە یەکیان داو مردن، عەینی حوکمی رابوردوویان تیا هەیە • بەلی ئەگەر وەلی‌یەکەیان ئەوانەی

---

(١) ئەم کەفارەتە بریتی‌یە لە ئازادکردنی بەندەیەك یا دوو مانگ روژوو لەسەریەك • جا کری لە مالەکەیان دەرئەکری بو کەسی کە دوو مانگ لەجیاتی‌ی ئەوان بەروژوو بی •

سوار کردبی بە بیمەسلەحەتی خویان ، ئەوە ئەو وەلیە ئەبی بە ضامن یەعنی وەلی‌ی هەرکامیان نیوەی قیمەتی هەردوو ولاخەکە ئەدا • وە لەسەر خزمو کەس‌وکاری واجبە نیوەی (دیە)ی هەر دوو منالەکە بدا • هەروەها وەلی‌یەکان یەکی دوو کەفارەت ئەکەویتە سەریان • وە ئەگەر بیگانە بە بی ئیذنی وەلی‌یەکەیان سواری کردن ئەوە ئەبی بە ضامنی (دیە)ی منالەکانو واجبە کەس‌وکاری ئەو بیدەن ، وە ئەبی بە ضامنی ولاخەکانیش لەگەل دوو کەفارەتدا ، وە لە مالی خوی ئەدری •

ئەگەر دوو ژنی دووگیان دایان لە یەكو خویان مردنو منالەکەیشیان لەبارچوو ، ئەوە هەردوو ئەبن بە ضامن ، یەعنی لەسەر کەس‌وکاری هەر یەکیکیان واجبە نیوەی (دیە)ی ئەوی‌تریان بدات لەگەل بیستیەکی (دیە)ی دایکی منالە لەبارچووەکە لەجیاتی‌ی منالە لەبارچووەکەی ئەویان • وە هەر یەکی لەو دوو ژنە چوار کەفارەت لە میراتەکەی دەرئەکری ، یەکی بو خوی‌و یەکی بو منالەکەی‌و یەکی بو ژنەکەی‌ترو یەکی بو منالەکەی • ئەمە هەشت کەفارەت ، وە تەماشای ئەوە ناکری فەوتاو چوارکەسەو کەفارەت زیاترە ، چونکە مادەم ئەو ژنانە دەخلیان لە فەوتانی خویانو منالەکانیانا هەیە ، ئەبی کەفارەتەکان بەتەواوی بدەن •

لەیەكدانی کەشتی

ئەگەر دوو پاپور دایان لە یەك ، ئەوە حوکمی پاپورەکان وەکو ولاخە سواری‌یەکانەو ، حوکمی کەشتی‌یەوانەکانیش وەکو سوارەکان وایە • یەعنی ئەگەر کەشتی‌یەکان مالی خویان بی‌و کەل‌وپەلی خویانی تیدا بی ئەوە گشت یەکی لەوان ئەبی بە زامنی قیمەتی نیوە کەشتی‌ی ئەوی‌تریان ، لەگەل قیمەتی نیوەی ئەو کەل‌وپەلە کە لە ناویا بووەو فەوتاوە ، وە لەسەر کەس‌وکاری

هەرکامیان پیویستە نیوەی (دیە)ی قورسی ئـەویـان بـدا ئەگـەر بـە دەسەنقەست دابوویان لە یەك ، وە نیوە (دیە)ی سووك ئەگەر بە سەهو دابوویان لە یەك • هەروەها واجبە هەریەکی کـەفـارەتیـك بو خـویو کەفارەتیك بو هاوری‌کەی لە میراتەکەی دەربکری •

وە ئەگەر کەشتیو کەلوپەل هی یەکیکی‌تر بن ئەوە لەسەر هـەر یەکیکیان پیویستە نیوەی قیمەتی هەردوو کەشتی‌یەکەو نیوەی قیمەتی ئەو کەلوپەلەی تیایاندا بووە بدا بە خاوەن مالەکە ، وە حوکمی (دیــە)و کەفارەتی کوشتنەکان وەکو ئەوی پیشوو وایە •

ئەگەر پاپوریك کەوتە مەترسی‌ی خنکان ، دروستە ئەو کەلوپەلەی تیایەتی فری بدریتە ناو دەریا ، بەلکو واجبە ئەگەر ئومیدی رزگاربوونی سوارەکانی تیا بی • بەلام خاوەن مالەکە ئەتوانی لەسەر بریـاری قیمەتی مالەکەیو بژاردنی بە خەلکەکە مالەکەی خوی فری بدا • کەواتە ئەگەر کەسیك مالی کەسیکی بە بی‌ئیذنی ئەوکەسـە فری دا ئەبی بــە زامنیو پیویستە لەسەری بیبژیری •

ئەگەر کەسیك بە کەسیکی وت ئەو کەلوپەلەی وا لەو کەشتی‌یەدا فرەی بدە من ئەبم بە زامنی ، ئەویش فرەی دا ، ئـەوە کابـرا ئەبی بـە زامنی • وە ئەگەر هەر وتی فرەی بدەو باسی زامنی‌ی خوی نەکرد ئەوە نابی بە زامنی • بەلام ئەوکەسە کە فەرمان ئەدا بە کابرا مالەکە فری بدا لەسەر ضەمانەت بە دوو شەرت ئەبی بە زامن • یەکـەم ئەوەیــە ترسی خنکانی کەشتی‌یەکە هەبی • ئەگەر لە ئاسایشا بلی بە یەکی ئەو مالە فری بدە من ئەبم بە زامنی ، ئەوە نابی بە زامنو لەوە ئەچی یەکی بلی بە کەسو خانوەکەی خوت بسووتینە من ئەی‌بژیرم ، ئەویش بیسووتینی • جا ئەو کابرا ئەگەر خاوەنی مالەکە بی ئەوە خوی مالەکەی خوی فەوتاندووە وە ئەگەر خاوەنی مالەکە نەبی واجبە بیبژیری بو خاوەن مالەکە •

شەرتی دووهەم ئەوەیە قازانجی فڕێدانی ماڵەکە تەنها بۆ ئەوکەسە نەبێ کە فڕەی ئەدا ، یەعنی قازانجەکەی تەنها بۆ ئەوکەسە نەبێ کە فەرمان ئەدا ، بەڵکو یا بۆ ئەوو بۆ خاوەن ماڵەکەیش بێ ، یا بۆ خاوەن ماڵو بێگانەیەکیش بێ ، یا هەر بۆ بێگانەیەك بێ ، یا بۆ فەرماندەرەکەو خاوەنماڵو بێگانەکە بێ • ئەگینا ئەگەر سوودی فڕێدانەکە هەر بۆ ئەوکەسە بێ کە فڕێی ئەدا ئەوە هەر خوی ئەبێ بە زامنو فەرماندەرەکە بەشدار نابێ لەو زامنی‌یەدا •

ئەگەر بە چەند کەس بەردیکیان بە مەنجەنیقیك فڕێدا ، یاخود بەردیکیان لە شوێنیکەوە جوولاندو بەردی مەنجەنیقەکە گەڕایەوە دای لە یەکێ لەم کومەڵەو کوشتی ، یاخود پارچەیەك لەو بەردە کە جوولاندبوویان جیا بووەوەو دای لە یەکێ لەمانەو کوشتی ، یاخود چەند کەسیك داریکیان هەڵگرتبوو ، وە هەموو بەجاری دەرچوون لەژێر دارەکەو لەوکاتەدا دارەکە دای لە یەکیکیانو کوشتی ، ئەوە (دیە)ی کابرای کوژراو بەش بەش ئەکرێ ئەوەندەی ژمارەی ئەو کومەڵەو بەشی کابرای کوژراو لائەچێ ، چونکە مادەم خوی کوژراوە وەکو ئەوە وایە لە تاوانەکەدا بەشدار نەبووبێ ، وە بەشەکانی‌تر واجب ئەبن لەسەر کەس‌وکاری ئەوانەو ئەبێ بیدەن بە میرات‌گرانی کوژراوەکە •

وە ئەگەر لە یەکیك لەم صوورەتانەدا کەسیکی‌تر لە غەیری ئەم کومەڵە کوژرا ، ئەوە ئەگەر بە دەسەنقەست نەبوو (دیە)ی سووکی ئەو کابرایە ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری ئەم کومەڵە • وە ئەگەر بە دەسەنقەست بوو (دیە)ی قورسی ئەکەویتە سەریان • بەڵی ئەگەر لە یەکێ لەم صوورەتانەدا کە بەیان‌کران ئەم جورە کردەوانە

بەکارئەهێنران[١] بۆ کوشتنی خەڵکو ، زۆرتر وابوو ئەوکەسە بکوژریت ، ئەوە (قصاص)یان ئەکەویتە سەر . جا ئەگەر لێیان خۆش‌بوون لە (قیصاص) ئەوە (دیە)ی قورس ئەکەویتە سەر خۆیانو لە ماڵی خۆیان ئەدری .

باسی چۆنیەتیی کەوتنی (دیە) لە ئەستۆی کەس‌وکار (عاقلە)

فەرموودەی راستتر ئەوەیە (دیە)ی جینایەتی (شبه عمد)و خەتا لەسەر کابرای جینایەتکەر واجب ئەبی ، بەلام واجبە لەسەر کەس‌وکاری کە بۆی هەڵبگرنو بیدەن بە خاوەن‌حەقەکە . مەبەست لەم کەس‌وکارە کە لە شەرعدا پێیان ئەوتری (عاقلە) ئەو نێرینە تەکلیف لەسەرانەن کە لە کاتی جینایەتەکەدا هەنو ئەگەر کابرای جینایەتکەر بمری میراتی لێ ئەبەن تەنها باوکو باپیرو دایکو نەنکو کوڕو کچو کوڕەزاو کچەزای نەبی . لەم کۆمەڵە نێرینە تەکلیف لەسەرانەدا ئەوەیان پێشتر ئەخری کە نزیکتر بێ . بەڵێ ئەگەر لە ئاخری ساڵدا نزیکەکان بەشی ئەو ساڵەیان پێ تەواو نەکرا ، ئەوە واجبە لەسەر دوورەکان تەواوی بکەن بەپێی ریزی پایەی نزیکی لە خزمایەتیدا .

جا لەسەر دەستووری پێشوو برا پێش ئەخری لە برازاو ، برازا لە برازازا . وە برازاکان هەرچەند لە خوارەوە بن پێش‌ئەخرین لەسەر مامو مام لەسەر ئامۆزا ، وە ئامۆزاکان هەرچەند لەخوارەوە بن پێش ئەخرین لەسەر مامی باوکی جینایەتکەرەکەو هەروا بەم‌پێیە . وە لەناو ئەم

---

(١) مەسەلا کۆمەڵێک بە پیلان لۆسێ هەڵبگرن بۆئەوە لە ژێری دەرچنو یەکێکی لە خۆیان پێ بکوژن .

خزمانەدا ئەوەی بەھوی باوكو دایكەوە بگا بە جینایەتکەرەکــە پیش ئەخری لەسەر ئەوەی کە بەھوی تەنیا باوکەوە پیی ئەگا •

ئەگەر ئەوەی واجبە لەسەر کەس‌وکاری کابرای جینایەتکەر بەشی نەکرد ، یاخود کابرا کەس‌وکاری هەر نەبــوو ، یــاخــود بووی بــەلام بی‌دەسەلات بوون ، ئەبی لە خەزینەی (بیت المال) کە صندووقی دارایی موسولمانانە (دیە) بدری بە خاوەن حەق لەجیاتی‌ی ئەو جینایەتکەرە کە موسولمان بی • وە ئەگەر (بیت المال) خالی بوو ، یاخود خاوەن حوکمی موسولمانان بەزور نەیهیشت ئەو (دیە)یە لــەو (بیت المــال)ە بــدری ، ئەگەریتەوە بوسەر جینایەتکەرەکە خوی ، وە هەرکاتی هەرکەس لــە بی‌دەسەلاتەکانی کەس‌وکاری کابرای جینایەتکەر دەولەمەند بوو ، ئەبی بەشەکەی خوی بدا ئەگەر لەپیشا نەدرابوو •

(دیە)ی نەفسی نیرینەی موسولمان بە ماوەی سی سال ئەدری ، هەر سالی سی‌یەکی • وە (دیە)ی ژنی موسولمان بە دوو سال ئەدری ، لـــە سالی یەکەمدا سی‌یەکی ئەدری ، وە لە سالی دووهەمدا ئەوەی مــاوەتــەوە ئەدریت • وە (دیە)ی کافری (ذمّی)و ئاگرپەرست چ پیاو بی‌و چ ژن بە یەك سال ئەدریت •

ئەگەر کەسیك دوو موسولمان یا زیاتر بکوژی بە (شبە عمد) یا بە خەتا ، واجبە لەسەر کەس‌وکاری ئەوکەسە لە ماوەی سی سالا (دیە)ی ئەو کوژراوانە بدەن •

(دیە)ی ئەندامیش وەکو دەست‌و پی‌و (دیە)ی هیز وەکو بیستن‌و بینین هەر سالی بەئەندازەی سی‌یەکی (دیە)یەکی لی‌ئەدری • مەســەلا ئەگەر سی‌چارەکە (دیە) بوو ئەوە لە سالی یەکەمدا سی‌یەکە (دیە)یەك ، وە لە سالی دووهەما سی‌یەکیکی‌تر وە لە سالی سیهەما نیــوە شەش‌یەکیکی ئەدری • وە ئەگەر وا ریکەوت ئەوەندەی دوو (دیە)ی نەفس بوو بەم

ڕەنگە (دیە)ی چەند ئەندامیکی لەسەر بوو ئەوە لە شەش ساڵدا ئەدری •

ئەو ماوەیە کە بو دانی (دیە) دانراوە لە (دیە)ی نەفسدا لە گیان دەرچوونی کابراوە ئەژمیرری ، وە لە (دیە)ی ئەندامداو لە (دیە)ی هیزدا لەکاتی جینایەتەکەوە ئەژمیرری • وە بە شەرت گیراوە ئەو کەس‌وکارە کە ئەم (دیە)یە ئەدا منداڵ‌و شیت‌و بی‌دەسەلات نەبی ، وە لەو ساڵەدا کە بەشەکەی ئەدا تا ئاخری ساڵ لە ژیاندا بی ، وە لە ئاخری ساڵەکەدا دەولەمەند یا مام‌ناوەندی بی • جا ئەوەی دەولەمەندە سەری نیو دیناری ئاڵتوون‌و ئەوی نیمچە دەولەمەندە سەری چارەکە دیناریك ئەدا • ئەگەر جینایەت‌کەرەکە موسولمان بوو شەرتە کەس‌وکارەکەیشی موسولمان بن‌و بەپیچەوانەیشەوە • کەواتە کافر بو موسولمان‌و موسولمان بو کافر (دیە) هەڵ‌ناگریت • بەڵی جوولەکە لەجیاتی‌ی گاورو گاور لەجیاتی‌ی جوولەکە (دیە) ئەدەن ، چ (ذمّی) بن‌و چ پەیمانیان لەگەل کرابی‌و چ ئەمانیان درابیتی •

باسی بژاردنی حەقی منالیك کە لە سکی دایکیدا بکوژری

ئەگەر کەسیك جینایەتی کرد لە ژنیکی دووگیانی زیندوو ، یاخود هەرەشەی لی کرد ، یا دەرمان خواردی کرد ، یا بە زور شتیکی قورسی پی هەڵگرت ، یاخود خواردەمەنی‌یەکی‌وای لادا خوارد کە حەزی لی‌ئەکردو بەشی نەداو ، ئەویش بەهوی ئەوەوە منالەکەی فری دا ، یا بەهوی یەکی لە هو رابوردووەکانەوە منالەکەی بە مردوویی لی بوو ، یا تەنیا سەری بە مردوویی هاتە خوارەوەو دایکەکەی مرد ، یاخود پارچە

گوشتیکی‌وای لی داکەوت کە مامانەکان ئەیانوت صوورەتی ئادەمیزادی تیایە ، ئەوە لە هەموو ئەم صـــوورەتانـەدا (غـرّە)یەك واجب ئـەبی لەسەر کابرای جینایەتکەر [لەمەوپاش باسی (غرە) ئەکـــەین] ، وە پیویستە لەسەر کەس‌وکاری بیدەن بە میراتگری ئەو مالە لەبارچووە ، کە دایکەکەشی ئەگەر مابی یەکیکە لە میراتگرەکان •

بەلی ئەگەر ژنە دووگیانەکە خوی دەرمانی خواردبوو بـوئـەوەی سکەکەی فری بداو فری‌ی دا ، یاخـــود روژووی گـــرتو بەهـــوی روژووەکەوە منالەکەی لەبارچوو ، ئەوە لەم‌کاتەدا دایکەکە لەو میراتـــە بەش‌نابا • وە ئەگەر نەخوشی‌یەکی قورسی‌وای گرت کە ژیانی پی‌ی‌کەوتە مەترسی‌یەوەو دوکتور بریاریان‌دا بە بی‌دەرمان خـواردن رزگـار نابی ، ئەوە دروستە دەرمان بخوا • وە ئەگەر بەهوی دەرمانەکەوە منالەکەی لی داکەوت زامن نابی •

وە ئەگەر منالەکە بە زیندوویی داکەوتو گورج مرد ، ئـەوەیش هەر بەهوی جینایەتەکەوە دائەنری‌و ئەبی بەهوی واجب‌بوونی (غرە) لەسەر جینایەتکەرەکەو ، کەس‌وکارەکەی ئەیدەن بە خاوەن‌حەقەکان • بەلی ئەگەر لەپاش جینایەتەکە منالەکە بە زیندوویی داکەوتو ماوەیەك بە بی‌ئازار مایەوە ئەوسا مرد ، ئەوە بەهوی ئەو جینـــایەتەوە دانـــاندری‌و جینایەتکەرەکە نابی بە زامن ، چونکە وادیارە ئەم مردنە لەو جینایەتەوە نەبوە ، ئەگینا یا هەر لە سکی دایکەکەیدا ئەمرد ، یاخـــود لـــەپـــاش داکەوتنی ئازاری بەردەوام ئەبوو تا ئەمرد •

(غرّە) لە عورفی شەرعدا بریتی‌یە لە بەندەیەك یا کەنیزەکیك کە عەیبیکی‌وای پیوە نەبی لە فروشتنا زیانی پی‌بگەیەنی ، وە ئەگەر بەندە یا کەنیزەك نەبوو واجبە پینج وشتر بدری بە میراتگری منالەکە لەســـەر ئیعتیباری ئەوە کە زیندوو بووەو مردووە • وە ئەگەر وشتر نەبوو پیویستە

قیمەتی ئەو پینج وشترە بدری بە ئیعتیباری قیمەتی ئەو وشترانـــە لــە نزیکترین ولاتیکدا لەو شوینەوە • بەکورتی (غرە) دەیەکی (دیـــە)ی دایکەکەیەتی • وە بو منالی جوولەکەو گاور (غرە)یەك پیویستە کـــە سی‌یەکی (غرە)ی منالی موسولمان بی • وە لە منالی ئاگرپەرســـــتو هاوچەشنی ئاگرپەرستدا (غرە)یەك پیویستە کە بگا بــە دوو سی‌یــەکی (غرە)ی منالی موسولمان •

باسی کەفارەتی کوشتن

هەرکەسی کەسیك بکوژی ، کەفارەتیك واجبە لەسەری وەك کەفارەتی (ظهار) ، تەنها بەشی خواردن پیدانەکــەی نــەبی ، خــواە بکوژەکــە پیاو بی یا ژن ، منال بی یا گەورە ، موسولمان بی یا کافری (ذمی) ، بــە دەسەنقەست ئەوکەسە بکوژی یا بە (شبه عمد) یا بە خەتا ، وە خوی بە دەستی خوی کوشتبیتی یا بووبی بەهوی کوشتنەکە وەکو کەسیك کــە زور بکا لە کەسیك بو کوشتنی کەسیکی‌تر ، یا کەسیك کە فەرمان بدا بە ئینسانیکی بی‌تەمیز ، یا کەسیك بە درو شەهادەت بدا کەوا کەســـیك کەسیکی کوشتووە ، یا بیریك بە ناحەق هەل‌بکەنی‌و کەسیکی تی بکەوی• وە خواە کوژراوەکە ژن بی یا پیاو ، منال بی لە سکی دایکیا یا منـــالی لەدایك‌بوو بی یا گەورە بی ، موسولمان بی یا کافری (ذمی) • هەتاوەکو ئەگەر کەسیك بە دەستی خوی خوی کوشت ، واجبە لە میراتـــەکـــەی کەفارەتی ئەو کوشتنە دەربکریت • وە ئەگەر کومەلیك پیکەوە یەکیکیان کوشت ، واجبە لەسەر هەریەکیکیان سەربەخو کەفارەتیکی تەواو بدا •

کەفارەتی کوشتن بریتی‌یە لە ئازادکردنی بەندەیەك کە پاك بی لەو عەیبانەی لە شتی فروشتندا بــە عەیب ئەژمیررین • ئەگـــەر بەنـــدە دەس‌نەکەوت وەکو لەم زەمانەدا ، بەتایبەتی لە ولاتی ئیمەدا ، یاخـــود

کابرا لات بوو ئەوە واجبە دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژوو بێ • وە لەسەر فەرمودەی بەهێز نان‌دان نابێ بە کەفارەت لە کوشتندا • بەلام بۆ ئەم زەمانە کە بەندە دەس ناکەوێ‌و رۆژوو بۆ هەموو کەس دەس‌نادا ، ئیعتیبار کردنی بە نان پێ‌دانی شەست هەزار زۆر باشە •

باسی ئیدیعای خوێن‌و سوێندی خاوەن‌حەق

بەشەرت گیراوە بۆ بیستنی دەعوا چەند شەرت • یەکەم ئیدیعا کراوەکە زانراو بێ ، بەم‌جورە ئیدیعا کەرەکە بەیانی ئەو شتانە بکا کە مەبەستی پێ ئەگوری • مەسەلا لە ئیدیعای خویندا بەیانی ئەوە بکا ئەو کوشتنە بە دەسەنقەست بووە یا بە (شبه عمد) بووە یا بە خەتا ، وە کابرای بکوژ بە تەنها کوشتوویەتی یا لەگەل هاوریدا • وە ئەگەر شوینەکە شوینی واجب بوونی (دیه) بێ بەیانی ژمارەی هاوبەشەکان بکا ، هەرچەند بەم‌شیوەیە کە بلیت ئەزانم لە دە کەس زیاتر نەبوون ، ئەوسا ئیدیعاکەی لێ ئەبیسرێ ، وە ئەتوانی داوای بەشە (دیە)ی خوی بکا لە (مدعی علیه) ، یەعنی ئەگەر یەك کەس بێ دەیەك ، وە ئەگەر دووکەس بن پینج‌یەك داوا بکا •

ئەگەر (مدعی) بەیانی (مدعی به) یەکەی بە دریژی نەکرد ، سوننەتە بۆ قاضی داوای تەفصیلی لێ بکا بۆئەوە کە ئیدیعاکەی ببیسریت • وە هەندیك وتوویانە واجبە لەسەر قاضی بێ‌دەنگ بێ‌و داوای تەفصیلی لێ‌نەکا با نەبێ بە ئاموژگاری بۆ (مدعی) ، بەلام ئەم واتەیە رەدکراوەتەوە، چونکی ئاموژگاری ئەوەیە قاضی پێی‌بلیت بلێ بە دەسەنقەست کوشتوویەتی یا بە (شبه عمد) کوشتوویەتی نەك لێی‌بپرسی بەیانی ئەوە بکا چونی کوشتووە • کەوابێ سوننەتە قاضی پرسیاری لێ‌بکا بە عەمد کوشتوویەتی یا بە (شبه عمد) • جا ئەگەر (مدعی) یەکێکیانی دەربری

داوای بەیانی صیفەتی ئەو یەکەیانی لی بکا ، مەسەلا بپرسی عەمدەکە چون بوو ، جا کاتی کە بەیانی کرد بپرسی کەسی لەگەلدا بوو یا نە • وە ئەگەر وتی کەسی لەگەلا بوو ، بپرسی چەند کەس بوون • بەکورتی پرسیاری قاضی لە بەیانی ئەو صیفەتە کە (مدعی) بە موطلەقی وتوویەتی قەیدی نی یە ، بەلام پرسیار لە شەرتیك کە (مدعی) بەیانی نەکردبی دروست نی یە •

جیاوازی ی قسە هەیە لەوەدا کە ئاخو دروستە (مدعی) لە پارچە کاغەزیکدا صوورەتی دەعواکەی خوی بنووسی جا بلیت دەعواکەم ئەمەیە لەم کاغەزەدا نووسیومە یا نەوەوادیارە قەناعەت ئەکری بەم نووسراوە ئەگەر قاضی خوی بیخوینیتەوە یاخود یەکیکیتر بیخوینیتەوە بەسەریا لەکاتیکدا کە (مدعی علیه) حازر بی • هەروەها لەکاتی دیار نەبوونی (مدعی علیه)دا ئەگەر شوینەکە لەوانە بی کە ئیدیعا لەسەر ئینسانی نادیار دروست بی •

بەلی شەرتی مەعلوومکردنی (مدعی بە) ئەغلەبی یەو ، چەند ماددەی وا هەیە کە ئیدیعای نامەعلوومی تیا ئەبیستری ، وەکو ئەوە یەکی ئیدیعا بکا لە میراتبەری کەسیك بلیت میراتدەر (مورّث)ەکەت وەصیەتی بو کردووم بە بەشیك لە مالەکەی ، یا ئیدیعا بکا لە یەکی بلیت تو ئیقرارت کردووە بو من بە شتی لە مالەکەت • هەروەها لە صوورەتیکدا ژن داوای (حەقی موتعە) یا داوای نەفەقەی میردەکەی بکات یاخود یەکیك داوای پارەی بژاردنی برینیك بکا کە بژاردنیکی دیاری کراوی نەبی ، یاخود سەربازیك داوای (رضخ)[1] بکا لە مالی تالانیدا • ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەو داوایە ئەبیسری هەرچەند ئەندازەی مالەکە مەعلووم نەکا •

---

(١) رضخ : بریتی یە لە مالیك کە ئەوەندەی بەشی تەواو نەبی ، یەعنی کەمتر بی لە بەشی سەربازیکی جەنگی •

شەرتی دۆوهەم : ئەوەیە ئیددیعاکەی (ملزم) بی یەعنی شتەکە واجبو ثابت بکا لەسەر کابرای (مدعی علیه) • مەسەلا ئەگەر ئیددیعای کرد لە یەکیك کە گوایە شتیکی پی‌بەخشیوە ، پیویستە بلی ئەو مالەیشی داوەتە دەستم یا من وەرم‌گرتووە ، یا ئەگەر ئیددیعای ئەوەی کرد شتیکی پی‌فروشتووە ئەبی بلی واجبە لەسەری مالەکە تەسلیم بکا •

شەرتی سیهەم ئەوەیە کابرای (مدعی علیه) دیاری بکا • کەواتە ئەگەر لە ئیددیعای کوشتندا لەگەل خەلك بلی یەکیکیان کوشتوویەتی ، یا بلیت یا ئەمیانە کوشتوویەتی یا ئەویانە ، وە داوا بکا لە قازی کە سویندیان بدا ئەوە دروست نی‌یە بو قازی ئەم داوایە جی‌بەجی بکا ، وە دروست نی‌یە سویندیان بدا تا (مدعی) کابرای بکوژ دیاری ئەکا بەپی‌ی فەرموودەی راستتر • ئەم یەك‌نەکەوتنی قسەی زانایانی شەرعە کە لەم مەسەلەیەدا هەیە لە ئیددیعای زەوت‌کردنو دزی‌و فەوتاندنی مال‌و غەیری ئەمانەیشدا هەیە لەوشوینانەدا کە ری‌ی تی‌بچی (مدعی علیه) بە تەنها شتەکەی کردبی یا لەگەل خەلکدا • واتە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئیددیعا لەسەر شەخسی نەناسراوو دیاری نەکراو نابیسری ، بەلام بەپی‌ی فەرموودەکەی‌تر (بەرابەری فەرموودەی راستتر) ئیددیعاکە ئەبیسری چونکە زەوت‌کەرو دزو کەسانی‌وا لەکاتی خەریك‌بووندا بە ئیشەکەی خویان ، خویان پەنا ئەدەن‌و خو ئەشارنەوە • کەواتە دەرخستنی (مدعی علیه) شتیکی گرانە •

شەرتی چوارەم ئەوەیە (مدعی) لەکاتی ئیددیعاکەیدا تەکلیفی لەسەر بی‌و حوکمەکانی ئیسلامی لە گەردن گرتبی • شەرتی پینجەمیش ئەوەیە (مدعی علیه) لەکاتی ئیددیعاکەیدا تەکلیفی لەسەر بی‌و حوکمەکانی ئیمەی لەئەستو گرتبی • کەواتە ئیددیعای منال لە منال یا لە گەورە ، وە ئیددیعای گەورە لە منال ، وە ئیددیعای شیت‌و ئیددیعا لە

شیتو ئیددیعا لە کافری کە لە (ذمّە)ی موسولمانادا نەبی یا کافری کە (حەربی) بی ، وە ئیددیعای کافری (حەربی) لە موسولمان نابیسریت •

وە ئەگەر منال یا شیت حەقیکی لەسەر یەکی هەبوو پیویستە وەلیئەمرەکەی داوای ئەو حەقە بکا ، یاخود کەسی حەقی مالیکی لەسەر شیتی یا منالیك هەبوو ئەبی داوای ئەو حەقەی لە وەلی‌یەکەی بکا • ئەگەر وەلی حازر نەبوو ئەوە ئیددیعا لەسەر ئەوان وەکو ئیددیعا لە ئینسانی نادیار وایەو ئەو ئیددیعایە نابیسری مەگەر کابرای (مدعی) شاهیدی هەبیو خویشی سەرەرای شاهیدەکان سویند بخوات لەسەر ئەوە کە موستەحەقی ئەو حەقەیە کە داوای ئەکا •

شەرتی شەشەم : ئەوەیە کە لەپیش ئەم ئیددیعایەدا ئیددیعایەکی‌وای نەکردبی کە لەگەل ئەم ئیددیعایەیدا یەك نەکەوی • کەواتە ئەگەر ئیددیعای کرد لە (احمد) کە بەتەنها براکەی کوشتووە ، وە لەپاش ئەوە ئیددیعای کرد لە (محمود) کە بەتەنها یا لەگەل کەسیکی‌تردا براکەی کوشتووە ، ئەوە ئەم ئیددیعا دوایی‌یە نابیسریت ، چونکە ئیددیعای یەکەم ئەچی بەگژی ئەم ئیددیعا دوایی‌یەدا • جا ئەگەر ئەم ئیددیعا دووهەمە لەپیش حوکم‌کردن بە پیویستی‌ی ئیددیعای یەکەمدا بی ئەوە مال وەرناگری ، چونکە وەکو دەعوای دووهەم نابیسری دەعوای یەکەمیش بەتال ئەبیتەوە ، چونکە کابرای (مدعی) خوی پەشیمان بووەتەوە لەو ئیددیعایە • وە ئەگەر لەپاش حوکم بە وەرگرتنی مالەکە بی لە کابرای یەکەم ئەوە مەیدانی ئەم (مدعی)یە ئەدری بچیتەوە سەر کابرای یەکەم • وە ئەگەر هەر وتی حەقم لەسەر کابرای یەکەم نی‌یەو ئیددیعاکەم درو بووە ، ئەوە هەرچی لی وەرگرتووە ئەبی بیداتەوە •

(بیداربن) ئەگەر (مدعی علیە)ی دووهەم پی‌ی‌لی‌نا بەپی‌ی ئەوەی

کە لە ئیدیعاکەدا وتراوە ئەوە دەعواکەی لەسەر ئەبیسری‌و حوکم ئەدری بەسەریا بەو پی‌یە لەسەر فەرموودەی راستتر کە لە ئەصلی (روضـــە)دا وتراوە • ئیتر مەجالی (مدعی) نادری پەشیمان ببیتەوەو بگەریتەوە سەر کابرای یەکەم وەکو (علی الشبراملسی) لە حاشـــــــیەی (نهـایـە)دا فەرموویەتی • وە ئەگەر کابرایەك ئیدیعای کوشتنی عەمدی کرد لـــــە کەسیك‌و وەصفی کوشتنەکەی بە صیفەتی (شبه عمد) یا (خطأ) کـــرد ئەوە ئەصلی ئیدیعاکەی بەتال نابیتەوە بەپی‌ی فەرموودەی ئاشکراتر •

باسی (قسامە)

قەسامە بریتی‌یە لە قەرینەیەکی‌وا کە هیز بدا بە راستی‌ی (مدعی) لە ئیدیعاکەیدا • ئەم قەسامەیە تەنها لە مەیدانی (لوث)دا دیتەجی کـــە واتە گومان لەسەر بنچینەو ئەساس یا گومانی بەهیز • بەلام پیویستە ئەم قەرینەیە بیتەجی بە شەهادەتی شاهید یا بەپی‌لی‌نانی (مدعی علیە) یا بـــە زانینی قاضی بە شتەکە کە خوی ئاگای لی بووبی •

قەرینەی (لوث) وەکو ئەوە کابرای کوژراو لە گەرەکیکی بچووکا یا لە دی‌یەکی بچووکا بی کە هی گەلی بی لە دوژمنانی کابرای کوژراوو، کەسی‌تری غەیری ئەو دوژمنانەیان تیکەل نەبی ، یا وەکو ئەوە کومەلیك کوببنەوە لەسەر کەسیك ، وە پاش ئەوە کە بلاوەیان کرد کابرایەك بـــە کوژراوی لەویادا بەجی‌بمینی •

وە ئەگەر دوو کومەل ریزیان بەست بو جەنگ کردن ، وە لەپاش بلاوە کردنیان کەسیك بە کوژراوی کەوتبوو ، ئـــەوە ئەگـــەر ئـــەم دوو کومەلە تیکەلی یەکتر بووبوون ، ئەوە ئەبی بە (لوث) بو دوژمنەکان •

هەروەها ئەگەر شەرەکەیان بە تفەنگ بی‌و گوللەی هەر تـــاقمیـــك

بکات بە تاقمی دوژمن ، ئەوە هەر بە (لوث) ئەژمێرری بو دوژمنەکان ، چونکە ظاهیر وایە ئەم ریزە لە کومەلی خویان ناکـوژن • وە ئەگـەر شەرەکەیان بە چەکی سارد بوو ، وە ئەو دوو تاقمە تیکەلی یەکتر نەبوون ئەوە ئەبی بە (لوث) بو ریزەکەی خوی •

هەروەها بە (لوث) ئەژمێرری مەشهوور بوونی ئەوە کە فلانکەس کابرای کوشتووە • بەلام قسەی کابرای بریندار یا کـابـرای کـوژراو لەپیش مردنیا کە بلی فلان کەس برینداری کردم یا فلانکەس کوشتمی ، نابی بە (لوث) چونکە ئەم کابرایە بە (مدعی) موتتەهەمە • کەواتـە باوەر بە قسەی ناکریت •

وە ئەبی بە (لوث) قسەی کەسیك کە بلی من سیحرم کـرد لـە فلانکەس و نەخوشم خست ، هەروەها دەرکەوتنی کەسیك بە چەکـەوە لە نزیکی کابرای کوژراودا بەوشەرتە لەویادا دروندەیەك یا شـتیکی وا نەبی ئەم کوشتنەی بدریتە پال • هەروەها بە (لوث) دائەنری شەهادەتی تاقە کەسیکی بەداد لەسەر یەکیك کە بلی ئەوکەسە فلان کەسی کوشتووە • هەروەها شەهادەتی کومەلی لە ژن یا منال یا کافر کـە بلین فلانکـەس فلانکەسی کوشت •

ئەگەر کەسیك کوژرا لە حالەتیکدا کە گومانیکی بەهیز هەبوو لەسەر کوشندەکە ، وە کوژراوەکە دوو کوری هەبوو یەکیکیان وتی (احمد) کوشتی لەگەل کەسیکی نەناسراودا ، وە ئەویان وتی (محمود) کوشتی لەگەل کەسیکی نەناسراودا ، ئەوە بەم یەکنەکەوتنی قسەی دوو کـورە گومانە بەهیزەکە بەتال ئەبیتەوە • کەواتە هەرکام لەم دوو کورە ئـەبی پەنجا سویند بخوا لەسەر ئەوکەسە کە دیاریی کردووەو بە کوشـندەی داناوە ، جا لەپاش سویندەکان هەرکام چواریەکی (دیە) ئەسینن لەوکەسە

که دیاری‌یان کردووه ، چونکه له‌سه‌ر ئیددیعای هه‌رکامیان ئه‌وکه‌سه کوشتوویه‌تی له‌گه‌ل کابرای نادیاردا ، وه له‌م صووره‌ته‌دا نیوه (دیه) ئه‌که‌ویته سه‌ری‌و ، ئه‌م (مدعی)یه‌یش نیوه‌ی ئه‌وه‌ی ئه‌که‌وی که ئه‌بی به چواریه‌ك ، چونکه برایه‌کی‌تری هه‌یه •

وه ئه‌گه‌ر هه‌ردوکیان په‌شیمان بوونه‌وه له کابرای نادیارو هه‌رکامیان وتی بوم ده‌رکه‌وتووه ئه‌وکه‌سه نادیاره ئه‌وکه‌سه‌یه که براکه‌م دیاری‌ی کردووه ، ئه‌وه ئه‌توانن سویند بخون له‌سه‌ر نادیاره‌که ، هه‌رکه‌س له‌سه‌ر نادیاری خوی ، وه فه‌رمووده‌ی هه‌لاویردراوتر ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر یه‌کی بیست‌و پینج سویند بخون به‌سه !

ئه‌گه‌ر یه‌کیك له دوو کوره‌که وتی بکوژی باوکم احمدو محموده‌و ئه‌ویان وتی ته‌نها احمده ، ئه‌وه هه‌ردوکیان سویند ئه‌خون له‌سه‌ر احمد یه‌کی بیست‌و پینج سویندو نیوه (دیه)ی لی وه‌رئه‌گرن ، ئیتر حه‌قی قه‌سامه‌یان له‌سه‌ر محمود نی‌یه • به‌لی ئه‌وکه‌سه که محمودی دیاری کردووه ئه‌توانی سویندی بدا که ئه‌وی تیا نی‌یه ، هه‌روه‌کو دووهه‌م ئه‌توانی که احمد سویند بدا که محمودی له‌گه‌لا بووه ، ئه‌گینا پیویسته (دیه)ی ته‌واو بدا •

ئه‌گه‌ر له شوینی (لوث)دا دوو کوری کوژراوه‌که قسه‌یان جیا بوو ، مه‌سه‌لا یه‌کیکیان وتی احمد باوکمی کوشتووه‌و ئه‌و یه‌که‌که‌یان وتی نه‌خه‌یر احمد نه‌ی‌کوشتووه ، ئه‌وه ئه‌و (لوث)ه به‌تال ئه‌بیته‌وه •

ئه‌گه‌ر (مدعی) ئینکاری (لوث)ی کرد له حه‌قی خویدا ، وه وتی به قه‌طعی له‌گه‌ل ئه‌و کومه‌له‌دا نه‌بووم که فلانیان کوشتووه به توهمه‌ت ، یا من له‌و کومه‌له‌دا نه‌بووم که به ده‌وری کوژراوه‌که‌دا بوون ، یاخود له‌کاتی کوشتنی ئه‌وکه‌سه‌دا من له‌م ولاته‌دا نه‌بووم ، یا ئه‌وکه‌سه که به

شیری رووتەوە بینراوە من لەنزیکیا نەبووم ، ئەوە مادەم بە شاهید ئیثباتی خیلافی ئەو قسەیە نەکریت سویند ئەدری لەسەر قسەکەی خویو باوەری پی ئەکریت •

ئەگەر (لوث) بو ئەسلی کوشتنەکە هەبوو ، وە بو صیفەتی (عمد)و (خطأ) نەبوو ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە قەسامەی تیا نایەتەجی • هەروەها قەسامە نی‌یە لە برینی ئەندامدا وە لە فەوتاندنی مالدا •

قەسامە ، زیاتر ئەوەیە کە (مدعی) پەنجا سویند بخوات لەسەر ئەوە کە کابرای (مدعی علیه) ئەوکەسەی بە عەمد یا بە (شبه عمد) کوشتووە یا بە هەلە کوشتوویەتی ، وە لە هەموو سویندیکا قسەکەی تەواو بکا ، مەسەلا بلیت (والله فلانکەس احمدی برامی بە دەسەنقەست کوشتووە) ئیتر شەرت نی‌یە ئەم سویندانە لەسەر یەك بن • کەواتە ئەگەر لەپاش دە سویند نەخوش کەوت یا لە هوشی خوی چوو ، ئەوە لەپاش چاك بوونەوە ئەتوانی چل سویندی‌تر بخوات • بەلی ئەگەر ئەو قاضی‌یە کە سویندە پیشووەکانی لا خواردووە عەزل کراو قاضی‌یەکی‌تری لە جی دانرا ، پیویستە لەسەرەوە پەنجا سویندەکە بخوات • هەروەها ئەگەر لەپاش دە سویندەکە مرد ، واجبە لەسەر میراتبەرەکەی لە سەرەوە پەنجا سویندەکە بخوات • وە ئەگەر میراتبەری کوژراوەکە زور بوون ئەم پەنجا سویندە بەش ئەکری لەنیوانیانا بەپیی نیسبەتی میراتەکەیان • کەواتە لە صوورەتی دوو کورو کچیکدا واجبە هەر کوری بیست سویندو کچەکە دە سویند بخوات • وە ئەگەر کەسر کەوتە ژمارەی سویندەکان ، ئەو کەسرە ئەکری بە فەردیکی ساغ • کەواتە ئەگەر میراتبەر کوریكو دوو کچ بوو ، کورەکە بیستو پینج سویندو کچەکان یەکی دوانزە سویندو نیویان بو ئەمینی ، وە ئەبی یەکی سیازدە سوین بخون • بەلی ئەگەر میراتبەر ژنیكو (بیت المال) بوو ، ئەوە لەم

صووره‌تانه‌دا سوینده‌كان له‌سه‌ر نیسبه‌تی میرات نی‌یه‌ ، به‌لكو واجبه‌ ژنه‌كه‌ هه‌ر په‌نجا سوینده‌كه‌ بخوا ، وه‌ له‌ئه‌نجامیشدا هه‌ر چواریه‌كی (دیه‌)كه‌ی ئه‌دریتی‌و ئه‌وی‌تری ئه‌دری به‌ (بیت المال) •

ئه‌گه‌ر یه‌كی له‌ دوو میرات‌به‌ر نكوولی كرد له‌ سویندخواردن ، واجبه‌ ئه‌ویانه‌ كه‌ نكوولی نه‌كردووه‌ په‌نجا سوینده‌كه‌ بخوا ، ئه‌وسا به‌شه‌ (دیه‌)كه‌ی خوی وه‌رئه‌گری •

ئه‌گه‌ر هه‌ندی له‌ میرات‌به‌ره‌كان منال بوون یا دیار نه‌بوون ، ئه‌وه‌ ئه‌ویانه‌ كه‌ بالغه‌ یا حازره‌ پیویسته‌ خوی رابگری تا مناله‌كه‌ بالغ ئه‌بی یا نادیاره‌كه‌ دیته‌وه‌ ، ئه‌وسا هه‌ریه‌كی به‌شه‌ سویندی خوی بخوات‌و (دیه‌)كه‌ وه‌ربگری ، یاخود هه‌ر له‌پیش ئه‌وه‌دا كه‌ مناله‌كه‌ بالغ ئه‌بی یا نادیاره‌كه‌ دیته‌وه‌ ، ئه‌م میرات‌به‌ره‌ په‌نجا سویند بخواو به‌شه‌ (دیه‌)ی خوی وه‌ربگری ، ئه‌وسا كه‌ مناله‌كه‌ بالغ بوو ، یاخود نادیاره‌كه‌ هاته‌وه‌ به‌شه‌ سویندی خوی ئه‌خوا له‌سه‌ر ته‌قدیری دابه‌ش‌كردن‌و به‌شه‌ (دیه‌)كه‌ی خوی وه‌رئه‌گری • وه‌ به‌هوی چاوه‌ری‌كردنی بالغ بوونی مناله‌كه‌ یا هاتنه‌وه‌ی نادیاره‌كه‌وه‌ ئه‌م میرات‌به‌ره‌ بالغه‌ حازره‌ ئه‌گه‌ر سویند نه‌خوات حه‌قی ئه‌كه‌وی چونكه‌ عوزری هه‌یه‌ •

(بزانن) ئه‌ساسی زوری‌ی سویند له‌ قه‌سامه‌دا به‌ گران گرتنی مه‌سئه‌له‌ی قه‌تله‌ ، وه‌ هوی ئه‌وه‌ كه‌ ئه‌م سوینده‌ په‌نجایه‌ ئه‌وه‌یه‌ مال كه‌ گه‌یشت به‌ بیست دینار سویندی تیا قورس ئه‌كریت ، وه‌ ئه‌ندازه‌ی (دیه‌)كه‌ هه‌زار دیناره‌ به‌م‌پی‌یه‌ پیویستی به‌ په‌نجا سوینده‌ •

هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه‌یه‌ ئه‌گه‌ر (مدعی)ی كوشتنی بی (لوث) شاهیدی نه‌بوو ، یا تاقه‌ شاهیدیكی هه‌بوو ، پیویسته‌ (مدعی علیه‌) په‌نجا سویند بخوات • وه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌میش سویندی ره‌د كرده‌وه‌ بو سه‌ر (مدعی) واجبه‌ ئه‌و په‌نجا سویند بخوات • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر له‌ مه‌یدانی (لوث)دا

(مدعی) سویندی نەخواردو دای بەسەر (مدعی علیه)دا پیویستە (مدعی علیه) پەنجا سویند بخوات • وە لەپاش‌ئەوە کە (مدعی) لە مەیدانی (لوث)دا پەنجا سویندی خوارد ، ئەگەر کوشتنەکە (شبه عمد) بوو یا هەلە بوو (دیه) واجب ئەبی لەسەر بکوژەکە ، وە واجبە کەس‌وکارەکانی بیدەن • وە ئەگەر (عمد) بوو واجبە لەسەر بکوژەکە خوی بیدات • بەلی ئەگەر ئەم پەنجا سویندە سویندی بوون کە (مدعی علیه) لە کوشتنی دەسەنقەستی بی (لوث)دا رەدی کردبوەوە بوسەر (مدعی) ئەوە ئەبی بەهوی واجب بوونی قیصاص لەسەر بکوژەکە •

ئەگەر کەسیك لە مەقامی (لوث)دا ئیددیعای لە سی کەس کرد ، وە ئەم کەسانە یەکەیەکە بەرودوا حازر بوون ، ئەوە ئەم (مدعی)یە واجبە پەنجا سویند بخوات لەسەر یەکەم ، ئەوجا سی‌یەکە (دیه)کەی ئەکەویتە سەر ئەو حازرە • جا ئەگەر لەم پەنجا سویندەدا ناوی ئەو دوو کەسەی‌تریشی بردبوو ، ئەوە بەو سویندانە قەناعەت ئەکری‌و ئەبن بەهوی واجب‌بوونی بەشە (دیه) لەسەر ئەوانیش • وە ئەگەر ناوی نەبردن ئەوە واجبە بو هەرکام لەوانیش پەنجا سویند بخوات •

ئەگەر کەسیك باوکی کوژرا لە شوینی (لوث)دا ، جا خوی لە ئایین هەلگەرایەوە (پەنا بەخوا) ئەوە هەتا موسولمان نەبیتەوە سویند نادری • بەلی ئەگەر خوی لەکاتی هەلگەرانەوەکەیدا سویندەکانی خوارد، وە لەپاشاندا موسولمان بووەوە ، متمانە بەو سویننانە ئەکری • وە ئەگەر هەر لەسەر حالی کوفر مایەوە ، قیمەت بو سویندەکانی نامینی •

وە هەرکەسی میرات‌بەری نەبی قەسامە لە کوشتنیا نی‌یە • بەلی پیشەوای موسولمانان ئەبی (مدعی)ی بو دابنی‌و کابرای (متهم) بگری‌و حەپسی بکا ، تا پی‌لی‌ئەنی‌و حوکمی بەسەردا ئەدری ، یا هەتا پەنجا سویند ئەخوات‌و رزگار ئەکری •

باسی ئەو جینایەتانە کە ئەبن بەهوی
(قصاص) یـا (دیـه)

هەر جینایەتی کە ببی بەهوی (قصاص) ، چ کوشـتن چ برینی ئەندام ، چ لابردنی هیز ، ثابت ئەبی بە چەند شت • یەکەم ئیقرارکردنی جینایەتکەرەکە لەگەل بالغی‌و عاقلیدا • دووهەم شەهادەتی دوو پیـاوی بەداد • سیهەم زانینی قاضی لەشوینیکا کە دروست بی حـوکـم بکا بـە ئاگاداری‌و زانینی خوی بەمەرەنگە کە (مجتهد) بی • چوارەم سویندی (مدعی) لەکاتیکا کە (مدعی علیه) نکوولی بکا لە سویند خواردن •

هەر جینایەتیکیش کە ببی بەهوی (دیه) ثابت ئەبی بەو چـوار شتە کە باسمان کردن ، وە بە شەهادەتی پیاویـک‌و دوو ژنی بەدادیش ، وە بە شەهادەتی یەك پیاوی بەدادیش لەگەل سویندی (مدعی)یەکەدا •

ئەگەر کەسیك کەسیکی جینایەتکەری عەفو کرد لە (قصـاص) بوئەوە بە شەهادەتی پیاویك‌و دوو ژن مال لەسەری ئیسـبات بکا ئـەوە قوبوول ناکری ، لەبەرئەوە تا قیصاصەکە ثابت نەبی کابرا نابی دەسـت بەردار ببی لی‌ی ، وە لەمصوورەتەدا هیشتا قیصاصەکە ثابت نەبوە •

ئەگەر پیاویك‌و دوو ژن شەهادەتیان دا بە (هاشمه)یەکی‌وا کـە لەپیشیەوە ئیسکی سەری دەرخستبی ، ئەوە بژاردنی ئەو (هاشـمه)یـە واجب نابی ، چونکە لەم صوورەتەدا (هاشمه)کەو ئیسك دەرخستنەکـە بە یەك جینایەت هاتوونەتەجی ، وە ئیسك دەرخستن قیصاصی تیا نی‌یە • وە هەر جینایەتیك کە ببی بەهوی قیصاص شەهادەتی تەواوی ئەوی کـە شەهادەتی دوو پیاوە •

(بزانن) لەکاتی شەهادەتدا واجبە شاهید بەئاشکرا باسی ئەو شـتە

بکا که کابرای (مدعی) ئیدیعای ئەکا بەمرەنگە نیسبەتی فەوتاندنەکە بدا بولای ئیشی کابرای (متهم) • کەواتە ئەگەر بلیت شەهادەت ئەدەم فلانکەس بە شمشیر دای لە فلانو برینداری کردو مرد ، ئەوە مەبەستەکەی پی ثابت نابی ، بەلکو ئەبی بلیت (بەو برینە مرد) یا (کوشتی) یا (لە شوینی خویا مرد) • هەروەها کافی‌یە بلیت شەهادەت ئەدەم فلان فلانی کوشت • ئەگەر وتی شەهادەت ئەدەم دای لەسەری‌و خویناوی‌ی کرد یا خوینی لی هینا ئەوە برینی (دامیە)ی پی ثابت ئەبی • وە لە شەهادەت لەسەر دەرخستنی ئیسکدا بلیت لی‌ی‌داو ئیسقانی سەری دەرخست • هەروەها واجبە بەیانکردنی شوین‌و ئەندازەی برینە ئیسك دەرخەرەکە بوئەوە کە قابیل بی قیصاصی لی وەربگیری • لەم بەیاناتەوە دەرکەوت هەر شتی هویەکەی نادیاری بی بە شاهید ثابت نابی‌و پیویستە جینایەتکەرەکە خوی پی‌ی لی‌بنی •

ئەگەر کەسیك شەهادەتی دا لەسەر بریندارکردنی باوکی یا برای یا کەسیکی‌تری کە میراتی لی وەربگری ، وە شەهادەتەکەی لەپیش خوش بوونەوەی برینەکەیدا بوو ، ئەوە قوبوول ناکریت چونکە ئەو شاهیدە توهمەتی قازانج دەس‌کەوتنی پی ئەبری بو خوی ، لەبەرئەوە کە لەوانەیە بریندارەکە بمری • وە ئەگەر شەهادەتەکەی لەپاش خوش‌بوونەوەی برینەکەی بوو قوبوول ئەکری ، وەکو شەهادەت بە مال بو ئەو خزمەی لە نەخوشی‌ی مردندا •

قوبوول ناکری شەهادەتی کەس‌وکار لەسەر فاسقی‌ی ئەو شاهیدانە کە ئیثباتی کوشتنیان کردووە لەسەر خزمەکەیان ، لەبەرئەوە کە ئەیانەوی کوشتنەکە ئیثبات نەبی بوئەوە کە (دیە)کەی نەدەن • ئەمەیش ئەبی بەهوی ئەوە کە (متهم) بکرین بەوە کە زیان لە خویان لائەدەن •

ئەگەر دووکەس شەهادەتیان دا لەسەر دوو کەس بەوە کە

فلان کەسیان کوشت ، وە ئەم دوو کەسەیش شەهادەتیان دا لەسەر ئەو دوو کەسە کە ئەوان فلان کەسیان کوشتووە ، ئەوە تەماشا ئەکەین ئەگەر خوین‌گری کوژراوەکە باوەری بە دووکەسی پیشوو هەبوو ئەوە حوکم بە شەهادەتەکەی ئەوان ئەدری ، وە ئەگەر باوەری بە دوو کەسە دواییەکە هەبوو ، یاخود باوەری بە هەموویان هەبوو ، یاخود باوەری بە هیچیان نەبوو ئەوە شەهادەتی هەردوولایان بەتال‌و بی‌سوودە • وە ئەگەر هەندی لە میرات‌گرەکان ئیقراریان کرد بەوە کە هەندی لە میرات‌گرەکان کابرایان لە قیصاص عەفو کردووە ، ئەوە قیصاص نامینی • وە ئەگەر دوو شاهید قسەیان جیاواز بوو لەبارەی کات یا شوین یا ئالەت یا شیوەی کوشتنی کابرای کوژراوەوە ، ئەوە قیصاص ثابت نابی ، بەلام بەهوی ئەم شەهادەتەوە گومانیکی بەهیز پەیدا ئەبی لەوکەسە کە موتەهەمە بە کوشتنی ئەو کابرا •

باسی هەلمەت هینان‌و بەرگری کردن

ئەگەر موسولمانیك یا کافریکی (ذمّی) یا منالیك یا شیتیك یا درندەیەك یا حەیوانیکی‌تر هەلمەتی هینا بو سەر شتی کە پاراستنی پیویست بی وەکو گیان یا ئەندامیکی لەش یا مەنفەعەتی یەکیکیان ، یا نامووس یا مال یا شتی کە هی کەسیك بی وەك زبل‌و سەگی پاس ، ئەوە دروستە بو ئینسان بەرگری بکات لەو هەلمەت هینەرە • بەلام تا ئەو بەرگری‌یە بە شیوەیەکی سووك‌و بی‌زیان قابیل بی دروست نی‌یە بە شیوەیەکی گران‌و زیان‌بەخش بی • مەسەلا ئەگەر بە پارانەوە یا هاوار بردن بو کەسیك یا بە راکردن یا بە هەرەشە چاری بکا ، دروست نی‌یە لی‌ی‌بدا • وە ئەگەر بە لیدان بە دەست چاری بکا دروست نی‌یە بە شوول لی‌ی‌بدا • وە ئەگەر بە شوول چاری بکا دروست نی‌یە بە کوتەك لی‌ی‌بدا • وە ئەگەر بە

کوتەك چاری ئەکرد نابی تیغ بەکاربهێنی • وە ئەگەر بە برینی پارچەیەك لە لەشی ، یا بە شکاندنی شوێنێکی چاری ئەکرد دروست نی‌یە بیکوژی • بەلی لەکاتیکا کە دوژمن لە هەردوولاوە تیك‌برژین تەماشا کردنی ئەم تەرتیبە پیویست نی‌یەو بە هەمووجوری بەربەرەکانی دروستە • وە ئەگەر کابرای بەربەرەکانی‌کەر پاش چاودیری‌کردنی تەرتیبەکە ناچار بوو هەلمەت‌بەرەکە بکوژی‌و کوشتی ، ئەوە ضامن نابی نە بو قیصاص‌و نە بو خوین (دیە)و نە بو قیمەت •

وە ئەگەر داریکی لی‌داو ئەویش رای‌کردو ئەمیش کەوتە شوینی‌و کوتەکیکی‌تری لی‌داو مرد ، ئەوە ئەم کابرایە ئەبی نیوە (دیە)ی کابرا بدا ، چونکە مردنەکەی بە دوو شت بووە ، یەکیکی زامنی کراوو یەکیکی زامنی نەکراو • ئەگەر کەسی بە چەکەوە رووی لە کەسیك کردو ئەم‌کەسە باوەری وابوو بە نیازی کوشتن بوی هاتووە ، ئەوە بوی دروستە بەرگری‌ی لی بکا بە هەرجوری کە بوی ری‌بکەوی ، هەرچەند ئەو کابرایشە دەست نەوەشینی لەم ، وە شەرت نی‌یە ئەم باوەرە بگا بە پایەی یەقین ، بەلکو گومان (ظن) کافی‌یە • کەوابوو ئەگەر دوو کەس هەلمەتیان برد بو یەکترو هەر یەکیکیان گومانیان وابوو کە ئەویان بە نیازی خراپە هەلمەتی هیناوە ، ئەوە لەم حالەتەدا بو هەردوکیان دروستە بەرگری لە یەکتر بکەن • جا ئەگەر هەردوکیان فەوتان ، یا هەر یەکیکیان فەوتا ئەوە ضەمانەتی ناکری ، مەگەر ئەم یەکە لەپاش دەست بەردار بوونی ئەویان هەلمەت بداو بیکوژیت ، ئەوە لەم‌کاتەدا (دیە)ی ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری بکوژەکە • بەلی ئەگەر کەسی کەسیکی کوشت‌و لەدوایيدا ئیدديعای ئەوەی کرد کە لە مەیدانی بەرگری‌دا کوشتوویەتی ، ئەوە لی‌ی قوبوول ناکری ، مادەم ئیثباتی ئیدديعاکەی خوی نەکا وەکو لە (انوار)و (تحفە)دا بەیان کراوە •

ئەگەر هەلمەتبەرەکە بە توول یا بە دار چاری ئەکرا ، بەلام کابرای هەلمەت بو براو لە شمشیرو خەنجەرو شتیوا بەولاوە هیچی لانەبوو ، ئەوە بوی دروستە بەمشتانە بەربەرەکانی بکا لە خوی ، چونکە لەمانە بەملاوە هیچی لا نییە • وە ئەگەر یەکیك لەوانەبوو ئەیزانی بە شمشیر بەرگری بکا لە خویو کابرای هەلمەت هینەریش بریندار نەکا ، کەچی برینداری کرد ئەوە ضامن ئەبی • وە ئەگەر نەیئەزانی بە بی بریندار کردن بەرگری پی بکا ئەوە ضامن نابی •

ئەگەر کەسیك بە دارەوە چوو بو کەسیكو ، ئەویش بە شمشیر یا بە خەنجەرەوە بەریگرت ئەوە ضامن نابی بەوشەرتە مەیدانی راکردن یا پەنابردنی نەبی • ئەگینا واجبە لەسەری رابکا یا پەنا ببا بو ئەو شوینە بو ئەوە کە کابرا بریندار نەکا یا نەیکوژی • وە ئەگەر هەر بە ئارەزوو واز لەمانە بینیو بە شیر بدا لە کابرا ئەوە ضامن ئەبی • بەلی ئەگەر کابرای هەلمەت هینەر کافری جەنگکەر یاخود پاشگەز بووەوە بی ، ئەوە دروست نییە رابکاو واجبە لەسەری بەربەرەکانی بکا هەرچەند بییان کوژی ، چونکە ئەمانە خوینیان هەدەرە •

وە ئەگەر حەیوانیك یا ئادەمیزادیك گازی گرت لە دەستی ئەوە خوی رزگار بکا بە شتی کە سووك بی وەکو بلاوکردنەوەی شەویلەکانی یا مشتەکول دان لە لا لەغاوەکانی • ئەگەر ئەمانەی بو نەکراو دەستی بە زور دەرکیشایە دەرەوەو بەهوی ئەوەوە دانی گازگرەکە شکا ئەوە ئەم کابرای گاز لیگیراوە ضامن نابی • وە ئەگەر گوزەیەك لە بەرزەوە داکەوت بەسەر یەکیکداو چاری نەبوو مەگەر بە شکاندنیو شکاندی ، ئەوە ضامن ئەبی ، چونکە ئەو گوزەیە خاوەن خواستو ئارەزوو نییە لە داکەوتنیا • بەلی ئەگەر خاوەنەکەی لە شوینیکیوادا دانابوو کە دابکەوی، ئەوە ئەم کابرایە ضامن نابی •

جا ئەگەر ئەو شتە کە دەفعی هەلمەت هینەری لی ئەکا مال بوو ، وە مالەکەیش گیانلەبەر نەبوو ، ئەوە ئەگەر مالی خـــوی بوو واجب نی‌یە بەرگری‌ی لی بکاو ئەتوانی وازی لی‌بینی‌و گوی‌ی نەداتی ، مەگەر حەقی کەسیکی‌تری پیوە بەسرابی مەسەلا وەکو ئەوە کە لە رەهنـــدا بی • وە ئەگەر مالی کەسیکی‌تر بی واجبە بەرگری‌ی لی بکا بەئەندازەی توانـای خوی بەتایبەتی ئەگەر لەلای خویدا بی بە صوورەتی ئەمانەت یا ویصایەت یا چاودیری وەکو مالی هەتیوو مالی وەقف •

وە ئەگەر مالەکە گیانلەبەر بوو ئەوە واجبە بەرگری‌ی هـەلـمـەت هینەرەکەی لی بکا چ مالی خوی بی‌و چ مالی کەسیکی‌تر بی‌و خاوەنەکەی هەلمەتی بو هینابی ، وەکو ئەوە کە یەکیك بی‌یەزی سەری گاجووتی خوی بە بەرد بشکینی ، هەتاوەکو ئەگەر سەگیك پەلاماری برد بو سەگیك واجبە دەفعی سەگە هەلمەت هینەرەکە بکری • بەلام شەرتی بەرگری کردن لە مال ئەوەیە کابرا ئەمین بی لە گیانی خوی ، هەروەها ئەمین بی لە مەینەتی لەش ، وە لە فەوتانی مال یا ئابرووچوونو بی‌حورمەت بوون ، وە لـــە بەرپا بوونی فیتنە ، وە ئەمین بی لە حوکمرانی ستەمکار کە ئارەزووی لە فەوتاندنی مالی خەلك بی •

وە ئەگەر شتەکە گیان بی واجبە بەرگری‌ی لی بکا بەوشەرتە ترسی ببی لە گیانی خوی یاخود لە برینی ئەندامیکی لەشی یا فەوتانی قـازانجی ئەندامیکی گیانی ، ئەگینا بەرگری لی کردن واجب نی‌یە • هـەروەهـــا ئەگەر کابرای هەلمەتبەر هەلمەتی بو سەر گیانی خوت هینا ئەوە بەرگری واجب نی‌یە ، بەلکو دروستە خوت بدەیتە دەستی قەزاو قەدەر ، بەتایبەتی لەکاتیکدا کە هیوای پایەی شەهیدبوونت هەبی !

وە ئەگەر شتە هەلمەت بو براوەکە ناموس بوو ، خواە کـــابـــرا دەس بو ناموس بەری یاخود خەریکی سەرەتای دەس بو ناموس بردن

بی وەکو ئەوە کە باوەش بکا بە ژنیکدا یا ماچی بکا یاخود بی‌یەوی سواری ولاخەکەی ببی ، ئەوە واجبە دەفعی هەلمەت بەرەکەی لی بکری بەوشەرتە ئەوکەسە ئەمین بی لە گیانو ئەندامو قازانجی ئەندامی خوی ، وە لە فەوتانی مالیك کە بەش بە حالی کابرا قیمەتیکی زوری هەبی • بەلی ئەگەر کەسی دەسی‌برد بو ناموسی خوی ، ئەوە واجبە لەسەری تا پی‌ی‌ئەکری بەرگری‌ی لی بکاو خوی نەدا بەدەستەوە ، هەرچەند ترسی فەوتانی گیانیشی هەبی •

(بزانن) واجبە لەسەر حوکمرانو خاوەن دەست دەفعی هەلمەت‌هینەر بکەن لە گیانو مالو ناموسی ئەوکەسانە کە لەژیر فەرمانرەوایی ئەواندان ، بەپی‌ی تواناو دەسەلات •

باسی روانین بو خیزانی خەلك

ئەگەر کەسی لە مالیکی‌وادا بی کە حەقی دانیشتنی تیدا هەبی خواه بە مولکیەتی یا بە کری‌گرتن یا بە خواستنو شتی‌وا ، وە کەسیك لەسەر منارەوە یا لەسەربانەوە یا لە پەنجەرەوە یا لە تاقیکی بچوکی عادەتی‌یەوە تەماشای ژنو منالی ئەم کەسە بکا بە دەسەنقەست ، وە هیچ شوبهەیەکی نەبی لە حەلالی‌ی ئەو تەماشا کردنەداو ، ئەم خاوەن خانووەش شتیکی سووکی بو فری دا ، یاخود شتیکی قورسی بو فری‌داو غەیری ئەو شتە قورسە لەویادا بەردەس نەکەوتو چاوی تەماشاکەرەکەی کویر کرد یاخود برینداری کرد ، وە بەهوی برینەکەوە مرد ئەوە ئەوکەسە خوینی هەدەرەو نە (قصاص)و نە (دیە)ی نی‌یە ، هەرچەند قابیل بی بە قسە مەنعی بکا • بەلی گوناهی ئەگا کوتووپر بەر لە ترساندنو هەرەشە لی‌کردن دەستی لی بووەشینی •

وە ئەگەر ئەو کابرا شوبهەیەکی هەبوو لەو روانینەدا وەکو ئەوە

کە کەل‌وپەلی لەویادا هەبی ، یاخود ژنی یا کەنیزەکی یا مەحرەمیــکی لەوماڵەدا بی ، ئەوە دروست نی‌یە خاوەن ماڵەکە بەردی بو بخاو دەستی لی بوەشینی ، ئەگینا ضامن ئەبی • هەروا ئەگەر خاوەن ماڵەکە خـــوی دەرکاکەی کردبووەوە ، یاخود تاق‌و دەلاقەکە زیاد لە عادەت گەورە بوون، یاخود تەماشاکردنی کابرا بە دەسەنقەست نەبوو ، ئەوە لەم‌صوورەتانــەدا لەپیش ترساندنا دروست نی‌یە بەردی بو بخا ، ئەگینا ضـــامن ئەبی • هەروەها ئەگەر ئەوکەسە کە ئەروانی مەحرەم بی بو ئەهلی خانووەکــە ، وەکو مامیان یا براو برازایان •

(بزانن) لەوصوورەتانەدا کە دروستە بەردی بو بخا ، ئەبی هــەر بو چاوی بهاوی • جا ئەگەر دای لە چاوی‌و کویری کرد ، یا دای لـــە نزیکی چاوی‌و بە سیرایەت مرد ، ئەوە خوینی هەدەرە • وە ئەگــەر بو شوینیکی‌تری خست ئەوە ضامن ئەبی •

باسی ئەوشتانە کە لە تەمی‌کردنەوە روو ئەدەن

ئەگەر وەلی‌ی ئەمری مندال یا ماموستا ئاموژگاری‌و تەمی‌ی منالیکی کرد ، یا حوکمرانی شەرع سەرزەنشت‌و تەمی‌ی کەسیکی کرد ، یا میرد تەمی‌ی ژنەکەی کرد ، وە ئەو تەمی کراوە لەوەوە تووشی زیانیك بوو لە گیانیا یا لە ئەندامیا یا لە قازانجیکیا ، ئەوە ئەم کەسانە کە تەمی‌کــەیـــان کردووە ضامن ئەبن ، چونکە ئەم جورە تەمی‌یە هەرچەند دروستە ، بەلام ئەبی بەجوری بی کە ئەنجامی سەلامەت بی ، وە ئەگەر زیانی گەیـانـد ئەوە دیارە بەجوریك بووە لای داوە لە ئەندازەی شەرعی •

وە ئەگەر حوکمرانی شەرع (حدّ)ی دا لە کەسیك کــە زینا یـــا دزی‌ی کردبوو یا بوختانی بە دەمی یەکیکەوە کردبوو ، یا شـــەرابی خواردبووەوە ، وە ئەوکەسە بەهوی (حدّ) لی‌دانەوە مرد ، ئەوە حوکمرانی

شەرع ضامن نابی • وە ئەگەر زیاتر لەو ژمارەیە کە شەرع داینـاوە داری لیدا ئەوە ضامنی بەشی زیادەکەی دەبی • کەواتە ئەگەر بو شــەراب خواردنەوە پەنجا داری لیدابوو ضامنی پینجیەکی (دیە)کـەی ئەبی ، وە لە فەرمووددەیەکدا ضامنی نیوەی (دیە)کەی ئەبی ، یەکیکی ضەمانەت کراوو یەکیکی ضەمانەت نەکراو • ئەم دوو فەرموودەیە رەوان دەرحەق بە حوکمرانیکیش کە هەشتاو یەك دار بدا لە کەسی کە بوختانی بو یەکیك کردبیو ئەوکەسە بەو دارانە بمری •

باسی هەندی دەسکاری کردن لە منالدا وە لە لەشی ئینسان خویدا

رەوایە بو ئینسانی بالغی عاقلی ئازاد (لوو)یەك کە لە لەشی خویدا بی ببیری ، مەگەر لە شوینیکی مەترسیدارا بیو مانەوەشی هیچ زیــانی نەبی ،یاخود مەترسی لە برینەکەیدا زورتر بی • هەروەها دروســتە بو باوكو باپیرە برینی لوو لە لەشی منالو شیتدا بەوشەرتە کە مانەوەی لووەکە مەترسیی هەبیو برینی زیانی نەبی یاخود مانەوەو برینی هەردوکیــان خەتەریان هەبی ، بەلام خەتەر لە هیشتنەوەیدا زورتر بی • بەلام غەیری باوكو باپیرە وەکو حوکمرانی شەرعو وەصیی منالو کەسیك کە دادگـا کردبیتی بە سەرپەرشتیکەری ، ئەوە حەقی ئەم جورە کردەوانەیان نییە تەنها لەکاتیکدا نەبی کە مانەوەی لووەکە مەترسیی هەبی بو منالــەکـەو برینەکەی هیچ مەترسییەکی نەبی ، ئەوە لەوکاتەدا بویان دروستە •

دروستە بو وەلیئەمری منالو شیت خوین گرتنو کەلەشاخ گرتـن لییان ، وە دەرمان پیدانیان بەهوی دوکتورەوە بەوشەرتە دوکتورەکــە ناسراوو دیاری بیو زانا بی • جا ئەگەر وا ریکەوت بەهوی ئەم جـورە کردەوەوە منالەکە یا شیتەکە مردن ئەوە کەس ضامن نابی •

هەروەها دروستە کون‌کردنی نەرمەی گویچکەی کچ بو ئەوە کـە گوارەی تی‌بکری • بەلام لە کون کردنی گویچکەی کوردا قسـەی زانایانی شەرع یەك نی‌یە • فەرموودەی (راجح) لای زانایانی پەیرەوی شافیعی ئەوەیە کە دروست نی‌یە • بەلام هەموو قسەیان یەکە لەوەدا کە کون‌کردنی لووت حەرامە چ بو کورو چ بو کچ ، وە گوی بەوە نادری کە لووت سمین لەناو ژنانا بووە بە باو •

ئەگەر دەسەلاتداری ولات تەسەروفێکی نارەوای کرد لە منال یا لە شیتداو ئەو منال‌و شیتە بەهوی ئەوەوە مردن ، ئەوە ئەبی بە ضـامن‌و (دیە)یەکی قورسی ئەکەویتە سەر لە مالی خوی • وە هەر زیانی کـە پەیدا ببی لە خەتاو هەلـەی ئیمام لە لی‌دانی (حـدّ)دا وە لـە جی‌بەجی کردنی حوکمی شەرعدا ، ئەوە ئەکەویتە سـەر کـەس‌وکاری • لـە فەرموودەیەکیشدا ئەکەویتە سەر (بیت المال) • وە ئەگەر کەس‌وکـار بژاردیان بویان نی‌یە بچنەوە سەر ئەو کەسانە کە بوون بەهوی هەلەکردنی ئیمام ، وەکو دوو شاهید کە لەئەنجامدا دەربکەوی فاسقن ، چونکە ئیمام خوی کەمتەرخەمی‌ی کردووە لەپیشا لە حالی ئەم شاهیدانە نەکولیوەتەوە•

وە ئەگەر ئیمامی موسولمانان ، لەگەل ئەوەشدا کە بزانی بە فاسقی‌ی شاهیدەکان ، بە دەسەنقەست (حدّ) بدا لە کەسیك‌و ئەوکەسە بمری ، یا قیصاصی سەند لە کەسیك کە توهمەتی قەتلی لەسەر بوو ، ئەوە قیصاصی ئەوکەسە لەسەر ئیمامەو لە قیصاصدا ئەکوژریتەوە • بەلی لەصوورەتیکدا بە هەلە باوەر بکا بەو شاهیدانەو خوی بە عادلیان بزانی ، ئەوە (دیـە) ئەکەویتە سەر کەس‌وکاری ئیمام ، وە لە فەرموودەیەکدا ئەکەویتە سەر (بیت المال) وەکو ئیستە لە ئوسوولە پیشووەکەوە دەرکەوت •

ئەگەر (سەربر) بە فەرمانی پادشاه دای لە یەکی یا کوشتی ئـەوە

ئەگەر ئەم سەربرە پادشاه بە عادل بزانیو فاسقیو زولمو زوری پادشا دیاری نەبی ، ئەوە لەم صوورەتەدا وەکو ئەوە وایە کە پادشاه خوی کابرای کوشتبی یا لیدابیو هیچ لەسەر سەربرەکە نییە • وە ئەگەر پادشاه بە زور ئەم ئیشەی پیکردبی ، ئەوە هەردوکیان ئەکوژرینەوە • وە ئەگەر بە بی زوری پادشا بەلکو هەر بە قسەی رووتی کابرا بکوژی ئەوە قیصاص تەنها لەسەر سەربرەکەیە •

باسی زیان گەیاندنی حەیوان

ئەگەر کەسیك لەگەل حەیوانیك یا چەند حەیوانیکدا بی ، ئەوە ئەوکەسە ئەبی بە ضامنی هەر زیانی لەو حەیوانانەوە پەیدا ببی ، چونکە هەر کردەوەیەك لەو حەیوانانە رووبدا وەکو کردەوەی ئەوکەسە خوی تەماشا ئەکری ، خواه ئەو حەیوانانە بەسرابن بە یەکەوە یا نە ، وە زیانەکەیان لە گیاندا بی یا لە ئەندامی لەشدا یا لە مالدا ، وە ئەوکەسە کە لە گەلیانایە خاوەنیان بی یا حەیوانەکانی بە کری گرتبی ، یا بە خواستن خواستبنی ، یا بە زور داگیری کردبن ، یاخود شوان یا گاوان یا پاسەوانیان بی ، یا لیخوریان بی یا جلەو راکیشیان بی یا سواریان بی • بەلی ئەگەر حەیوانەکە لە زوری ئینسان دەرچووبی وەکو هەنگ ئەوە هەر زیانی بدا هەدەرە • هەروەها بالدار وەکو بازو هەلو ، مەگەر فیر کرابیو کابرای فیرکەر بەریدابی بو سەر حەیوانی ، ئەوە لەمکاتەدا ضامن ئەبی • هەروەها ئەگەر شوانیك لەگەل راندا بوو ، بەلام بە بی کەمتەرخەمیی ئەو شوانە ، مەسەلا لەبەر هیرشی باو باران یا دز یا جەردە یا گەلەگورگ ، ئەو حەیوانانە تار بوونو زیانیان گەیاند ، ئەوە شوانەکە ضامن نابی • هەروەکو ئەگەر لەمکاتەدا حەیوانیك فەوتاو بی سەرو شوین رویشت ، کابرای شوان نابی بە ضامنی ئەو حەیوانە ، چونکە پاراستنی لە توانای ئادەمیزاد بەدەرە •

وە ئەگەر دووکەس لەگەل ئەو حەیوانانەدا بوون کە زیانیان داوە لە شتێ ، ئەوە هەردوکیان ضامن ئەبن خواە ئەو دووکەسە پاسەوان بن یا لێخور یا جلەوکیش یا سوار بن ، بەوشەرتە هەردو سوارەکە عەلاقەیان هەبێ بە لێخورین‌و رویشتنی ئەو ولاخەوە • وە ئەگەر تەنها یەکیکیان عەلاقەدار بێ لەوەدا وەکو ئەوە کە ئەوەی پاشەوە منالێ بێ لە پاشکوی سوارەکەدا یاخود ئەوی پیشەوە منال بێ یا نەخوش بێ ئەوە هەر ئەو یەکە ضامنە •

ئەگەر تاقەکەسیك سواری ولاخیك بوو ، وە ولاخەکە زیانیکی دا ، ئەوە سوارەکە ضامنە هەرچەند ژن بێ یاخود کویر بێ‌و لەغاوی ولاخەکەیش بەدەستیەوە نەبێ • بەلێ (علي الشبراملسي) لە حاشیەی (نهایه)دا پیچەوانەی ئەم حوکمە دەفەرموی لە مەسەلەی کویردا ، وە ئەلیت مادەم لەغاوی ولاخەکە بە دەست کویرەکەوە نەبێ ئەوە ضامن نابێ ، بەلکو لەغاو دارەکە ضامنە • وادیارە ئەگەر لە صوورەتیکیشا کە ژن سوار بێ ، ئەگەر ژنەکە پەچەی دادابێ‌و لەغاوی ولاخەکەی بە دەستی کەسیکەوە بێ ، ئەوە ئەوکەسە ضامن ئەبێ نەك ژنەکە چونکە ئەو پەیوەندی نی‌یە لە رویشتنی ولاخەکەدا •

وە ئەگەر ئەو ولاخە کە کەسیك سواری بووە لەغاوی نەبوو ، وە یەکیك لەپاشەوە لێی‌ئەخوری ، ئەوە نەقیزە وەشینەکە ضامن ئەبێ • هەروەها ئەگەر کەسیك بەرەورووی ولاخەکە هات‌و دایە بەر بەردو ولاخەکە گەرایە دواوە ، وە لەو گەرانەوەیەیدا زیانیکی گەیاند ، ئەوە ئەوکەسە ئەبێ بە ضامن نەك سواری ولاخەکە یا ئەوکەسە کەوا لەگەلیا • هەروەها ئەگەر کابرای سوار سواریکی عادەتی بوو ، وە لەغاوی ولاخەکەیش قایم بوو ، بەلام ولاخەکە کەللەرەق بوو ، وە کابرای سوار دەرەقەتی نەئەهات ، وە کەوتە غارو زیانیکی گەیاند ، ئەوە کابرا نابێ بە

ضامن مەگەر بزانی کە ولاخەکەی پی راگیر ناکریو بە بیموبالاتی سواری بووبی • بەلی ئەگەر ئەوکەسە کە سوار بووە کەسی بی بە بیئیذنی خاوەن ولاخەکە سوار بووبیو ولاغەکە زال بی بەسەریاو غار بداو زیان بگەیەنی ، ئەوە ئەو سوارە ضامن ئەبی چونکە سواربوونەکەی بە ناحەقو خیلافی شەرعە •

وە ئەگەر کەسی سواری ماینی بوو کە نومایەکی لەگەلدا بی ، یا سواری کەری بوو کە جاشیکی بەدواوە بوو ، ئەوە ئەو کابرایە هەروەکو ضامنی زیانی ولاخەکانە ضامنی زیانی بەچکەکانیشە •

هەر ولاخی کە سەرکیش بیو بە لەغاو راگیر نەکری ، دروست نییە خاوەنەکەیشی لە بازارو شوینی قەرەبالغدا سواری ببی ، ئەگینا هەر زیانی بدا سوارەکەی ضامن ئەبی • هەروەها ئەگەر ولاخەکەی لەقەی ئەدا یا هەلیئەخستەوەو جووتەی ئەوەشاند یا گازی ئەگرت ، دروست نییە خاوەنەکەی سواری ببیو بەناو قەرەبالغدا بیگیری • وە ئەگەر سواریی پی کرد ئەبی بە ضامنی زیانی •

وە ئەگەر کەسیك غاری کرد بە ولاخ لە شوینیکا کە شوینی غار نەبی ، یاخود لەشوینیکا کە قورو لیتەی تیدابی ، ئەوە لەمصوورەتەدا هەر زیانیك پەیدا ببی کابرای سوار ضامنە • هەروەها ئەگەر چەند حوشتریکی لی خوری لە بازارا یا لە مەیدانیکی قەرەبالغدا بە بیئەوە کە ریزیان بکاو بییان بەستی بە یەکەوە ، ئەوە لەوحالەدا هەر زیانیکیان دا کابرای لیخور ضامنە •

ئەگەر حەیوان لەکاتی بەرەللا بووندا زیانی گەیاند بە گیانیك یا بە ئەندامی کەسیك یا بە کشتو کالیك ، ئەوە ئەگەر خاوەن حەیوانەکە کەمتەرخەمیی کردبی ضامن ئەبی • جا لەمشوینەدا روونکردنەوەیەك

پیویسته بەتایبەتی بو مەسەلەی زیان گەیاندن بە کشت‌وکال • مەسەلا ئەگەر دەوروپشتی شوینەکە کشت‌وکالی زوری تیابوو ، وە لەوەرگاکە لەناو کیلگەکە یا لەنزیکیا بوو ، ئەوە عادەتیك کە شەرع پیی رازی ببی ئەوەیە نە بە شەوو نە بە روژ ئەو حەیوانانە کە زیان ئەگەیەنن بەرەلا نەکرین ، وە ئەگەر بەرەللاکرانو زیانیان گەیاند ئەوە ئەگەر کەسیان لەگەلدا بوو ئەوکەسە ضامنە • وە ئەگەر کەسیان لەگەلدا نەبوو ئەوە خاوەن حەیوانەکان ضامنن ، مەگەر حەیوانەکە زور توند بەسرابیتەوەو هەر بە زور خوی بەرەللا کردبی ، ئەوە لەم صوورەتەدا خاوەنەکەی ضامن نابی • هەروەها ئەگەر راکردنی ولاخەکە بە کەمتەرخەمیی خاوەنەکەی بوو ، وە گەیشت بە کیلگەکە ، بەلام خاوەن کیلگەکە لای کیلگەکەی بوو ، وە ولاخەکەی دەرنەکرد تا زیانی گەیاند ، ئەوە خاوەن ولاخ ضامن نابی • بەلی ئەگەر خاوەن کیلگەکە دەرەقەتی ولاخەکە نەهات‌و چاری پی‌نەکرا ئەوە خاوەن ولاخەکە ضامن ئەبی • ئەوەش بزانین کە هەر ولاخیك وا بەهیزو بەدخوو بی واجبە لەسەر خاوەنەکەی کاریکی‌وا بکا ئەو ولاخە دەرنەچی‌و بەر نەبی ، ئەگینا هەر زیانی بدا بە شەو یا بە روژ ئەبی بە ضامنی • وە ئەگەر ئەو ولاتە وابوو کە لەوەرگەیان دوور بوو لە کشت‌وکالیان‌و بە روژدا حەیوانیان بەرەللا ئەکرد بو ئەو لەوەرگایەو بە شەو ئەیان‌بەستەوە یا ئەیان‌کردە ناو پەچە یا ناو خانوو ، ئەوە هەر زیانی بە روژا بیدەن ضەمانەتی نی‌یە ، وە هەر زیانی بە شەو بیدەن ئەبی خاوەن حەیوانەکە ضەمانەتی بکاو بیبژیری •

وە ئەگەر عادەتی ولات بەپیچەوانەی ئەم صوورەتە بوو ، مەسەلا بە روژدا ئیشیان ئەکرد بە حەیوانەکانیان‌و ، بە شەو بەرەللایان ئەکردن ، ئەوە هەر زیانی بە روژا بیدەن ضەمانەتی هەیە ، وە هەر زیانی بە شەو بیدەن ضەمانەتی ناکری •

وە ئەگەر بە روژو بە شەو حەیوانیان بەرەللا بوو ، چونکە کشت‌وکال‌و باخ‌و بیستانیان دیواری بەدەوردا کرابوو وە دەرگایان لی داخرابوو ، ئەوە هەر زیانی بدەن ضەمانەتی نی‌یە چ بە شەوو چ بە روژ، چونکە ئەگەر دەرگا دابخریت حەیوان ناروات‌ە ناوی • وە ئەگەر دانەخریت بە کەمتەرخەمی‌ی خاوەن کیلگەکە دائەنری ، مەگەر ولاخەکان دیواری کیلگەکە برووخینن یان بیشکینن‌و برونە ناو کیلگەکەو زیان بگەیەنن بە کشت‌وکالەکە ، ئەوە لەم‌کاتەدا ضامن ئەبی •

ئەگەر خاوەن کشت‌وکال حەیوانەکەی لە کیلگەکەی خوی دەرکردو کردیە کیلگەکەیەکی ترەوە ، ئەوە ئەم کابرا ئەبی بە ضامنی ئەو زیانە کە ئەیگەیەنی • وە ئەگەر دەوری کیلگەی کابرا هەموو کیلگەی خەلك بوو ، ئەوە واجبە لەسەری خوی رابگری‌و مەیدانی ئەو حەیوانە بدا لە کیلگەکەی خوی‌دا بلەوەری‌و لەپاشا هەرچی زیانیکی پی‌گەیشتووە ، بیبژیری بە خاوەنی ئەو حەیوانە • وە ئەگەر دەوری کیلگەکەی چول بوو ئەتوانی دووری بخاتەوە ، بەلام ئەوەندە دووری نەخاتەوە کە گورگ بیخوات یا تووشی زیان ببی ، ئەگینا ضامنی ئەبی •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی تووشی بوو کە ویل ئەبوو بە شوینی کیلگەداو زیانی ئەگەیاند واجبە لەسەری ئاگای لی بی‌و بیبەستیتەوە بوئەوە کە زیان نەگەیەنی بە خەلك • جا ئەگەر نەی‌بەستەوەو ولاخەکەی دەرچوو زیانی دا ، یاخود بە رەشمەیەکی دریژی‌وا بەستیەوە دەمی بگا بە کشت‌وکالی خەلك ، یاخود باش نەی‌بەستەوەو ئەویش خوی بەرەللا کردو زیانی دا ، ئەوە ئەوکەسە ولاخەکەی لایە ضامن ئەبی • بەلی ئەگەر بە رەشوەی ئەستوور بەستیەوە ، کەچی دەرچوو زیانی‌گەیاند ئەوە ضامن نابی • ئەگەر ولاخەکەی جووتەی ئەوەشاند ، یا گازی ئەگرت ، یا لەقەی ئەدا ، یا قوچی ئەدا لە خەلك ئەوە واجبە لەسەر خاوەنەکەی

یا ئەوکەسە کە حەیوانەکەی لەدەستایە ئاگاداری‌ی بکاو لە جیگەیەکدا نەی‌بەستیەوە کە زیان بگەیەنی • جا ئەگەر لە چولیکدا بەستیەوە یا لە مولکی خوی‌دا یا لە مولکی‌خەلکداو بە ئیذنی‌خاوەنەکەی بوو وە زیانی‌دا لە شتیك ئەوە هەدەرەو نابی بە ضامن • وە ئەگەر لە سەرەریگایەکی تەنگدا بەستیەوە ، یا لەسەر ریگایەکی گوشادا ، بە بی ئیذنی ئیمام یا جی‌گری ئیمام ، وە زیانی‌دا ئەوە ضامن ئەبی • هەروەها ئەگەر لە مالی خویدا بەستیەوەو یەکیکی بانگ کردبوو ، وە خەبەری نەدابوویە کە حەیوانیکی‌وای لەمالدایە ، ئەوە ضامن ئەبی •

ئەگەر کەسیك سەگیکی لاگیری بەدخووی راگرتبوو ، یا پشیلەیەکی زیانەخوری هەبوو کە مریشك‌و هیلکەی ئەخوارد یا زیانی ئەدا ، یا سەگیکی‌وای هەبوو ، واجبە لەسەری بە شەوو بە روژ بی‌یان‌بەستیتەوە بوئەوە کە زیان نەدەن ، ئەگینا هەر زیانی بە هەر شتی بگەیەنن خاوەنەکەیان ضامن ئەبی • بەلی ئەگەر سەگەکەی لە لادەرگا یا لە دەشتا بەستەوەو یەکی بە ئارەزووی خوی رویشت بولای‌و سەگەکە گازی لی‌گرت ئەوە کابرای خاوەن سەگ ضامن نابی • هەروەها ئەگەر بە بی بانگ کردنی خاوەن‌مال بروات ە ژوورەوەو سەگەکە لەوی گازی لی بگری هەر ضامن نابی • هەر حەیوانی کە حالی دیاری بی‌و بزانری کە زیان ئەگەیەنی ، دروستە بکوژری ، بەلکو ئەگەر زیانی زور بی کوشتنی واجبە بوئەوە کە خەلك لە زیانیان بپاریزرین •

وە ئەگەر پشیلەیەك یا سەگیك لای کەسیك بوو ، وە زیانی مەعلووم نەبوو ، کەچی بە ریکەوت زیانی گەیاند ، ئەوە لە یەکەمجاردا خاوەنەکەی ضامن نابی • ئەگەر کەسیك باری‌دار بنی لە ولاخیك ، وە ئەو ولاخە خوی توند بکا لە دیواری یا لە شتیکی‌ترو زیانی پی‌بگەیەنی ، ئەوە ئەوکەسە کە ولاخەکەی بەلاوەیە ضامن ئەبی • هەروەها ئەگەر

به باره دارەوه رویشت به بازاردا یا به ریگەیەکی قەرەبالغدا • وه ئەگەر ریگەکه یا بازارەکه قەرەبالغ نەبوو ، ئەوه ضامنی زیان نابی ، مەگـــەر ئەوکەسه که تووشی زیان ئەبی مندالیکی بی‌تـەمیـز بی یا کویـــر بی • هەروەها ئەگەر پشتی لـه ولاخـــەکـه بی‌و کـابـرای خـــاوەن ولاخ خەبەرداری نەکا •

(بزانن) شەرتی ضەمانەت ئەوەیه کابرای خاوەن‌مال کەمتەرخەمی‌ی نەبی • ئەگەر کابرا مالەکەی خوی له سەرەریگەو بەرپیدا دانا ، یاخود گوی‌ی نەدایه ، ئەوه خاوەن ولاخەکه ضامن نابی ، وه به دەســتووری گشتی له هەر شوینیکا ضەمانەت هاتەجی ، ئەگەر ضەمانەتی گیان بوو ، وه کابرای خاوەن حەیوان به دەسەنقەست نەی‌کردبوو وەکو ئەوه کـه درندەیەك بخا بەسەر کەسیکدا ، ئەوه (دیـه) لـەسەر کەس‌وکـاری واجب ئەبی ، وه ئەگەر مال واجب بوو ئەوه لەسەر خویەتی •

باسی پیشەوایەتی‌ی موسولمانان

فەرضی کیفایەیه لەسەر هەموو موسولمانان پیشـەوایـەك دابنین بـو خویان که فەرمانرەوای گشتی بی بوئەوه ئایینی ئیسلامیان بو راگیر بکاو برەو بدا به حوکمی قورئان‌و حەدیثی پیروزو ، فەرمانەکانی ئایینی ئیسلام بەسەر هەموو کەسدا جی‌بەجی بکا ، وه هەرچی پیویست بی بو مانەوەو بەرز بوونەوەی ئایینی ئیسلام بیکا وەك پاراستنی سنووری ولاتی ئیسلام له کافرانو ، خزمەت کردنی زانست‌و پیشەسازی‌و ئابووری‌و ئاوەدانی‌و ، ئاوەدانکردنەوەی هەر شوینی به ئەندازەی پیویست‌و، راگرتنی لەشکرو، پاراستنی ئاسایش‌و هیمنی‌و دادگەری‌و ، نەهیشـــتنی نـاکوکی‌و ئـاژاوه لەنیوان ئەندامانی کومەلداو ، دانەوەی مافی هەرکەسی به دەستی خوی‌و، وەرگرتنەوەی مافی زور لی‌کراوان له زوردارانو ، کردنی هەرچی باش بی بو موسولمانان بەپی‌ی روژ •

شەرتی پیشەوای موسولمانان ئەوەیە موسولمان‌و تەکلیف لی‌کراوو ئازاو نیرینەو قورەیشی نەسەب‌و (مجتهد) بی لە دیندا ، وە دادپەروەرو دل‌قایم‌و بەغیرەت‌و هوشیارو چالاك بی لە بەریوەبردنی پیویستی‌یەکانی گشتی‌دا ، وە خاوەن زمان‌و چاوو گوی‌و لەش‌ساغ بی •

جا ئەگەر گەورەیەکی‌وا کرا بە پیشەوای موسولمانان کە ئەم مەرجانەی تیابوو ، وە پاش ماوەیەك فیسقی بەسەرا هات ، بەو فاسق‌بوونە عەزل نابیت • وە ئەگەر باری دنیا وا گورا کە کەسیکی‌وا دەس‌نەکەوت بی بە پیشەوای موسولمانان ، بەلکو هەندی لەم مەرجانە فەوتا ، ئەوە هەرکەس بەنیسبەتی وەخت باشتر بوو ئەوە ئەبی بە پیشەوای موسولمانان•

وە ئەگەر هاتوو گیرودە بووین بە سەروکایەتی‌ی پیشەوایەکی فاسق ، ئەوە فەرمانی جی‌بەجی ئەکەین لە هەر شتیکا کە بەئاشکرا پیچەوانەی نەصی ئایینی ئیسلام نەبی ، وە بەقەدەر توانا تی‌ئەکوشین بوئەوەی کاروباری موسولمانان بە ریگەی راستدا بڕواو ، مەیدانی ئەوە نادەین هەراو ئاژاوە لەناو موسولماناندا پەیدا ببی •

پیشەوایی بەهوی چەند شتیکەوە پەیدا ئەبی • یەکەم : ئەوەیە کە کاربەدەستانی وولاتی ئیسلام دەس‌بخەنە دەسی یەکی لەوانە کە ئەو مەرجانەیان تیا دیتەجی‌و بیکەن بە پیشەوای موسولمانان • مەبەست لە کاربەدەستانی ولاتی ئیسلام کەسانیکە کە موسولمان بن‌و تەکلیفیان لەسەر بی‌و ئازادو لە ری لانەدەرو خاوەن پیاوەتی بن • جا ئەگەر کومەلیکی‌وا یا دووکەس لە شوینیکدا کە لەوەندە زیاتری تیا نەبی ، دەسیان خستە دەستی کەسی کە مەرجەکانی تیا بی ، ئەوە ئەبی بە پیشەوای موسولمانان‌و فەرمانداری کردنی واجب ئەبی لەسەر هەموو موسولمانی خوا لەو ولاتەدا یا لە ولاتانی‌تری ئیسلامدا • ئیتر ریکەوتنی هەموو کاربەدەستانی ولاتانی

ئیسلام پیویست نی‌یه ، چونکه ئه‌گه‌ر مه‌رجی‌وا دابنیین ئه‌وه دانانی پیشه‌وا بو موسولمانان وه‌کو مه‌حالی لی دی •

ئه‌گه‌ر له یه‌ك كاتدا له یه‌ك ولاتدا یا له دوو ولاتـدا ده‌س‌خرایـه ده‌سی دوو که‌س که هه‌موو مه‌رجه‌کانیان تیا بی ، ئه‌وه هیچیان نابـن به پیشه‌زای موسولمانان‌و ، پیویسته کاربه‌ده‌ستانی موسولمانان یه‌کیکیان دیاری بکه‌ن•وه ئه‌گه‌ر به‌رودوا ده‌سیان خسته ده‌سیان ، ئه‌وه ده‌س خستنه ده‌ستی پیشووه‌که‌یان دائه‌مه‌زری‌و هی دوایی‌یه‌که‌یان به‌تال‌و بی‌قیمه‌ته •

دووه‌م : ئه‌وه‌یه پیشه‌وایه‌ك که به شـه‌رعی پیشـه‌وایه‌تی‌یه‌که‌ی دامه‌زرابی ، هه‌ر له ژیانی خویدا یه‌کیك بکا به پیشه‌وا ، به‌لام ئیش‌کردنی به‌ستی به پاش مردنی خویه‌وه ، یاخود وه‌صیه‌ت بکا بوی که له‌پاش مردنی خوی بیکه‌ن به پیشه‌واو کابرایش له‌پاش مردنی پیشـه‌وا قوبوولی بـکاو خه‌لك ده‌س‌بخه‌نه ناو ده‌ستیه‌وه • وه ئه‌گـه‌ر پیشـه‌وایـه‌ك حه‌قی پیشه‌وایه‌تی‌ی کرد به راویژو ته‌گبیر له‌ناو چه‌نـد کـه‌سیکدا ، ئـه‌وه‌یش دروسته ، به‌لام واجبه له‌سه‌ر ئه‌وکه‌سانه یه‌کی له خویان دیاری بکه‌ن بو پیشه‌وایی •

سیهه‌م : ئه‌وه‌یه که‌سی که هه‌موو مه‌رجه‌کانی تیابی له‌پاش مـردنی پیشه‌وای راستی ، به‌هیز پایه‌ی پیشه‌وایی داگیر بکا • هه‌روه‌ها ئـه‌گـه‌ر که‌سیك که مه‌رجه‌کانی پیشه‌وایی تیا نه‌بوو ، به هیزی خوی‌و ده‌سـت‌و پیوه‌ندی پایه‌ی پیشه‌وایی داگیر کرد ، ئه‌وه ئه‌بی به پیشه‌واو پیویسـته له‌سـه‌ر خه‌لك که فه‌رمان بـه‌رداری‌ی بکه‌ن بوئـه‌وه‌ی ئیش‌وکـاری موسولمانان جی‌به‌جی بکری •

باسی ئەوانەی کە یاخی دەبن
لـە پیشـەوای موسولمانان

مەبەس لە یاخی بوو کومەلە موسـولمانیـکە گـەورەیـەکی فەرمان‌رەوایان هەبی ، بەهیزو توانای خویان لی‌ی یاخی بن‌و فـەرمـانی جی‌بەجی نەکەن‌و بیانوویەك بدوزنەوە بو ئەم دەرچوونەیان لە فەرمـانی ئەو گەورەیە • ئەمانە شایەتی‌و فەرمانی قاضی‌و نووسراوی قـاضی‌یـان پەسەند ئەکری بە شەرتی کە خوینی موسولمانان بە حەلال نەزانن •

ئەگەر ئەم کومەلە (حدّ)یان دا لە کەسیك ، یا زەکاتیان وەرگرت لە موسولمانان ، یا سەرانەیان سەند لە کافری (ذمّی) ، یـا خەراجیـان وەرگرت لەوانەی کە زەوی‌وزاری (بیت المال)یان بەدەسـتەوەیە ، وە بەشی سەربازی نان‌خور (مرتزقه)یان دابەش کرد بەسەر سەربازەکانی لەشکری خویاندا ئەوە دروستە •

هەر شتی کە یاخی بوو بیفەوتینی لە مالی کەسانی لە ریگا لانەداوو شوین کەوتووانی پیشەوای موسولمانان ، یا ئەمان بیفەوتینن لە مالی ئەوان، ئەگەر لە کاتی جەنگ‌و هەرادا بی کەس نابی بە ضامنی • ئەگینا هەردولا ئەبن بە ضامنی مالی یەکتر • بەلام هەر فەوتاندنی کە لە غەیری ئەم یاخی بووانەوە بی ، مەسەلا وەکو کومەلەیەك کە بە بی مەعنـا بو دوزینەوەو بیانوویەك لە فەرمانی پیشەوای ئیسلام دەرچووبن ، ئەوە ئەوکەسـانەی کە فەوتاندوویانە ضامنی ئەبن ، خواه لە سەردەمی جەنگدا بی یا نە •

دروست نی‌یە بو پیشەوای موسولمانان بچی بەگژی یاخی بووانـدا تا کەسیکی ئەمین‌و هوشیارو زیرەك ئەنیری بو لایان‌و لی‌یان ئەپرسی کە لە چی عاجز بوون‌و بوچی لە فەرمانی پیشەوای موسولمانان دەرچوون• جا ئەگەر ئیدیعای ئەوەیان کرد کە زوریان لی‌کراوە ، یاخود شوبهەیەکیان

هەبوو بویان چار ئەکا • وە ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر بی‌گوی‌یی ئاموژگاری‌یان ئەکا بەلکو پەشیمان ببنەوە • وە ئەگەر گوی‌یان نەدایە ئاگاداریان بکا کەوا سوپا دیتە سەریان‌و لەگەلیان ئەجەنگی ، وە ئەگەر داوای مولەتیان کرد ئەتوانی بەگویرەی مەسلەحەت رەفتاریان لەگەل بکا ، واتە یا مولەتیان بدا یا شەریان لەگەلدا بکا • وە کاتی کەوتە شەرەوە لەگەلیانا دروست نی‌یە کوشتنی هەرکەسی لەوان کە دیل بکری یا برینداریکی پەك‌کەوتوو بی یا پشتی هەلکردبی بوئەوەی لە ریزی شەرکەران دەرچی • بەلام دروستیش نی‌یە دیلەکانیان بەرەللا بکا هەرچەند ژن یا منال بن تا شەرەکە دوایی دیت ، مەگەر ئەو دیلەی کە بەئارەزووی خوی لە حالی خوی پەشیمان ببیتەوەو فەرمانی پیشەوای موسولمانان بگریتە گەردن ، وە کاتی کە شەر تەواو بوو بلاوەیان لی‌کردو پیشەوا ئەمین بوو لە خەتەری شەرکەرەکان ، هەر چەكو کەلوپەلو ولاخیکیان گیرابی پیویستە بی‌یان‌داتەوە • دروستیش نی‌یە چەکیان بەکاربینی لە شەردا مەگەر لەبەر ناچاری •

دروست نی‌یە لەکاتی شەردا بە ئاگرو توپ‌و شتی کە زیانی زور بی شەریان لەگەل بکا ، مەگەر ناچار بی لەبەرئەوە کە ئەوانیش ئەوشتانە بەکاربینن ، یاخود زور بەهیزو بەسام بن ، یا دەورەی سوپای پیشەوای موسولمانان بدەن‌و بیان‌گرنە ناوخویان •

دروست نی‌یە بو پیشەوای موسولمانان کومەك وەربگری لە کافران بو سەریان ، وە لەوکەسانە کە لەوباوەرەدان کوشتنی ئەم کومەلە دروستە لەکاتی پشت هەلکردنا • ئەگەر ئەوان یارمەتی‌یان لە کافران وەرگرتو ئەمانیان پی‌دان، ئەوە ئەو ئەمان‌پی‌دانە بەسەر ئەواندا دائەمەزری‌و نیسبەت بە ئیمە قیمەتی نی‌یە • وە ئەگەر کافری (ذمّی) یارمەتی‌ی ئەوانی‌دا لەسەر ئیمە ، ئەوە ئەو پەیمانەی کە هەیانە لەگەل ئیمە هەل‌ئەوەشیتەوە

مەگەر بە زور هینرابن یاخود بلێن واوامان زانیوە ئەم یارمەتی‌یە دروستە ، یاخود بە باوەڕی ئێمە ئەم یاخی‌یانە لەسەر حەقن • جا لەم صـــورەتەدا وەکو یاخی (بغاة) شەڕیان لەگەڵدا ئەکری •

باسی پاشگەز بوونەوە (ردّە)

(ردّە) یا پاشگەز بوونەوە بریتی‌یە لەوە کـــە موســـولمانیك بەردەوامی‌ی موسولمانەتی‌ی خوی ببری یا بە نیاز یا بە گوفتار یا بە کردار، واتە یا بە دل نیازی کافربوونی خوی بکا ، یا بە زمان قسەییکی کـوفـر بلیت ، یاخود بە کردەوە ئیشیکی‌وا بکا کە کوفر بی ، خواه ئـەم قسـەو کردەوەیە بە گالتە بی یاخود لەسەر کەللەرەقی‌و رقەبەری بی لەگـەل ئاینی ئیسلامدا یا هەر لەبەرئەوە کە ئەوکەسە خوی بیروباوەری وابی • هەروەها نیازەکەی لەبەر کەللەرەقی بی واتە بزانی کە ئیسلامەتی حەقە ، بەلام لەبەر کەللەرەقی دلی خوی لەو باوەرە لابدا ، یا هەر لەرامـــتیدا باوەری وابی •

کەوابوو ئەگەر کەسیك بە دل یا بە زوبان وتی کەسیك نی‌یە کـە ئەم دنیایەی دروست کردبی‌و بریاری‌دا کە ئەم دنیایە لەخویەوە دروست بووە ، یاخود ئینکاری پیغەمبەرایەتی‌ی کرد واتە بە زوبان وتی خـــودا کەسی نەکردووە بە پیغەمبەری خوی بوسەر ئادەمیزاد ، یا بـە دلّ باوەری وابوو ، یاخود ئینکاری پیغەمبەرایەتی‌ی یەکی لەو پیغەمبەرانەی کرد کە پیغەمبەرایەتی‌یان دیاری‌و ئاشکرایە ، یاخود وتی روژی قیامەت نی‌یە یـا ئادەمیزاد پاش مردن زیندوو نابیتەوە ، یا وتی بەهەشـــتو دوزەخ نین ، یا هەر شتیکی‌وا کە بە ئیجماعی زانایانی شەرع حەرام بی ئەو بە حەلالی زانی وەکو کوشتن بە ناحەق‌و (زنا) ، یا شتیکی‌وا کە بە ئیجماعی زانایانی شەرع حەلال بی ئەو بە حەرامی زانی وەکو کرین‌و فروشتن‌و ژنهینان‌و

تەلاق‌دان ، یاخود ئینکاری واجبی‌ی شتیکی‌وای کرد کە بە ئیجماعی زانایانی شەرع واجب بی وەکو یەکیك لە پینج فەرزەی نویژ ، یاخود شتی کە بە ئیجماعی زانایانی شەرع واجب نەبی وەکو سوننەتی پیش‌نویژی نیوەرو بە واجبی بزانی ، بەوشەرتە کابرا لەوانە نەبی کە ئەم جورە شتانە نەزانی • یاخود نیازی ئەوە بکا کە سبەینی کردەوەیەکی کوفر بکا ، یا بکەویتە دوودلی‌یەوە لەوەدا کە سبەینی کوفر بکا یا نەی‌کا ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەو کابرا کافر ئەبی •

هەروەها ئەگەر کردەوەیەك بکا کە بەئاشکرا گالتە کردن بی بە ئاینی ئیسلام وەکو ئەوە کە قورئانی پیروز بخاتە ناو زبلەوە یاخود سوجدە ببا بو بت یا بو روژ • بەلی ئەگەر ئەو سوجدەیە لەبەر بە گەورە گرتنی شتەکە نەبوو ، ئەوە حوکم بە کافر بوونی ئەوکەسە ناکری لە بەینی خوی‌و خوادا ، بەلام بە ظاهیری شەرع حوکم بە کافر بوونی ئەکری • هەروەها ئەگەر جلیك بکاتە بەر یاخود نیشانەیەك پیشان بدا کە هی میللەتیکی تایبەتی بی لە کافران وەکو (زنّار) یا (صلیب) ، ئەمانەیش ئەبن بەهوی حوکم کردن بە کافربوونی ئەوکەسە •

(بزانن) پیویستە بو کارکردنی پاشگەز بوونەوە ئەوکەسە بالغو عاقل‌و خاوەن ئیختیار بی ، کەوابی ئیعتیبار نی‌یە بە پاشگەز بوونەوەی منال‌و شیت‌و کەسی کە بە زور قسەی‌کوفری پی بکەن یا کردەوەیەکی‌وای پی‌بکەن کە کوفر بی ، مادەم لە دل‌دا باوەری بە ئاینی ئیسلام دامەزراو بی • بەلی پاشگەز بوونەوەی ئینسانی سەرخوش بە پاشگەز بوونەوە دائەنری ئەگەر کابرا بە ناحەق خوی سەرخوش کردبی •

مەعنای واجب‌و سوننەت‌و حەرام‌و حەلالی ئیجماعی ئەوەیە هەمووکەس بیزانی ، ئەگینا ئینکارکردنی حوکمیك کە تەنها زانایانی شەرع بیزانن بە کوفر دانانری وەکو ئینکاری ئەوە کەکچی کور

شەشیەکی میرات ئەبا لەگەل تاقە کچیکی مردووەکەدا ، یاخــود وەك ئینکاری حەرامیی مارەبرینی ئافرەتیکی بەشوودراو کە لە (عــدە)ی کەسیکیتردا بی • هەروەها پیویستە ئەو قسەی کوفرە تەئویلیکی راستی وەهای نەبی کە لە کوفر دەریبکا ، ئەگینا حوکم بە کافربوونی حـاوەن قسەکە نادری وەکو لە (تحفه)دا ئەفەرمویت •

هەروەها شیخی (ابن حجر) لە (تحفه)دا ئەفەرمویت پیویســـتە مفتی تا لەتوانایدا ببی پاریز بکا لە بە کافر دانانی ئەوکەسانەدا کە نیسبەتی گوفتارو کرداری پاشگەز بوونەوەیان لیئەدری ، چونکە بـە کافردانانی موسولمان زور خەتەری هەیەو پیشەوایانی شافیعی مـەذهـــەب لـە تازەو کونەیان لەسەر ئەم باوەرەنو لەم رووەوە پاریزیان کردووە ، لەبەرئەوە زور پیویستە ئاگاداریی ئەم فەرموودەیە بکری •

پاشگەز بوونەوەی کەسیك ئیسپات ئەبی بە پییلینانی خوی ، وە بە شەهادەتی دوو شاهیدی عادل ، وە شەهادەت وەرئەگیری لەســـــەر پاشگەز بوونەوە بە بیلیکدانەوەو دریژە پیدان ، بەلام لە فەرموودەیەکدا پیویستە لەسەر شاهیدەکە بەدریژی باسی بکا کە هوی پاشگەز بوونەوەی کابرا چیەو چی وای وتووە یا چی وای کردووە کە پیی پاشـــگەز ببیتەوە • جا لەسەر فەرموودەی یەکەم ئەگەر دوو شاهید شەهادەتیان دا بە پاشگەز بوونەوەی کەسیكو ئەوکەسە ئینکاری کرد ، ئەوە حوکم بـە شەهادەتەکەیان ئەکری • وە ئەگەر کابرا ئینکاری نەکــردو وتی ئەو قسەیە یا ئەو کردەوەیەم کردووە ، بەلام بە زور پییانکردووم ، ئـەوە ئەگەر بەلگە هەبی لەسەر راستیی کابرا وەك ئەوە کە دیلی کافران بووبی ئەوە سویند ئەدری لەسەر قسەکەیو باوەری پیئەکری ، وە ئـەگـەر بەلگە نەبیت باوەری پی ناکری •

وە ئەگەر شاهیدەکان شەهادەتیان لەسەر ئەوە دا کــە فلانکەس لەفظی کوفری بە دەمدا هاتووەو کابرایش ئیددیعای زورلیکرانی کــرد لەسەر بەدەما هاتنی ئەو لەفظە ، ئەوە سویند ئەدری‌و ئیـددیعاکــەی لی قوبوول ئەکری بەلگەی هەبی یا نە ، چونکە شاهیدەکان شەهادەتیــان نەداوە لەسەر ئەوە کە کابرا پاشگەز بووەتەوە ، بەلکو وتوویانە لـەفظی کوفری بەدەما هاتووەو ، ئەم دوو قسەیە جیان لەیەك •

لەپاش ئەوە کە پاشگەز بوونەوەی کەسیك ئیسـپات بوو ، واجبـە لەسەر قاضی دەس‌بەجی داوای پەشیمان بوونەوەی لی بکا • جا ئەگــەر کابرا پەشیمان بووەوە ئەوە خوین‌و مالی ئەپاریزری‌و حوکم ئەدری بەوە کە موسولمانە • پەشیمان بوونەوە لە پاشگەز بوونەوە بەمجورەیە کابرا بە دەم بلیت (اشهد ان لا اله الا الله واشـــهد ان محمـدا رسول الله) • جا ئەگەر پاشگەز بوونەوەکەی بەوە بووبوو کە ئایینیکی‌تری پەســەند کردبوو ، ئەوە لەپاش وتنی کەلیمەی شەهادەت ئەلی بەریم لە هەر ئایینی کە لەگەل ئایینی ئیسلام یەك‌نەکەوی ، وە ئەگەر بەهوی قســەیەك یـا کردەوەیەکەوە بووبوو کە ئینسانی پی کافر ئەبوو ، ئەبی بەیانی پاکیی خوی بکا لەو قسەیە یا لەو کردەوەیە •

وە ئەگەر پەشیمان نەبووەوەو لەسەر حالی پاشگەز بوونەوە مایەوە ، ئەوە پیشەوای موسولمانان ئـەیکوژی‌و هـەرچی میراتیکی لی بەجی‌بمینی وەك مالی (فییء)وایە کە بە بی شەر لە کافرانەوە دەس کـەوتبی‌و وەك ئەو مالە سەرف ئەکری ، وە لە گورستانی موسولمانانیشدا نانیژری •

ئەگەر کەسیکی ناسراو بە موسولمانەتی مردو دوو کوری موسولمانی هەبوو یەکیکیان وتی باوکم بە پاشگەز بووەوەیی مردووەو ئەویان وتی بە موسولمانەتی مردووە ، ئەوە بەشە میراتی کوری یەکەم (فییء)ەو لـــە

شوێنی (فییء)دا خەرج ئەکرێو بەشی کوڕی دووهەم ئەدرێ بە خوێ •

منالی کەسێك کە پاشگەز بوو بێتەوە ، ئەوانەیان لەپێش پاشگەز بوونەوەی باوکیانا پەیدا بووبن واتە بەر لەوە لە سکی دایکیانا گیرسابن ، بە موسولمان ئەناسرێن ، وە ئەوانەیان لە کاتی پاشگەز بوونەوەی باوکیاندا گیرسابن یا پاش پاشگەز بوونەوەی باوکیان گیرسابن ، ئەگەر یەکێك لە باوكو دایکیان موسولمان بوو یا یەکێ لە باوكو باپیری کونیان موسولمان بوو حوکم بە موسولمانەتی‌یان ئەدرێ چونکە بە تابیعی ئەو ئەسلە موسولمانە دائەنرێن • وە ئەگەر کەس لە باوكو دایكو باپیرە کونەکانیان موسولمان نەبووبن ئەوە حوکمی پاشگەز بووەوەیان هەیە • بەلام منالی‌وا ناکوژرێ تا بالغ ئەبێ ، جا پاش بالغ‌بوون ئەگەر دانی بە ئاینی ئیسلامدا نا ، ئەوە خوێنی ئەپارێزرێ • وە ئەگەر ئەمیش ئیددیعای پاشگەز بوونەوەی کرد ، ئەوە لەپاش داوای پەشیمان بوونەوە لی‌کردنی‌و پەشیمان نەبوونەوەی ئەکوژرێ • ئەمەی کە وتمان بو حوکمی دنیایە ، ئەگینا بو حوکمی دین ئەو منالە تا بالغ ئەبێ ئەگەر مرد هەر بە موسولمان دائەنرێ ، واتە باوەڕمان‌وایە ئەچێتە بەهەشت •

فەرموودەی ئاشکراتر ئەوەیە مولکی کەسێ کە پاشگەز بووبێتەوە ڕائەگیرێو تەسەڕوفی تیا ناکرێ ، جا ئەگەر گەڕایەوە بوسەر ئیسلامەتی ئەوە مولکی خویەتی ، وە ئەگەر بە پاشگەز بووەوەیی مرد دەرئەکەوێ کە لەکاتی پاشگەز بوونەوەکەوە لە مولکی ئەو دەرچووەو ئەو مولکەو هەرچی لەوەوە پەیدا بووبێ حوکمی (فییء)ی هەیە • هەروەها هەر تەسەڕوفی لەو ماوەیەدا کردبێتی وەك وەقفو وەصیەتو بەخشین‌و نەذر ئەویش ڕائەگیرێ ، جا ئەگەر موسولمان بووەوە ئەوە بە دامەزراو دائەنرێ ، وە ئەگەر بە پاشگەز بووەوەیی مرد ئەوە بە بەتال دائەنرێ •

هەر قەرزی کە ئینسانیکی پاشگەز بووەوە لەپیش پاشگەز بوونەوەکەیدا کردبیتی ، وە هەرشتی کە لەپیش ئەوەدا فەوتاندبیتی یا لەکاتی پاشگەز بوونەوەکەیدا ، ئەوە لە مالەکەی ئەدریتەوە • هەروەها مەسرەفی خوی‌و منال‌و باوك‌و دایك‌و ئەو ژنانەی کە نیکاحیان راگیراوە هەموو لەو مالە ئەدری • وە هەر فروشتن‌و رەهن‌و موعامەلەیەکی‌تر کە بیکات هەمووی بە بەتال دائەنری ، وە ئەموالی ئەدریتە دەستی کەسیکی دادپەروەر ، وە کەنیزەك (جاریە)ی ئەدریتە دەستی ژنیکی باوەر پی‌کراو ، وە ژنەکانی لی‌ی جیا ئەکرینەوە ، وە هەرکامیان لە ماوەی (عدە)دا میردەکەی نەهاتەوە سەر موسولمانەتی بە (بائنە) دائەنری ، وە مولك‌و دووکان‌و خانووی ئەدرین بە کری تا ئەنجامی حالی دیاری ئەدا بزانین چی بەسەردی •

باسی (زنـا)

(زنا) لە شەرعدا بریتی‌یە لەوە کە ئینسانیکی بالغی عاقل بە ئارەزووی خوی ، وە بە بی شوبهەی حەلالی تەواوی ذەکەری خوی یا ئەوەندەی کە پیستەکەی لەسەر ئەبرری لە خەتەنەدا بیکا بە فەرجی ژنیکی زیندوویادا کە لە ذاتی خوی‌دا حەرام بی لەسەر ئەوکەسە• یاخود ژنیك بە بی شوبهەی حەلالی قوبوولی ئەوە بکا کە ئەندازەی ناوبراو بڕواتە فەرجیەوە • مەذهەب وایە کە پاشی ژن‌و نیرینەیش وەکو پیشی ژن وایە •

کەواتە بە (زنا) دانانری هەرشتی کە چوونی ذەکەرو سەری ذەکەری تیا نەبی وەکو خو لەیەك سوینی دوو پیاو یا دوو ژن یا ژن‌و پیاویك • هەروەها بە (زنا) ناژمیری ئەو تی‌چوونە کە لە لاینی نابالغ‌و شیت‌و کەسیکی زور لی‌کراوەوە بی ، یا لەگەل ژنیکی مردوو یا حەیوانیکی

زیندوودا بی • یا ئەوە کە ئینسان بچیتە لای ژنی خوی لەکاتی حەیزدا یا لەکاتی ئیحرام بەستن‌دا بو حەج یا بو عەمرە •

هەروەها (زنا) نی‌یە ئەمە کە کەسیك بە شوبهە برواتە لای ژنیك خوای شوبهەی مولك بی وەکو چوونەلای کەنیزەکیکی کە مارە کرابی لە یەکیك یا لە (عدە)ی میردیکدا بی ، یا کەنیزەکیکی کە مەحرەم بی پی‌ی ، یاخود شوبهەی (فاعل) بی ، وەکو ئەوە کە کابرا برواتەلای ژنیکی بیگانە بە شوبهەی ئەوە کە بە ژنی خوی بزانی ، یاخود بە شوبهەی (طریق) بی وەکو ئەوە کە برواتە لای ژنی کە نیکاح کرابی بوی بە نیکاحیك کە لە مەذهەبی خوی‌دا ئەو نیکاحە دروست نەبی بەلام لای هەندی لە پیشەوایانی دین دروست بی وەکو نیکاحی ژن بە بی وەلی کە لەسەر مەذهەبی حەنەفی دروستە ، یا بە بی شاهید کە بە مەذهەبی ئیمامی (مالك) دروستە ، یا بە بی وەلی‌و شاهید کە بە مەذهەبی (داودی ظاهری) دروستە ، یا بە صوورەتی وەختی (موقت) وەکو ریوایەت کراوە لە (ابن عباس)ەوە ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا کابرا حەددی لی نادری بەوە کە بچیتە لای ژنەکە •

جا لەم صوورەتانەی شوبهەی (طریق)دا ئەگەر کابرا تەقلیدی ئەو ئیمامەی کردبی‌و تەقلیدەکەی دروست‌بی ، ئەوە وەکو حەددی لی نادری گوناهیشی ناگا • وە ئەگەر تەقلیدی نەکردبوو ، یا تەقلیدی کردبوو وە تەقلیدەکە بەتال بوو وەکو تەقلیدی (داودی ظاهری) لە نیکاحی بی وەلی‌و بی‌شاهیددا یا تەقلیدی (ابن عباس) لە نیکاحی وەختی‌دا لەبەرئەوە کە ئیمە ئاگامان لی نی‌یە ئادابی ئەو نیکاحە چونە لە مەذهەبی ئەو ئیمامەدا ، ئەوە هەرچەند حەددی لی نادری بەلام گوناهی ئەگا •

بەلی ئەگەر حاکم حوکمی کرد بە دانەمەزرانی ئەو نیکاحەو لەپاش

ئەو حوکمە کابرا رویشتە لای ژنەکە ئەوە حەددی لی ئەدری • وە ئەگەر حوکمی کرد بە دامەزرانی نیکاحەکەو حوکمەکە نەچوو بە گژ ئیجماعدا وەکو لە نیکاحی وەختیدا ، ئەوە نیکاحەکە بە راست دائەنری •

بەلام حەد ئەدری لە کەسیك کە بڕواتە لای ژنی کە خوی دابی بەکری بە کابرا ، واتە خوی حەلال کردبی بو ئەو کابرایە یا بو هەرکەس ، چونکە ئەم صوورەتانە (زنا)ی رووتن‌و جیگەی شوبهەی پیشەوایانی ئاینن نین •

(بزانن) (زنا) ثابت ئەبی بە دوو شت • یەکەم ئەوە ئەوکەسە کە (زنا)کەی کردووە ئیقرار بکا لەسەر خوی بە (زنا)کەی بە شەرتی کە ئەو ئیقرارە لەکاتی بالغی‌و عەقل‌و ئیختیاردا بی ، وە وەخت‌و شوینی (زنا)کە لیك‌بداتەوە • جا ئەگەر لەپاش ئیقرارەکە پەشیمان بووەوەو وتی دروم کردووە یا پەشیمانم لەو ئیقرارە ئەوە حەددەکە لائەچی ، وە ئەگەر وتی حەددم لی‌مەدەن یاخود رای‌کرد ئەوە حەددی لەسەر لاناچی •

دووهەم شەهادەتی چوار پیاوی عاقلی دادپەروەرە کە بەدریژی باسی ئەوە بکەن کە کابرا چون چووەتە لای ئافرەتەکەو شوینی چوونەلاکەی کوی بووەو ئەندازەی ذەکەری کە بە صوورەتی (زنا) چووەتە ناو فەرجی ژنەکەوە چەند بووە •

ئەگەر چوار کەس شەهادەتیان دا بەوە کە ئەو ئافرەتە کچە ، ئەوە حەد نادری لەو ئافرەتە لەبەر شوبهەی مانەوەی کچیتی‌یەکەی ، وە حەد نادری لەوکەسەیش کە ژنەکەی لەکەدار کردووە بە (زنا) کردن ، وە لەوکەسانەش کە شاهیدی (زنا)ی ژنەکە بوون چونکە ری‌ی‌تی‌ئەچی کچیتی‌ی ئافرەتەکە پەیدا بووبیتەوە یاخود فەرجی قوول بووبی‌و کچیتی‌یەکەی لانەچووبی • وە ئەگەر یەکی لە شاهیدەکان وتی (زنا)کە

له فلان شویندا بووەو ، یەکیکی تریان وتی له شوینیکی تردا بووە ، ئەوە حەد نادری لەوکەسانه که شاهیدی‌یان لەسەردراوە •

(بزانن) ئینسانی کـــه بەناحەق ســــــەرخوش بوو بی‌و لـــه سەرخوشی‌یەکەیدا (زنا)ی کردبی حەددی لی ئەدریت ، وە بەجی‌هینانی حەد لەسەر ژن‌و پیاوی (زنا) کردوو حەقی پیشەوای موســـولمانان‌و جی‌نشینەکانیەتی •

جا ئەگەر ئەوکەسه که (زنا)ی کردووە (محصـــن) بی واتـــه پیاویکی ئازادی وابی که لەپیش ئەو (زنا)یەدا به نیکاحی دروســـــت چووبیته لای ژنی ، یا ژنیکی ئازادی‌وا بی که لەپیش (زنا)کـەدا بـــه نیکاحیکی دروست کەسیك چووبیته لای ، ئەوە حەددەکەیان (رجـم)ە واته سەنگەسار کردن ، بەم‌رەنگه به گلمتك‌و بەردی پرەمشت‌و بچووکتر ئەوەندەیان لی بدری تا ئەمرن • بەلام له سەنگەســـار کردنی ئافرەتـــدا سوننەته چالیك هەل‌بکەنری ژنەکەی تی‌بخری ئەوسا سەنگەسار بکری ، وە چال بو پیاو هەل‌ناکەنریت ، وە به هەرحال رەجم‌کردن دوانـاخریت لەبەر گەرماو سەرمای لەعادەت بەدەر •

وە ئەگەر ژن‌و پیاوەکه (محصن) نەبوون حەددەکەیان بریتی‌یـه لەوە یەکی صەد داریان لی بدریت‌و بو ماوەی سالیك دوور بخرینەوە لەو شوینه که (زنا)کەیان تیا کردووە تا مەسافەی دوو قوناغ یا زیـــاتر • بەلام ئەگەر غەریب بوون نابرینەوە بو ولاتەکەی خویان • وە ئەگـــەر ئیمام شوینیکی دیاری کرد بویـان ئـەوە حەقی ئەوەیـــان نی‌یه داوای شوینیکی‌تر بکەن • بەلی واجبه ژنەکه لەگەل مەحرەمیکی خوی‌دا دوور بخریتەوە وەکو میردەکەی یا کەسیکی‌تر هەرچەند به کری لـەگەلیـــدا بروا • ئەگەر کەس نەبوو لەگەلیدا بی هەتاوەکو بـه کری‌یش ، ئـەوە

دوورخستنەوەکەی دوائەخری تا ئەسبابی بو ریکئەکەوی ، وە هەرکاتی یەکیك لەگەلیدا رویشت کریی ئەو کەسە لەسەر زنەکەیە • وە ئەگەر خوی هیچی نەبوو بیداتی کریی لەسەر (بیت المال)ی موسولمانانە •

وە ئەگەر وەخت زور گەرم بوو یا زور سارد بوو ئەو دار لیدانـە دوائەخری چونکە لەم صوورەتانەدا مەبەست کوشتنی ئەوکەسانە نیی‌یە ، کەواتە مەجال نیی‌یە بو ئەوە لەوکاتانەدا لییان بدریتو بمرینرین • بەلی ئـەگـەر پیشـەوای موسـولمـانـان لـە یـەکی لـەوکاتانەدا فـەرمـانیدا لیـیـان بـدەنو بـەو لیـدانـە مـردن ، ئـەوە ضـامن نـابی چونکە ئـەو دواخسـتنە سـوننەتەو واجب نیی‌یە • هـەروەهـا دار لیدانیان دوائەخری لەبەر نەخوشییان ، بەلی ئەگەر نەخوشییەکـە لەوانە بوو کە ئومیدی شیفایان نەبوو ئەوە داریان لی ئەدری بەلام بە داری کە لقە وردەی زوری پیوەبی • جا ئەگەر صەد لقی هەبوو یەكجار ، وە ئەگەر پەنجا لقی هەبوو دووجار لییان ئەدری ، بە جوری کە هـەمـوو لقـەکـان بـەر ئەوکـەسـە بکەون یـا بنیشـنە سـە یەكو ئـازاری پی بگەیەنن • جـا ئەگەر لەپاش ئـەم جـورە لیدانـە چـاك بوونـەوە ، ئەوە بەسەو جاریکیتر لییان‌نادریتەوە •

باسی حەددی بوختان بەدەمەوەکردن (قذف)

(قذف) لە شەرعدا بریتیی‌یە لەوە کەسی نیسبەتی (زنا) بدا لـە کەسیکیتر بەجوریکیوا کە تووشی شەرمەزاریی بکات • شەرتی واجب بوونی حەددی (قذف) چەند شتە • یەکەم ئەوەیە قەذف‌کەرەکە تەکلیفی لەسەر بی • کەواتە حەد نیی‌یە لەسەر مندالو شیتو سەرخوش کـە بـە

ئارەزووی خوی خوی سەرخوش نەکردبی • بەلی مندالی بەتەمیز تەعزیر ئەکری ئەگەر قەذفی کەسیکی کرد بوئەوەی فیری بی‌ئـەدەبی نەبی ، دووهەم ئەوەیە ئەحکامی ئیسلامی لەئەستو گرتبی ، کەواتە حەد نادری لە کافری جەنگ‌کەر • سیهەم ئەوەیە بە ئارەزووی خوی قەذفەکە بکات ، وە ئەگەر یەکی بەزور قەذفی کەسیکیان پی‌کـرد حەددی لی نـادری • چوارەم ئەوەیە کابرای قەذف‌کراو ئیـذنی نـەدابی • پینجـــەم ئەوەیـە قەذف‌کراوەکە لە نەوەی قەذف کەرەکە نەبی ، هەروەها یەکی نەبی کە تەنها نەوەکەی میراتی لی وەربگرن وەکو ژنی کورەکـــەی یـا میردی کچەکەی کە میرات‌گری تریان نەبی بیجگە لە منالی ئەم نەوانە • شەشەم ئەوەیە قەذف‌کراوەکە (محصن) بی یەعنی بالغو عاقلو موسولمانو پاك بی لە چوونەلایەك کە ببی بەهوی حەد • کەواتە حەد نادری لە کەسی کە قەذفی منال یا شیت یا ئینسانی ناپاك بکا • بەلام ئەم قەذف‌کەرە تەعزیر ئەکری لەسەر قەذفەکە بوئەوە کە قسەی خراپ بلاو نەبیتەوە •

حەددی قەذف‌کەری ئازاد هەشتا دارە بە توولی نەرمی مام‌ناوەندی بەجوری کە یەکەیەکەی توولەکان ئیش بگەیەنن بەوکەسە ، وە ئـــەم توولانە حەقی پیشەوای موسولمانانە بی‌یان‌وەشینی بەدەســـتی خـوی یـا یەکیك بکا بە وەکیل وەکو قاضی شەرع لە شارەکاندا یا غەیری قـاضـی لەوکەسانە کە دیاری کراون بو بەجی‌هینانی حەد • کەواتە ئەگەر ئـەو قەذف‌کراوە خوی ئەم دارانەی دا لـە قەذف‌کـــەرەکـــە بە بی‌ریگادانی پیشەوای موسولمانان ئەوە نابی بە حەددی شەرعی ، وە حەقی لەم کابرایە ئەستینریتەوە • وە ئەگەر قەذف‌کەرەکە بەو دارانە مرد ئەوە قیصـــــاص ئەستینری لەم قەذف‌کراوە مادەم بە بی‌ئیذنی پیشەوای موسولمانان دارەکانی وەشاندووە •

ئەگەر دووکەس قەذفی یەکتریان کرد ئەوە نابی بە حەق سەندن ،

بەلکو هەردوکیان حەدی شەرعی‌یان بەسەردا جاری ئەکری • وە ئەگەر کەمتر لە چوارکەس شەهادەتیان دا لەسەر (زنا) کردنی کەسیك ئـەوە حەدیان لی ئەدری • هەروەها ئەگەر چوار ژن یاخود چوار کافری (ذمی) بین شەهادەت بدەن حەددی قەذفیان لی ئەدری • بەلی ئەگـــەر یـەکی شەهادەتی دا لەسەر ئیقراری ئەوکەسە بە (زنا)ی خوی ئەوە حەددی لی نادری ، چونکە ئەم شەهادەتە لەسەر (زنا) نی‌یە بەلکو لەسەر قســەی خویەتی • هەروەها ئەگەر لەبەر فاسقی رەددی شەهادەتەکەیان کرایـەوە حەددیان لی‌نادری •

(خەبەردار بن) ئەگەر کەسیك داری بدا لە شوینیکی کەســیك دروستە ئەمیش دار بداتەوە لە عەینی جیگا لە لەشی ئەوکەسەدا • ئەگەر کەسیك داری دا لە مندالی یەکیك یا لە حەیوانی یەکیك ئەوە بە یاســای دەفعی هەلمەت هینەر ئەتوانی مەنعی ئەوکەسە بکا بە هەرجوری بووە بـە تەرتیبی پیشوو • وە ئەگەر کەسیك قەذفی کەسیك بکا دروست نی‌یە ئەم کەسە قەذفی ئەو بکاتەوە ، وە ئەگەر جینوی‌تری پی‌دا دروســتە ئەویش جینو بداتەوە بەوکەسە خوی نەك بە باوكو دایكو نەوەو کەس‌وکاری • وە واجبە جنیویکی پی‌بدا کە راست بی وەکو (بی‌عەقل)و ژمارەیشی لـە ژمارەی ئەو زیاد نەبی •

وە ئەگەر کابرای قەذف‌کراو مرد میرات‌بەرەکـانی ئـەتوانن داوای ئەوە بکەن کە قاضی حەددی قەذف بدا لە قەذف‌کەرەکە • حەددی قەذف لاناچی بەوە کە قەذف‌کراوەکە یا میرات‌بەرەکانی یا هەندیکیان کابرا عەفو بـکەن •

باسی حەددی دزی

حەددی دزی دەس‌برینە • شەرتی دەس‌برینی دزیش چەند شتە •

یەکەم مالە دزراوەکە چارەکە دیناریکی ئالتوونی ساغی سکە لیدراو یا شتیکی‌تر بی بە قیمەتی چارەکە دیناریك • کەواتە ئەگەر کەسیك چارەکە مسقالیك ئالتوونی سکە لی‌نەدراوی دزی کە قیمەتی کەمتر بی لە سکە لیدراو ئەوە دەستی نابرری • بەلی ئەگەر چەند دیناریکی دزی بەگومانی ئەوە کە دیناری زیر نی‌یەو فلسەو قیمەتی لە چارەکە دیناریکی زیر کەمترە ئەوە دەستی ئەبرری • هەروەها ئەگەر پوشاکیکی کونی دزی کە ئەوەندەی پارە تیا قایم کرابوو لەگەل جلەکەدا چارەکە دیناریکیان ئەهینا •

ئەگەر کەسیك بە دووجار چارەکە دیناریکی لە جیگایەکی پاریزراو (حرز) دەرهینا ، ئەوە ئەگەر لەپاش جاری یەکەم خاوەن مالەکە پیی زانی‌و ئەمیش مالەکەی لە شوینی خویدا دانایەوە ، ئەوە دزی‌یەکەی بە دوو دزی دائەنری‌و دەستی لەسەری نابرری چونکە هەردو جارەکە مالە دزراوەکە لە رادەی دیاری کراو کەمتر بووە کە چارەکە دیناریکە • وە ئەگەر پیی‌نەزانی تا نیوەکەی‌تریشی دەرهینا ئەوە هەردوو جارەکە بە یەك دزی دائەنری‌و دەستی لەسەری ئەبرری •

ئەگەر کەسیك فەردەیەك گەنمی دری ، وە بەماوەیەك بایی چارەکە دیناریك گەنمی لی رژاو فەوتا ، ئەوە دەستی ئەوکەسە ئەبرری • بەلی ئەگەر خاوەنەکەی گەنمەکەی کوکردەوە بەرلەوەی بروا قاضی ئاگادار بکاو ئیدیعای لی‌بکا ئەوە دەستی نابرری ، وەکو چون ئەگەر کابرای دز ئەو مالەی کە دزیویەتی بیکری لە خاوەنەکەی یاخود لە ریگایەکی‌ترەوە ببی بە خاوەنی بەرلەوەی خاوەنی پیشووی بڕواتە لای قاضی‌و ئیدیعا بکا ، ئەویش دەستی نابرری •

ئەگەر دووکەس پیکەوە شتیکیان دزی ، ئەوە ئەگەر ئەندازەی دوو

(نصاب) بوو هەردوکیان دەستیان ئەبرری ، وە ئەگەر لە دوو (نصاب) کەمتر بوو دەستی کەسیان نابرری • وە ئەگەر کەسیك شتیکی دزی کە عەینەکەی پیس بوو وەکو سەگ‌و بەرازو تەپالەو پیستی مردارەوە بوو بەر لە دەباغی کردنی ، ئەوە دەستی نابرری • هەروەها ئەگەر کووپەیەك شەرابی دزی بەوشەرتە کە کووپەکە قیمەتی چارەکە دیناریك نەبی ، یا ئەگەر زورناو تەموورەو ئەسبابی‌تری رابواردنی دزی ، بەوشەرتە ئەگەر بشکین وردە پارچەکانیان بایی چارەکە دیناریك نەبی •

شەرتی دووهەم ئەوەیە ئەو مالە مولکی کەسیکی‌تر بی • کەواتە ئەگەر کابرا بەهوی میراتەوە بوو بە خاوەنی ئەو مالە بەرلەوەی لە شوینەکەی خویدا هەلگیری دەستی نابرری • هەروەها ئەگەر بەر لە دەرکردنی لەو شوینە ئەوەندەی لی فەوتاند ، پاشماوەکەی لە (نصاب) کەمتر بوو • یا ئەگەر کابرا ئیددیعای ئەوە بکا کە ئەو مالە هی باوکیەتی یا هی منالیەتی یا هی (بیت المال)ەو حەقیشی هەبی لە (بیت المال)دا ، هەرچەند لەپیش دزینەکەدا بە شاهید ئیسبات بووبی ئەو مالە هی خاوەن مالەکەیە ، چونکە ری‌ی‌تی‌ئەچی لەوەپاش لە مولکی ئەو دەرچووبی • هەروەها ئەگەر مال لی دزراوەکە پی‌ی‌لی‌بنی کەوا ئەو مالە لەکاتی دزینەکەدا مالی کابرای دز بووە • ئەگەر دووکەس دوو (نصاب)یان دزی‌و یەکیکیان ئیددیعای کرد کەوا ئەو مالە مالی خویەتی یا هی هەردوکیانەو شەریکەکەی باوەری پی‌نەکرد ، ئەوە دەستی موددەعی‌یەکە نابرریت ، بەلام دەستی ئەویان ئەبرریت • ئەگەر کەسیك مالیکی تیکەلی خوی‌و کەسیکی‌تری دزی کە لە شوینی پاراستنیا دانرابی ، ئەوە دەستی نابرری هەرچەند بەشیکی زور کەمیشی لەومالەدا هەبی •

شەرتی سیهەم ئەوەیە کابرای دز شوبهەی مولکی نەبی لەوشتەدا کە دزیویەتی • کەواتە دەستی نابرری بەهوی دزی‌یەوە لە مالی باوکی یا

دایکی یا نەتەوەی خوی • بەلام فەرموودەی دیارتر ئەوەیە کە دەستی پیاو ئەبرری بە دزی لە مالی ژنەکەی ، وە دەستی ژن ئەبرری بە دزی لە مالی میردەکەی مەگەر حەقی نەفەقەی لەسەری هەبیو بەونیازە شتی لە مالەکەی بدزی ، وەکو خاوەن قەرزیك کە بە نیازی قەرزەکەی لە مالی قەرزارەکەی شتی بدزی ، هەرچەند ئەو شتە کە ئەیدزی لە ئەندازەی قەرزەکەی زیاتر بی ، ئەگەر بەجاری هەمووی لە (حرز المثل) بکاتە دەرەوە •

ئەگەر کەسیك شتیکی لە (بیت المال) دزی ، ئەوە ئەگەر حەقی هەبی لەومالەدا دەستی نابرری• هەروەها ئەگەر ئەندازەیەك لە (بیت المال) جیا کرابیتەوە بو کومەلیكو ئەمیش لەو کومەلەیە بی ، یا لەوان نەبی ، بەلام نەزانی بەوە کە ئەو مالە بو ئەو کومەلە جیاکراوەتەوە •

ئەگەر کەسیك بە ئیذنی خاوەن‌مال رویشتە مالیکەوە یا رویشتە دووکانی بو شت‌کرینو شتیکی لەومالە یا لەو دووکانەدا دزی ئەوە دەستی نابرری چونکە مادەم بە ئیذن رویشتووەتە ئەو شوینانە ئەو کەلوپەلەی لەومالە یا لەو دووکانەدا هەیە بەنیسبەت ئەمەوە لە (حرز)دا نین • هەروەها دەستی نابرری بە دزینی خواردەمەنی لە سالە گرانیداو لە سالی قاتیو نەهاتیدا ، بەوشەرتە کە دەستی نەرواو پارەی نەبی خواردەمەنیی پی بکریتو بە قەرزیش پیی نەدەن •

هەروەها دەستی نابرری بەهوی دزیی حەسیرو فەرشی مزگەوتو چرای مزگەوتەوە ، هەرچەند کە دزینی ئەم شتانە گوناهی گەورەیەو مالە دزراوەکەی پی‌ئەبژیرریو لەسەر دزی‌یەکەی تەمی ئەکری ، چونکە ئەم جورە کەلوپەلەی مزگەوت حوکمی (بیت المال)ی هەیەو بو هەموو موسولمانیك دروستە کەلکی لی وەربگری • بەلام دەستی ئەبرری بە

دزینی دەرگای مزگەوتو پەنجەرەیو کولەکەیو دار رایەلیو ئەو چرایانەی کە بو جوانی تیا هەلواسراون • بەلی ئەگەر دزەکە کافری (ذمی) بوو بە دزینی هەموو شتیکی مزگەوت دەستی ئەبرری •

هەروەها دەستی دز ئەبرریت بە دزینی مالی وەقفکراو کە خوی یەکیك نەبی لەوانەی ئەو مالەیان لەسەر وەقفکراوە • بەلام ئەگەر خوی یەکیك بوو لەوانە ئەوە دەستی نابرریت •

شەرتی چوارەم ئەوەیە ئەو مالە پاریزراو بی بەهوی چاودیری کردنیەوە لەلایەن کەسیکی بەهیزو هوشیارەوە بەجوری کە توانای ببی بە هیزی خوی یا بە هاوار کردن لە کەسیکیتر ئەو مالە بپاریزی ، یاخود ئەو مالە لە شوینیکی مەحکەمو بەسراودا بی • ئەم شەرتە ئەگوری بەگویرەی گورانی مالەکەو باری زەمانەو شوین ، مەسەلا ئەگەر ئەو مالە لە دەشتا بوو یا لە مزگەوتا یا لە کولانیکدا پیویستە هەمیشە چاودیریکەری لەسەر بی مەگەر لە فەترەیەکی کەمی عادەتیدا وەکو کاتی نویژ کردنو نانخواردن • ئەگەر لەم ماوەیەدا کابرای پاسەوان ئاگای لینەما و کەسیك مالەکەی دزی ئەوە دەستی ئەو دزە ئەبرری • وە ئەگەر مالەکە لە قەلایەك یا مالیکی مەحکەمدا بوو بەسە ئەوەندە کە خاوەنەکەی یا چاودیریکەرەکەی جارجار سەیریکی بکا ، ئیتر پیویست نییە هەمیشە لایدا بی •

تەویلەیش بو پاراستنی ولاخ بە جیگای پاراستن (حرز) دائەنری ، هەرچەند ولاخەکان ولاخی نایابو بەقیمەت بن ، مادام تەویلەکە لە ئاوەدانیدا بیو دەرگای داخرابی ، ئەگینا پیویستە پاسەوانیشی هەبی • ئیتر تەویلە نابی بە جیگای پاراستنی قاپو قاپچاخی مال هەرچەند بیقابیلەتیش بی ، مەگەر ئەوجورە قاپو قاپچاخانەی کە پیویستن بو

خزمەتچی‌ی ولاخەکان • بەلام بە جیگای پاراستن دائەنـری بو زین‌و بەرگ‌و ئاوزەنگی‌و دان‌لەغاوو هەر کەل‌و پەلیکی‌تر کەوا پیویست بی بو خزمەتی ولاخەکان •

حەوشی مال‌و خان‌و هەیوان‌و سەکوی ناوحەوش ئەبن بــە جیگای پاراستن بو قاپ‌و قاچاخ‌و کەل‌وپەلی عادەتی‌ی ناومال ، بەلام نـابـن بـە جیگای پاراستن بو شتی گرانبەهاو جل‌وبەرگی نایـاب‌و پـارەی نەخت‌و خشلی ژنانە ، چونکە پیویستە ئەم جورە شتانە لـە سـندووق‌و شـوینی تایبەتیدا دانرین •

ئەگەر کەسیك لە دەشتیکدا یا لە مزگەوتیکدا یا لە خانیکدا یا لەسەر فەرشیك نووست ، یاخود بوخچەیەکی کەل‌وپەلی خستە ژیرســـەری خوی‌و نووست ، ئەوە شتەکانی لە جیگای پاریزراودا داناوە • کەواتـــە ئەگەر کەسیك فەرشەکەی لە ژیری دەرکرد یا کـەل‌وپەلەکـــەی لـــە زیرسەری دەرهیناو بردی ئەوە دەستی ئەبرری • بەلام ئەگەر لەم جورە شوینانەدا شتەکەی لە دووری خویەوە دانابوو ئەوە پیویستە چاودیری‌یان بکا ، ئەگینا وا دانانری کە لە شوینی پاریزراندا دایناون ، وە هەرکـەس بی‌یان‌دزی دەستی نابرری •

هەر خانوویەك کە جیا بی لە ئاوەدانی ئەگەر پاســـەوانیکی توانای هوشیاری تیدابوو ئەوە ئەو خانووە ئەبی بە جیگای پاراستن بو ئەوشتانەی‌کە تیایەتی خواە دەرگای داخرابی یا نە • ئەگینا بە جیگای پاراستن دانانری • وە ئەگەر یەکی ئەو کەل‌وپەلانەی دزی کە لەو خانووەدان دەســـــتی نابرری • بەلام خانوویەك کە لە ئاوەدانیدا بی پیویستە پاســـەوانی ببی‌و دەرگاکەی دابخری ، ئەگینا بە جیگای پاراستن دانانری بو ئەو کەل‌وپەلەی کە تیایەتی •

وه ئەگەر دەرگای ماڵەکە کرایەوەو کابرای پاسەوانیش نووست ، ئەوە ئەو خانووە بە جێگای پاراستن دانانری بۆ ئەو کەلوپەلەی کە تیایەتی نە بە شەوو نە بە رۆژ • هەروەها ئەگەر کەسێکی بەئاگای‌وای تیادا بێ کە دز بتوانێ هەلی بخلەتێنێ‌و شتی لێ بدزێ • وە ئەگەر کەسی تێدا نەبوو ئەوە ئەبێ بە جێگای پاراستن بۆ کەلوپەلی ناومال بە رۆژدا نەك بە شەودا بەوشەرتە کە شوێنەکە هێمن‌و بێ‌ئاژاوە بێ‌و دەرگای ماڵەکەیش داخرابێ، وە بە شەواو بە رۆژیشا ئەگەر شوێنەکە هێمن‌و بێ‌ئاژاوە نەبێ یا دەرگای ماڵەکە دانەخرابێ ـ نابێ بە جێگای پاراستن بۆ کەلوپەلی ناوماڵیش •

دەوارو خێوەتی کە لە دەشتا هەلبدرێ ئەگەر شریتی دەوروبەرەکەی قایم نەکرابێ‌و داوێنەکانی دانەدرابێتەوە ، ئەوە ئەو خێوەت‌و دەوارەو هەرچی لەناویا بێ وەکو کەلوپەلێك وایە لە چۆلی‌یەکدا دانرابێ‌و وا دانانرێ کە لە شوێنی پاراستنیدا دانراوە • وە ئەگەر بە شریت قایم کرابێ‌و داوێنەکەی دادرابێتەوە ئەبێ بە جێگای پاراستن بۆ هەرچی کە لەناویا بێ‌و خۆیشی وادائەنرێ کە لەجێگای پاراستندا دانراوە بەو شەرتە پاسەوانێك هەبێ بەپێی عادەت ئاگای لێ بێ •

ئاژەلی وەکو مەرو بزنیش ئەگەر لە خانوویەکدا بن کە لەناو ئاوەدانیدا بێ ، ئەوە واداەنرێن کە لە جێگای پاراستندا دانراون ئەگەر دەرگای خانووەکە داخرابێ هەرچەند پاسەوانیان نەبێ ، بەلام حەیواناتی دەشت یا ناوخانووی دوور لە ئاوەدانی پێویستە پاسەوانیان لەلادا بێ‌و قەیدی نی‌یە ئەو پاسەوانەیش بەپێی عادەت بنوێت •

دەشتیش بە شوێنی پاراستن دائەنرێ بۆ حوشتر ئەگەر چاودێری کەرێکی بەهێزو توانای هەبێ • کۆمەلە حوشترێکیش کە

بەیەکەوە بەسترابن وادائەنری کە لەشوینی پاراستندان ئەگەر جلەو بەدەستەکەیان چاوی لی‌یانەوە بیو هەر قەتاریکیان لە نو حوشتر زیاتر نەبی .

کفنی مردوویش لە شوینی پاراستندا ئەبی ئەگەر ئەو قەبرەی کە مردووەکەی تی‌ئەخری لە خانوویەکی پاریزراودا بی یا لە قەبرستانیکی نزیکی ئاوەدانیدا بی ، ئەگینا وادانانری کە لە شوینی پاراستندایە .

باسی هەندی شت کە بەسراون بە دزی‌یەوە

ئەگەر کەسیکی خاوەن شوین یا موستەحەقی قازانجی شوینە شوینەکەی بە کری یا بە خواستن دا بە کەسیك ، وە ئەندازەی نیصابی لە مولکی ئەوکەسە دزی دەستی ئەبرری . وە ئەگەر کەسیك شوینیکی داگیرکرد لە کەسیك ، جا خاوەن شوینەکە یا کەسیکی بیگانە ئەندازەی نیصابی لە مالی زەوتکەرەکە لەو شوینە دەرکرد ئەوە دەستی نابرری . هەروەها ئەگەر کەسی بە بی زانستو ریگادانی خاوەن شوین شتیکی دانا لەوشوینەدا ، وە یەکی ئەو شتەی دزی ، ئەوە دەستی نابرری .

وە ئەگەر کەسی شتیکی زەوت کرد لە کەسیكو لە خانووی خویدا دای‌نا جا خاوەن‌شتەکە یا بیگانەیەك شتە زەوتکراوەکەی دزی ، ئەوە دەستی نابرری چونکە خاوەنیتی‌ی شەرعی لەم مەسئەلەیەدا نی‌یە .

ئەگەر کەسیك شتیکی نیصابی رفاند یاخود مالیکی تالان کرد ، یاخود نیصابیك بە ئەمانەت لای دانرابوو ئەمیش ئینکاری کردو نەی‌دایەوە ئەوە دەستی بەمانە نابرری . وە ئەگەر دزیك شەویك دیواری مالیکی کون کردو لە شەوی دووهەمدا نیصابیکی لەوکونەوە دەرکرد ، ئەوە ئەگەر لە سبەینی‌ی شەوی یەکەمدا کابرای خاوەن‌مال بە کونەکەی

نەزانیو خەلك لی‌ی خەبەردار نەبوون ئـەوە دەستی مـال‌کون‌کەرەکـە نەبری ، ئەگینا نابری •

ئەگەر کەسیك کونی کردە دیواری خانوویەكو کەسیکی‌تر شتیکی نەوکونەوە دەرهیناو دزی ، ئەوە دەستی دزەکە نابری چونکە بەهـوی کونەکەوە خانووەکە لـە پاریزران دەرچووە • وە ئـەگـەر دووکـەس بەیەکەوە خانوویەکیان بریو یەکیکیان نیصابیکی دەرهینا یاخود یەکیکیان بەتایبەتی دیوارەکەی کون کردو شتەکەیشی هینایە نزیکی کونەکـەوە ، جا ئەوی‌تریان دەری‌هینا ، ئەوە ئەم شەخصی دووهەمە دەستی ئەبرری ، لەبەرئەوە کە ئەوی یەکەم نیصابەکەی لە شوینی پاراستنی دەرنەکردووە• وە ئەگەر یەکەم لە ناوەراستی کونەکەدا دایناپەوەو دووهـــەم لــەوی هەلی‌گرتو هینایە دەرەوە ، وە شتەکە ئەوەندەی دوو نیصاب یا زیاتر لە دوو نیصاب بوو ، ئەوە کەسیان دەستی نابرری ، لەبەرئەوە کە یـەکـەم مالەکەی دەرنەکردووەو دووهەمیش کە دەری‌کردووە لە تەواوی شوینی پاراستنی دەری نەکردووە •

ئەگەر کەسیك نیصابیکی فری‌دا بو دەرەوەی شوینی پاراستنی ، یـا خستیە ناو ئاویکی رەوانەوە کە بو لای شوینی پاراستنی ئەرویشـت ، وە کابرای دز شتەکەی لە ئاوەکە دەرهینا ، یـا ئەوکەسە شتەکەی خستە ناو ئاویکی مەنگەوە کە راوەستابی یا خستیە ناو ئاویکەوە کە ئەرویشت بـو غەیری ئەو شوینە کە شتەکەی تیادا دەپـاریزری ، وە لـە هەردوو ئـەم حالەتەدا کابرا ئاوەکەی بە دەست جوولاند تا شتەکەی لی‌دەرهیناو بردی ، ئەوە دەستی ئەبرری • بەلام ئەگەر کابرا وازی لە ئاوەکە هینا تا شتەکەی لەو دەورە دەرکرد ، یاخود وازی لە ئاوە راوەستاوەکە هینا ، کەچی بەهوی لافاویکی تازەوە شتەکە چوو بو دەرەوەی شوینی پاراســتنی ، ئەوســا دەری‌هینا ، ئەوە دەستی نابرری •

ئەگەر كەسێك نیصابێكی خستە سەر پشتی ولاخێك كە لە رویشتندا بوو ، یا لەبەر بایەكی بەهێزدا دایناو بایەكە لەو شوێنەی دەركرد ، ئەوە دەستی كابرای ماڵدەركەر ئەبرری ، چونكە لەم صوورەتانەدا دەركردنی شتەكە ئەدرێتە پاڵ ئەو كابرا نەك ولاخەكە یا بایەكە • وە ئەگەر نیصابێكی نایە سەر پشتی ولاخێكی راوەستاو ، وە بەهوی دانانی شتەكەوە ئەو ولاخە كەوتە رویشتن ، وە پاشان كەسێك ئەو شتەی برد ، ئەوە هەر ئەوكەسە دەستی ئەبرری كە ناویەتە سەر پشتی ولاخەكە •

ئەگەر كەسێك شتێكی لە هودەیەكی داخراوەوە گواستەوە بـو حەوشی خانووەكەو دەرگای حەوشەكە كرابوەوە ، ئەوە دەستی ئەبرری• وە ئەگەر دەرگای حەوشەكە داخرابوو دەستی نابرری • هەروەها ئەگەر هەردوو دەرگاكە كرابوونەوەو پاسەوانیشـیان بـەلاوە نەبوو ، یاخـود دەرگای حەوشەكە داخرابوو وە دەرگای هودەكە كرابوەوە ، چونكە لە صوورەتی یەكەمدا ماڵەكەی لە شوێنی پاراستنی تەواوی دەرنەكردووەو ، لە صوورەتی دووهەمدا هەر لە شوێنی پاراستنیدا نی‌یە •

ئەگەر میوان لە ماڵی خانەخوێ ، یا دراوسێ لە دووكانی دراوسێكەی ، یا خوشور لە حەمام ، یا ماڵكر لە دووكانی كراوەی سـەر رێگوزەر شتێكیان دزی كە لە سندووقو دولابی داخراودا نەبوو ، ئەوە دەسـتیان نابرری چونكە ئەو شتە دزراوە لە شوێنی پاراستنیدا نەبوەو بـەراستی نەپاریزراوە •

(بزانن) ئادەمیزادی ئازاد مەضـموون نابێ بە داگیركـردنو دەستبەسەرا گرتنی • كەواتە ئەگەر كەسێك منالێكی ئازادی دزی كـە گەردنبەندێكی نیصابی لە ملدا بوو ، ئەوە دەستی نابرری چونـكە ئـەو گەردنبەندە تابیعی شتێكە بە ماڵ نائژمێرری • بەڵێ منالەكەی لـە دەسـت

وەردەگیریتەوە لەگەل گەردنبەندەکەدا ئەگەر مابی ، ئەگینا پیی ئەبژیرری‌و تەمی‌یەکی باشیش ئەکری •

ئەگەر کەسیکی ئازاد بەسەر ولاخیکەوە نووستبوو کە لەناو کارواندا بوو ، وە کەسیك لەغاوی ولاخەکەی گرت‌و لە کاروانەکەی دەرکرد ، ئەوە دەستی نابرری ، چونکە مادەم کابراکە بەسەریەوە نووستووە ، ولاخەکە لە ئیدارەی ئەودایە ، وە ئەو کابرا خویشی مەضموون نی‌یە •

(بزانن) لە هەموو ئەو شوینانەدا کە دەستی دزیان تیا نابرری ، دزەکە تەعزیر دەکری •

باسی شەرتی دز بو دەس‌برینی

شەرتی دز ئەوەیە تەکلیفی لەسەر بی‌و ، بە ئارەزووی خوی دزی‌یەکە بکاو ، ئەحکامی شەرعی لەئەستودا بی • کەواتە دەستی دزی نابرری کە مندال یا شیت یا زورلی‌کراو یا کافری حەربی بی • بەلام دەستی کافری (ذمی) ئەبرری بەهوی دزینی مالی (ذمی) یا موسولمانەوە ، هەروەکو دەستی موسولمان ئەبرری بەهوی دزینی مالی موسولمان یا کافری (ذمی)یەوە •

دزی بەچی ئیسپات ئەکری ؟

دزی ثابت ئەبی بە چەند شت • یەکەم پی‌لی‌نانی دزەکە خوی لەپاش ئیددیعای خاوەن‌مالەکە ، بەوشەرتە کە تەکلیفی لەسەر بی‌و بەئارەزووی خوی مالەکەی دزیبی‌و لە پی‌لی‌نانەکەیشیدا بە دریژی باسی دزی‌یەکەی خوی بکاو روونی بکاتەوە کەی دزیویە • مەذهەبی ئیمامی شافیعی وایە ئەگەر دزەکە پەشیمان بووەوە لە پی‌لی‌نانەکەی لی‌ی قوبوول ئەکری •

هەروەها ئەگەر کەسێك پێی‌لێبنێ بە حەقێك لـە حەقەکانی خوادا وەکـو زیناو دزی‌و خواردنەوەی شەراب ، ئـەوە لێی قوبوول ئەکری پەشیمان بیتەوە ، هەرچەند پێی‌لێنانەکەشی لـەپاش ئـەوە بێ کـە مـەحـکەمـەی شەرع ئیددیعای لێ بکا • سوننەتیشە بو قاضی تا سێ جار بەمەعنا پێـیـان پیشان بدا کە پەشیمان ببنەوە ، وەکو ئەوە کە بلێت لەوانەیە ئەو مالە کـە دزیوتە لە شوێنی پاراستنی خویدا نەبووبێ ، یا ئەو ئافرەتە کە چوویتە لای ، بە خێزانی خوتت زانیبێ ، یـا ئـەو شـەرابەی خواردووتـەتـەوە ئاوت زانیبێ ، بەلام دروست نی‌یە بەئاشکرا پێی‌یان بلێ پەشیمان ببنەوە لە پێی‌لێنانەکەیان •

وە ئەگەر دزە کە لەپیش ئیددیعای خاوەن مالدا ، یاخـود لـەپـاش ئیددیعای وەکیلی خاوەن مال کە خوی دیار نەبێ پێی‌نا لە دزی‌یەکە ئەوە دەستی نابرری تا خاوەن‌مالەکە حازر ئەبێ ، چونکە لەوانەیە کاتێ کـە کابرای خاوەن مال دیتەوە پێی‌لێبنێ بەوە کە ئەومالەی زوو حەلال کردووە بو ئەو دزە • هەروەها ئەگەر مالی منال یا شێتێکی دزی‌و پێی لێ‌نا دەستی نابرری‌و چاوەروانی‌ی ئەوە ئەکری ئەو منالە بالغ ببێ یا ئەو شێتە خوش ببێتەوە ، بەلکو پاش‌ئەوە ئەو خاوەن‌مالانە پێی‌لێبنێن بەوە کـە ئەو دزە بەشێکی لەومالەدا هەیە کە دزیویەتی ، یاخود لەپیش ئەوەدا کە ئەرون بو لای قاضی بو ئیددیعا کردن ، ئەو مالە دزراوە ببەخشن بە دزەکە • بەلام لەپاش ئیددیعاکردنی خاوەن مال یا وەکیلی خاوەن مالی حازر ، مەیـدانی چاوەروانی کردن نی‌یە ، چونکە ئەگەر خاوەن‌مال لەسەر دەست نەبرینی دزەکە بووایە ئیددیعای نەدەکرد یاخود وەکیلی نەدەگرت بـو ئیددیعـا کردن لەو دزە •

دووهەمی ئەوشتانە کە دزی‌یان پێ ثابت ئەبێ ئەوەیە کـە کابرای ئیددیعاکەر سوێند بخوا لەسەر دزەکە پاش‌ئەوە کە دزەکە سـوێندەکە

بگیریتەوە بو سەر ئەوو خوی سویند نەخوا • سیهەم ئەوەتــە دووکەسی شــــەهـادەت رەوا شـــەهادەت بـدەن • شـــەرتە ئەم شاهیدانە هــەرچی پیویســتی بەجیهـاتنی دزیـیە لـەشـــەرعـدا بـەیـانی بـکەن • مـەسـەلا بلـین فــلانکــەس ئـەوەنـدە مــالی فلانکەسی لە شوینیکیوادا دەرکردووە کە جیگای پاراستنە بو ئەو جورە مالە • جا ئەگەر دزەکە خوی لەویادا بوو ئیشارەت بکەن بو خــوی ، وە ئەگەر لەویادا نەبوو ناوو بنو بنەچەی بەجوریکیوا باس بکەن کە هیچ شوبهەی تیا نەمینی • ئەگەر شاهیدەکان قسەیان بەتەواوی یەك نەئەکەوت وەکو ئەوە کە یەکیکیان بلی پیش بەرەبەیان مالەکەی دزیوەو ، ئەویان بلی پاش هەتاوکەوتن بوو ، ئەوە شەهادەتەکەیان بەتالە •

ئەگەر پیاویكو دوو ژن شەهادەتیان دا لەسەر دزییەکـە ، ئـەوە مالەکە ثابت ئەبی لەسەر دزەکە ، بەلام دەستی نابرری • وە کاتی کــە مالەکە ثابت بوو واجبە عەینی مالەکە بداتە دواوە ئەگەر مابی ، ئەگینـا بیبژیری • لەپاش ثابت بوونی دزی دەستی راستی دزەکە ئەبرری لــە یەکەم جمگەدا • جا ئـەگــەر پاش ئـەوە جاریکیتر دزیی کــردەوە پییچەپی ئەبرری لە قولاپەدا ، وە ئەگەر پاش ئەوەش دزیی کردەوە دەستی چەپیو ، بو جاری چوارەمی دزی پیی راستی ئەبرری • ئەگەر لەپاش ئەمانەش کابرا دەس بەردار نەبوو لە دزی تەعزیرو تەمی ئەکری بەجوری کە پیشەوای موسولمانان بە قازانجی ئەزانی • وە لەپــاش برینی ئەم ئەندامانەی پیویستە شوینە براوەکەی بکری بە رونی هەلقرچاودا بو ئەوەی لیی پیس نەکا ، وە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەمە لەسەر کابرای دزە خویەتیو ئەبی خوی مەسرەفی بدا •

ئەگەر کەسیك چەند جاریك دزیی کرد لە مالی کەســیكو پاش ئەوە ئیددیعای لیکراو دزییەکەی لەسەر ثابت بوو ، ئەوە بەرابەر بــەو

چەند جارە دزی‌یە هەر دەستی راستی ئەبرری ، هەرچەند پەنجەکانیشی نەمابن • وە ئەگەر دزیی کردو دەستی راستی بە نەخوشی داکـەوت ، ئەوە دەستی چەپی نابرری • وە ئەگەر دەستی چەپی داکەوت نابی بـــە مانیعی برینی دەستی راستی ، چونکە واجبی خویەتی • وە هەر دەسـتی کە برینی واجب بی ، ئەگەر پەنجەی زیادەی هەبی نابی بە مانیعی برینی ئەو دەستە •

باسی ری‌گرو جەردە (قطاع الطرق)

ری‌گر یا جەردە لە شەرعدا بریتی‌یە لە ئینسانیکی موسولمانی تەکلیف لەسەری وەها کە دەس دریژ بکا بو گیان یا مال یا ناموسی کومـــەلیك بەئاشکرا ، بەوشەرتە کە ئەم ری‌گرە هیزو تواناو دەسەلاتی هەبی ، وە ئەو کومەلەیش کە ئەم دەسیان دریــژ ئەکـاتــە ســـەر کەس نەبی بی بەهاواریانەوە لەبەرئەوە کە شوینەکەیان دوور بی لە ئاوەدانی ، یا لەبەر بی‌هیزیی پادشای موسولمانان ، یا بی‌هیزیی خەلکی ئەو شـــوینە ، یـا لەبەر هەر هویەکی‌تر وەکو ئەوە کە کومەلیك بدەن بەســـەر مالیـکداو چەکیان لی‌بسینن‌و ماوەیان نەدەن هاوار بەن بو کەس ، خواە ری‌گر یەك کەس بی یا کومەلیك ، وە پیاو بی یا ژنیکی ئازاو زوردار کە دەرەقـەتی کومەلیك بیت یا وەکو ئەوان بیت •

کەواتە بە ری‌گر ناناسری کافری جەنگاوەرو کافـــری (ذمی)و پەیمان لەگـەل‌کراوو مندال‌و شـیت‌و کومـەلیـکی‌وا کـە هیزو توانـاو دەسەلاتیان نەبی ، بەلام دەست‌دریژ بکەنە ســـــەرکاروان‌و ریبـــوارو پەلاماریان بدەن‌و پشتیان بەوە قایم بی کەوا هەل‌دین‌و دوور ئەکەونەوە •

هەرکەسی یا هەر کومەلە کەسیك کە زال بن بەسەر کەسیك یـــا چەندکەسیکدا ئەوە بە ری‌گر ئەناسرین بەنیسبەت ئەوکەسە یا ئەو چەند

کەسەوە کە بەسەریاندا زال بوون ، هەرچەند بەنیسبەت کومەلیکی تری زورەوە بە بیهیز دابنرینو دەسەلاتیان بەسەریاندا نەبی • وە لە هەر حالەتیکدا کە کومەك بو کومەلە پەلاماردراوەکە پەیدا ببی کە رزگاریان بکا لە دەستی ریگرەکان ، ئەوە ئەم کومەلە پەلاماردەرە ئیتر بە ریگر ناناسرین •

هەروەها کومەلی کە ریبوار بترسینن بەلام رووتیان نەکەنەوەو کەس نەکوژن ، ئەمانەیش بە ریگر ناناسرین ، بەلام واجبە لەسەر حوکمرانی موسولمانان تەمییان بکاو نەهیلی وابکەنو ناچاریان بکا دەس بەرداری خەلك ببن •

جا ئەگەر ریگرەکان نیصابی حەددی دزییان سەند لە خەلك ، یەکەیەکە دەستی چەپو پیی راستیان ئەبرری • وە ئەگەر جاری دووهەم رییان لە خەلك گرتەوە دەستی چەپو پیی راستیان ئەبرری • وە ئەگەر پیاویان کوشت ئەکوژرینەوە • وە ئەگەر پیاویشیان کوشتو مالیشیان لە خەلك سەند ئەوە ئەکوژرینو ئەشووررینو نویژی مردوویان لەسەر ئەکری ، جا پاش ئەوە تا سێ روژ بە داریکی پاندا هەلدەواسرین، ئەوسا ئەهینرینە خوارەوەو ئەشاررینەوە •

وە هەرکەس بە ئارەزووی خوی کومەکی کرد بەم ریگرانە ، مەسەلا شەو جیگەی کردنەوە یا نانی پیدان ، ئەوە واجبە لەسەر پیشەوای موسولمانان تەعزیرو تەمییان بکا بە گرتن یا بە دوورخستنەوە بە هەرجوری کە خوی بە سوودی موسولمانانی بزانی ، لەگەل چاودیریی ئینسافو قیمەتی یارمەتییەکەیاندا •

(بزانن) کوشتنی ریگر زیاتر وایە لەشیوەی قیصاصدا ئەبیت • کەواتە ریگر ناکوژریتەوە لەجیاتیی کوشتنی منالی یا وەچەی خوی ، یا لەجیاتیی کافری (ذمی) • وە ئەگەر نەکوژرا تا خوی مرد یا

بەهویەکی‌ترەوە کوژرا (دیە) لە مالەکەی وەرنەگیری بو ئەو کوژراوانە کە قیصاصیان وەرنەگیراوە • وە ئەگەر کومەلیکی کوشتبوو ئەوە لـــە قیصاصی یەکیکیاندا ئەکوژریو (دیە) لە میراتەکەی ئەدری بو ئەوانی‌تر • وە ئەگەر وەلی‌ئەمری کوژراوەکە عەفوی کرد بەرابەر بە پارەیەك ، ئەوە ئەو پارەیە واجب ئەبی‌و قیصاص نامینی • بەلام لەم‌کاتەدا هەر بە جیهەتی حەددی ری‌گر ئەکوژریتەوە • وە ئەگەر خەلکی کوشتبو بە شـــتیکی قورس یا بە برینی ئەندامی لەش ، ئەوە هەر بەوجورە رەفتاری لەگـەلدا ئەکریتەوە • وە ئەگەر کەسیکی بریندار کردو ئەوکەســە لەپاشــاندا خوش‌بووەوە ئەوە فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە کە قیصاص واجب نی‌یە لـەم‌حالەدا •

(بزانن) هەر سزایەك بکەویتە سەر ری‌گر بەهوی ری‌گری‌یەوە ، ئەوە ئەگەر لەپیش ئەوەدا کە پادشای موسولمانان دەسی بەسەردا بگری ، تەوبەی کرد ، ئـەو سزایەی لەســەر لائەچی • بەلام ئەگــەر لەوەپـاش تەوبەی کرد هیچ کەلکی نی‌یە • بەلی هەر سزایەك پەیوەندی بە سیفەتی ری‌گری‌یەوە نەبی وەکو ئەوە کە کەسیکی کوشتبی یاخود دەســـتی کەسیکی بریبی ئەوە بە تەوبە لاناچی خواە لەپیش تەوبەدا یا لەپاش تەوبە بگیریت • بەلی حەددی زیناو دزی‌و خواردنەوەی شــەراب لەپاش ثابت بوونی هەرگیز لاناچی ، خواە کابرا تەوبە بکا یا نەی‌کا • بەلام هەندی لە زانایانی شەرع لەسەر پیچەوانەی ئەم فەرموودەیـــەن‌و بەلگەیـــان هیناوەتەوە بەو ئایەت‌و حەدیثانە کە وائەگەیەنن تەوبە گوناە لائـەبـا • بەلام نویژ نەکەر لەسەر هەردوو فەرموودەکە بەهوی تەوبـەوە حەددی لەسەر لائەچی • هەموو ئەم فەرموودانە بەنیسبەت ظاهیری شەرعەوەن ، ئەگینا لەبەینی ئینسان خوی‌و خوادا هەرکاتی تەوبـەی راستەقینەی کرد هەموو حەددیکی لەسەر لائەچی وەکو لە (تحفە)دا ئەفەرمویت •

باسی کەوتنەیەکی چەند حەددیك

ئەگەر کەسیك قیصاص‌و حەددی دزی‌و حەددی بوختانی زینـــای کەوتەسەرو ئیددیعای لی‌کرا ، ئەوە لەپیشانا جەلدەی لی‌ئەدری ، ئەوجـا دەستی ئەبرری ، ئەوجا قیصاصی لی‌ئەستینری ، وە لەپاش دەس برینەکە دەس‌بەجی دەست ئەکری بە کوشتنی ، بەلام لەپاش جەلدە لیـدانـەکـە پیویست نی‌یە دەس‌بەجی دەستی ببرری ئەگەر موستەحەقی کوشتنەکەی حازر نەبی ، هەروەها ئەگەر حازر بی‌و نەلی زوو بە پەلە دەستی ببرن تـا منیش قیصاصی خومی لی‌بستینم •

ئەگەر موستەحەقی کوشتنەوەکە حەقەکەی خوی دواخست ، ئەوە جەلدەکەی لی ئەدری • جا کە ئیشی ئەو جەلدە لی‌دانە دامردەوە ئەمجار دەستی ئەبرری • بەلی ئەگەر موستەحەقی دەست‌برین حـەقی خـــوی دواخست ئەوە هەر جەلدەکەی لی‌ئەدری • واجبە لەسەر موســـتەحەقی نەفس خوی رابگری تا دەستی کابرا ئەبرن • وە ئەگەر پـەلـەی کردو کوشتی ، ئەوە ئەبی (دیە)ی دەستەکە بدا بەوکەســە کـە موستەحەقی دەس‌برینەکەیە • وە ئەگەر موستەحەقی جەلدە حەقی خوی دواخست ، ئەوە قیاس وایە کە موستەحەقی نەفس‌و ئەندام سەبر بکەن •

ئەگەر چەند حەددیك لە حەددەکانی خوا کوبوونەوە وەکو ئـەوە کە ئینسانیکی عازەب زینا بکاو شەراب بخواتەوەو پاشگەزیش ببیتەوە لە ئایینی ئیسلام ، ئەوە هەرکام لەو حەددانە سووکتر بی ئەویانە پیش‌ئەخری لەوەیان کە قورسەو هەروەها بە ریز • وە ئـەگـەر چـەنـد حەقیـکی خواو ئادەمی‌زاد کوبوونەوە ، ئەوە حەددی بوختانی زینـــا پیش‌ئەخری لە حەددی زینا ، وە حەددی زینا پیش‌ئەخری لـــە حەددی شــــەراب خواردنەوە ، وە قیصاصی گیـــان یـا ئـەنـدام پیش‌ئەخری لـــە حەددی زینـــا •

باسی خواردنەوەو حەددی خواردنەوە

هەر خواردنەوەیەك کە زوری ئینسان سەرخوش بکا کەمیشی وەکو زوری حەرامەو ، هەرکەسی بیخواتەوە کەمی یا زوری ، حەددی لیئەدری • شەرتی جیبەجیکردنی حەد چەند شتە • یەکەم ئەوەیە ئەوکەسەی ئەیخواتەوە موسولمان بیو ، دووهەم ئەوەیە تەکلیفی لەسەر بیو ، سیهەم ئەوەیە بە ئارەزووی خوی بیخواتەوە • چوارەمیش ئەوەیە ئەوکەسە کە ئەیخواتەوە بزانی ئەوەی کە ئەیخواتەوە شەرابە • کەواتە حەد نادری لە مندالو شیتو کافری جەنگاوەرو (ذمی)و کەسیك کە بە زور شەرابی پی بخوریتەوە یا بکری بە قورگیا ، هەروەها کەسی کە نەزانی ئەوەی ئەیخواتەوە شەرابە •

ئەگەر نەوموسولمانیك شەرابی خواردەوەو ئیددیعای کرد کە نەیزانیوە شەراب حەرامە حەددی لی نادری • وە ئەگەر بلیت ئەمزانی حەرامە ، بەلام نەمئەزانی حەددی لەسەرە ، ئەوە حەددی لی ئەدری • هەروەها حەددی لی ئەدری بە خواردنەوەی خلتەی شەرابو شەرابی کە وشك بووبیتەوە، بەلام حەددی لی نادری بە خواردنی نانی کە هەویرەکەی بە شەراب شیلرابی ، یا بە خواردنی هەویری کە شەرابی تیکرابی ، وە بەهوی بەکارهینانی شافی کە بە شەراب دروست کرابی ، هەروەها ئەگەر وەکو برنووتی بیکا بە لووتیا •

ئەگەر کەسیك پاروویەك گیرایە قورگیو لە شەراب بەولاوە شتیك نەبوو خوی پی رزگار بکا ، ئەوە دروستە بوی ئەوەندە بخواتەوە کە پاروەکە بەریتە خوارەوەو رزگاری بکا • فەرموودەی راستتر ئەوەیە حەرامە شەراب بخوریتەوە بو تەداوی یاخود بو نەهیشتنی تینوویەتی ، بەلام کابرا حەد لیدانی واجب نابی • بەلام ئەگەر دەرمانەکە تیکەل بوو

له شەراب‌و شتی‌تر بەجوری کە شەرابەکە کاریکی زور نەکاو دوکتوریکی له خواترس وتی قازانجی هەیە ئەوە دروستە تیماری پی‌بکا • هەروەها ئەگەر کەسیك لەبرسانا یا لەبەر تینوویەتی ترسی مردنی هەبی دروستە بیخواتەوە •

حەددی شەراب‌خوری ئازاد چل جەلدەیە بە توول‌و بە دەست‌و بە کەوش‌و بە چمکی چل • وە ئەگەر پیشەوای موسولمانان وای بە باش زانی هەشتا داری لی بدا ئەوەش دروستە ، وە هەرچەندی لە چل دارەکە زیاتر لی بدا بە تەعزیر دائەنری •

حەد ئەدری لە ئینسان بەوە کە خوی پی‌ی لی‌بنی کەوا شەرابی خواردووەتەوە ، یا دوو پیاو شەهادەت بدەن کە خواردوویەتیەوە ، نەك بە بونی دەم یا بە رشانەوە • بەسە ئەوەندە کە لە پی‌لی‌نانەکەیدا بلی شەرابم خواردووەتەوە ، یا شاهیدەکە لە شەهادەکەیدا بلی شەرابی خواردووەتەوە • وە لە فەرموودەیەکدا پیویستە شاهیدەکە ئەوەش بلی کە زانیویە شەرابەو حەرامەو بە ئارەزووی خوی خواردوویەتیەوە •

(بزانن) داری حەد لە حەددی زیناو بوختان‌و شەراب خواردنەوەدا ، لە بەینی توولی نەرم‌و رەق‌و وشك‌و تەردایە بەجوری کە ئازاریان هەبی‌و لەوانەش نەبن بە عادەت ئادەمیزاد بکوژن • ئەم جەلدانە دابەش ئەکرین بەسەر ئەندامی لەشدا ، بەلام نادرین لە روخسارو جیگەی کوشندەی وەك کەلەکەو میزەلدان • وە دروست نی‌یە دەستی کابرا ببەستری یا رووت بکریتەوە لە جل‌و بەرگ • بەلی ئەو پوشاکەی کە زور قایم بی‌و ریگا لە ئیشی دارەکان بگری دائەکەنری بو ئەوە کە لووت شکاندنی کابرا بیتەدی • هەروەها سەرخوش لەکاتی سەرخوشیدا جەلدەی لی نادری •

باسی تەعزیر

هەر گوناهی کە حەددو کەفارەتی تیدا نەبی تەعزیری تیدا هەیە ، وە پیشەوای موسولمانان تەعزیرو تەمی بەجیدینی بە حەپسکردن یا لیدان بە شەقازلە یا بە لومەو سەرزەنشت • وە حەقی ئیجتیهادی هەیە لە دیاری کردنی جور یا ئەندازەی ئەم تەعزیرەدا • جا ئەگەر داری لیدا پیویستە لە چل دار کەمتر بی چونکە دروست نییە تەعزیر بگاتە پلەی حەد • هەموو گوناهیکیش وەك یەك وان لەوەدا کە پیویستە تەعزیریان لە ئەندازەی حەد کەمتر بی • ئەگەر موستەحەقی حەد کابرای عەفو کرد لە شوینیکا کە عەفو تەئثیری تیا هەبی ، ئەوە پیشەوای موسولمانان حەقی تەعزیری نییە • وە ئەگەر موستەحەقی تەعزیر کابرای عەفو کرد حەقی تەعزیر هەر ئەمینیتەوە بو پیشەوای موسولمانان •

باسی غەزا (كتاب السير)
وە ئەو شتانەی کە بەستراون بە غەزاوە

غەزا لەپیش کوچکردنی پیغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) لە مەککەوە بو مەدینە حەرام بووە ، وە لەو زەمانەدا حەزرەت تەنها فەرمانی ئەوەی پی درابوو کە ئایین بە دەم رابگەیەنی بە خەلکداو ئایەتیان بو بخوینیتەوەو موژدە بدا بەوانەی کە فەرمانی خوا جیبەجی دەکەن کەوا دەچنە بەهەشت ، وە ئەوانە بترسینی کە ملپیچی لی دەکەن کەوا لە دوزەخدا سزا ئەدرین • وە پاش ئەوە کە کوچی فەرموو بو مەدینەی مونەووەرە فەرمانی پی درا کە غەزا بکا • غەزا لە زەمانی پیغەمبەر (ص) خویدا فەرزی کیفایە بووە • بەلام لەپاش وەفاتی ئەو دوو حالەت هەیە • یەکەم ئەوەیە کە کافران لە ولاتی خویاندا بن • لەم حالەدا سالی یەكجار غەزا فەرزی کیفایەیە ، وە ئەم غەزایە بەوە ئەبی کە لەشکری ئیسلام

سنووری ولاتی خوی دابگری‌و هەر شوینیکی شوینی ترس بی کە کافران لەشکری تی‌بینن ئەمان لەشکری تیا دانین • وە بەوەیش ئەبی کە لەشکری ئیسلام بچیتە خاکی ولاتی کافران ئەگەر عەهدو پەیمانمان لەگەلیاندا نەبی •

ئەم جورە غەزایە واجب نی‌یە لەسەر مندال‌و شیت‌و ژن‌و نەخوش‌و شەل‌و کویر ، وە لەسەر کەسی کە مەسرەف‌و ئەسبابی شەرکردنی نەبی ، وە هەر عوزری کە ریگا بگری لە واجب بوونی حەج ریگاش ئەگری لە واجب بوونی غەزا تەنها ترسی ریگا نەبی لە کافران ، وە لە دزو جەردەی موسولمان • ئەمانە نابن بە بیانوو ، وە هەر قەرزی کە وەعدەی هاتبی مەنعی سەفەر کردن بو غەزا ئەکا مەگەر بە ئیذنی خاوەن قەرزەکە •

لەم‌حالەدا حەرامە لەسەر منال بەبی ریگادانی باوکی‌و دایکی بچی بو غەزا ئەگەر باوك‌و دایکی موسولمان بن • بەلام سەفەری خویندن‌و فیربوون‌و هەر شتی کە فەرزی عەین بی یا فەرزی کیفایە بی ئەوە پیویستی بە ئیذن‌دانی باوك‌و دایك نی‌یە • ئەگەر باوك‌و دایك ئیذنی منالیان دا بچی بو غەزا ، یا خاوەن‌قەرز ریگای قەرزارەکەی دا ، وە لەپاشا پەشیمان بوونەوە ، ئەوە ئەگەر نەگەیشتبوونە ریزی شەر واجبە زوو بگەرینەوە ، ئەگینا حەرامە بگەرینەوە •

حالەتی دووهەم ئەوەیە کە کافرەکان بینە ولاتی موسولمانانەوە • لەم‌حالەتەدا غەزا واجب ئەبی لەسەر هەرکەسی کە توانای هەبی لە ئەهلی ئەو شوینەو ئەوکەسانەی کە لە مەسافەی دروست‌بوونی نویژ کورت کردنەوە نزیکترن لەو شوینەوە • وە ئەگەر کافرەکان بەبی جەنگ نەئەچوونە دەرەوە ئەوە واجبە لەسەر دەولەمەندو فەقیر بەلکو لەسەر قەرزار بە بی‌ریگادانی خاوەن قەرزەکە ، وە لەسەر مندال بە بی ریگادانی باوك‌و دایکی برون بو غەزا لەگەلیانا • جا ئەگەر کافرەکان بەمانە دەرنەکران ، فەرزە لەسەر موسولمانانی‌تر کە لە مەسافەی دروست‌بوونی نویژ کورت کردنەوەدان یا دوورترن لەو مەسافەیە

برون بو یارمەتی‌دانی خەلکی ئەو شوینانە کە کافر داگیریان کردوون‌و دەریان‌بکەن •

هەر پیاویك‌و هەر ژنیکی موسولمان کە کافر بە نیازی جەنگ روویان تی‌بکا واجبە لەسەریان بە هەرجوری کە ئەتوانن بەربەرەکانی بکەن‌و خویان نەدەن بە دەستەوە • وە ئەگەر لەو باوەرەدان بوون کە کافرەکان دیل ناکوژن‌و ناموسیان نابەن دروستە لەکاتی ناچاریدا خویان بدەن بەدەستەوە •

فەرزی کیفایە تەنها غەزا نی‌یە ، بەلکو هەرچی بەسوود بی‌و پیویست بی بو مانەوەی ئایین‌و هیزی موسولمانان واجبە جی‌بەجی بکریت• مەسەلا لە فەرزی کیفایەیە راگرتنی باوەری ئیسلامەتی بەهوی ئەو زانایانەوە کە ئەتوانن بە بەلگەو دەلیل ئیسباتی راستیەتی‌ی ئایینی ئیسلام بکەن‌و دەفعی شوبهەو گومان بکەن لە بیروباوەری موسولمانان • هەروەها فەرزی کیفایەیە راگرتنی عولوومی دینی وەك تەفسیرو حەدیث‌و ئوسوولی حەدیث‌و ناوی ئەوکەسانە کە بەریز حەدیثیان دەم‌بەدەم گیراوەتەوە لە پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەل زانینی هویەکانی (جرح)و (تعدیل)و ئاگاداری لە حەدیث بە هەموو جورەکانیەوە •

هەروەها فەرزی کیفایەیە زانینی عیلمی (اصولی فقه) بە تەفصیل‌و زانینی لقەکانی (فقه)و ئەو مەسئەلانە کە جیگەی یەکیتی‌ی قسەی زانایانی شەرعن ، وە یا جیگەی جیایی قسەی زانایانی شەرعن ، بەجوری کە هەمیشە کومەلە زانایەکی‌وا پەیدا ببن رەوا بن بو پایەی قاضی‌یەتی‌و فتوادان لە حوکمەکانی ئیسلامەتی‌دا •

هەروەها فەرزی کیفایەیە لە هەموو دوو مەنزلیکدا (مفتی)یەك ، وە لە هەر مەسافەیەکی نیورۆژە ریگەدا قاضی‌یەك هەبی بو ئەوە کە ئیش‌وکاری موسولمانان پەکی‌نەکەوی • وە فەرزی کیفایەیە زانینی هەر

عیلمیك كه پیویست بی بو زانینی قورئانی پیروزو حه‌دیثی پیغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم)و ئه‌حكامی دین ، وه‌ك صه‌رف‌و نه‌حوو زمانی عه‌ره‌بی‌و میژوو و به‌لاغه‌و ئینشاو عه‌رووض‌و ئادابی موناظه‌ره‌و مه‌نطیق‌و غه‌یری ئه‌مانه له‌و عیلمانه كه پیویستن بو ئایین وه‌ك عیلمی نووسینی خه‌ت .

وه فه‌رزی كیفایه‌یه زانینی عیلمی هه‌نده‌سه‌و حیساب بو دابه‌ش‌كردنی میرات‌و مالی تیكه‌ل‌و وه‌صیه‌ت جی‌به‌جی كردن‌و به‌ریوه‌بردنی مامه‌له‌ی خه‌لك . هه‌روه‌ها فه‌رزی كیفایه‌یه هه‌میشه كومه‌لیك هه‌بی قورئانی پیروزیان له‌به‌ربی بو پاراستنی قورئان له فه‌وتان ، وه هه‌موو سالی له وه‌ختی حه‌جدا كومه‌لیك له موسولمانان زیاره‌تی كه‌عبه بكه‌ن بوئه‌وه‌ی هیچ سالی چول نه‌بی ، خواه له‌نزیكه‌وه برون یا له دووره‌وه ، به‌جوری كه نیشانه‌ی حه‌ج جی‌به‌جی بكریت .

هه‌روه‌ها فه‌رزی كیفایه‌یه له هه‌موو قه‌ره‌بالغیكی موسولمانانا نویژه‌كان به جه‌ماعه‌ت بكرین تا نیشانه‌ی ئیسلامه‌تی دیار بی . وه فه‌رزی كیفایه‌یه هه‌میشه كومه‌لیك له موسولمانان (علمی طب) بزانن بو تیماركردنی نه‌خوش‌و بریند‌اری ناو كومه‌ل . هه‌روه‌ها كومه‌لیكیش هه‌بن هه‌موو جوره پیشه‌سازی‌یه‌كی پیویست بزانن به‌نیازی پاراستنی ولات له دوژمن‌و جی‌به‌جی‌كردنی پیویستی‌یه‌كانی كومه‌ل‌و به‌رز كردنه‌وه‌ی پله‌ی ئاوه‌دانی به‌پی‌ی توانا . وه فه‌رزی كیفایه‌یه راگرتنی بازرگانی‌و كشت‌وكال‌و باخ‌و بیستان‌و به‌خیوكردنی حه‌یوانات‌و خه‌ریك بوون به هه‌ر ورده پیشه‌یه‌كه‌وه كه پیویست بی بو ئاده‌میزاد بو خوشی‌ی ژیان‌و به‌رزبوونه‌وه‌ی پله‌ی گوزه‌ران‌و سه‌ربه‌خویی موسولمانان له‌ناو گه‌لانی‌تردا .

فه‌رزی كیفایه‌یه ئه‌مر به چاكه‌و نه‌هی له خراپه به چه‌ند شه‌رت .

یەکەم : ئەو چاکەو خراپەیە بەپێی مەذهەبی ئەوکەسە بی کە ئەمرو نەهیەکەی لەگەلدا ئەکریت • بەلی میردی ژن ئەتوانی مەنعی ژنەکەی بکا لە شتی کە لای ژنەکەی دروست بی‌و بە عەقیدەی ئەم خوی حەرام بی وەکو ئەوە کە پیاویکی شافیعی مەذهەب مەنعی ژنی حەنەفی مەذهەبی خوی بکا لە خواردنەوەی (نبیذ) • وە قاضی ئەتوانی مەنعی کەسی بکا لە شتی کە لە مەذهەبی ئەوکەسەدا دروست بی بەلام لە مەذهەبی قاضی خوی‌دا دروست نەبی وەکو مەنعی قاضی‌ی شافیعی مەذهەب بو پیاوی کە ژنیکی لەسەر مەذهەبی حەنەفی بە بی‌وەلی مارە کردبی ، بەوشەرتە کە ئەو مەسئەلەیە بە صوورەتی دەعوا ببری بولای قاضی‌و لەپیش ئەوەدا قازی‌یەکی حەنەفی مەزهەب حوکمی نەکردبی بە دامەزرانی ئەو مەسئەلەیە •

شەرتی دووهەم : ئەوەیە کابرا ئەمین بی لە گیان‌و نامووس‌و ئەندام‌و مالی خوی یا کەسیکی‌تر ، ئەگینا واجب نی‌یە ئەمر بە چاکەکەو نەهی لە خراپەکە بکا • جا ئەگەر ترسەکەی لە خوی بوو ئەوە هەر دروستە بیکاو خوی لەبەر ئازارو مەینەتدا رابگری • وە ئەگەر ترسی لە کەسیکی‌تر بوو حەرامە ئەوکەسە تووشی ئەو دەردو مەینەتە بکاو دروست نی‌یە ئەو ئەمرو نەهیە بکا •

شەرتی سیهەم : ئەوەیە باوەری وانەبی ئەوکەسە کە ئەمرەکەی پی‌ئەکا یا نەهیەکەی لی‌ئەکا ملپیچی‌یەکی زور ئەکا ، یاخود کردەوەیەکی خراپی لی ئەوەشیتەوە ، ئەگینا واجب نی‌یە • چوارەمیش ئەوەیە ئەو ئەمرو نەهیە هەرای لی پەیدا نەبی ، ئەگینا حەرامە توخنی بکەوی •

فەرزی کیفایەیە موسولمان ببی بە شاهید لە هەر ئیشیکی حەلالداو لەکاتی پیویستیشدا شەهادەتەکە بدا بەوشەرتە لە دانی ئەو شەهادەتەوە

هەرایەك بەرپا نەبیو کابرا ئەمین بی لە گیانو مالو ئەندامو ناموسی خوی‌و هەرکەسیکی‌تر • هەروەها فەرزی کیفایەیە دەفعی زیان لە موسولمانان ، وەکو پوشتە کردنەوەی رووتو تیرکردنی برسی لەکاتیکا کە لە ریگای (بیت المال) یا زەکاتی دەولەمەندانەوە ئەم جورە شتانە جی‌بەجی نەکرین • هەروەها واجبو فەرزی کیفایەیە کفنو دفن‌کردنی مردوو ئەگەر خوی هیچی لی بەجی‌نەمابی ، وە لەوشوینەدا (بیت المال) ئەوەندە ریك‌وپیك نەبی کە ئەم ئەرکانە بەجی‌بینی • هەروەها فەرزی کیفایەیە لەسەر کومەل کە هیچ‌نەبی یەکیکیان جوابی سەلام بداتەوە ، وە سوننەتی کیفایەشە یەکیك لەناو کومەلیکدا سەلام بکا لە خەلکی‌تر •

غەیری ئەم شتانەی باسمان کردن فەرزی کیفایەی‌تر زورە وەکو لە کتیبە گەورەکانا نووسراونو مەسرەفی ئەم فەرزانە لەسەر (بیت المال)ە ئەگەر ریك‌وپیك بی • ئەگینا لەسەر هەموو ئەوکەسانەیە کە خاوەن‌مالو خاوەن‌هیزو توانان لەناو موسولمانانا •

جا وەکو لەپیشەوە وتمان غەزا یا فەرزی کیفایەیە یا فەرزی عەینە • هەرچون بی غەزا بە بی ریگادانی پیشەوای موسولمانان یا جی‌نشینی ئەو کەراهەتی هەیە چونکە ئیشیکی مەترسی‌دارەو پیویستی بە شتومەکی جەنگی‌یەو نانو خوراکی دەوی‌و تەماشاکردنی باری جیهانی دەوی‌و ئەم جورە ئیشەیش بە غەیری پیشەوای موسولمانان ناکری •

سوننەتە هەرکاتی پیشەوای موسولمانان لەشکری نارد بو غەزا یەکیکی‌وا کە باوەری پی‌ی ببی‌و متمانەی لە عەقلو لی‌هاتوویی‌و تی‌گەیشتنی هەبی بیکا بە گەورەی موسولمانانو فەرمانی بداتی کە بە دادپەروەزی لەگەل لەشکرەکەیدا بجوولیتەوە • هەروەها گفتو پەیمانیش

لە ئەندامانی لەشکرەکە وەربگری کە لە فەرمانی خوا دەرنەچن‌و بەگوی‌ی سەرلەشکرەکەیان بکەن‌و لەکاتی شەرا خویان راگرن‌و هەل‌نەیەن •

دروستە لەکاتی پیویستیدا پیشەوای موسولمانان یارمـــەتی وەربگری لە کافران بەوشەرتە کە دلنیا بی لەوە کە خەیانەت ناکەن لی‌ی‌و ئەوەندەیش بن کە ئەگەر فەرز بکەین لەگەل کافرە دوژمنەکاندا ببن بە یەك لـە دوو قاتی ئیمە زیاتر نەبن • دروستیشە ئینسانیکی نابالغی‌وا کە نزیك بی بالـغ ببی بچیتە ناو سوپاوە بەوشەرتە ئازاو بەهیز بی •

پیشەوای موسولمانان ئەتوانی چەکی سوپا لە مالی خوی بدا وەکـــو ئەتوانی لە مالی (بیت المال) بیدا ، وە دروست نی‌یە موســـولمان بە کری بگری بو غەزا ، چونکە کری بەرابەر بە فەرز نادری • ئەومالەش کـــە سوپای مووچەخور وەری‌ئەگرن لـە مالی دەسکەوتووی غـەزای کافران ، یاخود ئەو زەکاتەی کە سەربازی داوتەلەب (متطوع) وەری‌ئەگرن بـە کومەك‌و یارمەتی دائەنری نەك بە کری •

جا کاتی کەوتینە جەنگەوە لەگەل کافران ، دروست نی‌یە منـدال‌و شیت‌و ژن‌و خونثا بکوژین مەگـەر کـەوتنە جەنگەوە لـەگـەلمـان • وە کەراهەتی هەیە غەزاکەر خزمی خوی بکوژی بەتایبەتی ئەگەر مەحرەم بی پی‌ی وەکو باوك‌و باپیرەو کورو کورەزاو براو برازاو مام ، مەگەر ئەمانە بەئاشکرا جنیو بدەن بە خوداو بە پیغەمبەر • هەروەها دروســـت نی‌یە ئەوکەسەی کە کافران بو ئیشیك بینیرن بو لامان بیکوژین چونکە فروستادە هیچی لەسەر نی‌یە •

لەبارەی رەبەن (راهب)و کریکارو پیرو کویری کافرانەوە ئیمامی شافیعی دوو فەرموودەی هەیە یەکەم کە فەرموودەیەکی بـەهیزە ئەوەیـە دروســـــتە بـکوژریـن‌و دروستیشـە بهیلرینـەوە • فـەرموودەی دووهـەمیشی ئـەوەیـە دروست نی‌یە بکوژرین‌و پیویستە بهیلرینـەوە •

ئەم حوکمە ئەمرو بەپێی مەسلەحەتی موسولمانانەو پیشەوای موسولمانـان چی بە باش بزانی ئەوە ئەکری ، وە ئەتوانی بـە پێی بیرو رای خوی‌و راویژو تەدبیری موسولمانان رەفتار بکا ، وە هەر کافریکی ئازادی بە دیل گرت ئەتوانی یا بیکوژی یا بیکا بە بەندە یا منەت بنیتە سەر کافرەکـانو بەرەللای بکا بە خورایی یا بەرابەر بە ئەندازەیەك پارە ئازادي بکا •

دروستە بو پیشەوای موسولمانان دەوری کافرەکان بگری لە شار یـا لە قەلاداو ئاویان بەسەرا بشکینیتەوە بوئەوە کـە شوینەکەیان بخنکی ، وە ئەتوانی خانوویان برووخینی‌و باخیان ببری‌و دەغل‌ودانیان بسـوتینی ئەگەر ئەم کردەوانە ببن بەهـوی داگیرکردنی شـوینی کـافرەکـانو زال‌بوون بەسەریاندا • بەلام حەرامە فەوتاندنی حەیواناتو مەرو مالاتیان تەنها ئەو ولاخی سواری‌یانە نەبی کـە سـواریان دەبن‌و شـەریان پیوە ئەکەن • هەروەها دروستە لەکاتی بی‌ئاگایی‌دا بدا بەسەریانا هـەرچـەنـد موسولمانیشیان لەناودا بی ، خواە ئەو موسولمانانە دیل بن لایـان یاخـود بو کاسبی‌و بازرگانی چووبنە ناویان •

وە ئەگەر شەر گەرم بوو ، وە کافرەکان دەوری خویانیان گرت بە ژن‌و مندالی خویان ، ئەوە هەر دروستە شەریان لەگەلدا بکریت ، ئەگینـا ئەمە ئەکەن بەهوی ئەوە هەرکاتی کەوتنە تەنگی‌یەوە بەمجورە خویـان رزگار بکەن • بەلام ئەگەر ناچار نەبین بو ئەم شەرە ، واتە ئەگەر بە بی شەر زال ببین بەسەریاندا ، ئەوە لەم‌کاتەدا شەریان لەگەلـدا نـاکـەین بوئەوە کە ئەو مندالانەو ئەو ژنانە نەکوژرین • وە ئەگەر دەوری خویانیان گرت بە ژن‌و منال‌و پیاوی موسولمانان ، ئەوە تا ناچار نەبین شەریان لەگەل ناکەین بو پاراستنی موسولمانەکان • بەلی ئەگەر ئەم فیلەیان بوئەوە کـرد

که بیکەن بەهوی زال‌بوون بەسەر ئیمەدا ئەوە ناچارین شـــەریان لەگەل ئەکەین •

حەرامە لەسەر ئەو موسولمانەی لە ریزی جەنگدایە لە ریز دەرچی‌و پشت هەل‌کا ئەگەر کافرەکان لە دوو قاتی ئیمە زیاتر نەبن مەگەر بو فیلی شەر ، واتە بە فیل خوی بشکینی بوئەوە کە لەپاشا زال ببی بەسەریانا یـا بوئەوە کە بروا بو سەنگەریکی مەحکەم یا لە هەتاو دەرچی بو سیبەر یاخود بروا بو ناو کومەلیکی‌تر لە موسولمانان کە لەگەل ئەواندا باشتر شـــەری پی بکری •

جا ئەگەر ئەم کومەلە نزیك بوون لە کومەلەکەی خویـەوە ئـەوە هەروەکو ئەوە وایە کە لەناو ئەواندا بی • وە ئەگەر بە عورف دوور بن لە کومەلەکەی خویەوە ئەوە ئیتر بە جیا دائەنری لەو کومەلی پیشووە • وە ئەگەر ئەمان تالانیکیان گرت ئەو لەگەلیاندا بەشدار نابی •

وە ئەگەر کافرەکان لە دوو قاتی ئیمە زیاتـر بن دروستە هەل‌بیین لەبەریاندا ، هەروەها ئەگەر ئیمە ئەسبابی جەنگمان بەدەستەوە نەمـــاو ئەوان خاوەن چەك بوون ، چونکە خوگرتن لەم حالـەدا ئەبی بەهـــوی فەوتانی سوپای ئیسلام بە بی سوودو قازانج • بەلی ئەگەر زیادەکـــەیان ژمارەیەکی کەم بوو ، وە ئیسلامەکانیش خاوەن هیزو خاوەن چەك بوون ئەوە دروست نی‌یە لەبەریان هەل‌بین •

ئەگەر کافریك داوای شەرەمەیدان (مبارزه)ی لە موسولمانان کرد ، دروستە یەکی لە ئیمە برواتە مەیدانەوە لەگەلی بەشەرتی کـــە پیشەوای

موسـولمانان ریگای بـداو کـابـرایش خـاوەن هیـز بیو خـوی تـاقی کردبیتەوە •

باسی پیاوو ژنو مندالو مالی کافران که بکەونه دەستی موسولمانان

ژنو مندالی کافران که له جەنگدا گیران ئەکریـن بـه بـەنـدەو ، پیشەوای موسولمانان ئارەزووی چیئەکـا لــه پیـاوه بـەدیـل گیراوەکانیان ، ئەتوانی هەرکام ﻟﺮدارەیان لەگەل بکا که پیشـان باسمان کردن • ئەگەر پیشەوای موسولمانان زوو نەیزانی چییان پیبـکا باشترە ، ئەتوانی راگیریان بکا تا بەرچاوی روشن ئەبیتەوە • ئەگەر ئـەو کافرەی که کەوتووەته دەستی موسولمانان موسولمان بوو ئەوە کوشـــتنی دروست نییه ، بەلام ئەتوانی یا بیکا به بەنده یا بەخورایی بەرەللای بکا • وه ئەگەر کافریك بەر لەوه که بکەویته دەستی موسولمانان موسولمان ببی ، ئەوه خوییو مندالی نابالغی ئەپاریزرین لەو سی کرداره که لەپیشا باسمان کردن • هەروەها مالیشی تالان ناکرییو دانانری بــه دەسکەوتی جەنگ • بەلام بو ژنەکەی دوو فەرموودەی ئیمامی شافیعی هەیه • یەکەم ئەوەیـه که ناپاریزرییو ئەکری به کەنیزەك ، چونکی ئەو کەسیکی سەربەخویه • فەرموودەی دووهەمیشی ئەوەیه که چاوەری ئەکەین تا (عـدّه)ی تەواو ئەبی • جا ئەگەر پیشەوای موســـــولمانان ئـازادی کرد ئـەدریتەوه بـه میردەکەی ، وه ئەگەر ئازادی نەکرد ئەوه ئەکری به کەنیزەكو ئەخریته ریزی دەســـکەوتی جەنگەوه • ژنی (ذمی)و ئازادکراویشی ئـەگــەر شەرکەر بن ئەکرین به کویله (رقیق) ، بەلام ئازادکراوی ئینســـانی موسولمانو ژنیشی ئەگەر له جەنگدا بگیرین ناکرین به کویله •

ئەگەر ژن و میردیك بەیەكەوە گیران یا یەكیكیان بەتەنها گیرا ئەوە نیكاحی بەینیان هەڵئەوەشیتەوە ، خواه وەختی خوی ئازاد بووبن یا كویلە بووبن • هەروەختی كافری شەركەر گیراو كرا بە كویلە ، ئەوە هەر قەرزی كە بەسەریەوە بی لەسەری لاناچی ، خواه قەرزی موسولمان بی یا هی كافری (ذمی) بی یا هی كافری پەیمان لەگەڵكراو یا متمانە پیدراو•وە ئەو قەرزەی لە مالی خوی ئەدریتەوە ئەگەر لەپاش ئەوە كە كرا بە كویلە مالەكەی بكەویتە دەستمان •

ئەگەر كافریكی شەركەر قەرزی كردبوو لە كافریكی شەركەر ، وە لەپاشاندا هەردوكیان موسولمان بوون یا قوبوولی جیزیەیان كرد ، ئەوە ئەو قەرزەی لەسەر ئەمینیتەوە • هەروەها ئەگەر شتیكی بە قەرز لی كریبی• بەڵی ئەگەر مالیكی فەوتاندبوو ، وە لەپاشاندا هەردوولا موسولمان بوون ئەوە ئەو مالە نابژیرری •

هەر مالی بە زور لە كافری شەركەر وەربگیری خواه ئەو مالە لەوانە بی بگویزریتەوە یا نەگویزریتەوە ئەوە بە دەسكەوتی جەنگ دائەنری • هەروەها ئەو مالە كە یەكی یا دووكەس یا زیاتر بە دزی بیدزن لە مالی كافری شەركەر ، یا وەكو (لقطه) دوزراوە وەری بگرن و لە مالی موسولمان نەچی • ئەگینا پیویستە تەعریف بكریت بەلكو خاوەنەكەی بدوزریتەوە •

وە دروستە بو ئەم كومەلەی سوپایە كە دەسكەوتی جەنگ وەرئەگرن بە ئارەزووی خویان لەو مالی دەسكەوتە بخون ، چ خواردەمەنیی قووت و چ میوەو چ لەو شتانە بی كە بو لەزەت ئەخورین و ئەتوانن لە حەیواناتیان سەربرن بو خواردنی خویان • هەروەها ئەتوانن

ئالف‌و ئالیکی ولاخی سواری‌ی خویـانی لی‌بـدەن ، وە قیمەتی ئەمانەیش ناکەویتە سەریان چ فەقیر بن‌و چ دەولەمەند بن • بـەلام ئـەم جـورە تەصەررووفانە دروست نین بو ئەوکەسانە کە لەپاش جـەنگ‌و وەرگرتنی مالەکە هاتوون •

هەر سەربازیك گەرایەوە بو ولاتی موسولمانان‌و لەم مالی دەسکەوتی جەنگە شتیکی لەگەل خوی هینابوو پیویستە بیخاتەوە سەر ئەو مـالـە تـا دابەش ئەکری لەنیوانی موستەحەقەکانیا •

هەرکەس لەم غەزاکەرانە کە خاوەن روشد بی ئەتوانی بەر لـــە دابەش‌کردن دەس‌بەرداری حەقی خوی ببی‌و هیچ لە دەسکەوتی غەزاکە وەرنەگری ، هەرچەند لەپاش جیاکردنـەوەی پینج یەکـەکـەیش بی • هەروەها هەموو غەزاکەرەکان ئەتوانن دەس‌بەرداری حەقی خویان ببن بو (بیت المال) بەلام خزمانی پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) لە (بنی هاشم)و (بنی مطلب) دروست نی‌یە دەس‌بەردار ببن لـە بەشی خویـــان چونکی بەشی ئەوان بە زورەو جگە لەو پینج‌یەکە هیچ بەرهەم‌و دەسکەوتیکی‌تریان نی‌یە •

هەروەها ئەگەر موسولمانیك کافریکی کوشـــت دروســـت نی‌یە دەست‌بەردار ببی لە کەل‌وپەلی ئەو کافرە کوژراوە کەوا پیوەیـەتی ، وە هەمووی بە ناچاری ئەبی بە مولکی ئەو کەسە بکوژە • هەرکەس دەست بەردار بوو لە حەقی خوی لە دەسکەوتی جەنگ وەکو کەسیك وایە کە لەو جەنگەدا نەبووبی کە ئەو شتانەی تیا بە تالان گیراوە • وە هەرکەسی لە خاوەن حەقەکان بمری بەشەکەی بە میرات ئەمینیتەوە بو میرات‌گرەکانی‌و بە ئوسوولی میرات دابەش‌کردن دابەشی ئەکەن • تالانی جەنگ نابی بـە مولکی جەنگ‌کەرەکان تا دابەش نەکری لە نیوانیانـا • ئـەرزو ئـاوی

کافرە شەرکەرەکانیش ئەبی بە مولکی ئەو شەرکەرانە کە بە شەر ئەو ئەرزو ئاوەیان داگیر کردووە •

وە ئەگەر لەناو دەسکەوتی شەردا شتی (اختصاصی) هەبوو وەکو تەپالەو سەگی راو ، وە هەندی لە شەرکەرەکان داوایان ئەکرد بو خویان ، ئەوە ئەگەر ئەوانیتریان چاویان لی پوشی بو ئەوکەسانەی کە ئەیانەوی ئەوە باشە • ئەگینا ئەگەر بو ئەوە ئەشیا کە دابەش بکری ئەوە بەشی ئەکەن ، وە ئەگەر بو بەش‌کردن نەئەشیا دەوی لی ئەکری‌و ئەدری بەوکەسە کە بەناویەوە دەرئەچی •

ئەگەر پیشەوای موسولمانان یا جی‌نشینی ئەو لەگەل کافریك ریك‌کەوتن کە ریگایان پیشان بدا بو ناو قەلایەك ، بەوشەرتە کە قەلاکە گیرا کەنیزەکیکی بدریتی لە دانیشتووانی ئەو قەلایە ، ئەوە دروستە • جا ئەگەر بەهوی ری‌پیشاندانی ئەوکەسەوە قەلاکە گیرا کەنیزەکەکەی ئەدریتی • وە ئەگەر نەگیرا ، یاخود گیرا بەلام بەهوی ری‌پیشاندانی ئەمەوە نەبوو ، ئەوە نایدریتی • وە ئەگەر قەلاکە بەهوی ری‌پیشاندانی ئەوەوە گیرا بەلام کەنیزەکی تیا نەبوو ، یاخود لەپیش ئەو ریك‌کەوتنەدا کەنیزەکەکە مردبوو ئەوە هیچی ناکەوی • یا لەپاش گرتنی قەلاکەو پیش‌ئەوەی بدری بەوکەسە مرد ، ئەوە لەجیاتی‌ی کەنیزەکەکە بایی قیمەتەکەیی ئەدریتی • وە ئەگەر لەپیش گرتنی قەلاکەدا مردبوو ئەوە فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە هیچی ناکەوی • وە ئەگەر کەنیزەکەکە موسولمان بوو واجبە لەجیاتی‌دا شتیکی بدریتی کە بریتی بی لە کری‌ی ئیشیکی وەك ئەو ئیشە کە ئەو کردوویەتی •

* * *

هەر ولاتی کە بە ریك‌کەوتن (صلح) بگیری ئەوە بەوجورە لەگەل خەلکی ئەو ولاتەدا موعامەلە ئەکری کە لە ریك‌کەوتن‌نامەی شەر

وەستاندنەکەدا نووسراوە • ئەگەر باسی وەزعی ئەرزو ئاوو خانووو کەل‌وپەلی‌تریان نەکردبوو ئەوە هەمووی لەسەر حالی پیشووی خوی ئەمینیتەوەو هی خاوەنی خویەتی • فەرموودەی راستیش ئەوەیە شاری مەککە بە صولح گیراوەو ئەرزو خانووەکانی هەمووی هی خاوەنەکانیەتی •

هەر شوینیکیش کە بە جەنگ‌و بە زور گیرا ولاتەکە ئەبی بە هی ئەو سەربازانە کە گرتوویانەو دابەش ئەکری لەبەینیانا ، تەنها پینج یەکیکی نەبی کە دابەش ئەکری بەسەر پینج تاقمدا وەکو لەمەوپیش باسمان‌کرد •

فەرموودەی راست ئەوەیە کە (سواد العراق) لە زەمانی حەزرەتی عومەردا ـ خوای لی رازی بی ـ بە چەند جاری بەزور داگیر کراوە • (سواد العراق) بریتی‌یە لەو ناوچانەی عیراق کە بەهوی زوری‌ی ئاوو باراناوەوە داری لی رواوەو گیای زوری تیا سەوز ئەبی‌و کشت‌وکالی تیا ئەکری •

ئەم ولاتە پاش داگیرکردنی دابەش کرا لەبەینی غەزاکەرەکان‌و خاوەن حەقەکانی‌ترا • حەزرەتی عومەریش دلی خوش کردن‌و هەندیکیان بە پارەو هەندیکیان بە خوراییی دایان بە حەزرەتی عومەر • جا ئەویش هەمووی بە صوورەتی وەقفی عام وەقف کرد لە تیکرای موسولمانان‌و بە بەکری‌دانی هەمیشەیی دایەوە بە کری بەوکەسانە کە لەو زەوی‌وزارەدا بوون ، وە بەگویرەی جوری کشت‌وکال کری‌ی لەسەر دانان ، وە ئەو کری‌یە کرا بە خەراجی سالانە بەسەریانەوە کە سال‌بەسال بیدەن بە خەزینەی (بیت المال)ی موسولمانان • ئەم بەکری‌دانە هەرچەند لەسەر ئوسوولی بەکری‌دانی‌تر نی‌یە ، بەلام لەبەر خاتری قازانجی

تیکرای موسولمانان حەزرەتی عومەر بریاری داو ئەصحابە ئینکاریان نەکرد ، وە بوو بە (اجماعی سکوتی)و پیشەوا موجتەهیدەکانی شەرع وەك (مالك)و (شافعی)و (احمدی کوری حنبل) مەذهەبیان بەمجورەیە کە باسمان کرد • کتیبە باوەر پیکراوەکانی وەك (منهاجی نووی)و (وجیزی امامی غزالی)یش لەسەر ئەمەن • بەلی لای (ئیمامی ابو حنیفە) ئەم وەقفە ثابت نەبوە •

خەراجی خاکی (سواد العراق) وەهایە هەر (جەریب)یك زەوی کە بکری بە جو دوو درەم ، وە بکری بە گەنم چوار درەم ، وە بکری بە زەیتوون دوانزە درەم ، وە بکری بە درەختو باخو قامیشی شەکر شەش درەم ، وە بکری بە دار خورما هەشت درەم خەراجی لەسەر بی • ئەم خەراجە جگە لە زەکاتی شەرعی‌یە کە بریتی‌یە لە دەیەك یا بیست یەك لە زەراعەتی قووتدا وەکو لەپیشەوە باسمان کرد •

(جەریب) بریتی‌یە لە زەوی‌یەکی چوار خشتەکی کە هەر پالوویەکی دە قامیش ، وە هەر قامیشی شەش گەزە بە گەزی هاشمی ، وە هەر گەزیکی شەش پرە مشت (قبضە)یەو ، هەر پرە شتیکی چوار پەنجەیە ، کە بەم حیسابە هەر پالوویەکی ئەکاتە شەصت گەزو بە لیکدانی شەصت لە شەصت ئەکاتە سی هەزارو شەش‌صەد گەز ، وەکو دونمی ئەمرو کە بریتی‌یە لە دوو هەزارو پینج‌صەد مەتری چوارگوشە ، چونکە مەتر لەم گەزە دریژترە •

وەکو وتمان خەراجی ئەم زەوی‌یە لە جیگای بەدەلی بەکری دانەکەیدایە ، وە هەر زەوی‌یەك کە لە دەستی کەسیکدا بی کەس ناتوانی لە دەستی بسینی ، چونکە یا لە نەوەی ئەوکەسانەیە کە بە صوورەتی بەکری وەرگرتن لە حەزرەتی عومەریان وەرگرتووە ، یا لەوانەیە بە

صوورەتیکی شەرعی وەکو بەکری‌وەرگرتن لەوخاوەن دەستانەیان وەرگرتبی • بەلی ئەگەر بەراستی زانرا کەسیك بە ناحەق دەستی کیشاوە بەسەر ئەو زەوی‌یەدا ئەوە لە دەستی ئەسەنری‌و ئەدریتەوە بە خاوەن دەستی پیشوو ئەگەر بزانری کی‌یە ، یا ئەگەریتەوە بو (بیت المال)و بەریوەبەری (بیت المال) ئەتوانی بەشیوەیەکی دادپەروەرانە تەصەروفی تیا بکا وەکو مولکەکانی‌تری (بیت المال) •

خاوەن دەستە شەرعی‌یەکان ناتوانن لەم زەوی‌یانە بفرۆشن • بەلام ئەتوانن بەکری‌ی بدەن بە کەسیکی‌تر بەوشەرتە کە حەقی خەراجی (بیت المال) بپاریزری • وە ئەتوانن هەر خانوو بەرەیەکی تیادا دروست کرابی بیفروشن • لە (تحفه)دا ئەفەرمویت هەر خانوویەك کە بە بەردو خاکی سەواد بکریتەوە لە شوینیکدا کە شوینی کشت‌وکال بی ئەویش نابی بە مولکی شەرعی کە بفروشریت ، چونکە کەرەستەکەی لە خاکی وەقف دەرهینراوە ، وە هەر کرین‌و فروشتن‌و موعامەلەیەك کە ئەمرو ئەکری لەسەر ئەساسی بە مولك کردنی عەینی مالەکە نی‌یە ، بەلکو عیبارەتە لە دەست هەلگرتن لەو شوینە کە ئەو خاوەن خانووە دروستی کردووە بو کەسیکی‌تر بەرابەر بە ئەندازەیەك مال کە وەری‌ئەگرن لە کریار •

بەلی هەر شوینی کە ویرانە (موات) بووبی‌و کشت‌وکالی تیدا نەکرابی ، هەرکەسی بە صوورەتی شەرعی ئاوەدانی بکاتەوە ئەبی بە مولکی • یا ئەگەر بیکاتەوە بو مزگەوت یا تەکیە ئەوە بە عیبادەت خانەی شەرعی ئەناسری لە هەموو حوکمیکدا • (مع العلم) دروستە ئەوەندەی پیویست لە دەشت‌و دەریشا بکری بە مزگەوت ، چونکە مزگەوتی کە پیویست بی حوکمی جیاکراوەی هەیە • وە ئەو مزگەوتانە کە ئەصحابەکان لە سەردەمی داگیرکردنی ئەم ولاتی کوردەواری‌یەدا کردوویانەتەوە

وەکو مزگەوتی خورمالو بیارەو پاوە کە وا مەشهوورە ئەوان کردوونیانەتەوە ، ئەوە بی‌گومان هەموو حوکمیکی مزگەوتیان تیا دیتەجی •

پیوانەی (سواد العراق) وەك لە (تحفە)و کتیبە باوەر پی‌کراوەکانی‌ترا نووسراوە ، بەدریژی لە شاری (عەبادان)ەوەیە کە سی فرسەخ لە خواری بەسرەوەیە تا (حدیثة الموصل) واتە مووسلی تازە کە لەملای نەینەواوە دروست‌کراوە • وە بە پانی لە (قادسیە)وەیە کە دوو مەنزل لە کووفەوە دوورە تا حەلوان کە شاریکی قەدیمی جاهیلی‌و ئیسلامی بووە لە ژووری قەسری شیرینەوەو ئەمرو مەشهوورە بە (زەهاو) • وە لەسەر لیکدانەوەی خوالی‌خوش‌بوو مەلا ابو بکری مصنف لە کتیبی (وضوح)ی شەرحی (محرر)دا کە لە سالی ١٠١٤ی هیجریدا تەواوی کردووە هەولیرو کەرکووك‌و ئالان‌و سیوەیل‌و شاربازیرو شارەزوورو سازان کە دی‌یەکە لە قەزای هەلەبجە لە روژاوای چەمی سیروانەوە لە عیراقی ئەمروداو ، قەلای دەرنە لە ژوور دەشتی وڕەوە لە ناوچەی باوەجانیدا ، وە قەصەبەی پاوەو دی‌ی دەودان لە خورهەلاتی چەمی سیروانەوە کە ئەمرو لە کوردستانی ئیران‌دان ، هەموو بەر ولاتی (سواد العراق) ئەکەون •

ئیمامی (نووی) ئەفەرموی شاری بەصرە بەر حوکمی (سواد العراق) ناکەوی چونکە لەوکاتەدا بیشەلان بووەو کیلگە نەبوە ، تەنها دوو شوینی لای روژەلات‌و روژاوەی نەبی ••

باسی (دار الاسلام)و (دار الكفر)و
كوچ كردن له (دار الكفر)ەوەو ، راكردنی دیل

(دار الاسلام) شوینیكه به ولاتی موسولمانان بزانری • ئەو شوینانەی به ولاتی موسولمانان ئەزانرین سی بەشن • یەكەم : ولاتیكه كه موسولمانی تیا بیو حوكمو دەسەلاتی كافری بەسەرەوە نەبی • دووەم : ولاتیكه موسولمانان داگیریان كردبی له كافرانو بەهوی (جزیه)وه كافرەكانیان له ولاتەكەدا هیشتبیتەوە • سیهەم : ولاتیكه وەختی خوی شوینی موسولمانان بووبیو پاشان كافر داگیریان كردبی بەوشەرتە كه موسولمانەكان دەرنەچووبنو له ولاتی خویانا مابنەوە وەكو هەندی له زانایانی ئەم چەرخانەی دوایی فەرموویانە •

هەر ولاتی غەیری ئەم سی جورە بی ولاتی كافرانەو به (دار الكفر) دائەنری ، وەكو ئەو ولاتانەی كه كافریان تیایەو موسولمانان دەستیان ناروا بەسەریانا •

هەر موسولمانی له (دار الكفر)دا بی ، ئەگەر بتوانی ئوسوولی دینو ئایینی خوی بەئازادی جیبەجی بكا چ لەبەر شەرەفی خویو چ لەبەر شەرەفی كومەلی خزمو كەسوكارو دەسو پیوەندی ، وە ئەمینیش بی لەوە كه تووشی فیتنەی دین نەبیو ، ئومیدیشی وانەبی كه به مانەوەی ئەو لەو شوینەدا ئیسلام بەرز ئەبیتەوە ، ئەوە سوننەتە كوچ بكا لەو ولاتە • ئەگەر وانەبوو واجبە لەو ولاتە دەربچیو كوچ بكا بەوشەرتە كه دانەمینی بو مەسرەفی خویو هەركەس كه مەسرەفی لەسەری بیو ریگاش ئەمین بیو مەجالی ببی به بی زیان پی گەیشتن دەربچی ، وە ئەو شوینەش كه بوی ئەروا خالی بی لەو خراپەیە كه لەم ولاتەدا هەیە •

ئەگەر موسولمانیك دیل بوو لای كافرانو ئەیتوانی له دەستیان

رابکا ، واجبە لەسەری رابکا • وە ئەگەر کافرەکان بە بێ قەیدو شەرت بەرەللایان کرد واجبە ئەو ولاتە بەجێ‌بێلێ • بەلام لەم صوورەتەدا ئەتوانی بە هەر جوری زیان بگەیەنی بەو کافرانەو لی‌یان بکوژی • وە ئەگەر بەوشەرتە بەرەللایان کرد کە ئەو کافرانە لە ئەمانی ئەودا بن ئەوە بە قەطعی دروست نی‌یە زیان بە کەسیان بگەیەنی • هەروەها ئەگەر باوەری وا بوو ئەگەر ئەم لەو کافرانە بکوژی یا زیانیان پی بگەیەنی ، ئەوانیش لە دیلە موسولمانەکانی‌تر ئەکوژن یا زیانیان پی ئەگەیەنن ، ئەوە لەم صوورەتەیشدا دروست نی‌یە دەستیان بو ببا •

وە ئەگەر پاش راکردن کافریك یا چەند کەسیکیان کەوتنە شوینی ئەوە دروستە دەفعیان بکا هەرچەند بە کوشتنیشیان بی • وە ئەگەر بەوشەرتە بەرەللایان کرد کە لە ولاتی کافرەکان دەرنەچی ، ئەوە دروست نی‌یە بوی ئەم شەرتە جی‌بەجی بکا •

باسی ئەمان دان بە کافران

دروستە هەر موسولمانیکی تەکلیف لەسەر پیاو بی یا ژن ، جوان بی یا پیر ، بە ئارەزووی خوی ئەمان بدا بە کافری شەرکەر پیاو بی یا ژن ، یەکی بی یا کومەلیك بەوشەرتە کومەلیکی‌وا بن ژمارەیان بکری‌و ژمارەیان دیاری بی • بەلی ئەگەر موسولمانیك دیل بی لەناو کافراندا ئەوە دروست نی‌یە ئەم دیلە ئەمان بدا بەو کافرانە کەوا لەگەلیاندا یا بە غەیری ئەوان چونکە مادەم ئەم خوی وا لەژیر زورو چاودیریی ئەواندا صوورەتی وەکو زور لی‌کراو وایە ، وە خوی ئەمین نی‌یە لە فروفیلی ئەوان ، چجای ئەوە کە ئەم ئەوان تەئمین بکا •

ئەمان‌دان بە کومەلی ژمارە نادیاریش وەکو خەلکی شاریکی گەورە

به غەیری پیشەوای موسولمانان ناکری چونکە ئەمە وەکو صولح (هدنە) وایەو لە دەسەلاتی پیشەوای موسولماناندایە •

جا هەرکاتی موسولمانیك ئەمانی دا بە کەسیك یا بە چەند کەسیك کە ژمارەیان دیار نەبوو ، ئەوە ئەم ئەماندانە دائەمەزریو دروست نی‌یە بو هیچ موسولمانیك زیانیان پی‌بگەیەنی ، چونکە لە حەدیثی پیروزدا پیغەمبەر صلی اللە علیە وسلم لەعنەتی کردووە لەوکەسە کە ئەمانی موسولمانان ئەشکینی •

عەقدی ئەمان دائەمەزری بە لەفظی کە مەعنای تەئمین کردن بگەیەنی وەکو ئەوە کە پیی‌بلی (وا توم تەئمین کرد) یا (ئەمانم پی‌دای) ، وە بە نووسین لەگەل نیازدا وەکو ئەوە کە جوملەی تەئمین کردنەکە بنووسی‌و لەگەل ئەوەیشدا نی‌یەتی تەئمین کردنی بهینی • هەروا بەوەیش دیتەجی کە یەکی راسپیری بولای کافرەکە کە لە وەکالەتی ئەمەوە ئەمانی بداتی •

بە شەرت گیراوە ئەو کافرە کە ئەمانی ئەدریتی بەو تەئمین کردنە بزانی‌و قوبوولیشی بکا بە لەفظ یاخود بە ئیشارەتیکی‌وا کە ئینسان تی‌ی‌بگا • ئەگەر هاتو کابرا قەبوولی نەکرد واتە بی‌دەنگ بوو لە قوبوول کردن یا هەر جوابی ئەماندانەکەی دایەوە بە نەویستن ئەوە بەتالە • هەروەها بە شەرت گیراوە کە ماوەی تەئمین کردنەکە لە چوار مانگ زیاتر نەبی ، وە لە فەرموودەیەکدا دروستە مادەم ماوەکەی نەگات بە سالیك • بەلام ئەم ماوە دانانە بو کاتیکە کە ئیمە لاواز نەبین ، ئەگینا دیاری کردنی ماوەیەك کە لە چوار مانگ زیاتر بی ئەبەسری بە بیرو راویژی پیشەوای موسولمانانەوە • ئەگەر ئەو زیادەکەی رەوا بینی ئەوە دروستە هەرچەند بی ، ئەگینا هەر چوار مانگەکە دروستەو زیادەکەی بەتالە •

دروست نی‌یه بو موسولمان ئه‌مانی کافریکی‌وا بدا که زیـانی هه‌بی بو موسولمانان وه‌کو پیاوی جاسووس‌و پیاو خراپ‌و ئاژاوه‌گیرو کافری که چه‌کی به‌ده‌سته‌وه بی • هه‌ر ئه‌مانی که دابمه‌زری دروســـــت نی‌یه بو پیشه‌وای موسولمانان هه‌لی‌وه‌شینیته‌وه مادهم ترسی له خه‌یانه‌تی ئه‌و کافـره نه‌بی • وه ئه‌گه‌ر ترسی هه‌بوو ئه‌توانی به‌تالی بکاته‌وه • له ئه‌مـــان دانی کافردا مال‌و سامانی به‌رناکه‌وی ، هه‌روه‌ها ئه‌و خیزان‌و منداله‌ی که وان له ولاتی کافراندا مه‌گه‌ر ئه‌مان‌دانی ئه‌مانه‌یش به شه‌رت گیرابی ، ئه‌وکـاته هه‌موویان ئه‌مین ئه‌بن •

باسی (جزیـه)

صووره‌تی عه‌قدی جیزیه بو (ذمّی) ئه‌وه‌یه کـــه پیشـــــه‌وای موسولمانان یا جی‌نشینی ئه‌و بلی ئه‌تان‌هیلمه‌وه له (دار الاسلام)دا یـا وا ریگام دان بمیننه‌وه له ولاتی موسولماناندا به‌وشه‌رته که هه‌موو سالی جیزیه بده‌ن‌و فه‌رمانی ئیمه جی‌به‌جی بکه‌ن • فه‌رمووده‌ی راستتر ئه‌وه‌یه واجبه ئه‌ندازه‌ی جیزیه‌که دیاری بکری • ئیتر پیویست نی‌یه باسی ئه‌وه بکری که زمانی خویان بگرن له بی‌ئه‌ده‌بی کردن ده‌رحه‌ق به‌و شتانه‌ی له ئایینی ئیسلامدا پیروزن ، چونکه ئه‌م زمان گرتنه به‌شیکه له فه‌رمان به‌رداری‌ی ئیسلام •

عه‌قدی جیزیه نابی (معلق) یا (موقت) بی ، وه به شه‌رت گیراوه قوبوولی جیزیه‌دان به له‌فظ له‌لاینی (ذمی)یه‌کانه‌وه به شه‌رتی که بالغ‌و عاقل بن • هه‌روه‌ها ئه‌م قوبوول کردنه دروسته له‌لایه‌ن وه‌کیلیشیانه‌وه •

ئه‌گه‌ر کافره‌کان داوای عه‌قدی جیزیه‌یـان کرد لـــه پیشـــــه‌وای موسولمانان واجبه له‌سه‌ری به‌گوی‌یان بکا ، مه‌گه‌ر بو که‌سی که ترسی لی‌ی هه‌بی وه‌کو جاسووس‌و پیاو خراپ‌و ئاژاوه‌گیرو که‌سانی له‌م چه‌شنه •

عەقدی جیزیە ئەکری بو جوولەکەو گاورو صابیئیو ئاگرپەرستو سامیری ، وە بو منالانی ئەوانە کە بوون بە جوولەکە یا بە گاور بەر لە هەلوەشاندنەوەی ئایینەکەیان • هەروەها ئەگەر گومانمان هەبوو لە کاتی وەرگرتنیانا بو ئەو ئایینە • وە بو کافریکیش کە یەکی لە باوكو دایکی (کتابی) بیو ئەویان (بتپەرست) بی • وە بو ئەو کافرانەیش کە ئیددیعای ئەوە ئەکەن کە لەسەر شەریعەتی حەزرەتی ئیبراهیم یا لەسەر زەبووری حەزرەتی داوود ئەرون بەریوە •

جیزیە نییە لەسەر ژنو مندالو شیتو خونثا • بەلی ئەگەر شیتەکە شیتییەکەی بەیناوبەین بی ئەوە عەقدی جیزیەی بو ئەبەستری بەوشەرتە کە ماوەی شیتییەکەی زور کەم بی • وە ئەگەر ماوەی شیتییەکەی زور بوو ، مەسەلا روژی شیتو روژیك ژیر بوو ، ئەوە ماوەی ساغییەکەی کوئەکریتەوە ، جا کە گەیشت بە سالی جیزیەی سالیکی لەسەر واجب ئەبی •

وە ئەگەر مندالی (ذمی) بالغ بوو ، وە قوبوولی عەقدی جیزیەی نەکرد ئەوە واجبە رەوانە بکریتەوە بو شوینی خوی کە تیایدا ئەمین بی • وە ئەگەر داوای عەقدی جیزیەی کرد عەقدی بو ئەکری •

جیزیە واجبە لەسەر ئینسانی کە توانای کاسبی کردنی نەبی ، وە لەسەر رەبەن (راهب)و کریکارو پیرو کویر ، چونکە ئەم مالی جیزیەیە وەکو کری خانوو وایە • بەلام ئەگەر سال بەسەرچوو ، وە ئەمکەسانە هیچیان نەبوو جیزیەی لی بدەن ئەکری بە قەرز بەسەریانەوە تا هەرکاتی کە دەسیان بروا •

(بزانن) مەنعی هەموو جورە کافری ئەکری لەوە کە خاکی حیجاز بکا بە نیشتمانی خوی • حیجازیش بریتییە لە مەککەو مەدینەو

یەمامەو ئاوەدانیو دیهاتی دەوروبەری ئەمانە • وە ئەگەر کافر رویشتە خاکی حیجازەوە بە بی ریگادانی پیشەوای موسولمانان ، واجبە لەسەر ئەو دەری بکاو تەعزیریشی بکا ئەگەر زانیبیتی دروست نی‌یە • وە ئەگەر کافریك داوای ریگادانی کرد لە پیشەوای موسولمانان بو هاتن بو ولاتی حیجاز، ئەوە ئەتوانی ریگای بدا مادەم بزانی هاتنەکەی سوودی موسولمانانی تیایە وەك ئەوە کە کافرەکە نامەی حوکوومەتیکی پی بی یا شتیکی وای پی بی کە قازانجی موسولمانانی تیابی • وە ئەگەر هاتنەکەی بو بازرگانی بوو ، وە بازرگانی‌یەکەی سوودیکی‌وای بو ئیمە تیا نەبوو ، دروست نی‌یە پیشەوای موسولمانان بە خورایی ریگای بدا ، وە نابی بیلی لە سی روژ زیاتر دانیشی بیجگە لە روژی هاتنو دەرچوونی • وە کە گەیشتە هەر شوینیکی تازە بەمجورە سی روژی بو ئەژمیرری تا دەرئەچی • وە ئەگەر ئالوویلیکی هەمیشەیی هەبوو لە ولاتی حیجازدا ، ئەوە ئەبی موسولمانیك بکا بە وەکیلی خوی •

واجبە لەسەر پیشەوای موسولمانان مەنعی کافر بکا لە چوونە حەرەمی مەککە • وە ئەگەر نامەی هینابوو پیویستە پیشەوای موسولمانان یا جی‌نشینی بروا بولای چاوی پی‌ی‌بکەوی‌و نامەکەی لی وەربگری • وە ئەگەر کافریك لە حەرەمی مەککەدا نەخوش کەوت ئەگویزریتەوە بو دەرەوەی حەرەم هەرچەند ترسی مردنیشیمان ببی • وە ئەگەر مرد لە حەرەمدا دفن ناکری•وە ئەگەر دفن کرا دەرئەهینریتە دەر لە قەبرەکەی‌و ئەبریتە دەرەوەی حەرەم دفن ئەکری • وە ئەگەر لە غەیری حەرەمی مەککە لە شوینیکی‌تری حیجازا نەخوش کەوتو زەحمەت بوو بگویزریتەوە وازی لی ئەهینین • وە ئەگەر مرد هەر لەو شوینەدا دفنی ئەکەین •

باسی ئەندازەی جیزیە

لای کەمی جیزیە دیناریکە کــە بریتی‌یە لە مثقــالیــك ئالتــوون • سوننەتە حوکمرانی موسولمانان خوی بگری تا لە پیاوی میانە دوو دینارو لە دەولەمەند چوار دینار وەربگری • وە ئەگەر عەقدی بو کردن بە زیاتر لە دیناریك ، وە لەپاشا زانی‌یان کە بە دیناریکیش دروســـتە ، واجبـــە لەسەریان ئەو ئەندازەیە کە عەقدیان لەسەر کردووە بیدەن ، وە ئەگــەر عەقدەکەیان جی‌بەجی نەکرد هەل‌ئەوەشیتەوە •

ئەگەر (ذمی)یەك پاش ماوەیەك موسولمان بوو ، یاخــود چــەنــد سالیك جیزیەی نەداو مرد ، ئــەوە جیزیــەی ئەو ماوەیە لەســـــەری دامەزراوەو لە میراتەکەی دەرئەکری وەك ئەوە کــە قــەرزی خــەلــکی بەسەرەوە بی ، وە ئەخریتــە پیش جی‌بەجی کردنی وەصــیەتەوە • وە ئەگەر لە سالەکەدا مرد بەشی ئەو ماوەیە لە میراتەکەی جیا ئەکریتەوە •

هەر کاتی پیشەوای موسولمانان صولحی کرد لەگەل (ذمی)یەکانداو لە ولاتی خویاندا هیشتنیەوە ، ئەبی شەرتی ئەوەیان لەگەلدا بکا کــــــە میوانداری‌ی ریبوارانی موسولمانان بکەن ، وە ئەمە بە زیاد دائەنری لەسەر لای کەمی جیزیە کە دیناریکە ، وە تەنها لەسەر دەولــەمــەندو میـــانــە دائەنری • لەم‌کاتەدا پیویستە ژمارەی میوانەکان لە پیادەو لە ســوار ، وە جوری خواردنیانو پی‌خوریانو ئەندازەی خواردن بو هــــەر یەکیکیانو ئالفی ولاخیانو ئەندازەکەی‌و هودەی میوانەکان ئاخو لە کەنیسە دائەبەزن یا لە هودەی زیادەی ناومالی (ذمی)یەکـــان خویاندا ، هــەمووی دیــاری بکری بوئەوە کە لەپاشا مەیدانی دەس‌دریژی کردن نەبی • ئەم مــاوەی میوانداری‌یەش نابی لە سێ روژ زیاتر بی •

ئەگەر کومەلیك (ذمّی) وتیان ئیمە جیزیە ئەدەین بەلام بــە ناوی

زەکاتەوە ، ئەوە دروستە بو پیشەوای موسولمانان ئەگەر بە مەسلەحەتی زانی قوبوولی بکا • لەمحالەدا ئەم مالە کە بە ناوی زەکاتەوە وەرئەگیری جیزیەیەو ، وەرناگیری لەوانە کە جیزیەیان لەسەر نی‌یە وەك فەقیرو مندال‌و شیت •

باسی ئەو واجباتە کە لەپاش عەقدی جیزیە پەیدا ئەبن

پاش عەقدی جیزیە واجبە لەسەر موسولمانان بە هیچ جوری دەس‌دریژی نەکەن بو گیان‌و نامووس‌و مالی (ذمی)یەکان ، وە هەر شتیکیان بفەوتینین لە گیان‌و مال‌و نامووس‌و (اختصاصات) ئەبی حەقی شەرعی‌یان بدەینی ، وە دەفعی دوژمن‌و شەرکەریان لی بکەین •

هەر شاری کە ئیمە خومان دروستمان کردبی وەکو (بصرە)و (قاهرە) ، یاخود ئەوان خویان دروستیان کردبی بەلام بە بی جەنگ‌و صولح کردن موسولمان بووبن لەسەری وەکو شارەکانی یەمەن ، ئەوە ریگا نادەین (کنیسە)و (بیعە)و (صومعە)ی تازەی تیا دروست بکەن • هەروەها ئەگەر شاری خویان بووبی‌و ئیمە بە زور داگیرمان کردبی • لەمصوورەتەدا هەر عیبادەت‌گایەکی کونیشی تیدا بی تیکی‌ئەدەین‌و ناهیلین بەکاریان بینن •

وە ئەگەر شارەکە شاری ئەوان بووبی‌و بە صولح گرتبیتمان ، بەلام باسی عیبادەت‌گامان نەکردبی ، یاخود ئەوەمان بە شەرت گرتبی کە مەنعیان بکەین لە کردنەوەی عیبادەت‌گا ، ئەوە ناهیلین عیبادەت‌گای تازە بکەنەوە • وە ئەگەر بە صولح گرتبیتمان بە شەرتی ئەوە زەوی‌یەکەی بو خویان بی ، ئەوە عیبادەت‌گا کونەکانیان بو ئەمینیتەوەو دروستە هی تازەش

بکەنەوە • هەروەها ئەگەر بە شەرتی ئەوە بی زەوی‌یەکـەی بو ئیمە بیو بریاری ئەوە بدەین ئەوان لەو ولاتەدا بمیننەوەو عیبادەت‌گاکانیان بمیننەوە ، ئەوە ئەتوانن سواغیان بدەنو جوانیان بکەنەوەو تازەیان بکەنەوە ، بـەلام ناتوانن گەورەیان بکەن یا عیبادەت‌گای‌تر لە شوینی‌تردا بکەنەوە •

ئەگەر (ذمی)یەکان خانوویان لەناو خانووی ئیمەدا بی ، نابی لـە خانووی ئیمە بەرزتر بی یا ئەوەندەی خانووی ئیمە بەرز بی • بەلام ئەگەر گەرەکیان جیا بوو لە شوینی ئیمە ئەتوانن هەمووجورە خانوویەك بکەنەوە• وە مەنع ئەکرین لە سوار بوونی ئەسپ ، بەلام مەنع ناکرین لە سواربوونی کەروهیستر هەرچەند نایابو بەقیمەتیش بی • بەلی ئەبی جلو هەوساری لی بکەن نەك زینو ئاوزەنگیو لەغـاوی ئاسـن • وە درومـسـت نی‌یە تەعظیم بکرینو لەلای ژوورووی مەجلیسەوە دابنرین ، هـەروەها نـابی نیشیکی‌وایان پی بسپیرری کە موسولمانان لەبەردەستیانا زەلیلو داماو بن •

وە ئەگەر ئەو (ذمیّ)یانە لەناو ئیمەدا بن ئەمریان پی ئەکری بـە (غیار) واتە گورینی جلو بەرگیان لـە حـالی تەبیعی‌ی خوی بەهـوی ئەوەوە کە پارچەیەك بو نیشانە بدورریت بە سەرشانیانا مەسەلا ، کە رەنگی جیا بی لە رەنگی جلەکانیان • هەروەها ئەمر ئەگری بە پیاویان کە (زنّار) بەسەر جلەوە ببەستنە پشتیانو ژنەکانیان لـەژیر جلەوە ببەسـتـن • وە ئەگەر چوونە حەمامیك کە موسولمانی تیابی پیویستە خویان دیـاری بکەن بەهوی حەلقەیەکی ئاسن یا زەردەوە کـە بیکەنە دەستیان ، وە ریگایـان نادری کـە لەفظی کوفریان بەدەمدا بیت وەکو ئەوەکـە بلین (عزیز) یا (مسیح) کوری خوان ، پەنا بە خوا •

هەروەها مەنع ئەکرین لەوە کە بەئاشکرا ئارەقو شەراب بخونەوە ، یاخود گوشتی بەراز بخون یا (ناقوس) لی بدەن ، یـا ئوسوولی جەژنی خویان لەناو ئیمەدا دەربخەن • وە ئەگەر موخالەفەیان کرد لەوشتانەدا کە

بریار دراوە لەسەریان ، عەهدەکەیان تیك‌ناچی • بەلام ئەگەر شـــەریان لەگەل کردین یاخود جیزیەیان نەدا یا ریگایان نەدا کـە ئەحکامی ئایینی ئیسلامیان بەسەردا بروا ئەوە عەقدەکەیان تیك‌ئەچی •

ئەگەر (ذمّی)یەك زینای کرد لەگەل ژنیکی موسولماندا ، یاخـود دوژمنی حەربی‌ی ئیمەی ئاگـــادار کرد لـە ناتەواوی‌یـەکی ئیمە یـــا موسولمانیکی لە ئایین هەلگیرایەوە ، یا تانەی دا لە قورئانی پیروز یاخـود ناوی پیغەمبەری بە خراپە برد ، ئەوە فەرموودەی راست ئەوەیە ئەگـەر وەختی خوی شەرتی ئەوەمان کردبی لەگەلیانا کـە بەمجورە کردەوانـە عەهدەکەیان تیك‌بچی ، ئەوە عەهدەکەیان تیك‌ئەچی • ئەگینا عەهدەکەیان ئەمینیتەوە بەلام تەمی ئەکرین‌و حەقی شەرعی‌یان لی وەرئەگیری بوئەوەی جاریکی‌تر نەتوانن ئەم جورە ئیشانە بکەن •

هەر کافریکی (ذمّی) بە شەرِ کردن لەگەل موسولمانان عەهـدی تیك‌بچی واجبە بکوژری • وە ئەگەر بە غەیری شـــــەرِ کردن عەهدی تیکچوو ئەوە کوشتنی واجب نی‌یە ، بەلام پیشەوای موسولمانان بە دەستی خویەتی هەرکام لەو سی خەسلەتەیان لەگەلدا جی‌بەجی بکا کە لەمەوپیش بەیانمان کردن • جا ئەگەر لەپیش ئەوەدا کە پیشەوای موسولمانان یەکی لەو سی خەسلەتە هەلبژیری (ذمّی)یەك موسولمان بوو ئەوە دروســـــت نی‌یە بکری بە بەندە • وە ئەمانی ژن‌و مندال تیك ناچی بەهوی تیکچوونی ئەمانی خاوەن ژن‌و مندالەکەوە • وە هەرکاتیك (ذمّی)یەك ویســـــتی ئەمانەکەی تیك‌بدەن‌و رەوانەی بکەنەوە بو (دار الحرب) ، پیویســــتە رەوانە بکریتەوە بو ئەو شوینەی کە ئەمین ئەبی تیایدا •

باسی صولح لەگەل کافراندا (هدنة)

صولح ئەگەر لەگەل کافری ئیقلیمیکدا بی ئەوە هەر لە دەسـەلاتی پیشەوای موسولمانانندایە • وە ئەگەر لەگەل کافری تاقە شـــاریکدا بی ، ئەوە هەروەکو بو پیشەوای موسولمانان دروســـتە ، بو فەرمانداری ئـەو شارەیش دروستە • ئەم صولحە لەکاتیکدا ئەکری کە مەسلەحەتی ئیسلامی تیا بی وەکو حالی بی‌هیزی‌ی ئیسلام لەبەر کەمی‌ی ژمارەی شەرکەر یـا نەبوونی کەل‌وپەلی جەنگ یا ئومیدی موسولمان بوونیان یا بو تەسلیم کردنی جیزیە • جا ئەگەر بی‌هیز نەبووبن ئەوە ئەو سولحە هەر بو چوار مانگ ئەکری • وە ئەگەر بی‌هیز بووبن ئەوە دروستە زیاتر بی لەوماوەیە تا بو ماوەی دە سال ، وە لە دە سال زیاتر نابی • وە ئەگەر بو دە سال زیاتر کرا ئەوە لە فەرموودەیەکدا هەمووی بەتالە ، وە لـە فەرموودەیـەکـدا تا دە سالەکەی دروستەو زیادەکەی بە بەتال دائەنری •

هەر عەقدی صولحیك کە ناوی ماوەی صـولحەکەی تیـــا نەبرابی بەتالە • هەروەها ئەگەر ناوی ماوەی شەرعی‌ی تیا برابی بەلام شەرتیکی نادروستی تیابی وەکو شەرتی بەرەللا نەکردنی دیلی موســـولمانـــان لەلای کافران یا شەرتی بریاردانی مالی ئیمە بو ئەوان یا شەرتی ئەوە کە جیزیە لە دیناریك کەمتر بی • دروستە عەقدی صولح لەسەر بریاری ئەوە کـە هەرکاتی پیشەوای موسولمانان ئارەزووی کرد بەتالی بکاتەوە ، وە هەرکاتی عەقدی صولح کرا واجبە لەسەرمان تا ئەو ماوەیە تەواو ئەبی دەس‌دریژی نەکەین بو سەر کافرەکان مەگەر لەحالیکا کە ئەوان عەقدەکە تیك‌بدەن بە لەفظی صەریح یا بەهوی ئەوەوە کە شەرمان لەگەلدا بکەن یاخود شتیکی‌وا بنووسن بو دوژمنمان کە زیانی ئیمەی تیا بی یا موسولمانی بکوژن •

جا هەرکاتی عەقدی هودنە تیکچوو دروستە شەریان لەگەل بکەین‌و

ئەو بدەین بەسەریانا • وە ئەگەر هەندیکیان عەقدی هودنەکە تیك بدەن و ئەوانی تریان ئینکاریان نەکرد بە قسە یا بە کردەوە ، ئەوە عـەقدەکـەی ئەوانیش بەتال ئەبیتەوە • وە ئەگەر ئینکاریان کرد بەمجورە خویان لـەو هەندە دوورخستەوە ، یا خەبەریان دا بە پیشەوای موسولمانان کە ئـەوان لەسەر عەهدو پەیمانەکەیان ماونەتەوە ، ئەوە عەهدی ئەمانـە تیك ناچی • وە ئەگەر لە ماوەی صولحەکەدا پیشەوای موسولمانان ترسـا لەوە کـە (ذمی)یەکان خەیانـەت بکەن ، ئـەوە ئەتوانی عەهـدو پەیمانەکە هەلوەشینیتەوە ، بەلام پیویستە بی یان گەیەنی بـە شـوینی ئەمینی یـان • ئەوەندە هەیە نابی ئەم ترسە هەر لە خەیالەوە بی و پیویستە نیشانەیەکی ئەو نیازی خەیانەت کردنە دەرکەوتبی •

دروست نی یە لە عەقدی هودنەدا بە شەرت گرتنی ئەوە کە ئەگەر ژنیکی کافر رای کرد بو ناو موسولمانـان رەوانـەی بکەنـەوە بـو نـاو کافرەکان • وە ئەگەر شەرتیکی وا کرا ئەوە وەکو شەرتەکە خوی بەتالە عەقدەکەیش بەتال ئەکاتەوە • وە ئەگەر شەرتی ئەوە کرا کە هەرکەسی بی بو ناومان بنیریتەوە ، یاخود باسی ئەوە نەکراو لەپاشـا ژنی لـەنـاو کافرەکانـەوە هات بو ناومـان واجب نی یە مـارەیی یەکەی بـدری بـە میردەکەی • وە ئەگەر مندال و شیت هاتن بولای ئیمە ئەوە نایان گیرینەوە• هەروەها بەندەو ، ئازادیکی وایش کە عەشرەتی نەبی یاخود عەشـرەتی ببی بەلام عەشرەتەکەی نەیپاریزن • وە هەرکەسی هاتە ناو ئیمەو خزم و عەشرەتی داوایان لی کردین بیدەینەوە ئەوە ئەیدەینەوە بە عەشرەتەکەی و نایدەین بە کەسی کە بیبا بو شوینیکی تر ، مەگەر ئەم کەسـە بتوانی زال ببی بەسەر ئەوکەسەدا کە لەگەلیا ئەرواتەوە و لە دەستی دەرچی و رابکا •

مەعنای گیرانەوە ئەوەیە مەجالی ریگەنەدان نادەین لەبەینی کابرای کافرو ئەوکەسەدا کە هاتووە بەدوایـا ، نەك ئەوە کـە کابرا بـە زور

بنیرینەوە • وە ئەگەر کەسی داوا کراو لەگەل ئەوکەسەدا رویشتەوە کە هاتووە بەدوایا ، وە بوی هەلکەوت ئەتوانی لە ریگەدا ئەوکەسە بکوژی کە هاتووە بەدوایا • دروستە بو ئیمەیش بە مەعنا ئەمەی تیبگەیەنین ، بەلام بەئاشکرا دروست نییە • وە ئەگەر شەرتی ئەوە کرا کە هەر پاشگەز بووەوەیەك لەناو ئیمە رای‌کرد بولای ئەوان رەوانەی بکەنەوە واجبە لەسەریان ئەو شەرتە جیبەجی بکەن ئەگینا عەهدەکە تیك‌ئەچی • فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە دروستە لە بابەتی‌وادا باسی نەناردنەوەیش بکەین •

باسی پیش‌برکە (مسابقە)و تیرئەندازی (مفاضلة)

پیش‌برکە بریتی‌یە لەوە کە دووکەس یا زیاتر ولاخ غار بدەن لە مەسافەیەکی دیاریدا بوئەوەی دەربکەوی کامیان زووتر ئەگاتە ئەوپەری ئەو مەسافەیە • تیر ئەندازی‌یش ئەوەیە دووکەس یا زیاتر تیر یا تفەنگ بتەقینن تا دەربکەوی کامیان نیشانەکە ئەپیکی • ئەم پیش‌برکەو تیرئەندازی‌یە سوونەتن‌و حەلالە بریتی (عوض)یان لەسەر وەربگیری بەوشیوە کە باس ئەکریت •

تیرئەندازی دروستە لەسەر تیری عەرەبی کە پی‌ی‌ئەلین (نبل) یا تیری عەجەمی کە پی‌ی‌ئەلین (نشاب) • هەروەها دروستە لەسەر رمی کورت‌و رمی عادەتی‌و فرەدانی بەرد بە بەردەقانی یا بە مەنجەنیق ، وە لەسەر هەر شتیکی‌وا کە سوودی هەبی بو جەنگ لەگەل دوژمندا وەکو نیشانە نانەوە بو تفەنگ‌و دەمانچەو شمشیربازی ، نەك لەسەر گۆبازی بە گوچان‌و مەلەوانی‌و شەترەنج‌و گورەوی‌بازی‌و فنجانین‌و راوەستان لەسەر یەك پی‌و کاکلە مستی • هەروەها پیش‌برکە دروستە لەسەر ئەسپو

وشترو فیل‌و ئیسترو کەر ، نەك لەسەر پەلەوەر وەکو کوتربازی‌و لەسەر غەیری ئەمانە وەکو زوران گرتن •

فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە عەقدی پیش‌برکەو تیرئەندازی جی‌گرتوو دەبن‌و لەپاش دامەزرانیان تیك‌ناچن بە پەشیمان بوونەوە • هەروەها دروست نی‌یە دەست هەلگرتن لە ئیشەکە لەپیش یا لەپاش دەست پی‌کردنی ، وە کەم‌و زیاد کردنی ئیشەکە یا ئەو پارەیە کە بریار دراوە ، دروست نی‌یە •

شەرتی پیش‌برکە ئەوەیە شوینی راوەستان لەم‌پەری مەیدانەوە دیاری بکریت‌و نوختەی ئەوپەری مەسافەکەیش دیاری بی ، وە مەسافەی مەیدانی غاری هەردوو سوارەکە وەکو یەك وابن‌و ئەسپی هەردولایان دیاری بکری ، وە هەرکام لەو ئەسپانە لەوانە بی پیش‌بکەوی لەوی‌تریان، وە ئەندازەی پارە دیاری کراوەکەیش دیاری بی •

پیش‌برکە دروستە بە دوو جور • یەکەم ئەوەیە ئەوکەسە کە مالەکە بریار ئەدا بو پیش‌کەوتوو غەیری ئەو دووکەسە بی کە پیش‌برکەکە ئەکەن ، مەسەلا پیشەوای موسولمانان یا یەکی لە رەعیەتەکانی بلی بەو دووکەسە هەرکامتان پیش‌بکەوی ئەوەندە پارەی پی‌ئەدەم لە (بیت المال) یا لە پارەی خوم • جوری دووهەم ئەوەیە کە یەکی لەم دووکەسە بە هاوری‌کەی بلی ئەگەر تو پیش‌کەوتی من ئەوەندە مالت ئەدەمی ، وە ئەگەر من پیش‌کەوتم هیچم ناوی •

وە ئەگەر شەرتی ئەوە کرا هەرکامیان پیش‌کەوت ئەوەندە مالی لەسەر هاوریکەی ببی ئەوە دروست نی‌یە مەگەر بەهوی کەسیکی سیهەمەوە کە ببی بە (محلل) یەعنی دروست‌کەرو حەلال‌کەری ئەم پیش‌برکەیە • بەم تەرتیبە ئەلیت ئەگەر ئیوە پیش‌کەوتن لە من ئەوە

هیچتان نادەمی ، وە ئەگەر من پیش کەوتم لــە ئیوە مـالی هـەردوکتـان وەرئەگرم • جا ئەگەر ئەو دووکەسە پیش کەوتن لـە کابرا ئەوە هیچ • وە ئەگەر ئەم پیش کەوت لەوان ئەوە مالی هەردوکیان وەرئـەگری • وە ئەگەر لە یەکیکیان پیش کەوت ئەوە مالی کابرای پاش کەوتوو ئەدری بە حەلال کەرەکەو بەو یەکە کە لەگەلیا رویشتووە بە چون یەکی ، وە مالی کابرا کە لەگەل حەلال کەرەکەدا رویشـتووە هــەر بو خویەتی • وە ئەگەر یەکی لەو دووکەسە گەیشت بە ئاخری مەیـدانەکــە ئەمجــار حەلال کەرەکە ئەمجار کەسی سیهەم ، ئەوە مالی ئەم سیهەمە بو کابـرای یەکەمە • وە شەرتە کە ئەسپی کابرای حەلال کەر ئەوەندەی ئەســپی یەکەیەکەی ئەو دوو کەسە بەهیزو توانا بی •

ئەگەر سی کەس یا زیاتر لە سی کەس کــەوتنە پیش برکـــەوەو ئەوەندەی بەشی کابرای یەکەم بەش دانـرا بو کابرای دووهـەم ئـەوە بەتالە • وە ئەگەر لە بەشی ئەو کەمتری بو دانرا ئەوە دروستە •

(بزانن) پیش کەوتنی وشتر بە شــانەو پیش کـەوتنی ئەسپ بـە گەردنــە •

بو دامەزرانی تیرئەندازی یش بە شەرت گیراوە کە سەرکەوتن بــە دەس پیش خەری (مبادرە) بی ، یەعنی ئەوکەسە کە زووتر ژمــارەی پیکانەکان تەواو بکا ، یاخود بە لە عاستی یەکدا دانان (محاطّە) بی واتە ژمارەی پیکانی هەردولایان موقابەلەیان پی بکری ، وە ئەوەی تیکەل بوو لە بەینی هەردولایاندا فرە بدری ، ئەمجار هەرکامیان ئەوەنـدە ژمــارە زیادەی هەبوو ئەوە سەرکەوتووە • هەروەها بەشەرت گیراوە کە بەیانی ژمارەی تیر هاویشتن و پیکانەکەیش بکەن ، وە بەیانی ئەندازەی مەسافەکە بکەن ، وە بەیانی ئەوەیش بکەن کە ئەندازەی نیشانەکە بە دریژی و بــە پانی چەندە • بەلام ئەمە بو شوینیکە کە نیشــانەیەکی تایبــەتی ی تیــا

دانەنرابی • ئەگینا نیشانەی دیاری نەکراو ئەبرری بەسەر ئەو نیشانەدا کە لەو شوینەدا هەیە •

سوننەتە بەیانی صیفەتی تیرئەندازی یەکە بکەن ئاخو بە شیوەی لیدانی نیشانەکە ئەبی بە بی ئەوە کە برینداری بکاو کونی بکا کە پی ی ئەلین (قرع) ، یاخود بە کونکردنی نیشانەکە ئەبی کە تیا رانەوەستی کە پی ی دەلین (خرق) ، یاخود بە کونکردنی نیشانەکەو تیا مانەوەی دەبی کە پی ی دەلین (فسق) ، یا بە کونکردنی نیشانەکەو دەرچوونی تیرەکە دەبی کە پی ی دەلین (مرق) ! وە ئەگەر لەم صیفەتانە هیچ کامیان باس نەکرا ئەوە ئەبرری بەسەر لیدانی رووتدا •

حوکمی بریتی (عوض) لە تیرئەندازیدا وەکو لە پیش برکەدا وایە بە هەموو تەفصیلاتیکیەوە • لە تیرئەندازیدا شەرت نی یە دیاری کردنی تیرو کەوان • وە ئەگەر دیاری کران ئەو دیاری کردنە بەتالەو دروستە کابرا بی یان گوری بە تیرو کەوانیکی تر • وە ئەگەر دیاری کرانو بەشەرت گیرا کە نابی بگوررین ئەوە ئەو عەقدە بەتالە • بەلام فەرموودەی دیاری تر ئەوەیە کە شەرتە باسی ئەوە بکریت کامیان لەپیشا دەس بکا بە تیر هاویشتن •

(بزانن) ئەم صیفەتی تیرئەندازی یە کە باسمان کرد بو تیرئەندازی یە بە تیرو کەوان کە ئیستا نەماوە • ئەوەی ئەمرو پیویست بی بو بەکارهینانی تفەنگو دەمانچە لە مەیدانی پیش برکە کردندا هەر تەنها پیکانی نیشانەو شوینی پیکانەکەیە •

ئەگەر کومەلیك ئامادە بوون بو تیرئەندازیو دووکەس ئامادە بوون بوئەوە کە هاوری ی خویان هەلبژیرنو بی یان کەن بە دوو دەستە، ئەوە دروستە • لەم کاتەدا نابی ئەو دووکەسە دەستەی خویان بە قورعە

هەلبژیرن ، چونکە ریئەکەوی لە قورعەدا هەموو زیرەك‌و دەست‌راستەکان بکەونە لایەکەوە • وە ئەگەر شەرتی قورعە کرا ئەوە بەتالەو عەقدەکەیش بەتال دەکاتەوە •

جا ئەگەر یەکی لە سەروکەکانی دوو دەستەکە بیگانەیەکی هەلبژاردو وای‌تی‌گەیشت دەستی راستە ، کەچی وانەبوو ، ئەوە عەقدەکە هەر لەوکەسەدا بەتالە ، وە پیویستە لە دەستەی دووهەمیش یەکیك لابری • وە لە بەتال‌بوونەوەی عەقدەکەدا بو ئەوانی‌تریش دوو فەرموودەی (تفریق صفقه) هەیە • جا ئەگەر بلیین عەقدەکە دامەزراوەو عەقدەکەرەکان حەقی پەشیمان بوونەوەیان هەیە ، لەم‌صوورەتەدا هەموو حەقی پەشیمان بوونەوەیان هەیە • وە ئەگەر ریگای عەقدەکەیان دا بەلام هەرایان بوو لەوەدا کە کی بەرابەر بە کەسە بیگانەکە لائەبری ، ئەوە عەقدەکە بەتال ئەکریتەوە •

ئەو دەستەیەش کە ئەیباتەوەو مالەکەی دەس‌ئەکەوی دابەشی ئەکەن لە بەینی خویاندا بەپیی نیسبەتی ژمارەی پیکانی نیشانەکە ، وە لە فەرموودەیەکیشدا هەیە کە وەك یەك دابەشی ئەکەن • پیکانیش ئەوەیە کە بە نووکی تیر بی نەك بە تەنشتی •

ئەگەر کەسیك بە بی‌ئەوەی خوی قوسووریکی هەبی کەوانەکەی یا ژی‌کەی فەوتا یاخود شتیك هاتە ریگای تیرەکەی ، وە لەگەل ئەوەیشدا هەر تیرەکەی دای لە نیشانەکە ، ئەوە ئەم پیکانەی بو ئەژمیری • وە ئەگەر نەی‌پیکا ئەو جارەی بو ناژمیری‌و لە کیسی ناچی • وە ئەگەر وەزعەکە قوسووری خوی تیابوو ئەوە ئەگەر پیکای بوی ئەژمیری ، وە ئەگەر نەی‌پیکا لەسەری حیساب ئەکری بەجاریك •

وە ئەگەر بەهوی شتیکەوە وەك بایەکی توند نیشانەکە لە شوینی

خوی‌دا نه‌ماو تیره‌که دای له شوینی نیشانه‌که ، ئه‌وه بوی ئه‌ژمیرری • وه ئه‌گه‌ر نه‌یدا له شوینه‌که‌ی هیچی بو نائژمیرری •

وه ئه‌گه‌ر به شه‌رت گیرابوو که تیره‌که له نیشانه‌که‌دا بمینیته‌وه ، که‌چی کونی کردو که‌میك له نیشانه‌که‌دا مایه‌وه ئه‌وجار داکه‌وت ، یا دای له شتیکی ره‌قو داکه‌وت ئه‌وه بوی ئه‌ژمیرریت چونکه کابرای تیرهاویژ عوزری هه‌یه له داکه‌وتنی تیره‌که‌یدا •

باسی سویند خواردن (أيمان)

سویند دانامه‌زری ته‌نها به ذاتی خودا یا صیفه‌تیك له صیفه‌ته‌کانی نه‌بی • سویند خواردن به ذاتی خودا وه‌کو ئه‌وه که بلیت قه‌سه‌م به خودا ، یا قه‌سه‌م به‌وکه‌سه که ئه‌م جیهانه‌ی دروست کردووه ، یا قه‌سه‌م به‌و زیندووه که هه‌رگیز نامریت ، یا قه‌سه‌م به‌وکه‌سه که گیانی من له ده‌ستیایه • هه‌روه‌ها هه‌ر ناوی که تایبه‌تی بی به ذاتی خواوه ، وه‌کو (الله) یا دروستکه‌ری جیهان ئه‌وه سویندی پی‌ده‌خوری • وه ئه‌گه‌ر کابرا بلی مه‌به‌ستم ناوی خودا نه‌بوه لی‌ی وه‌رناگیری • وه هه‌ر ناوی که به بی قه‌ید بو ذاتی خودا به‌کار بهینری وه‌کو (رحيم)و (رزاق)و (ربّ) ئه‌وه سویندی پی دائه‌مه‌زری مه‌گه‌ر کابرا مه‌به‌ستی غه‌یری خودا بی • وه هه‌ر ناوی که بو خوداو غه‌یری خودا به‌کار بهینری وه‌کو یه‌ك وه‌ك (مه‌وجوود ، عالم ، زیندوو) ئه‌وه نابی به سویند مه‌گه‌ر نیازی سویندی پی هه‌بی •

نموونه‌ی سویند خواردنیش به صیفه‌تی خوا وه‌کو ئه‌وه که بلی قه‌سه‌م به گه‌وره‌یی خودا ، به که‌لامی خودا ، به قودره‌تی خودا ، به عیلمی خودا ، به ئیراده‌ی خودا • جا ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستی له عیلم مه‌علوومات

بیو مەبەستی لە قودرەت مەقدوورات بیو مەبەستی لە ئیرادە موراد بیو هەر بەمجورە ئەوە نابی بە سویند مەگەر خوی نیازی سویندی پی هەبی • وە ئەگەر بلی بە حەقی خودا ئەوە سویندە چونکە زیاتر وایە مەبەستی لە حەقی خودا ذاتی خودایە • بەلی ئەگەر مەبەستی ئەو عیبادەتانە بی کە حەقی خودان بەسەر ئادەمیزادەوە وەکو نویژو روژوو ئەوە نابی بە سویند •

حەرفی سویند خواردن لە زمانی عەرەبیدا (واو)و (بی)و (تی)یە وەکو (واللّه)و (باللّه)و (تاللّه) • وە لە زمانی کوردیدا دوو لەفظ بەکار دەهینرین بو قەسەم یەکەم (بە) وەکو دەلین (بە کەلامی خودا) ، دووهەم (وە) وەکو (وە کەلامی خودا) • جا ئەگەر کابرای سویند خور گوتی قەسەم بە خودا یا بە خودا ئەو شتە ئەکەم ئەوە بیگومان سویندە • وە ئەگەر وتی قەسەمم خواردووە بە خودا یا قەسەم ئەخوم بە خودا ، ئەوە ئەگەر نیازی سویندی هەبی یا بە بینیاز بە دەمیا بیت ئەوە وادیارە ئەبی بە سویند • وە ئەگەر مەبەستی خەبەردان بی لە رابوردوو یا لە پاشەروز یەعنی بلی لەوەپیش سویندی خواردووە یا لەمەوپاش سویند ئەخوا وە ئیدیعای ئەم نیازە بکا ئەوە باوەری پی دەکری •

وە ئەگەر وتی بە کەسیك سویندت ئەدەم بە خودا ئەو ئیشە ئەکەی ، وە مەبەستی سویندی خوی بی ئەوە ئەبی بە سویند • وە ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبی ئەوە نابی بە هیچ •

ئەگەر وتی ئەگەر ئەو شتەم کرد بە جوولەکە بم یا لە ئایینی ئیسلام بیبەری بم ، ئەوە نابی بە سویند چونکە ناوی ذاتو صیفەتی خوای تیدا نییە • بەلام بەکارهینانی ئەم عیبارەتە حەرامە • جا ئەگەر مەبەستی

زیادەرەوی بی لە دوورکەوتنەوەیدا لەو شتە یا نیـــازی هیچ نەبی ئەوە کافر نابی • وە ئەگەر نیازی تەعلیق کردنی کافر بوونی خوی بی بەوەوە کە ئەو شتە بکات ئەوە هەر لەئیستاوە کافر دەبی • جا لەبەر ئەم ئیحتیمالە سونەتە بو هەرکەس کە ئەم لـەفظـەی بە دەمـدا بی زووبەزوو داوای لیخوشبوون بکا لە خوداو لەفظی شەهادەتەین بلیت •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد لەسەر شتیك‌و کەسیکی‌تریش وتی منیش سویندم لەگەل سویندی تودا بی ، ئەوە ئەم لـەفظـە بو ئەمـــەی دواییی‌یان نابی بە سویند • وە ئەگەر کەسیك لەفظی سویندی بە دەمـدا هات بە بی‌نیازی سویند ئەوە سویندەکەی دانامەزری هەرچەند بە ظاهیری شەرع بە سویند دەناسریت •

(بزانن) سویند خواردن هەندی‌جار واجبە وەکو سویندی کـــە ببی بەهوی پاراستنی گیان یا نامووس یا مالیکی بی‌گوناه ، وە هەندی‌جار حەرامە وەکو سویندی درو یا سویند لەســەر تەرکی واجب یـا کردنی حەرام • وە هەندی‌جار سونەتە وەکو سویندی (مدعی) لەلای حاکمی شەرعدا لەکاتیکا کە (مدعی علیه) سویند نەخواو سویندەکە بگیریتـەوە بو سەر (مدعی) • وە هەندی‌جار کەراهەتی هەیە وەکو سویند لەســەر شتی مەباح • وە هەندی‌جار مەباحە وەکو سویند لەسەر کردنی واجب‌و سونەت‌و نەکردنی حەرام‌و مەکرووە •

جا ئەگەر کەسی سویندی خوارد لەسەر نەکردنی واجب یا کردنی حەرام ئەوە گوناهبار ئەبی‌و واجبە سویندەکە بشکینی‌و کەفـارەتی‌بدا • وە ئەگەر سویندی خوارد لەسەر کردنی واجب یا نەکردنی حەرام ئەوە سویندەکە مەباحەو واجبە سویندەکەی بباتەسەرو حەرامە بیشـــــکینی‌و کەفارەتی بدا • هەروەها ئەگەر سویندی خوارد لەسەر کردنی سونەت‌و نەکردنی مەکرووە ئەوە سویندەکەی مەباحە • وە سونەتە سویندەکـەی

بباته سەرو کەراهەتی هەیە بیشکێنیو کەفارەتی بدا • وە ئەگەر سویندی خوارد لەسەر نەکردنی مەباح یا کردنی مەباح ئەوە سویندەکەی کەراهەتی هەیەو باشتر ئەوەیە سویندەکەی نەخا لەبەر پاراستنی حورمەتی ئەو ناوە پیرۆزە یا ئەو صیفەتە کە سویندەکەی پی خواردووە •

باسی کەفارەتی سویند

ئینسانی کە سویندی کەوت ئارەزووی خویەتی هەرکام لەم سی شتە بکا • یەکەم ئازادکردنی بەندەیەك وەکو ئەوە کە لە باسی کەفارەتی (ظهار)دا رابوورد • دووەم خوراکدانی دە کەسی هەژار هەریەکی (مدّ)یك لە دانەی شتێ کە لە زیاتری قووتی شوینی کابرا بی ، لەگەل پوشاك پیدانیان بە بەرگیکی وەکو کراسو میزەرەو دەرپی نەك (خف)و دەس کیشو پشتین • شەرت نی یە ئەو بەرگە بە کاری ئەوکەسە بیت کە پی ی ئەدری • کەوابی دروستە دەرپی ی بچووك بو پیاوی گەورەو پوشاکی کە لە لوکەو هەوریشمو کەتان دروست کرابن بو ژنو پیاو • هەروەها بەرگی کە کون بووبی بەلام هیزی تیدا مابی • جا ئەگەر کابرا توانای نەبوو لەسەر ئەم سی شتە پیویستە سی روژ بەروژوو بی ، وە شەرت نی یە ئەو روژانەیش لەسەر یەك بگریت ، وە ئەگەر مالەکەی لەویادا نەبوو چاوەروانی هاتنەوەی دەکاتو بەروژوو نابی •

ئەم کەفارەتانە لەپاش سویندکەوتن واجب ئەبن • ئەیش توانی کەفارەت بدا لەپیش کەوتنی سویندەکەیدا خواە ئەو سویند خستنە دروست بی یا حەرام بی وەکو چون دروستە کەفارەتی (ظهار) بخریتە پیش گەرانەوەی کابرای (ظهار)کەرو کەفارەتی کوشتن بخریتە پیش مردنی کوژراوەکەوە یا نەذری مالیك بخریتە پیش بەجیهاتنی (معلق

علیه)ی نەذرەکەوە • بەلام دروست نی‌یە پیش‌خستنی کەفارەتی جیماع لە رەمەزاندا لەسەر جیماعەکە • هەروەها دروست نی‌یە پیش‌خستنی کەفارەتی حەج‌و عەمرە لەسەر حەج‌و عەمرەکە ، یا پیش‌خستنی (فدیە)ی سەرتاشین‌و بەرگ لەبەرکردن لە حەجدا لەسەر سەرتاشین‌و بەرگ لەبەرکردنەکە مەگەر کابرا عوذری هەبی لەمشتانەدا ، مەسەلا نەخوش بکەوی‌و ناچار ببی جل لەبەر بکا ، ئەوە ئەتوانی لەپیشانا کەفارەتەکە بدا •

باسی سویند لەسەر دانیشتن‌و ، لەگەل دانیشتن‌و هەندی شتی‌تر

ئوسوول لەم باسەدا ئەوەیە ئەو لەفظانە کە لە سویندا بەکار ئەهینرین ئەبررین بەسەر مەعنای راستەقینەیاندا مەگەر کاتی کە مەعنا مەجازی‌یەکەیان مەشهوورتر بی ، یا سویندخور نیازی داخل‌بوونی مەعنا مەجازی‌یەکەیش بکا لەوکاتەدا ئەویش بەرئەکەوی • کەوابوو ئەگەر پادشایەك سویندی خوارد کە خانوو ناکاتەوە ئەوە سویندی ناکەوی مەگەر بەوە کە خوی بە دەستی خوی ئیش بکاو خانووەکە بکاتەوە • بەلی ئەگەر مەبەستی خانوونەکردنەوەی خوی‌و غەیری خویشی بوو ئەوە بە خانوو کردنەوەی عەمەلەیش سویندی ئەکەوی لەبەرئەوە کە بەهوی ئەو نیازەوە لەفظەکەی بەکارهیناوە لە حەقیقەت‌و مەجازدا بەیەکەوە • بینا لەسەر ئەوە دروستە بە جاری ئەم دوو مەعنایە لە یەك لەفظ وەربگیرین ، یاخود بە ئوسوولی عموومیەتی مەجاز یەعنی لەو لەفظە مەعنایەکی مەجازی‌ی‌وا ئیعتیبار بکری کە مەعنا راستی‌یەکەشی بگریتەوە • ئەم ئوسوولە لای خاوەنی (نهایە) جیگەی باوەرە •

لە فەرموودەیەکی‌تردا پادشاهەکە لە مەسئەلەی پیشوودا سویندی ئەکەوی بەوە کە کریکار خانووەکە بکەنەوە لەبەر هیزی عورف • ئیمامی

(رافعی) ئەم فەرموودەیەی بە ساغ داناوە • ئیمامی (اسنوی)یش ئیعتیمادی داوەتە سەری • لەسەر ئەم ئەساسەیە ئەوەی کە لە ئەصلی (روضە)دا لەم شوێنەدا ئەفەرمویت لە لەفظەکانی سویندا شوێنی ئەو مەعنایە دەکەوین کە لە لەفظەکەوە پێویست دەبی • هەندێجاریش تەقیید رووئەکاتە لەفظی موطلەقو تەخصیص رووئەکاتە لەفظی عام بەهۆی نیازی کابرای سوێندخوەرەوە یا لەبەر هێزی عورفی خاص یا لەبەر قەرینەیەك لەسەر ئەو مەعنایە •

ئەم قسەیە زوو ئەچی بە دلدا • مەسەلا کابرا سوێندی خوارد وتی سەر ناتاشم مەعنای عورفیی ئەوەیە کە بە سەرتاش سەرناتاشم ، یا ئەگەر بە کەسی بلێن فەرموو بیرە مالەوە ، ئەویش بلیت وەللا نایەمە مالەوە ، مەعنای ئەوەیە نایەمە ئەم مالەوە نەك ناڕومە هیچ مالیکەوە ، یاخود بە کەسی بلێن فەرموو قاوەلتی بکەین ئەویش بلی وەللا قاوەلتی ناکەم ، ئەوە مەعنای وایە لەگەل ئەوکەسانەدا قاوەلتی ناکا لەوکاتەدا نەك لەکاتیتردا یا لەگەل کەسدا قاوەلتی ناکا یا هەر خوی قاوەلتی ناکا •

جا کە وابوو هەرکەسی سوێندیکی خواردو پرسیاری کرد لە مەلایەك بو حوکمی سوێندەکەی ، ئەبی ئەو مەلایە لیی‌بپرسی نیازی چی بووە ؟ ئەگەر نیازی خوی باس کرد ئەوە لەسەر نیازەکەی وەرامی بداتەوە • وە ئەگەر نیازی نەبوو ، ئەمجارە ئەگەر عورفیکی بلاو هەبوو لەسەر ئەو عورفە بلاوە بڕوا • وە ئەگەر عورف نەبوو ، بەلام قەرینەیەکی بەهیز هەبوو تەماشای قەرینەکە بکا ، ئەگینا بڕواتە سەر مەعنای راستەقینەی لەفظەکە وەکو لە ئەصلی (روضە)وە دەرئەکەوی • بەلی مەلا ئەگەر لەوانە نەبی تەرجیحی قسەی یەکی لە ئیمامەکان بکا بەسەر قسەی ئەوانیتریاندا ئەتوانی بەپیی فەرموودەی هەرکامیان بجوولیتەوە •

ئەگەر کەسی سویندی خوارد لەو ماڵەدا دانانیشی یاخود لەو ماڵەدا نامینیتەوەو کابرا لەکاتی سویندەکەیدا لەو ماڵەدا بوو پیویستە دەس بەجی لەو ماڵە دەرچی • وە ئەگەر بە بی عوزر لەوشوینەدا مایەوە سویندی دەکەوی • وە ئەگەر عوزری هەبوو مەسەلا دەرگایان لی داخست ، یاخود نەخوشی یەکی کوتووپری بەسەرا هات ، یا هەر لەکاتی سویندەکەدا نەخوش بوو بە نەخوشی یەکی وا کە دروست بی لەبەر ئەو نەخوشی یە بە دانیشتنەوە نویژ بکا ، یاخود ئەگەر لەوکاتەدا دەربچوایە ترسی گیان یا ناموس یا ماڵی هەبوو ، یا ترسی ئەوەی هەبوو نویژی بفەوتی ، یا شەویکی تاریك بوو ، وە ترسی ئەوەی هەبوو بکەویتە چاڵیکەوە یا تووشی درندەیەك ببی یا ترسی کاربەدەستیکی ستەمکاری هەبوو ، یاخود کابرا خەریك بوو بە ئەسبابی دەرچوونیەوە وەکو کوکردنەوەی قاپ و قاچاخی ناوماڵ یا لەبەرکردنی بەرگی کە پیویست بی بو دەرەوە ، ئەوە لەم صوورەتانەدا سویندی ناکەوی هەرچەند زوریش بمینیتەوە •

بەڵی ئەگەر کابرا لەکاتی سویندەکەدا لەدەرەوە بوو ، وە لە پاشا رویشتەوە ماڵەوە سویندی ئەکەوی • بەڵی لە (مغنی)دا ئەفەرمویت ئەگەر بو کوکردنەوەی شتومەك رویشتەوە ماڵەوە هەر سویندی ناکەوی چونکە عوزری هەیە •

ئەگەر سویندی خوارد هاوڕی یەتی ی فلان کەس ناکەم لەوماڵەدا یا لەگەڵیا دانانیشم لەوماڵەدا وە گورج لەپاش سویندەکە یەکیکیان لەو شوینە چوونە دەرەوە ، ئەوە سویندی ناکەوی • هەروا ئەگەر سویندی خوارد کە فلان کەس لەگەڵما دانانیشی لەم ماڵەدا • بەڵی لەم صوورەتەیشدا ئەگەر خەریك بوو بە کوکردنەوەی کەل و پەل و قاپ و قاچاخەوە هەر سویندی ناکەوی وەکوو صوورەتی پیشوو • هەروا ئەگەر دەس بەجی

دیواریك دروست بكا له بەینی خوی‌و كابرادا بەوشـــەرتە هـــەرلایەك دەرگایەكی تایبەتی‌ی هەبی •

وه ئەگەر لەم صوورەتەداو له صوورەتی پیشوودا ئیدیعای ئەوەی كرد كه نیازی له مالەكه ئەو هودەیه بووه ، ئەوه ئەگـەر قەرینەیەك ببی لەسەر راستی‌ی كـابرا وەكو ئەوه كـه ئـەو هودەیـه جیـگەی كابرا بی بەتایبەتی‌و ئەمیش عاجز بی لەوكەسه ، ئەوه قوبوول ئەكری ، ئـەگینـا قوبوول ناكری • بەلام كابرا حەوالەی ئایینی خوی ئەكری •

ئەگەر كەسیك سویندی خوارد لەگەل فلانكەســدا بەیەكـــەوه دانانیشن‌و زیاتری نەوت‌و شوینەكەیان لـه یـەك خـانوودا بوو ، بـەلام ئەوەندە دوور بوون لـه عورفدا بـه هاوری‌ی یـەكتر نەئەناسران ، ئەوه سویندی ناكەوی • وه ئەگەر سویندی خوارد له فلان شاردا لەگەلیـــا دانانیشم ، ئەوه ئەگەر هەریەكی لەناو خانوویەكدا بن ســویندی ناكەوی هەرچەند دراوسی‌ی یەكیش بن • وه ئەگەر له یەك خانوودا دابنیشـــن سویندی ئەكەوی • ئەگەر كەسیك ســـویندی خوارد ناروومه مالی فلان كەسەوه ، وه لەوكاتەدا لەناو مالەكەدا بوو یاخود وتی لەو ماله ناروومـــه دەرەوەو لەوكاتەدا له دەرەوه بوو ، ئەوه ئیستە سویندی ناكەوی • جـا ئەگەر هاته دەرەوه ئەوسا رویشتەوه ناو مالەكه ، یاخود رویشتە مالەكەو ئەوسا هاتە دەرەوه ئەوه سویندی ئەكەوی •

ئەگەر كەسیك سویندی خوارد وتی دەست‌نویژ ناگرم‌و لەوكاتەدا دەست‌نویژی هەبوو ، یا وتی جل ناكەمەبەر وه لەوكـاتـەدا جلی لەبەردا بوو ، یا وتی سوار نابم وه لەوكاتەدا سوار بوو ، یا وتی راناوەســتم وه لەوكاتەدا راوەستابوو ، یا وتی دانانیشم وه لەوكاتەدا دانیشتبوو ، یا وتی شەریكی‌ی فلان كەس ناكەم وه لەوكاتەدا شـــەریكی بوو ، یـا وتی

رووناکەمە فلان شوین وە لەوکاتەدا رووی لەو شوینە بوو ، وە دریژەی دا بەم وەزعانە کە سویندی لەسەر خواردوون ، ئەوە سویندی ئەکەوی • بەلام ئەگەر وتی نیازم ئەوە بووە پاش ئەم وەزعە کە وام لەسەری تازەی ناکەمەوە ، ئەوە لەسەر ئەو نیازەی رەفتاری لەگەلدا دەکری •

ئەگەر یەکی لە دوو برا سویندی خوارد وتی لەگەل ئەم برایەمدا هاوبەشی ناکەمو لەپاشا باوکیان مرد ، ئەوە بەوە کە مالەکەی باوکیان ئەبی بە مالی ئەوان سویندی ناکەوی • بەلام واجبە پاش مردنی باوکیان یەکیکیان لە شەراکەتی ئەو مالە دەربچی خوای بە فروشتنی بی یا بە بەخشینی بە یەکیك مەسەلا • وە ئەگەر سویندی خوارد وتی لە فلان شویندا سی روژ نامینمەوە ، وە بە جیاجیا سی روژ لەو شوینەدا دانیشت سویندی ئەکەوی • بەلی ئەگەر خوی وتی نیازم لە مانەوە مانەوەی سی روژ بووە لەسەر یەك ئەوە سویندی بەوصوورەتە ناکەوی •

بەلام ئەگەر سویندی خوارد لە ژنەکەی سی روژ لە فلان شویندا میوان نابیو ژنەکەی دوو روژ لەو شوینەدا دانیشت جا دەرچوو ، وە لەپاش ئەوە روژیکیتر لەوی دانیشت ئەوە سویندی ناکەوی • هەروا ئەگەر سویندی خوارد وتی سی روژ قسە لەگەل فلانکەس ناکەمو بیستو نو روژ قسەی لەگەل نەکردو پاش ئەوە روژیکیتر قسەی لەگەلدا نەکرد ئەوە سویندی ناکەوی ، لەبەرئەوە کە مەبەست لە قسە نەکردن ئازاردانە ، وە ئەگەر هەموو کاتەکە کە ئەو دیاریی کردووە تەرکی قسە نەکا سویندەکەی ناکەوی •

وە ئەگەر سویندی خوارد وتی ژن ناهینمو لەوکاتا ژنی هەبوو ، یا وتی خوم بونخوش ناکەمو لەوکاتەدا بونی خوش بوو ئەوە سویندی ناکەوی • هەروەها دریژەدان بە زەوتکردنی مالو بە نویژو روژوو بە

چوونە لای ژنەکەی ، ئەوە سویندی ناکەوی چونکە ئەم جورە ئیشانە تەقدیر ناکرین بە زەمانو هەرچی کە ماوەکەی تەقدیر نەکری دەوام لەسەر کردنی وەکو دەست پیکردنی نی‌یە • بەلام ئەوشتانە کە زەمانیان تەقدیر دەکری یەعنی تەقدیر دەکرین بە زەمانیکی تایبەتی وەکو صوورەتی سویند خواردن لەسەر راوەستانو دانیشتن ئەوە دەوام لەسەر کردنیان وەکو دەس‌پی‌کردنیان وایە وەکو لەسەرەوە باسمان‌کرد •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی مالی کەس زەوت ناکەم ، وە لەوکاتەدا مالیکی داگیرکراوی لابوو ، وە لەپاش سویندەکەی نەی‌دایەوە بە خاوەنەکەی ئەوە سویندی ئەکەوی چونکە دریژەدان بە زەوت‌کردنی مالی خەلك هەر بە مال زەوت‌کردن ئەناسری • بەلی ئەگەر وتی مەبەستم مال زەوت‌کردنی تازە بووە ئەوە لی‌ی قوبوول ئەکری •

ئەگەر کەسیك ماوەی سالیکی دانا بو کردەوەیەك ئەوە ئەو سالە ئەبرری بەسەر سالی قەمەری‌دا کە لە ئەوەلی مانگی موحەررەمەوە دەست‌پی‌دەکا • وە ئەگەر عورف لەسەر ئەوە بوو کە سالی شەمسی بژمیرری یا کابرا خوی مەبەستی سالی شەمسی بوو ئەوە ئەبرری بەسەر سالی شەمسیدا • جا ئەگەر لە سەری سالەکەوە سویندی خوارد پیویستە ئەو سالە تەواو ببی • وە ئەگەر لە ناو ماوەی سالەکەدا سویندی خوارد پیویستە ئەو سالە تەواو ببی‌و لە سالی دواییش ئەوەندە بروا کە بگاتەوادەی سویندی کابرا •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی ئەمسال یا مانگی رەمەزان لەم شوینەدا نابم ئەوە ئەگەر دانیشی تا چەند سەعاتیك پیش تەواو بوونی ئەو سالە یا ئەو مانگە ئەوجا لەوی دەربچی سویندی ناکەوی • وە ئەگەر سویندی خوارد وتی لەم زستانەدا یا لەم بەهارەدا مەسەلا یا ئەمسال یا

لەم شوینەدا نابم ئەوە ئەگەر بە بیعوزری شەرعی سەعاتیك لەوشوینەدا بمینی سویندی ئەکەوی چونکە مەعنای سویندی پیشوو ئەوەیە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا لەو شوینەدا نابی ، وە مەعنای ئەم سویندە ئەمەیە لە هیچ کاتی لە کاتەکانی ئەم سالە یا ئەم فەصلە یا ئەم مانگە لەو شوینەدا نابی • بەلی ئەگەر مانیعیکی شەرعی هەبی وەکو ئەوە قەرزاریك دەرکەویتو مەنعی بکا لە رویشتن یاخود فەرمانرەوایەك بە زور ری ی لی بگری سویندی ناکەوی •

(بزانن) هەر کردەوەیەك کابرا سویندی لیبخوا ، کە کردی بەوشەرتە سویندی ئەکەوی کە ئیشەکە ئیشی خوی بیو لەگەل زانستو نیازو ئارەزووی خویدا بیکا • کەواتە ئەگەر سویندی خوارد نارواتە لای فلانکەس ، وە لەپاشا ئەوکەسە هاتەلای ئەم ، یاخود چوو بولای کەسیكو نەیزانی ئەمە ئەوکەسەیە کە سویندی خواردووە نەرواتەلای ، یاخود زانی ئەوە بەلام سویندەکەی پیشووی لەبیر چووبووەوە ، یاخود لە بیری بوو بەلام کەسیك بە زور بردی بولای ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا سویندی ناکەوی • وە ئەگەر سویندی خوارد کە هاوریەتیی فلانکەس ناکات لە ریگاداو کەچی ئیشیکی حوکوومەت یەکی خستن لە سەفەریکدا یا ئەمکابرا چوو بو شوینیك بە ئیشیكو ئەویش هات بو هەمان شوین وە بە ناچاری تا ئیشەکەی هەردووکیان تەواو بوو لەو شوینەدا مانەوەو مەجالی ئەوە نەبوو بو کابرای سویندخور بچیتە شوینیکیتر ، ئەوە لەم صوورەتانەدا سویندی ناکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی نارومە ئەو ئوتیلە یا ئەو خانووە یا ئەو قوتابخانەیە یا ئەو مزگەوتە ، ئەوە سویندی ئەکەوی بەوە کە بڕواتە دالانی ئەو شوینانەوە ئەگەر دالانەکە لەمدیوی ئەو شوینانەوە بی بە رووی حەوشەدا ، هەرچەند لەولای دالانەکەشەوە دەرگایەکیتر ببی

بو سەر حەوشی ئەو ئوتیلە یا ئەو خانووە یا ئەو مزگەوتە • بەلام سویندی ناکەوی بەوە کە برواتە سەر خواجەنشینی بەردەرگاکە یاخود برواتە تاقیکەوە لە دیوارەکەدا بە رووی دەرەوە یاخود لە ریگەیەکی دەری ئەو خانوزەوە برواتە سەر بانی خانووەکە خواە ئەو سەربانە دەوری گیرابی یا نە •

هەروەها سویندی ئینسان ناکەوی بەوە کە دەستی یا سەری بخاتە ئەودیوی دەرگاکەوە یاخود هەردوو پیی یا تاقە پییەکی بخاتە ئەودیویەوە بە بیئەوە کە هیزی بخاتەسەر هەردوکیان یا سەر ئەویانە کە وا لەودیوی دەرگاکەوە • عەینی ئەم حوکمانە تیپەر دەبی لە صوورەتیکدا کە کابرا بلیت نارومە ئوتیل یا خانوو یا قوتابخانە یا مزگەوت بە بی دیاری کردنیو نیشانە بو دانانی وەکو لە (روض)و(مغنی)و (نهایە)دا جەزمی پیدا نراوە •

ئەگەر ئەو شوینانە رووخانو بوون بە دەشتو تەختانو بەرزیی باغەیان بەدەرەوە نەما یاخود بوون بە شەقامی هاتوچو ، هەرچەند هەندی دیواریشیان لەلاوە مابی ، ئەوە ئەگەر کابرا برواتە ناویانەوە سویندی ناکەوی • بەلام ئەگەر نەبووبوون بە ریگەو هەندی دیواریان بەسەر زەوییەوە مابی ئەوە سویندی ئەکەوی •

وە ئەگەر لەکاتی سویندەکەیدا گوتی نارومە ئەو شوینەو ناوی نەبرد کە ئەو شوینە کوییەو چییە ، ئەوە بە هەرجوری برواتە ئەو شوینەوە سویندی ئەکەوی هەرچەند بووبی بە دەشتو نیشانەی کونی پیوە نەمابی • جا ئەگەر سویندی خوارد وتی نارومە ئەو خانووەوەو لەپاشاندا خانووەکە کرا بە مزگەوت یا بە قوتابخانە یا بە هەرچی ئەوجا چووە ناویەوە ئەوە سویندی ناکەوی چونکە ئەمانە لە عورفدا پییان ناوتری مال •

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد وتی نارومە مالی فلان کەس ئەوە سوێندی ئەکەوی بەوەی بڕواتە مالیکەوە کە ئەوکەسەی تیا دانیشتبیو مولکی خوی بی نەك بە کرێی گرتبی یا خواستبیتی یا داگیری کردبی •
وە ئەگەر مەبەستی لە مالی فلان کەس ئەو شوێنە بی کە تی یدا دانیشتووە ئەوە سوێندی ئەکەوی ئیتر ئەوکەسە بە هەرجوری لەومالەدا دانیشتبی •

بەلام لە سوێند بە تەلاقدا نیازی خاوەن خانوو قوبوول ناکری وەکو (رملي) دەفەرموێو پشت بەم فەرموودەیە دەبەستی • بەلام (ابن حجر) فەرموویەتی لە تەلاقیشدا قوبوول ئەکری لەوشوێنانەدا کە حوکمەکە قورس بی لەسەر کابرا نەك لە شوێنی حوکمی سووکدا •

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد وتی نارومە مالی فلان کەس ئەوە سوێندی ئەکەوی بەوە کە بڕواتە خانوویەکەوە کە مولکی ئەو بی هەرچەند خویشی تی یدا دانەنیشتبی مەسەلا دابیتی بە کرێ • وە ئەگەر خانووەکە بەوناوەوە مەشهوور بوو وە ئیستا مولکی ئەوکەسە نەبوو ، ئەوە بە هەرجوری بڕواتە ئەو شوێنەوەو مولکی هەرکەس بی سوێندی ئەکەوی •

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد وتی لەم دەرگایەوە نایەمە ژوورەوەو دەرگاکە لەوشوێنەدا هەلکەنراو لە شوێنیکیتردا دامەزرینرایەوەو کابرا پیادا رویشتە ژوورەوە سوێندی ناکەوی چونکە مەبەست لە دەرگا کەلینەکەیە نەك دەروازەکە کە دارە مەسەلا •

وە ئەگەر سوێندی خوارد وتی نارومە مالەوە ئەوە سوێندی ئەکەوی بەوە کە بڕواتە هەر مالیکەوە لە هەرچی دروست کرابیو هی هەرکەس بی • بەلام سوێندی ناکەوی بەوە کە بڕواتە مزگەوت یا حەمام یا کەنشتە یا ئەشکەوت یا ئاش یا هەر شوێنیکیتری گشتی ، چونکە ئەم

جوره شوینانه پێیان ناوتری مال • بەلی ئەگەر رویشتە هودەیەکی تایبەتیی چلەکیشانەوە لە مزگەوتدا مەسەلا ئەوە سویندی ئەکەوی •

ئەگەر وتی کونابمەوە لەگەل فلانکەس ئەوە سویندی دەکەوی بەوە کە بڕواتە شوینیکەوە ئەوکەسەی تیدابیو تیدا بمینیتەوە هەرچەند خەلکیتریشی لەگەلدا بی • وە ئەگەر وتی ناروم بو لای فلانکەس ئەوە سویندی ناکەوی بەوە کە بڕواتە لای کەسیکیتر کە کەسە سویند لەسەر خوراوەکەی لادا بی • هەروەها ئەگەر وتی نارومە لای ئەحمەد لە مالی مەحموددا ، ئەوە سویندی ناکەوی بەوە کە بڕواتە لای لە مالی کەسیکیتردا هەرچەند هەردووکیشیان لە یەك مالدا بن •

ئەگەر کەسیك وتی نارومە لای فلانکەس ، وە لەپاشا رویشتە مزگەوتیك یا حەمامیك یا ئاهەنگیکیوا کە ئەوکەسەی تیابی ، ئەوە سویندی ناکەوی ئەگەر نیازی ئەوەی نەکردبی کە بەتایبەتی بولای ئەوکەسە بڕوا • هەروەها ئەگەر رویشتە مالیکەوەو لەپاشا ئەوکەسە کە ئەم سویندی خواردووە نەرواتە لای هاتە ئەو مالەو لای ئەمدا دانیشت ئەوە سویندی ناکەوی ، چونکە ئەم نەرویشتووەتە لای ئەو بەلکو ئەو هاتووەتە لای ئەم •

ئەگەر کەسیك وتی نارومە مالی فلانکەس یا قسە لەگەل نوکەرەکەیدا ناکەم ، وە لەپاشا کابرا خانووەکەی فروشتو نوکەرەکەی دەرکرد ، ئەمیش ئەوجار رویشتە مالەکە یاخود قسەی لەگەل نوکەرەکەیدا کرد سویندی ناکەوی • وە ئەگەر سویندی خوارد کە قسە لەگەل ژنی فلانکەسدا ناکاوپاشان ئەوکەسە ژنەکەی تەلاقداو ئەمیش قسەی لەگەلدا کرد ئەوە سویندی ناکەوی ئەگەر تەلاقەکە (بائن) بووبی • بەلی ئەگەر کابرا لە سویندەکەیدا وتبیتی ناچمە ئەم

ماڵەی فلانکەس یا قسە ناکەم لەگەڵ ئەم نوکەرەی فلانکەس یا ئەم ژنەی فلانکەس ، ئەوە هەرکاتیك بڕواتە ئەو ماڵە یا قسە لەگەڵ ئەو نوکەرە یا ئەو ژنە بکا تەلاقی ئەکەوی چونکە وەك ئەوە وایە سویندی لە ماڵەکە خوی یا لە نوکەرەکە یا لە ژنەکە خواردبی •

سویند لەسەر قسەکردن

ئەگەر کەسیك سویندی خواردو وتی سەلام لە فلانکەس ناکەم سویندی ئەکەوی بەوە کە سەلام بکا لەوکەسە بەتەنها یا سەلام بکا لە کومەلی کە ئەویشیان تیدابی بەجوری کە ئەوکەسە سەلامەکە ببیسی بە عادەت ، هەرچەند لەوکاتەیشدا نەیبیسی ، خواه لەو سەلامەدا نیازی سەلامی لەوکەسە بێ یا سەلام کردنەکەی بەرەڵلا بیو رووی نەکردبیتە کەسیکی تایبەتی • بەلی ئەگەر ئەوکەسەی جیا کردەوە لە سەلامەکەیدا بە زوبان یا بە دل ئەوە سویندی ناکەوی •

وە ئەگەر وتی قسە لەگەل فلانکەسدا ناکەمو پاشان سەلامی لیکرد ، یا سەلامی کرد لە کومەڵێك کە ئەویشیان لەگەلدا بوو ، وە ئەوی جیا نەکردەوە ئەوە سویندی دەکەوی • هەروەها ئەگەر قسەی لەگەلدا کرد بەجوری کە لەوانە بێ ببیسی هەرچەند بەهوی مانیعیکشەوە نەیبیسی • بەلام ئەگەر لە دەرەوە قسەی لەگەلدا کرد بەجوری کە بەعادەت نەیبیسی هەرچەند وا هەلکەوی لەوکاتەدا ببیسی یا لەکاتی بێهوشی یا نووستندا بوو ئەوکەسە تێنەگەیشت ، یاخود قسەیکرد لەگەل یەکیكو ئەویش تێگەیشت ، یاخود کاغەزی بو نووسی یا کەسیکی راسپارد ئەو قسەی لەگەلدا کرد ، یاخود ئیشارەتی بو کردو ئەویش حالی بوو ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا سویندی ناکەوی •

وه ئەگەر ئایەتێکی خوێندەوە بەنیازی قورئانو بەس یا لەگەڵ نیازی حاڵی کردنی ئەوکەسەشدا ، وه ئەگەر نیازی هەر حاڵی کردنی ئەوکەسە بوو یا نیازی هیچ نەبوو ، وه ئەو تێ گەیشت ئەوە سوێندی ئەکەوێ • وه ئەگەر قسەی کرد لەگەڵ دیوارێکدا یا هەر لەخۆیەوە بە بێ‌قسە لەگەڵ کەسداو ئەویش تێ‌ی گەیشت ، ئەوە ئەگەر نیازی قسەکردن بوو لەگەڵ ئەوکەسەدا سوێندی ئەکەوێ ، ئەگینا سوێندی ناکەوێ •

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد قسە ناکا ، لەپاشا قورئانی خوێند یا ناوی خوای برد ، یا (سبحان الله) و (لا اله الا الله)ی کرد ئەوە سوێندی ناکەوێ • وه ئەگەر شتێکیوای خوێندەوە کە نوێژ بەتاڵ بکاتەوە ، ئەوە سوێندی ئەکەوێ •

باسی سوێند لەسەر خواردنو خواردنەوە

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد (سەر) ناخوا ، یا سەری برژاو ناخوا ، ئەوە سوێندی ئەکەوێ ئەو سەرانەو پارچەی ئەو سەرانە بخوا کە عادەت وایە بە تەنها ئەفرۆشرێن ، خواه عادەتی جێگەی سوێند خواردووەکەش وابێ یا نە وەکو سەری مەرو بزنو گاو وشترو بەچکەیان • وه سوێندی ناکەوێ بە خواردنی سەری مریشكو کەلەشێرو پەلەوەری ئەهلی یا کێوی • وه بە خواردنی سەری ماسیو ئاسكو وێنەی ئەمانە ، مەگەر سوێندخۆر خەڵکی وڵاتێك بێ کە لەو وڵاتەدا سەری ئەمانە بەتەنها بفرۆشن • ئەوە لەمکاتەدا بە خواردنی ئەمانە سوێندی دەکەوێ هەرچەند کابرای سوێندخۆر لەو وڵاتەیشدا نەبێ •

ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد گۆشتی فلانە حەیوان ناخوا ئـەوە سوێندی ئەکەوی بە خواردنی گۆشتی بەچکەیەك کە لـە سـکی ئەو حەیوانەدا بی • وە ئەگەر سوێندی خوارد هێلکە ناخوا ئەوە سـوێندی ئەکەوی بە خواردنی هەر هێلکەیەك لە حالی زیندوویدا لە هێلکەکەرەکە جیا ببێتەوە وەکو هێلکەی مریشكو سـونەو کـەوو پەلەوەرەکانی ترو غەیری پەلەوەریش ، هەرچەند هێلکەکەرەکەیش گۆشتی نەخوری وەکو لەقلەقو قشقەرە • وە سـوێندی ناکەوی بە خواردنی هێلـکەی ماسیو کـولـە •

ئەگەر سوێندی خوارد گۆشت نەخوا سـوێندی ئەکەوی بە خواردنی گۆشتی حەیوانیکیوا کە گۆشتی حەلال بیو سەری برابی لە بزنو مەرو وشترو گاو ئەسپو ماینو حەیوانی وەحشـیو پـەلـەوەری حەلال • وە لەو گۆشتەیە گوێچکەو زمانو گۆشتی مەرو بەزی گۆشتی پشتو تەنشت • ئیتر سوێندی ناکەوی بە خواردنی گۆشتی ماسیو بـە خواردنی دووگو بەزی سكو چاو ، وە بە ورگو سپلو میو جگەرو دلو گورچیلەو ریخولەو گوانو گونی حەیوانو جیقەتورەی مریشـكو موخی حەیوانو بە خواردنی پیستی پەلەوەر کە زور ناسك بی •

وە ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر دووگی مەر ئەوە سـوێندی ناکەوی بە دووگی وشتر • وە ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر بەز سوێندی ناکەوی بە چارەبەزی سکی حەیوانو بە پیچەوانەیشەوە • بەلام ئەگـەر سوێندی خوارد لەسەر چەوری ئەوە سوێندی ئـەکـەوی بـە خواردنی هەموو چەورییەك لە بەزی گۆشتو چارەبەزی سکی حەیوانو دووگی مەرو دووگی وشتر ، هەتا بە گۆشتیکیش کە چەوریی تیا مابی ، وە بە رونو کەرە ، وە بە خواردنی شوربایەك کە چەوریی تیابی ، هەروەهـا بە شیرو ماستو پەنیر • بەلام سوێندەکەی ناکـەوی بە خواردنی رونی

گویزو قەزوانو بادەمو زەیتوونو کونجیو غەیری ئەمانە لەبەر مولاحەزەکردنی عورف ، بەپیچەوانەی قسەی هەندی لە زانایانی شەرع کە لایانوایە بەمانەیش سویندی ئەکەوی ، چونکە هەموو هەر چەورین •

ئەگەر وتی گوشتی گا ناخوم ئەوە مەعنای وایە نابی گوشتی هیچ جورە گایەك بخوا کە گامیشو گاکیوی‌یش ئەگریتەوە • وە ئەگەر وتی گوشتی بزن ناخوم ئەوە ئەبرری بەسەر هەموو جورە بزنیكدا هەتاوەکو بزنەکیویش • وە ئەگەر وتی گوشتی مەر ناخوم ئەوەیش ئەبرری بەسەر هەموو جورە مەریکدا چ مالیو چ کیوی • وە ئەگەر سویندی خوارد وتی گوشتی ئەم کارژەلەیە یا ئەم بەرخە یا ئەم گویرەکەیە یا ئەم جووجەلەیە ناخوم ئەوە سویندی ناکەوی بە خواردنی گوشتی ئەمانە پاش گەورەبوونیانو بوونی کارژەلەکە بە بزنو بەرخەکە بە مەرو گویرەکەکە بە گا یا بە مانگاو جووجەلەکە بە مریشك یا بە کەلەشیر ، مەگەر وەختی خوی مەبەستی ئەوە بووبی لە هیچ حالەتیکدا گوشتیان ناخوات •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد گوتی گوشتی مردارەوە بوو ناخوم ئەوە سویندی ناکەوی بە خواردنی گوشتی ماسیو کوللە • وە ئەگەر وتی خوین ناخوم سویندی ناکەوی بە خواردنی میو جگەر •

وە ئەگەر ئیشارەتی کرد بولای گەنمیكو سویندی خوارد کە نایخوات ، ئەوە سویندی ئەکەوی بە خواردنی بە گەنمیو بە بریشکەیی‌و بە قاوتیو بە ئاردیو بە نانی • وە ئەگەر وتی ئەو گەنمە ناخوم ئەوە سویندی ئەکەوی بە خواردنی بە کالیو بە برژاویو بە کولاوی ، وە لە حالەتەکانی تردا سویندی ناکەوی •

وە ئەگەر سویندی خوارد نان ناخوا سویندی ئەکەوی بە خواردنی هەموو جورە نانیك چ کولیرەو چ سەموونو چ نانی پان لە ساجیو

تەنووری هی گەنم یا غەیری گەنم • وە ئەگەر سویندی خوارد لەسەر جوریك لەمانە ئەوە سویندی ناکەوی بە خواردنی جوریکیتر • وە ئەگەر وتی نان ناخومو نانیکی کرد بە تریتو خواردی ئەوە سویندی ئەکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی قاوت ناخوم ئەوە سویندی ئەکەوی بەوە کە بە کەفلەمە یا بە سەرپەنجە بیخوات ، بەلام سویندی ناکەوی بەوە کە بیکاتە ئاوو بیخواتەوە • وە ئەگەر وتی نایخومەوە ئەوە حوکمەکەی بەپیچەوانەوەیە • وە ئەگەر وتی شیر ناخوم یا دوشاو ناخوم سویندی ئەکەوی ئەگەر بییانخواتەوە • وە ئەگەر وتی نایانخومەوە ، ئەوە بە خواردنەوەیان سویندی ئەکەوی ، بەلام بە خواردنیان سویندی ناکەوی •

ئەگەر وتی رون ناخوم ئەوە سویندی دەکەوی بەوە کە بە رووتی بیخوا یا بە نانەوە ، بە وشکی یا بە تەری • وە ئەگەر تواندیەوەو خواردیەوە سویندی ناکەوی • وە ئەگەر کرابوە چیشتیك یا شتیکیترو بەوەوە خواردی ئەوە سویندی ناکەوی مەگەر لەکاتیکا کە عەینەکەی دیار بی •

ئەگەر کەسیك وتی میوە ناخوم ئەوە سویندی ئەکەوی بە خواردنی سیوو هەلووژەو قەیسیو توو قوخو هەرمیو تریو هەنجیرو هەنارو نارنجو پرتەقالو لیموو گویژو خورمای تەرو کالەكو شووتیو ناوکی بادامو بستە بە وشکیو تەری •• وە سویندی ناکەوی بە خواردنی تروزیو خەیارو تەماتەو بایجانو پەتاتەو گیزەرو توورو چەوەنەرو گویزی وشكو خورماو میوژ ••

وه ئەگەر وتی خواردەمەنی ناخوم ئەوە هەمووجورە قووتو میوەو پیخورو حەلواو خواردەمەنی‌یەکی‌تر ئەگریتەوە • وه ئەگەر وتی لـەو دەرەختە ناخوم ئەوە سویندی ئەکەوی بە خواردنی بـەرەکەی نەك بـە خواردنی تویکلەکەی یا گەلاکەی یا وردە لقەکانی •

باسی هەندی صوورەتی جیاجیای سویند

ئەگەر کەسیك سـویندی خوارد ئـەو خورمـایە ناخوا ، وه ئـەو خورمایە تیکەلی خورمایەکی زور بووبوو ، ئـەوە سـویندی ناکـەوی تا هەمووی نەخوا • وه ئەگەر سویندی خوارد ئەو هەنارە ئـەخـوا ئـەوە رزگاری نابی تا هەموو دەنکەکانی هەنارەکە دەخوا •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی ئەو جلە ناکـەمـەبـەر ئـەوە ئەگەر تالیکی لە قوماشی جلەکە دەرکیشا ئەوجا لەبەری کرد سـویندی ناکەوی • فەرقی ئەم صوورەتە لەگەل صوورەتی خانووەکەدا ئـەوەیـە مەبەست لیرەدا ئەوەیە ئەو جلە بکاتە بەرو جلەکە بەتەواوی نەماوەتەوە • مەبەست لەوی‌یش ئەوەیە دابنیشی لە بەشیك لە بەشەکانی ئەو خانووەدا ، وه مادەم دانیشت لە خانووەکەدا مەبەستەکەی هاتووەتەجی • بویە ئەگەر سویندی خوارد لەسەر ئەو حەسیرە یا لەسەر ئەو فەرشـە دانانیشـی‌و لەپاشا پارچەیەکی لەو حەسیرە یا لەو فەرشە بری‌و بەسەریانەوە دانیشت ، ئەوە سویندەکەی ئەکەوی ، چونکە لیرەدا مەبەست دانیشتنە لەسەریـان‌و ئەو مەبەستە هاتووەتەجی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد ئەو دوو جلە ناکاتەبەر ئەوە سویندی ناکەوی تـا هەردوکیان نەکاتەبەر • بەلی ئەگەر نیازی ئەوەبوو هیچیـان نەکاتەبەر ئەوە بە کردنەبەری یەکیکیشیان سویندی ئەکەوی • وه ئەگەر

وتی نه ئەمەو نە ئەوە ناکەمەبەر ئەوە هەرکامیان بکاتە بەر سـویندی ئەکەوی • وە ئەگەر هەر دوانیانی کردەبەر پیویستە دوو کەفارەت بدا •

وە ئەگەر سویندی خوارد هیچ لەبەرناکەم سویندی ئەکەوی بـەوە کە کراسی زری لەبەر بکا یا (خف) یا کەوش یا نەعل لـە پی بـکا یـا ئەنگوستیلە بکاتە پەنجەی یا کلاو بکاتە سەری • وە ئەگەر وتی جـل ناکەمەبەر ئەوە بە پوشینی ئەمانە سویندی ناکەوی ، بەلام بە لەبەرکردنی کراسو دەرپیو جبەو لەسەر نانی میزەرو لەبەرکردنی هەر پوشاکیکیتر سویندی ئەکەوی •

وە ئەگەر سویندی خوارد ئەو خواردەمەنی یە ئەخوات یا قـەرزی فلانکەس ئەداتەوە یا ئەروا بو سەفەر ، وە لەپیش سبەینیدا مرد ئـەوە هیچی لەسەر نی یە • بەلی ئەگەر لە سبەینیدا مەیدانی کردنی ئەو ئیشانەی هەبوو کە سویندی لەسەر خواردوونو نەیکردو مرد ئەوە سـویندی ئەکەوی ، چونکە بە ئارەزووی خوی ئەو شتەی فەوتاندووە کە هـوی رزگار بوونیەتی لە سوینکەوتن • کەواتە ئەگەر هەر لە ئیمرودا خوی خواردەمەنی یەکە بریژی یاخود پشیلە بیخواتو ئەمیش ئـاگـای لی بیو دەری نەکا ئەوە سویندی ئەکەوی •

وە ئەگەر کەسیك تەلاقی خوارد کە لەمـانگەدا دەچی بـو فـلان شوین ، وە پاش ئەوە کە مەجالی هەبوو بروا بو ئەو سەفەرە نەرویشـتو خولعی ژنەکەی کرد بو ئەوە کە تەلاقی نەکەوی ئەوە تەلاقی ئەکـەوی چونکە لەپیش خولعەکەدا خوی (برّ)ەکەی فەوتاندووە • بەلی ئەگـەر لەپیش ئەوەدا کە مەجالی سەفەر کردنی ببی خولعی کرد لەگەل ژنەکەی ئەوە تەلاقی ناکەوی • بەلام ئەگەر لە سبەینیدا مەجالی ئیشەکەی نەبوو لەبەرئەوە کە خەریکی نویژی سبەینی بوو ، وە لەکاتی نویژەکەدا فەوتا

یاخود دوکتوریکی بەداد وتی ئەو چیشتە ژاری تیدا هەیەو خواردنی زەرەرەو ئەمیش نەیخوارد ، ئەوە سویندی ناکەوی چونکی لە صوورەتی یەکەمدا ناچاریی (حسّی)و لە دوو صوورەتی دووەما ناچاریی شەرعی هەیە • هەروا ئەگەر خواردەمەنییەکە خوی رژا یاخود کەسیکی بیگانە فەوتاندی لەپیش مەجالی خواردنیاو ئەم کەسە مەیدانی ئەوەی نەبوو نەهیلی ئەوە سویندی ناکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی هەر کە مالەکەم فروشت قەرزی فلانکەس ئەدەمەوە ، وە مالەکەی فروشت لەکاتی دیار نەبوونی کابرای خاوەن قەرزدا ، ئەوە سویندی ئەکەوی چونکە کابرا بە ئارەزووی خوی هوی رزگاربوونی فەوتاندووە •

وە ئەگەر سویندی خوارد کە لە سەری مانگدا حەقەکەت ئەدەمەوە ، ئەوە واجبە لەکاتی روژاوا بوونی دواروژی ئەو مانگەدا بیداتەوە • وە ئەگەر بە ئارەزوو لەپیش روژاوا بووندا دایەوە ، یاخود لەپاش روژاوا بوونو مەجال بوونی دانەوەی قەرزەکەدا نەیدایەوە سویندی ئەکەوی • وە ئەگەر ئەیزانی مادەم روژی لەپیش ئەو روژەدا نەروا بولای کابرا لە وەختی دیاریکراوا ناتوانی ئەو حەقە بداتەوە ئەوە واجبە زوو بروا بو ئەو شوینە • وە ئەگەر بە بی عوزر نەرویشت ئەوە سویندی ئەکەوی • بەلی ئەگەر دەستی کرد بە تەسلیمی حەقەکە لەکاتی روژاوابووندا و تەواو بوونی دانەوەکە کەوتە عیشا یا پاش عیشا ئەوە سویندی ناکەوی ، مادەم لە ماوەی دانەوەکەیدا بە عادەت کەمتەرخەمی نەکا •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد لە کەسیك وتی لیت جیا نابمەوە تا حەقەکەت لی ئەسینمەوە ، کەچی کابرا کە حەقەکەی لایە رای کردو

ئەمیش نەیتوانی بکەویتە شوینی ئەوە سویندی ناکەوی • وە ئەگەر لی ی جیا بووەوە یا راوەستا تا کابرا رویشت یا قوبوولی حەوالەی کرد بومەر کەسیکی‌ترو جیابووەوە لەو کابرایە ئەوە سویندی ئەکەوی • هەروەها ئەگەر کابرا لات کەوتو ئەمیش جیا بووەوە لەو کەسە • دەلیلی ئەم صوورەتە دوایی‌یە ئەوەیە کابرا خوی بە ئارەزووی خوی جیا بووەتەوە ، هەرچەند جیا بوونەوەکەشی واجب بی • کەواتە ئەگەر قەرزارەکە موراجەعەی حوکمرانی شەرعی کردو ئەویش زوری لی کرد جیا ببیتەوە لی ی سویندی ناکەوی •

وە ئەگەر حەقەکەی لی وەرگرتو جیا بووەوە ، کەچی کە لەپاشا ژماردی کەم دەرچوو ، ئەوە ئەگەر ئەو مالەی وەری گرتووە لە جینسی حەقەکەی خوی بوو ، بەلام ناتەواوی‌یەکەی بەهوی ئەوەوە بوو کە پارەکە مەغشووش بوو ئەوە سویندی ناکەوی • وە ئەگەر لە جینسی حەقەکەی خوی نەبوو ، مەسەلا حەقەکەی گەنم بوو ، وە ئەو پارەی وەرگرتو لە قیمەتەکەی کەمتر بوو ، ئەوە مادەم لە کاتی وەرگرتندا نەیزانیبوو کە ناتەواوە ، دوو فەرموودەکەی نەزانی تیا دیتەجی ، وە فەرموودەی ئاشکراتر ئەوەیە سویندی ناکەوی •

(بیداری) توانینی کردنی شتی سویند لەسەر خوراو ئەوەیە لە عورفی شەرعدا بە توانین بزانریت ، وە ئەم توانینە بەگویرەی ئیشەکەو سەردەمی دەگوری •

ئەگەر کەسك سویندی خوارد کەوا مالی نی‌یە ئەوە سویندی ئەکەوی بە هەموو جورە مالیك زور یا کەم ، بەقیمەت یا بی قیمەت ، هەتاوەکو بە جلی بەریشی‌و بە مالی کە لە قەرزدا بی ، وادەی هاتبی یا نە • وە ئەگەر سویندی خوارد کەوا مالی بە دەستەوە نی‌یە یا مالی لا

نی‌یە ئەوە سویندی ناکەوی بە مالیّ کە لە دوورەوە هەیبی یا قەرز بی بەسەر خەلکەوە •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد ئەدا لە فلان‌کەس ئەوە لە سویندەکەی رزگار ئەبی بەوە کە بە هەر جورە لیدانیك لی‌ی بدا کە پی‌ی‌بلین لیدان ئیتر ئازار پی‌گەیاندنی شەرت نی‌یە • وە ئەگەر بلیت بەجوریك لی‌ی‌ئەدەم کە ئازاری پی‌بگەیەنی ئەوە لەم‌کاتەدا ئازار گەیاندن پیویستەو لەقە لی‌دان‌و مشتەکولەو شەقازلەو بەرد پیادا مالین بە شەرتی لی‌ی بکەوی بە لیدان ئەناسرین • بەلام دانانی تووليك یا داریك لەسەر لەشی کابرا یا خنکاندنی یا رووتاندنەوەی مووی یا نقورچك لی‌گرتنی بە لیدان ناناسرین •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد صەد توول ئەدا لە کەسیك‌و صەد توولی بەست بە یەکەوەو بە یەك‌جار لی‌ی‌دا ، یا لقە داریکی‌وای هینا کە صەد توولی باریکی پیوەبوو وە دای لە کابرا بەجوریك هەموو لقە وردەکانی لی‌کەوت یاخود دارەکە قورس نیشتە سەری‌و ئازاری پی‌گەیاند ئەوە کابرای سویندخور بەوە رزگاری ئەبی لە سویندەکەی • هەروەها ئەگەر لەم‌کاتەدا شکی هەبوو لەوەدا ئاخو هەموو لقە وردەکانی لی‌کەوتووە یا نە هەر سویندەکەی ناکەوی • وە ئەگەر سویندی خوارد کە بە صەدجار لی‌ی‌ئەدا ئەوە پیویستە یەکە یەکە صەد جار لی‌ی‌بدا ئەگینا سویندەکەی ئەکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی هەر خیلافی شەرعیکم چاو پی‌کەوت خەبەر ئەدەم بە قاضی‌ی شارو لەپاشا خیلافی شەرعی بینی‌و خەبەری پی نەدا نە بە دەم‌و نە بە راسپیری‌و نە بە نووسین هەتا مرد ئەوە سویندی ئەکەوی • وە ئەگەر وتی خەبەر ئەدەم بە قاضی ئەوە بە قاضی‌ی

ئەو شارە مەعنای لی ئەدریتەوە کە خیلاف شەرعەکەی تیدا ئەکری چونکە مەبەست لە خەبەردان لابردنی خراپەکەیەو ئەمەش بە قازیی ئەو شارە ئەکری • ئەگەر ئەو قاضی‌یە کە لە کاتی سویندەکەدا بوو عەزل کرا پیویستە خەبەر بدا بەو قاضی‌یە کە لەپاش ئەو دیت • وە ئەگەر وتی خەبەر ئەدەم بە قاضی‌یەك ئەوە رزگار ئەبی لە سویندەکەی بە خەبەردان بە هەر قاضی‌یەك لە هەر شاریکدا بی • ئەگەر وتی خەبەر ئەدەم بە قاضی فلان‌و خیلاف شەرعەکەی دی‌و خەبەری نەدایە تا عەزل کرا ، ئەوە ئەگەر نیازی وابوو کە لە ماوەی قاضی‌یەتی‌ی ئەودا خەبەری پی بدا ئەوە لەم حالەدا سویندی ئەکەوی بەو شەرتە بتوانی خەبەری پی‌بدا بەلام نەیدا • وە ئەگەر نەیتوانیبی خەبەری پی بدا ئەوە وەکو زور کراوی لی دی‌و سویندی ناکەوی • وە ئەگەر مەبەستی هەر ئەوە بوو خەبەر بە کەسەکە بدا ئەوە ئەگەر لەپاش عەزل کردنیش خەبەری پی‌بدا سویندی ناکەوی •

باسی سویند لەسەر موعامەلەو عەقد

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد نافروشی یا ناکری‌و لەپاشاندا شتیکی فروشت یا شتیکی کری بە موعامەلەیەکی راست‌و دامەزراو بو خوی یا بە وەکالەتی کەسیك ئەوە سویندی ئەکەوی • بەلام ئەگەر وەکیلی گرت بو کرین‌و فروشتن‌و وەکیلەکە موعامەلەکەی کرد ئەوە سویندی ناکەوی مەگەر مەبەستی وابی کە نە بە خوی‌و نە بە وەکیل ئەو موعامەلەیە ناکات •

ئەگەر سویندی خوارد کچەکەی مارە نابری بو کەس یا ژنەکەی تەلاق نەداو لەپاشا وەکیلی گرت کچەکەی مارە کرد یا ژنەکەی تەلاقدا ئەوە سویندی ناکەوی ، هەرچەند خویشی لەلای وەکیلەکەدا حازر بی ، مەگەر نیازی وابووبی کە نە خوی‌و نە وەکیل ئەو عەقدە ناکەن‌و ئەو ژنە

تەلاق نادەن • هەروەها ئەگەر وتی لە فلان کەس نادەمو لەپاشا فەرمانیدا بە یەکیك لی‌ی‌بدا ئەوە سویندی ناکەوی مەگەر نیازی ئـەوە بووبی نـە بە خوی‌و نە بە هوی کەسەوە لی‌ی‌نادا •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد ژن نادەم بە فلان‌کەس‌و لەپـاشـا کابرایەك خوازبینی‌ی لی‌کردو ئەمیش وتی پیروزە ئەوە سویندی ئەکەوی چونکە لە عورفدا بەم جورەکەسە ئەلین ژنی داوە بە شوو • بەلام ئەگەر کابرا وتی نیازم ئەوەبوو ژنەکەی بو مارە نەکەم ، ئەوە تا ژنەکـەی بـو مارە نەکری سویندی ناکەوی •

وە ئەگەر سویندی خوارد ژن مارە نەبری بو خوی‌و لەپاشـا ژنی هینا ئەوە سویندی ئەکەوی خواە خوی بە دەمی خوی قوبوولی نیکاحەکە بکا یا وەکیل بنیری بوی قوبوول بکا چونکە وەکیل لە قوبوولی نیکاحـدا بە فروسنادە دەناسری‌و تەماشای کابرای ئەصـلی ئەکری ، وە ئـەگـەر قوبوولی نیکاح بو کەسیکی‌تر بکا بە وەکالەت ئەوە سویندی ناکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد ژنەکەم تەلاق نادەمو لەپاشـــــا تەلاقەکەی دایە دەستی ژنەکەی‌و ژنەکەی خوی تەلاق دا ئەوە سویندی ناکەوی • هەروەها ئەگەر وەکیل بگری‌و وەکیلەکە تەلاقی بدا لـەبـەر ئەوە سویندی لەسەر ئیشی خوی خواردووە •

ئەگەر وتی خوشکەکەم مارە ناکەم بو فلان‌و لەپاشا باوکی مـارەی کرد بوی ، سویندی ناکەوی • ئەگەر وتی ژن نادەم بە فلان یـا نـایەلم باوکم ژنی پی‌بدا ، ئەوە ئەگەر باوکی بە بی ئاگاداری‌ی ئەو ژنەکە مـارە بکا بو کابرا یا ئیذن بدا بیگویزنەوە ، ئەوە ئەم‌کەسە سویندی ناکـەوی ، پەلی پیویستە لە صوورەتی دووەمدا ئـەگـەر کورەکە پی‌ی‌زانی بەپی‌ی توانا مەنعی باوکی بکا لەو ئیشە ، وە لەم صوورەتەدا چار ئەوەیە کـــە

ئەوکەسەی دەسەلاتی هەیە لەو شوینەدا هەرەشە بکا لەو کورە کە ئەگەر مەنعی باوکی بکا ئازاری بدا ، یاخود حاکمی شەرع هەرەشەی لی بکا ، ئیتر کورەکە ئەگەر مەنعیش نەکا سویندی ناکەوی چونکە مەجالی مەنع کردنی نامینی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد مالی فلانکەس نافروشم ئەوە ئەگەر مالی ئەوکەسەی بە وەکالەتی ئەوکەسە خوی فروشت سویندی ئەکەوی ، بەلام ئەگەر لەخویەوە بیفروشی سویندی ناکەوی چونکە ئەوە پی‌ی‌دەلین بەیعی (فضولی)و فروشتنی‌وایش لای ئیمە بەتالە • وە ئەگەر سویندی خوارد وتی ئەو مالە نابەخشم بە فلانکەس‌و لەپاشاندا پی‌ی‌وت وا ئەو مالەم پی بەخشیت ، بەلام کابرا قوبوولی نەکرد سویندی ناکەوی چونکە بەخشین لەشەرعدا بریتی‌یە لە ئیجاب‌و قوبوول ، مەگەر کابرا بلی نیازم هەر ئیجابەکە بووە ، ئەوە بە ئیجابە رووتەکە سویندی ئەکەوی •

هەروەها لەکاتی سویندا لەسەر بەخشین سویندی ئەکەوی بە بەخشین بە دریژایی عومرو بەدریژایی مانەوەی گەردنی کابرای پی‌بەخشراو ، مادام کابرای پی‌بەخشراو قوبوولی بکا چونکە ئەم دوانەیش بە بەخشین دەناسرین‌و وەخت بو دانانەکەیان بەتالە وەکو لەپیشەوە باسمان کرد • هەروەها ئەگەر شتەکەی بە صوورەتی خیرو صەدەقە دا بەو کەسە چونکە صەدەقەیش هەر بە بەخشین دەناسریت•بەلام سویندی ناکەوی ئەگەر بە ئەمانەت یا بە وەقف یا بە صوورەتی وەسیەت پی‌ی‌بداو وەسیەت بکا ئەو مالە بو ئەوکەسە بی ، وە ئەگەر سویندی خوارد ئەو شتە بە صەدەقە نادەم بە فلانکەس‌و لەپاشاندا بە ئیجاب‌و قوبوول پی‌ی‌بەخشی ئەوە سویندی ناکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد نانی فلانکەس ناخوم‌و لەپاشاندا

بوو بە میوانی‌و چیشت‌و نانی ئەوی خوارد ئەوە سویندی ناکەوی چونکە میوان بەرلەوە کە خواردەمەنی‌یەکە بخوا ئەبی بە خاوەنی ئەو ئەندازە خواردەمەنی‌یە کە قووتی ئەدا ، وە لەم‌کاتەدا بەپێی شەرع نانی ئەوی نەخواردۆوە نانی خوی خواردووە • مەگەر کابرا نیازی ئەوەی بوو‌بی کە لە مالی ئەوکەسەدا خواردەمەنی‌یەك ناخوا کە بلین هی ئەوکەسەیە ، ئەوە سویندی ئەکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی خواردەمەنی‌یەك ناخوم کە فلان‌کەس کریبیتی ئەوە سویندی ئەکەوی بە خواردنی ئەوەی کە ئەوکەسە بە کرینیکی دامەرزراو کریبیتی نەك بە خواردنی شتی کە بە کرینیکی دانەمەزراو کریبیتی، یا بە کرینیکی دامەزراو لەگەل کەسیکی‌تر کریبیتیان • وە ئەگەر ئەو خوراکە کە ئەوکەسە سویند لەسەر خوراوە کریبووی تیکەلی خوراکی کەسیکی‌تر بوو ئەمیش لەو تیکەلەی خوارد ئەوە ئەگەر خواردەمەنی‌یەکە ئاوەکی بوو سویندی ئەکەوی • وە ئەگەر وشك بوو ئەبی بزانی کە لەو خوراکەی خواردووە کە ئەو کەسە سویند لەسەر خوراوە کریویەتی ئەوسا سویندی ئەکەوی •

ئەگەر کەسیك سویندی خوارد وتی ناڕومە خانوویەکەوە فلان‌کەس کریبیتی ئەوە سویندی ناکەوی بەوە کە بڕواتە خانوویەکەوە ئەوکەسە بە شوفعە وەری گرتبی •

(بزانن) لەم صوورەتانەوە کە باسمان کردن دەرئەکەوی هەر لەفظی کە لە عورفی شەرعدا مەعنایەکی هەبی‌و یەکیك سویندیان لەسەر بخوات وەکو فروشتن‌و ئیجارەو وەقف‌و نەذرو بەخشین‌و ئەمانەت‌و نیکاح ئەبرری بەسەر ئەو مەعنایەدا کە لە شەرعدا بوی دانراوە مەگەر کابرا نیازی مەعنا گشتی‌یەکەی هەبی کە لە ناو خەلکی ئەو شوینەدا بوی بەکاردەهینری •

باسی داوەری (القضاء)

داوەری لە شەرعدا بریتی‌یە لە نەهێشتنی کیشەو هەرا لە بەینی دوولادا بە رابوورادنی حوکمی خودا لە بەینیاندا • بەلام فتوادان (افتاء) بریتی‌یە لە روونکردنەوەی حوکمەکە بە بی رابووراندنو جی‌بەجی‌کردنی •

دانانی قاضی فەرزی عەینە لەسەر پیشەوای موسولمانان لە هەموو ناوچەیەکدا • وە لەسەر قاضی‌ی ئەو ناوچانەش ئەگەر دەسەلاتیان پی درابی لە هەموو مەسافەیەکی نیوروژە ریگەدا ، وە ئەگەر دەسەلاتیان نەدرابوویە ئەووەختە ئەمیش هەر لەسەر پیشەوای موسولمانان فەرزی عەینەو قوبوولەکەیشی فەرزی عەینە لەسەر هەر موسولمانی کە بو قاضی‌یەتی دەست بدات • جا ئەگەر لەوکەسە بەولاوە کەسی‌تر نەبوو ببی بە قاضی ئەوە ئەبی بە فەرزی عەین لەسەر ئەوکەسەو فەرزیشە لەسەری داوا بکا لە پیشەوای موسولمانان بیکا بە قاضی ئەگەر ئومیدی هەبی کە بیکا • وە ئەگەر کەسی‌تر هەبوو کە ببی بە قاضی ئەوە ئەگەر ئەو کەسە باشتر بوو ئەمیش دروستە ببی بە قاضی بەلام کەراهەتی هەیە ، وە ئەگەر ئەویش وەکو ئەم وابوو ئەوە بو ئەم دروستە وەری‌بگری‌و دروستیشە داوای بکاو کەراهەتی نی‌یە ، بەلکو ئەگەر بی‌ناو بوو ویستی ناو دەرکا بوئەوە کە خزمەتی ئایینی ئیسلام بکا ئەوە سوننەتە داوای بکا یاخود ئەگەر پیویستی بەوە بوو کە بەهوی ئیشیکەوە بژی ، یاخود روژەکە لەوانە بوو کە بە بی بوونی قاضی‌یەکی باش حوقووقی موسولمانان ئەفەوتا ، ئەگینا کەراهەتی هەیە داوای بکا • بوونو نەبوونی کەسیك کە بو قاضی‌یەتی بەکار بی بەگویرەی ناوچەکەیە کە کابرای خاوەن علم تیایا دانیشتووە •

ئەگەر لە وولاتیکدا حوکمی پیشەوای موسولمانان نەبوو ، یا پیشەوای موسولمانان هەبوو بەلام گوی‌ی نەدەدا بە جی‌بەجی کردنی حوکمەکانی ئایین ، ئەوە پیویستە لەسەر ئەهلی حەل‌و عەقدی ئەو شوینە قاضی بو خویان دانین هەرچەند ئەهلی حەل‌وعەقد لەوشوینەدا تەنها یەك کەس بی وەکو ئەو بەدەسەلاتانەی دەستیان ئەروا بەسەر دەوروبەری خویاندا •

شەرتی قاضی ئەوەیە نێرینەو ئازادو بالغو عاقل‌و بیسندەو قسەکەرو لی‌هاتوو بی • هەروەها ئەبی (مجتهد) بی • مجتهد کەسیکە ئاگای لەو ئایەت‌و حەدیثانە هەبی کە پەیوەندیان بە ئەحکامی ئیسلامەوە هەیەو (عام)و (خاص)و (مجمل)و (ناسخ)و (منسوخ) بزانی‌و فەرق بخا لە بەینی حەدیثی (متواتر)و (آحاد)و (متصل)و (مرسل) داو ئاگای لە حالی ئەوانە ببی کە حەدیثەکانیان گیراوەتەوە ئاخو بەهیزن یا بی‌هیزن ، وە زمانی عەرەب بزانی لەبارەی (لغة)و (نحو)و (صرف) (بلاغه)وەو ئاگای لەو حوکمانە هەبی کە ئیجماعی زانایانی شەرعیان لەسەر هەیەو جیایان بکاتەوە لەو حوکمانەی کە جیگای خیلافن ، وە جورەکانی (قیاس) بزانی وەك (جلي)و (مساوی)و (ادون) وە لە هەموو ئەمانەدا پلەی ناوەندی بەسە •

ئەگەر کەسیکی وەها دەست‌نەکەوت‌و ئیمام یا دەسەلاتداری شوینەکە کەسیکی‌تری کرد بە قاضی کە ئەم مەرجانەی تیدا نەبوو وەکو فاسق یا (مقلد) ئەوە قەضاوەتی رەوایە لەبەر ناچاری ، وە ئەم جورە قاضی‌یانە پی‌یان‌ئەلین قاضی‌ی ناچاری •

سوننەتە بو پیشەوای موسولمانان هەر قاضی‌یەکی دانا ریگای بدا ئەویش جی‌نشین بو خوی دابنی • جا ئەگەر پیشەوا ریگای دا کە جی‌نشین بگری ئەوە باشە • وە ئەگەر ریگای نەدا دروست نی‌یە

جی‌نشین بگری ، وه ئەگەر نــه ریــگای داو نه ریگای لی‌گرت ئەتوانی جی‌نشین بگری لەو ئیشانەدا که خوی دەرەقەتیان نایەت نەك له شــتیکا که بەعادەت بو خوی ئاسان بی • شەرتی ئەم جی‌نشینه ئەوەیــه ئــەو شەرتانەی تیا هاتبیتەدی که له قاضی خویدا پیویستن ، مــەگــەر تەنها بو ئیشیکی تایبەتی کردبیتی به جی‌نشینی خوی وەکو بیستنی شــــەهادەتی شاهیدیك یا سوینددانی یەکیك ئەوە بەسە ئەوەندە که بزانی لەو ئیشــه تایبەتی‌یەدا چی پیویسته •

(بزانن) قاضی ئەگەر (مجتهد) بی ئەبی حوکم به مەذهەبی خوی بکا ، وه ئەگەر (مقلد) بی حوکم به مەذهەبی ئیمامه تەقلیدکراوەکــەی ئەکا ، هەروەها جی‌نشینی قاضی‌یش •

ئەگەر پیشەوای موسولمانان به شەرتی گرت لەسەر قاضی‌ی مجتهــد که به غەیری مەذهەبی خوی حوکم بدا ، وه یا شەرتی کرد لەســـەری که به غەیری مەذهەبی ئیمامه تەقلید کراوەکەی حــوکم بدا ئــەوه ئــەو تەولیەی قەضاوەته بەتاله •

وه ئەگەر شەرتی کرد که به مەذهەبی ئیمامەکەی خوی حوکم بکا یا باسی مەذهەبی نەکرد ئەوه واجبه به راجیحی مەذهەبی ئیمامی خـــوی حوکم بکا ، وه دروست نی‌یه به مەرجووحی مەذهەبی ئەو ئیمامه حوکم بکا • بەلی له (بغیه)دا له (کتاب القضاء)دا دەفەرمویت دروسته بو قاضی حوکم بکا به مەرجووحی مەذهەبی ئیمامەکەی لەو مەسئەلانەدا کــــه زانایانی (متأخرین) تەرجیحیان داوه لەبەر مەســـــلەحەتی تیــکرای موسولمانان وەکو ویلایەتی فاسق ، وه وتنی ئەوه که روشد هەر صەلاحی دنیایەو شەهادەتی (الامثل فالامثل) قوبوول ئەکری له زەمانیکدا که فاسقی بلاو بووبیتەوه • وه ئەگەر قاضی حوکمی کرد بەمانه ئەوه حوکمەکەی

هەل‌ناوەشینریتەوە وەکو (اشـــخر)و (ابو مخرمـــە)و کەســـانی‌تر وتوویـــانـە •

هەروەها دروست نی‌یە بو قاضی حوکم بە غـەیـری مـەذهـەبی ئیمامەکەی خوی بکا • بەلی لە (تحفە)دا لە (کتاب القضاء)دا دەفەرمویت ئیمامی (ماوردی)و کەسانی‌تریش فەرموویانە دروستە قاضی‌ی (مقلد) حوکم بە غەیری مەذهەبی ئیمامەکەی خـــوی بکا • وە لە (الفتـــاوی الکبری)دا ئەگیریتەوە لە ئیمامی غەزالی‌یەوە کە فەرموویەتی دروســـتە بو حاکمی (مقلد) حوکم بە غەیری مەذهەبی ئیمامە تەقلید کراوەکـەی خوی بکا بینا لەسەرئەوە کە (عامي) مەذهەبی نی‌یەو دروستە تەقلیـــدی هەموو (مجتهد)یك بکا هەرچون خوی ئارەزووی هەبی مادەم نەیەت لە هەر لایەك حوکمیکی ئاسان هەبی ئەوە هەلبژیری بوخوی •

ئەگەر پیشەوای موسولمانان دوو قاضی‌ی دانا لە شاریکداو هەریەکی لەوانی کرد بە قاضی بو ماوەیەك یا بو گەرەکیك ئەوە دروستە • هەروەها ئەگەر بە هەرکامیکیان هەندە حوکمیك بسپیری • بەلام ئەگەر شـــەرتی ئەوەی کرد کە هەردوکیان ریك‌بکەون لەسەر حوکمیك ئەوە بـەتـالـە ئەگەر (مجتهد) بن یا (مقـلد)ی دوو (مجتهـد) بن • وە ئـەگـەر (مقلد)ی یەك ئیمام بن یا (مقلد)ی دوو ئیمام بن‌و شەرت‌کرابی لـــە ئەحکامی ریك‌کەوتنەکەدا یەك بکەون ئەوە باشە •

باسی حەکەم دانان (تحکیم)

دروستە بو دوو کەسی ناکوك یا دوو کەس کە ناکوکی‌یان لە بەینا نەبی کەسیك بکەن بە حەکەم بو خویان لە غەیـــری حوکمیکدا کـــە (حق الله) بی وەکو حەددی شەرعی • جا ئەگەر ئەو حەکەمە (مجتهد)

بوو ئەوە دروستە بکری بە حەکەم خواە لە ولاتەکەدا قـاضی هـەبی یـا نەبی ، وە ئەگەر قاضی هەبوو (مجتهد) بوو یـا (مقـلد) • وە ئەگـەر حەکەمەکە (مقلد) بوو ئەوە بە شەرتی عەدالەت دروستە بەوشـــــەرتە قاضی لە ولاتەکەدا نەبی یا نەخویندەوار یا فاسق بی ، یا عادل بی بـەلام لەوجورە ئیشەدا حوکم نەکا کە کراوە بە حەکەم تیایدا ، یا حوکم بکاو ئەندازەیەکی‌وا پارە وەربگری کە بەش‌بەحالی ئەوکەسانە کە کردوویانە بە حەکەم خاوەن ئەهمیەت بی •

کەوابی لەم صوورەتانەدا ئەگەر لەبەینی دووکەسدا هەرا هەبوو لە موعامەلەیەکدا دەتوانن عالمیکی عادل بکەن بە حەکەم‌و ئەم هەرایـەی پی ببرنەوە • یاخود هەرا نەبی لە بەینیانا وەکو ئەوە کەسیك ســــــویندی خواردبی قسە لەگەل باوکیا نەکا ئەمجار باوکی‌و خوی کەسیك بکەن بـە حەکەم ئەویش حوکم بکا لە کورەکە کە ئەبی قسە لەگەل بـاوکیـا بـکا لەسەر قەراری ئەوە کە لە باسی زورکردن (اکراه)دا قسەمان لی‌کرد •

لای (بلقینی)و هەندی لە زانایانی دواکەوتوو تەحکیمی فاسقیش دروستە ، بەلام ئەمەیش بەوشەرتە کە قاضی نەبی یاخود قاضی‌یەکی فاسق هەبی‌و لە حەکەمەکە فاسقتر بی ، یاخود عادل بی بـەلام ری‌ی‌نەدرابی ئەو جورە حوکمانە بدا ، یا پارەیەکی ئـەوەنـدە زور وەربـگری کـە ئەم‌کەسانە پی‌یان نەدریت •

بەلام واجبە بزانین کە ئەم جورە تەحکیمەی ئەمرو هـەندی مـەلا دەیکەن لەسەر فەرموودەی (بلقینی) بو مارەبرینی تازە لەپاش کـەوتنی سی تەلاقە ئەوە بەتالە چونکە (بلقینی) کە رازی‌یە بە تەحکیمی فاسـق رازی‌یە بە مارە برینە پیشووەکە کە بە وەلی‌و شاهیدی فاسق کـراوە • کەواتە پاش کەوتنی سی تەلاقە لـە مـارەبـەجـاش (تحلیـل) بەولاوە چاریکی‌تر نی‌یە •

باسی هەندی ئەحوالی قاضی

ئەگەر قاضی شیت بوو یا بیهوش کەوت یا کویر بوو یا کەڕ بوو یا لال بوو یا لیاقەتی ئیجتیهادی نەما یاخود ضەبطو شوعووری تیکچوو ئەوە لە خویەوە عەزل دەبیو لە تەئریخی ئەو بەسەرهاتەوە حوکمی رەوا نابی • هەروەها ئەگەر قاضیی عادل فاسقیی بەسەردا هات • وە ئەگەر ئەم مانیعانەی لەسەر لاچوو ئەوە حوکمی قەضاوەتی بو نایەتەوە تا سەرلەنوی نەکریتەوە بە قاضی •

دروستە بو پیشەوای موسولمانان قاضییەکیوا عەزل بکا کە عەیبیکیوای بەسەردا هاتبی کە ببی بە مایەی عەزلبوونی وەکو ئەوە کە زور شکاتی لی بکری ، یاخود عەیبی نەبی بەلام لەو ولاتەدا کەسیکیوا ببی فەضلی لەم کابرا زورتر بی ، یاخود وەکو ئەم قاضییە بی ، بەلام بە عەزلکردنی ئەم قاضییە فیتنە بنیشیتەوە • ئەگینا عەزلەکەی دروست نییە • بەلام ئەگەر عەزلی کرد ئەوە عەزلەکەی کار دەکات •

ئەگەر پیشەوای موسولمانان نووسی بو قاضی کاتی کە ئەم کاغەزەت خویندەوە ئەوکاتە تو عەزل کراوی ، ئەویش خویندیەوە یا بویان خویندەوە ئەوە عەزل دەبی • هەرکاتی قاضی عەزل بوو ئەوە هەرکەسی بو ئیشیکی تایبەتی ناردبی وەکو فروشتنی مالی مردوو یا بیستنی شەهادەتو ئەم جورە شتانە ئەوە ئەویش عەزل ئەبی •

هەروەها هەرکەسیکی لەجیی خوی دانابی ئەوە ئەگەر بە بی ریگادانی پیشەوای موسولمانان لەجیی خویی دانابی ، یا ریگا درابی کە جینشین بگری بو خوی یا پیی وترابی جینشین بگری ئەوە جینشینەکەشی عەزل دەبی • وە ئەگەر ریگای درابی جینشین بو پیشەوای موسولمانان بگری ئەوە لەمکاتەدا ئەو جینشینە عەزل نابی • بەلام قاضی عەزل نابی بە مردنی پیشەوای موسولمانان ، هەروەها

سەرپەرشتی کەری مالی وەقفو مالی هەتیو ئەوانیش بە مردنی قـاضـی عەزل نابن •

ئەگەر قاضی لەپاش عەزلبوونی لـە قاضیـیـەتی وتی لـــە وەختی قاضییەتیما حوکمم لە فلان مەسەلەدا بـەوجـورە کردووە ، ئـەوە لی‌ی قوبوول ناکری ، بەلکو ئەگەر لەگەل شاهیدیشدا شەهـادەت بـدا بـەو حوکمە هەر لی‌ی قوبوول ناکریت • بەلی ئەگەر شەهادەت بدا بە حوکمی حاکمیکی حوکمرەوا ئەوە لی‌ی قوبوول ئەکریت • هەروەها ئەگەر لەپیش عەزلکردندا بلیت حوکمم کردووە بەو مەسەلەیە ئـەوە لی‌ی قـوبـوول ئەکریت • بەلام ئەگەر لە غەیری شوینی قەضاوەتەکەیدا ئەوە بلی ئـەوە وەکو عەزل کراو وایەو قسەکەی بی‌سوودەو لی‌ی قوبوول ناکریت •

ئەگەر کەسیك ئیدیعای کرد لە قاضییەکی عەزلکراو کـــە مالی لی وەرگرتووە بە بەرتیل یا بە شەهادەتی دوو بەنـدە حوکمی داوە ئەوە واجبە قاضییەکە حازر بکریتو هەراکەیان چـار بکریت • هـەروەهـا دروستە قاضییە عـەزلکراوەکـە خوی حـازر نەبیتو وەکیـلی بـگری بوئەوەی لەجیاتی‌ی خوی بچیتە بەردەمی قاضی • وە ئەگەر کەســـیك ئیدیعای کرد کە قاضییە عەزلکراوەکە بە شەهادەتی دوو فاسق حوکمی کردووەو ئیتر ناوی مالی نەبرد ئەوە قاضییەکە حازر ئەکری ، جا ئەگەر ئینکاری کرد ئەوە بە سویند بـاوەری پی‌ئـەکری • وە ئـەگـەر کابرا ئیدیعای ئەوەی کرد کە قاضییە عەزل کراوەکـە لـە حوکمدا نـارەوا رویشتووەو ستەمی لی کردووە ئەوە دەعواکەی نابیسریت مادەم بە شاهید ئیسباتی نەکات • وە ئەگەر دەعوایەکی‌وا لە قاضی کرا کـە پەیوەنـدی نەبوو بەو حوکمانەوە کە داویەتی وەکو قەرزو موعامەلەی بەینی خویان ئەوە پیویستە جی‌نشینی ئەو قاضییە خوی یا قاضییەکی‌تر تـەمـاشـای مەسەلەکە بکاو حوکمی تیدا بدا •

باسی ئادابی قەضاوەت

سوننەتە پیشەوای موسولمانان نامە بنووسی بو ئەوکەسەی کە دای ئەنی بە قاضی‌و لە نامەکەدا باسی ئەوە بکا کەوا کردوویە بە قاضی‌و بوی روون بکاتەوە کە دەسەلاتی چی داوەتی‌و نامەکەی بە قەدرو حورمەتەوە بو بنووسیت‌و ئاموژگاری‌ی بکا کە زور لە خوا بترسی‌و بە فەرمانی خوا بجوولیتەوەو پرس بکا بە زانایانی ئەو ناوچەیە کە تیا دامەزراوەو ، شاهیدیش بگری لەسەرئەوەی لە کاغەزەکەیدا نووسیویەو لەگەل کاغەزەکەیدا بی‌یان‌نیری بو ئەو شارەی قاضی‌یەکەی تیایە بوئەوە خەبەری بدەنی کەوا پیشەوای موسولمانان کردوویە بە قاضی لەم شارەدا • وە ئەگەر ئەم شاهیدانەی نەنارد بەلام دانانی قاضی‌یەکە مەشهوور بوو ئەوە بەسە بەلام بەگویرەی مەذهەبی ئیمامی شافیعی خوی بەس نی‌یە •

سوننەتە بو قاضی روژی دووشەممە بچیتە ئەوشارەوە کە بوی دانراوە ، وە لە ناوەراستی شارەکەدا دابەزی • وە سوننەت وایە کاتی کە دامەزرا مەجلیسەکەی گوشادو بەدەرەوە بی‌و دوور بی لە هەرچی خەلك ئەزیەتی پی‌بخون‌و دوور بی لە گەرماو سەرماو بو ئەو روژو سەعاتە دەست‌بدا • کەراهەتی هەیە قاضی لە مزگەوتدا قەضاوەت بکاو زیاتر کەراهەتی هەیە حەددی شەرعی لە مزگەوتدا جی‌بەجی بکری • هەروەها کەراهەتی هەیە قەضاوەت بکا لەکاتی رقهەستان‌و برسی‌یەتی‌و تینوویەتی‌و حالەتی‌تردا کە ئادەمیزاد لە وەزعی عادەتی بکاتە دەرەوە •

کاتی کە قاضی دامەزرا سوننەتە ئەحوالی مەلایانی شارەکە بپرسی‌و بزانی پیاوی عادل لەو شارەدا کی‌یە • سوننەتە بەر لە هەرچی تەماشای حالی ئەوکەسانە بکا کە وان لە بەندیخانەداو پرسیاریان لی بکاو بزانی کامیان ئەلی بە حەق حەپس کراوم بیهیلیتەوەو کامیان ئەلی بە ناحەق

حەپس کراوم داوای بەڵگەی لی‌بکاو بزانی لەسەر شکاتی کی گیراوە بنێری بەدوای ئەو کەسەداو ئەگەر لەو ناوەدا نەبوو بیدوزیتەوەو مەسەلەکەیان ببریتەوە • ئەنجا تەماشای ئەو کەسانە بکا کە کراون بە (وصي)و تەسەرووف لە مالی غەیردا دەکەن وەکو وەکیل • وە هەرکەس وتی من وەصیم ئەحوالی بپرسی لە خەلك ، جا ئەگەر باش بوو بیهیلیتەوەو ئەگەر خراپ بوو یا فاسق بوو مالەکەی لی وەربگریتەوەو بیداتە دەستی کەسیکی‌تر ، وە ئەگەر بی‌کارە بوو کەسیك دابنی بوئەوە یارمەتی‌ی بدا ، جا تەماشای ئەوقافی عوموومی بکا •

سوننەتە (مزکّی)یەك رابگری بو تی‌گەیشتنی ئەحوالی خەلك‌و کاتب رابگری بو نووسینی مەحزەرو لیستە راگرتن‌و سوننەتە ئەم کاتبە ئاگای لە ئەحکامی شەرع هەبی‌و خەتی خوش بی‌و سوننەتە تەرجومانیش رابگری بوئەوە کە حالی بکا لە قسەی هەرکەس کە زمانی نەزانی • شەرتی ئەم تەرجومانەیش ئەوەیە عادل‌و ئازاد بی‌و لە دووکەس کەمتر نەبن ، بەلام ئەگەر کویر بی قەیدی نی‌یە • سوننەتە لە هەر حوکمیکی بەئەهمیەتیشدا راویژ بکا بە زانایانی ئەو شوینە •

سوننەتە بو قاضی قەمچی‌یەکی قایشی هەبی بو تەمی‌کردنی تاوانبارو بەندیخانەشی هەبی بو ئەوانە کە حەپس ئەکرین • سوننەتە قاضی بە نەفسی خوی مامەلە نەکاو وەکیلی تایبەتیشی نەبی ، وە ئەگەر دیاری‌ی بو هات لای کەسیکەوە کە ناکوکی‌یەکی لەگەل یەکیکدا هەبی یاخود وا تی‌بگا کە ئیشی هەیە ، یاخود لەم جورە نەبی بەلام لەوەپیش دیاری‌ی بو نەناردبی ، حەرامە وەری‌بگری • ئەگینا دروستە وەری‌بگری ئەوەندەی کە عادەتی بی ، بەلام سوننەتە ئەوەندەی دیاری‌یەکەی جەزای بداتەوە •

حوکمی قاضی ڕەوا نابی بو خوی‌و بو هاوبەشی لە مالی تیکەلدا ، وە بو کورو کورەزای‌و باوك‌و باپیری‌و بەرەو خوارو بەرەوژووری چونکە لەوانەیە لەم حوکمانەدا لایەنگر بی ، وە پیویستە لەم جورە حوکمانەدا یـا پیشەوای موسولمانان یا قاضی‌یەکی‌تر حوکم بدا ، هەرچەند جی‌نشینی خویشی بی •

باسی هەندی لە ئادابی قاضی

واجبە لەسەر قاضی جیاوازی نەخات لەنیوان ئەوکەسانەدا کـــە هەرایان لەبەیندا هەیەو دینەلای ، نە لە ڕیگا دانیاندا بو چوونە لای‌و نـە لە هەستاندا لەبەریان‌و نە لە ڕووخوشی‌و قسە لەگەل کردنیانداو نـە لـە جواب دانەوەی سەلام‌و جیگادانی دانیشتن‌و لە هەرچی‌یەکی‌تردا کـە وا بگەیەنی ئەو دوو کەسەیەکیکیان لە یەکیکیـــان گەورەتـــرە • بـــەلام فەرموودەی ڕاستتر ئەوەیە کە واجبە شوینی موسولمان لە شوینی کافـری (ذمّي) لەپیشتر بی‌و هەندی کەس ئەلین ئەمە سوننەتە• کاتی کە دوو کەسە ناکوکەکە دانیشتن دروستە بو قاضی قسە نەکا تا ئەوان قســـەیان تەواو ئەکەن‌و بویشی دروستە بلیت کی (مدعی)یە با قسە بکا • جا کاتی کـە (مدعی) قسەی خوی تەواو کرد قاضی داوای جواب لە (مدعی علیه) بکا • جا ئەگەر پی‌ی‌لی‌نا ئەوە باشە ، وە ئەگەر ئینکاری کرد بوی هەیـە بی‌دەنگ بی‌و بوی هەیە بلیت بە (مدعی) شاهیدت هەیە ؟ ئەگـەر وتی شاهیدم هەیەو ئەمەوی سویندی (مدعی علیه) بدەم بوی هەیە ، وە ئەگەر وتی شاهیدم نی‌یەو کەچی لەپاشاندا شاهیدی هینـــا لی‌ی قوبوول ئەکری چونکە لەوانەیە لەوکاتەدا لەبیری چووبی کە شاهیدی هـەیـە یاخـــود پی‌ی‌نەزانیبی •

ئەگەر چەندکەسیك هاتبوون بو موحاکەمە ، ئەوە هەرکامیان زووتر

هاتووه ئەوەیان پیش ئەخری • ئەگەر نەزانرا کی لەپیشا هاتووه یاخـود هەموو بەیەکەوه هاتبوون ئەوه (قرعه) ئەخری لەناویـانـاو هەرکەسی قورعەی بو دەرچوو له یەك موحاکەمەدا پیش ئەکەوی • بەلی ئەگـــەر کومەلی لەمانه خویان ئامادە کردبوو بو سەفەرو ئەوانی‌تریان نیشـــتەجی بوون ئەوه ئەوانەیان پیش ئەخرین که رەوتەنین • هەروەها ئەگەر چەند ژنیك هاتبوون ئەوه ئەو ژنانه پیش ئەخرین له پیاو ، وه هەرکەسی نەخوش یا پیر یا بی‌هیز بی پیش‌ئەخری مەگەر ئەمانه ئەوەندە زور بن کــه ببن بەهوی ماتل‌بوونی ئیشی خەلك •

هەرکاتی (مدعی علیه) پی‌ی‌لی‌نا یاخود نکوولی کرد له ســـویند خواردن‌و (مدعی) سویندی خوارد ، وه لەم‌کاتەدا (مدعی) داوای کرد له (قاضی) که شاهید بگری لەسەر پی‌لی‌نانی (مدعی علیه) یـا لەســەر سویندەکەی خوی یاخود داوای لی کرد که حوکم بـدا بـەپی‌ی ئەوەی ئیسپات بووه لای‌و شاهیدیش بگری لەسەر حوکمەکەی خـــوی ئـەوه واجبه قاضی بەگوی‌ی بکا •

هەروەها ئەگەر (مدعی علیه) سویندی خواردو داوای کرد لــه قاضی که شاهید بگری لەسەر سویند خواردنەکەی بوئەوه که له دەستی (مدعی) رزگاری ببی ئەوه واجبه لەسەر قاضی کـه بـەگوی‌ی بـکا • هەروەها ئەگەر (مدعی) داوای کرد له قاضی فەرمان بـدا مـەحزەری بنووسن بو صوورەتی مورافەعەکه یاخــود حوکمەکـــەی قاضـی لـه مەسەلەکەدا له دەفتەریکدا بنووسنەوه واجبه لەسەر قاضی بەگوی‌ی بـکا چونکه ئەم مەحزەرو نووسینەوەیه بو پاشـــەروژ زور بەســـــوودن‌و شت‌دەخەنەوه بیر • ئەوەی که دەنووسری سونەته دوو نوســـخەی لی بنووسریتەوه یەکیکیان له دیوانی دادگادا بمینیتەوەو یـەکیکیـان بـدری بەوەی داوای ئەکا •

حەرامە لەسەر قاضی چەند شاهیدیکی تایبەتی دیاری بکاو غـەیری ئەوانە وەرنەگری چونکە ئەمانە ئاگایان لە هەموو شتیك نی‌یەو زیاد لەوە ئەبی بەهوی نارەحەت بوونی خەلك‌و زور نزیکە ئەم چەند کەسە کەلك لەو وەزعە وەربگرن بو زیان گەیاندن بە خەلك •

ئەگەر شاهید شەهادەتی دا لە مەسەلەیەکداو قاضی ئەیزانی کـــە عادلە ئەوە باشە • وە ئەگەر حالی نەدەزانی واجبە لەسەری (استزکاء) بکات واتە نیشان‌و ناوی شاهیدەکان‌و شەهادەت بو دراوو شـــــەهادەت لەسەردراو بنووسی‌و ئەندازەی حەقەکەیش بنووسی ، وە بە دوو کەسـی عادلدا رەوانەی بکا بو پرسیار کردن‌و لیکولینەوەی حالی شاهیدەکان کـە ئاخو عادلن یا نە وە دوژمنی کابرای شەهادەت لەســەر دراون یـا نـە ، یاخود لەو شەهادەتەیاندا لەسەر ئەو حەقە قازانجیکی تایبەتی‌یان هەیـە یا نە • جا پاش ئەوە کە لە حەقیقەتی حالیان حالی بوون بینـــەوە بولای قاضی باسی بکەن • وە ئەگەر عەدالەتی شاهیدەکان‌و بی‌عەیبی‌یان دەرکەوت ئەوە باشە ئەگینا بە شەهادەتی ئەوانە حوکم نەدا •

شەرتی ئەم دووکەسە (مزکّی)یەو ئەوکەسانەش کـە پرسیاریان لی‌دەکەن وەکو شەرتی شاهید وایە • زیاد لەمەیش پیویستە ئاگایان ببی لە ئەسبابی (جرح)و (تعدیل) بو ئەوە کە بە ناحەق عادل نەکەن بە فاسق‌و فاسق بە عادل دانەنین•هەروەها پیویستە ئاگایان لە حالی نهینی‌ی شاهیدەکان ببی‌و پیویستە بە لەفظی شەهادەت بەیانی عەدالەتی شاهیدەکـــان بکەن ، وە لەکاتی (جرح)دا ئەسبابی جەرحەکە باس بکەن‌و پشـــت بە چـــاو پی‌کەوتنی خویان ببەستن ئەگەر شتەکە لەوانەبی ببینری یا پشت بە بیستن ببەستن ئەگەر شتەکە لەوانەبی ببیسری وەکو (قـذف)و (ردّة) • وە گوی نادری بە چاوپی‌کەوتن‌و بیستنی خەلك مەگەر ئەوەندە مەشـــهوور بی کە باوەری تەواویان بو پەیدا ببی پی‌ی ، بەوجورە کە ئەوکەسانە کە

خەبەریان ئەدەنی ئەوەندە زور بن ژمارەیان بگاتە رادەی پەیدا بوونی عیلمی قەطعی •

ئەگەر لە شاهیدیکدا (جرح)و (تعدیل) گردبووەوە (جرح) پیش (تعدیل) ئەخری بەلام ئەگەر (معدل) وتی ئاگام لە ئەسبابی (جرح)ەکەی هەیە بەلام پاشان تەوبەی کردووەو ماوەی پاك بوونەوە (استبراء) کە سالیکە بەسەریا رابووردووەو ئیستە عادلە ئەوە (تعدیل) پیش ئەخری •

بەس نی یە بو (تعدیل) ئەمە کە کابرای (مدعی علیه) بلی من ئەزانم ئەو شاهیدە عادلە بەلام لەم شەهادەتەدا کە لەسەرم داویەتی بە سەهودا رویشتووە چونکە تەزکیەی شاهید حەقی خوایەو پیویستی بە ثابتبوونی شەرعی یە •

ئەگەر قاضی لەسەر بناغەی ئیجتیهادی خوی حوکمی کردو لەپاشا دەرکەوت ئەو حوکمە خیلافی نەصصی کیتاب یا سوننەتە یا خیلافی ئیجماعە یا خیلافی قیاسی جەلی یە ئەوە واجبە لەسەر خوی‌و لەسەر غەیری خوی ئەوە بلاو بکاتەوە کە ئەو حوکمە بەتالە •

حوکمی حاکم لە شوینیکا باطینی ئەمر پیچەوانەی ظاهیری بی هەر بە ظاهیر کار دەکات وە لە باطیندا بی دەسەلاتە • وە ئەگەر باطین‌و ظاهیری مەسەلەکە وەکو یەك بوون ئەوە حوکمەکە رەوایەو کار ئەکا •

زانایانی شەرع هاودەنگن لەسەر ئەوە کە دروست نی یە قاضی بەپیچەوانەی مەعلووماتی خوی بریار بدا • فەرموودەی دیاری ئەوەیە ئەتوانی حوکم بدا بەپی‌ی ئەوەی خوی دەیزانی یا گومانی دەباو گومانەکەی (مؤکد) بی مەگەر لە مەسەلەی حەددا وەکو حەددی زیناو دزی‌و ری‌گری • ئەگەر قاضی کاغەزیکی دی کە حوکمی وەختی

قاضی‌یه‌تی‌ی خوی تیا بوو یا شه‌هاده‌تی خوی تیا بوو ، یاخود دوو شاهید شاهیدی‌یان دا که‌وا تو له فلان وه‌ختدا له فلان مه‌سه‌له‌دا حوکمت بـــه‌و جوره بووه یا شه‌هاده‌تت له‌سه‌رداوه ، ئـه‌وه لـه‌م صووره‌تانه‌دا دروست نی‌یه پشت به‌مانه ببه‌ستی مه‌گه‌ر خوی ئه‌و حوکم‌و شه‌هاده‌ته‌ی به روشنی بکه‌ویته‌وه بیر • به‌لی قسه‌یه‌ك هه‌یه بوئه‌وه که دروسته قاضـــی حـــوکم له‌سه‌ر بناغه‌ی کاغه‌زیك بدا که وه‌ختی خـــوی نوســـــــیبیتی‌و هه‌لی‌گرتبی • هه‌روه‌ها بو دروست‌بوونی شه‌هاده‌ت‌دان له‌سه‌ر مه‌ضمونی نووسراوی ناو کاغه‌زیك که لای خوی هه‌لی‌گرتبی •

دروسته ئینسان سویند بخوات که فلانه‌شت حه‌قی خویه‌تی یا فلانه قه‌رزی داوه‌ته‌وه‌و له‌م سویند خواردنه‌یدا پشت به خه‌تی خوی یا خه‌تی باوکی یا وه‌کیلی یا هاوبه‌شی ببه‌ستی ئه‌گه‌ر له‌وباوه‌ره‌دا بی که ئه‌و خه‌تـه خه‌تی خوی یا باوکی یا وه‌کیلی یا هاوبه‌شه‌که‌یه‌تی • هه‌روه‌ها دروسـته سویندخواردن به پشت به‌ستن به خه‌به‌ردانی که‌سیکی عادل • وه دروسته گیرانه‌وه‌ی فه‌رمووده‌ی پیغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) به خه‌تی خوی یا خه‌تی که‌سیکی باوه‌ر پی‌کراو به‌وشه‌رته نووســـراوه‌که لای خـــوی هه‌لگیرابی •

باسی قه‌ضاوه‌ت
له‌سه‌ر که‌سی که خوی حازر نه‌بی

دروسته بو قاضی حوکم‌بدا به‌سه‌ر که‌سیکدا که خوی دیـــار نه‌بی به‌وشه‌رته که به‌لگه‌ی له‌سه‌ر هه‌بی‌و کابرای (مدعی) بلیت به قاضی که (مدعی علیه) یه‌که پی‌لی نانی‌و پیویسته ئیستا مالی ئیددیعا کراو ته‌سلیم بکا ، یاخود (مدعی علیه) باسی ئینکارو پی‌لی‌نان نه‌کا • وه ئه‌گـه‌ر وتی کابرای (مدعی علیه) پی‌ئه‌نی له ماله ئیددیعا کراوه‌که ، به‌لام من بویـه

بەلگە پیشان ئەدەم بو پشتقایمی نەوەك لـــە روژیكدا نكوولی بكا ، یـا بوئەوە كە ئەم قاضی‌یە بینووسی بو قاضی‌ی ولاتی (مدعی علیە) ، ئـەوە لەم صوورەتانەدا دروست نی‌یە قاضی دەعواو بەلگەكەی لی ببیسی چونكە بەلگە لەسەر كەسیكە كە ئینكار بكاو (مدعی علیە) لیرەدا ئینكار ناكات •

ئەو بەلگەیە كە دروستە بو قاضی وەری‌بگری وەكو شەهادەتی دوو شاهید یا شاهیدیك‌و سویندیك لەلاینی (مدعی)یـەوە • وەك دەعـــوا لەسەر كەسیكی نادیار وایە دەعوا لەسەر مندال‌و شیت‌و مردوو • لـــەم صوورەتانەدا واجب نی‌یە لەسەر قاضی كەسی لەجیـاتی‌ی ئـەمـانـە دابنی دیفاعیان لی‌بكاو ئینكاری حەقەكە بكا • بەلام واجبە لەســـەری لـەپـاش بیستنی بەلگەی كابرای (مدعی) سویندی بدا لەسەر ئەوە كە ئەو حەقەی لەئەستوی (مدعی علیە)دا هەیە • وە ئەگەر منال‌و شیتەكە (ولی امر)یان هەبوو ، وە مردووەكە میراتگری تایبەتی‌ی هەبوو ئەوە سوینددانی ئـەم (مدعی)یە بەسراوە بە داواكردنی ئەوانەوە ، ئەگەر ئەوان داوایان نەكرد لە صوورەتی دەعوا لەسەر منال‌و شیتدا قاضی سویندی كابرای (مدعی) ئەدا ، نەك لە صوورەتی بوونی میراتگری تـایبـەتی‌ی مردووەكـەدا • لیرەدا مادەم میراتگرەكە داوا نەكا قاضی حەقی ســــــویند دانی ئـــەو (مدعی)یەی نی‌یە •

لەپاش ئەوە كە قاضی حوكم ئەدا حەقی (مدعی) لـە مالی (مدعی علیە) جی‌بەجی ئەكری ، وە هەركاتی (مدعی علیە)یە منالەكە بالغ بوو یا شیتەكە چاك بووەوە مەیدانی ئەدری بەلگەی كابرای (مدعی) بەتـال بكاتەوە بەوە كە ئیسپاتی بكا شاهیدەكان عادل نەبوون • جا ئەگەر (مدعی) نەیتوانی دیفاع بكا واجبە ئەو مالـەی بردوویـەتی بیگیریتـــەوە دواوە بویـــان •

ئەگەر كابرای (مدعی علیە)ی نادیار خوی شاردبوەوە یاخــود خوی بە گەورە ئەزانیو نەئەهات بو لای قاضی ئەوە تەنها ئەوەندە بەسـە کە (مدعی) بەلگەی خوی بهینیو سویندی نادری •

ئەگەر لە صوورەتی دەعوا لەسەر کەسیکی نـادیـاردا (مدعی) وەکیلی گرتو ئەم وەکیلە دەعوای گرت لەسەر کابرای نادیـار ، ئـەوە لەپاش شەهادەت دانی شاهید قاضی بوی نییە سویندی وەکیلەکـە بدا • وە ئەگەر (مدعی علیە) بە وەکیلەکەی وت (موکـل)ەکـەت ئـازادی کردووم ئەوە ئیستە ناچار دەکری کە حەقەکە تەسلیمی وەکیلەکە بکا • جا ئەگـەر پاشـان ئیسپاتی ئازاد کردنـەکەی کرد حەقـەکـەی خـوی وەرئەگریتەوە • بەلی لەم صوورەتەدا ئەتوانی سویندی وەکیلەکـە بـــدا لەسەر ئەوە کە ئاگای لەوە نییە (موکل)ەکە ئەم کەســـــەی ئـازاد کردووە ، چونکە ئەگەر ئەم وەکیلە پیلیبنی بە ئازاد کردنەکە ئیتر حەقی دەعوای نامینیو وەکالەتەکەیشی قیمەتی نابی •

(بیداربن) لە صوورەتی دەعوای وەکیلدا بەســـــە بو دامەزرانی دەعواکە ئەمە کە (مدعی علیە) باوەر بکا بەوە کە ئەم وەکیلە بەراستی وەکیلە • بەلام بو تەسلیمی حەقەکە پیویستە ئەم وەکیلە بە شاهید ئیسپاتی وەکالەتی خوی بکا •

ئەگەر کابرای (مدعی علیە) مالی لەو ولاتەدا نەبوو کە (مدعی) دەعواکەی تیدا کردووە بەلکو لە ولاتیکیتردا بوو ، وە (مدعی) داوای کرد لە قاضی کە بەلگەکەی لی وەربگریو قاضی ولاتی (مدعی علیە) یەکە ئاگادار بکا ، یا هەر لیرە حوکمەکە بداو قاضیی ئەو ولاتە ئاگادار بکا ، ئەوە واجبە لەسەری بەگوییی بکا واتە صوورەتی بیستنی بەلگەکە بنووسی بو قاضیی ئەو ولاتە تا ئەو لەوی حوکم بدا بە دامەزرانی حەقەکە ئەگەر

خوی حوکمەکەی نەدابوو ، یا بنووسی بوی کە ئەو حوکمەکە ئەم لیرە داویەتی ئەو لەوی جیبەجیی بکا ، ئەگەر ئەم لیرە حوکمەکەی دابوو ، وە ئەو ئەوی حەقەکە لە مالی (مدعی علیه) وەربگری یاخود هەر خوی لە مالی (مدعی علیه) جیبەجیی بکا • واجبە لەگەل ئەو نامەیەدا کە دەینووسی دوو شاهیدیش رەوانە بکا بو لای قاضیی ئەو شوینە بو ئەوەی لەوی شەهادەت بدەن لەسەر ئەوەی کە رووی‌داوە • سوننەتە قاضی لەگەل ئەم دوو شاهیدەدا نامەیەك بنووسی لەو نامەیەدا ناوونیشانی کابرای حوکم بو دراوو کابرای حوکم لەسەر دراوو شاهیدی ئیسپاتی حەقەکە بەتەواوی بنووسی‌و نامەکە مور بکا •

جا ئەگەر (مدعی علیه) لای قاضی حازر بوو ، وە وتی من ئەوکەسە نیم کە دەعوای لەسەر کراوە باوەری پی‌ئەکری بە سویند ، وە پیویست ئەبی لەسەر (مدعی)یەکە ئیسپاتی ئەوە بکا کە ئەم کەسە (مدعی علیه)یەکەیە • جا ئەگەر شاهیدی بوئەمە هەبوو لەگەل ئەوەشدا کابرا هەر ئەیوت من ئەو کەسە نیم ئەوە واجبە لەسەر قاضی حوکم بدا بەسەریا مادەم لەوشوینەدا هاو ناوو نەسەبی نەبی • ئەگینا پیویستە هاوناوونەسەبەکەی حازر بکا • جا ئەگەر ئەم پیی لی‌نا کە (مدعی علیه)یە داوای حەقەکەی لی بکاو ئەوی پیشوو بەرەللا بکا • وە ئەگەر ئەمیش وتی من نیم ، پیویستە لەسەر قاضیی ئەم شوینە بنووسیتەوە بو قاضیی وولاتی (مدعی) تا نیشانەی زیاتری (مدعی علیه) بنووسی لەو نیشانەیەی جاری پیشوو ناردوویە تا راستی بەتەواوی دەرکەوی •

ئەگەر قاضیی شاری (مدعی علیه) هاتە لای قاضیی شاری (مدعی)و بە زوبانی خوی بەیانی شەهادەت‌و حوکمەکەی بو کرد ئەوە دروستە بوی کە رویشتەوە بو شوینی خوی حوکمەکە جیبەجی بکا لەسەر بناغەی ئەوە کە لە قاضیی شاری (مدعی)ی بیستووە بەپیی ئەو

فەرموودەیە کە دەلی دروستە قاضی لەسەر مەعلووماتی خوی حوکم بدا ، هەروەها ئەگەر هەردوکیان هاتنە سەر سنووری ولاتی خویانو بەیەکەوە قسەیان کردو قاضیی شاری (مدعی) قاضیی شاری (مدعی علیـه)ی تی گەیاند •

(بیداری) ئەگەر ئەو نامەیەی کە قاضیی شـــــاری (مدعی) نووسیویە لەسەر حوکمدان بوو ، ئەوە قاضیی شاری (مدعی علیه) لـە هەموو حالیکا ئەتوانی ئەو حوکمە جیبەجی بکا • وە ئەگەر لەســــەر بیستنی بەلگە بوو بە بی حوکم ئەوە وەختێ ئەم قاضییە ئەتوانی بـەپیی ئەو کاغەزە ئیش بکاو شەهادەتی ئەو شاهیدانەی بەگویدا بچی کە لەگەل کاغەزەکەدا هاتوون ، مەسافەی بەینی هەردوو قاضییەکە ئەوەندە زوربی کە شەهادەت لەسەر شەهادەتی تیدا دروست بی بەمرەنگە لە مەســـافەی نیو روژەری زیاتر بی •

ئەگەر قەرزاریکی (مدعی علیه) لای قاضیدا حـازر بوو وە وتی مالی خوم نافروشم بو قەرزی (مدعی) ، ئەوە قاضی ئەتوانی مـالی ئـەو قەرزارە بفروشی بو قەرزەکە مادەم وەعدەی دانەوەی هاتبیو کـابـرای (مدعی) داوای حەقی خوی بکا • هەروەها ئەگەر کابرای قەرزار حازر بوو ، وە مالەکە لەو شوینەدا نەبوو قاضی ئەتوانی پیاو بنیری بو شـــوینی ئەو مالە بیفروشی ، بەلام ئەگەر قەرزارەکە لە شوینیکدا نەبوو کە لـــە قەلەمرەوی قاضییەکە بیو مالی لەو شوینەدا هەبوو، ئەوە بەبی حوزووری خوی یا وەکیلی مالی نافروشری • وە لەم حالەدا قاضیی ئەو شوینە هـەر ئەوەندەی بو ئەکری بنووسی بو قاضیی ئەو ولاتە کە کابرای تیایـە تـا قاضیی ئەو شوینە حەقەکە لە کابرای قەرزار وەربگری •

باسی حازری‌و ناحازری‌ی ئەو ماڵەی کە ئیددیعای ئەکری

ئەگەر کەسێك ئیددیعای عەینێکی کرد لە یەکێك ، ئەوە ئەگەر ئەو عەینە حازر بوو لە مەجلیسی حوکمدا ئەوە باشە ، وە ئەگەر لەو مەجلیسەدا نەبوو بەڵام لەو ناوچەیەدا بوو کە قاضی‌یەکە دەستی بەسەردا ئەروا ، ئەوە ئەگەر توانا هەبوو حازر بکری ئەبی فەرمان بدا تا حازری بکەن بۆ ئەوە شاهید شەهادەت لەسەر عەینەکەی بدا • وە ئەگەر لەتوانادا نەبوو حازر بکری یاخود زەحمەت بوو ، ئەوە ئەگەر قاضی خۆی عەینەکەی ئەناسی یا عەینەکە مەشهوور بوو یاخود وەصف‌و تەحدید ئەکرا بەجۆری کە دەرکەوی ئەوە دەعوای لەسەر ئەبیستری‌و شەهادەتی شاهیدیشی لەسەر وەصف‌و بەیان وەرئەگیری • ئەگینا واجبە یا قاضی خۆی بڕوا عەینەکە ببینی یا وەکیل بنێری ببینی هەتا دەعوا لەسەر ئەو عەینە بکری‌و شەهادەتی لەسەر وەربگیری •

وە ئەگەر عەینەکە وەکو لە مەجلیسی قاضی‌دا نی‌یە لەو وولاتەیشدا نەبوو کە قاضی‌ی تیایە ئەوە لەم صوورەتەدا ئەگەر ئەمین بووین لە لی‌گۆڕانی ئەو عەینە وەکو باغ‌و خانوو ئەسپی مەشهوور ئەوە قاضی ئەتوانی دەعواکە ببیسی‌و شەهادەتی شاهیدەکانیش وەربگری‌و بنووسی بۆ لای قاضی‌ی ئەو وولاتەی کە عەینەکەی تیایە تەسلیمی (مدعی)یەکەی بکا • وە بۆ ناسینی وینەی باخ ئەگەر بە ناوبانگ قەناعەت ئەکرا ئەوە باشە • وە ئەگەر بە ناوبانگ قەناعەت نەئەکرا ئەبی باسی هەر چوار سنوورەکەی بکری‌و ئەوەندە روون بکریتەوە کە بە تەواوی دەرکەوی ، ئیتر باسی قیمەت پیویست نی‌یە • وە ئەگەر ئەمین نەبووین لە گۆران ئەوە دەعوا ئەبیستری لەسەر وەصف‌کردنی عەینەکە •

بەلام ئەگەر ئەو عەینە لەوانە بوو کە هاوچەشنی هەبوو ئەوە موبالەغە کردن لە وەصفیدا واجبەو بەیانی قیمەتی سوننەتە • وە ئەگەر لەوانە بوو قیمەتی بو دابنری بەیانی قیمەتی واجبەو موبالەغە لە وەصف کردنیدا سوننەتە • وە ئەبی قاضی لەپاش ئەمانە بنووسی بو قاضیی ئەو شارەی کە عەینەکەی تیدایە بو ئەوە کە ئەم عەینە بنیری بو ئەم تا شاهیدەکان شەهادەتی لەسەر بدەن ، بەلام ئەبی بە بی‌کەفیل نەیدا بە (مدعی)یەکە • جا ئەگەر شاهیدەکان شاهیدی‌یان لەسەردا عەینەکە تەسلیمی مدعی بکاو بنووسی بو قاضیی ولاتی عەینەکە تا کەفیلەکە بەرەللا بکا • وە ئەگەر شەهادەتیان لەسەر نەدا بینیریتەوە بو شوینی خوی‌و مەسرەفی عەینەکەو مەسرەفی ناردنەوەی لەسەر (مدعی)یەکەیە •

وە ئەگەر ئەو عەینە قابیلی ئەوە نەبوو کە ئامادە بکری ئەوە پیویستە یا لەلای خوی شەهادەتی ئەو شاهیدانە وەربگری‌و حوکم بداو ئەم شەهادەتەو حوکمەکەی خوی بنووسی بو قاضیی ئەو ولاتەی کە عەینەکەی تیایە یاخود (مدعی)و (مدعی علیه)و شاهیدەکان بنیری بولای تا ئەو لەوی مورافەعەیان بکا وەکو شیخی (رملی) فەرموویەتی •

(بزانن) هەرکاتی واجب بوو عەینی مالە ئیددیعا کراوەکە حازر بکری کابرای (مدعی علیه) وتی عەینیکی‌وام لابوو ، وە ئیستە نەماوە ئەوە باوەری پی ئەکری بە سویند ، وە لەم وەختەدا (مدعی) بوی هەیە ئیددیعای قیمەتەکەی بکا • وە ئەگەر (مدعی علیه) سویندی نەخوارد لەسەر ئەوە کە عەینەکە ئیستە دیار نی‌یەو (مدعی) سویندی خوارد لەسەرئەوە کە ئیستە حازرە لای‌و بە درو ئەلیت حازر نی‌یە ، یاخود شاهیدی هینا کە ئیستا عەینەکەی لایەو بە درو ئەلی لام نی‌یە ، یاخود شاهیدی نی‌یە کە عەینەکەی لایەو شاردوویەتیەوە ، داوای لی ئەکری

حازری بکاو حەبس ئەکری تا حازری ئەکا یا ئیدیعای فەوتانی ئەکاو سویندی لەسەر ئەخوا •

ئەگەر (مدعی) گومانی هەبوو لەوەدا عەینی ماڵە ئیدیعا کراوەکە ماوە تا داوای بکا یا نەماوە تا داوای قیمەتەکەی بکا ئەوە ئەبی دەعواکەی وابی بلی فلانکەس عەینیکی‌وای لی داگیر کردووم ئەگەر ماوە با پیم بداتەوە • وە ئەگەر نەماوە قیمەتەکەم پی‌بداو ئەم دەعوایە بەم‌جورە ئەبیسری • وە لە واتەیەکدا پیویستە کابرا تەنیا دەعوای عەینەکە بکاو ئیسباتی زەوت کردنەکە بکا • جا ئەگەر (مدعی علیه) دەعوای فەوتانی کردو سویندی لەسەری خوارد ئەوسا (مدعی) داوای قیمەتەکەی لی بکا •

ئەم دوو فەرموودەیە جاری دەبن لە کەسیکیشدا جلیکی دابی بە دەلالیك بیفروشی‌و لەپاشا دەلالەکە ئینکاری ئەو جلە بکاو خاوەنەکەشی نەزانی بەراستی ئەو جلەی لاماوە یا فەوتاوە •

(بزانن) لە هەر شوینیکدا حازرکردنی عەین واجب بی‌و عەینەکە ثابت بی بو (مدعی)یەکە ، ئەوە هەر مەسرەفی لەو عەینەدا بکری لەسەر (مدعی علیه) دائەنری ، ئەگینا لەسەر (مدعی) ئەبی •

باسی مەسافەی حازر نەبوونی (مدعی علیه)

ئەوکەسە نادیارەی کە دەعوای لەسەر ئەبیسری‌و شاهیدی لەسەر تی‌دەپەری‌و حوکمی بەسەردا ئەدری ، کەسیکە لە مەسافەی نیوەروژیکدا یا زیاتر لەو مەسافەیە بی • مەبەست لە مەسافەی نیوە روژە ریگەیەك ئەوەیە ئەگەر کابرا بەیانی لە شوینی خویەوە بروا بو ئەوی نەتوانی بە عادەت بو ئیوارە بگەریتەوە بو شوینی خوی • هەندی لە زانایانی شەرعیش

دەلێن مەسافەی بیستنی دەعوا لەسەر (مدعی علیه)ی نادیار ئەو مەسافەیەیە کە دروستە نوێژی تیادا کورت بکرێتەوەو ، ئەگەر کەسێك لە مەسافەیەکی لەوەندە نزیکتردا بوو ئەوە بە بێ حازربوونی خۆی دەعوای لەسەر نابیسرێ‌و حوکمی بەسەردا نادرێ مەگەر خۆی شاردبێتەوە یاخود قیز بکاو نەیەتە دادگاوە •

هەرموودەی دیاریتر ئەوەیە دروستە حوکمدان بەسەر کەسێکی نادیاردا لە قیصاص‌و لە حەددی قەذف‌و هەرچی حەقێکدا کە حەقی بێ‌گەردی بەنی ئادەم بێ ، وە دروست نی‌یە لە حەقی بێ‌گەردی خوادا وەکو حەددی شەراب خواردنەوەو پاشگەز بوونەوە لە ئایینی ئیسلام • بەلام ئەو شتانە کە هەردوو حەقەکەیان تیایە دروستە حوکمیان تیدا بدرێ بۆ مالەکە نەك بۆ دەست برینەکەی •

ئەگەر قاضی شەهادەتی لەسەر کەسێکی نادیار وەرگرت‌و لەپاشا نادیارەکە حازر بوو ئەوە نابێ دووبارە ئەو شەهادەتە وەربگێریتەوە • ئەوەندە هەیە ئەبێ مەیدانی (مدعی علیه) بدا بۆ ئەوە کە (جرح)ی ئەو شاهیدانە بکا • بەلێ ئەگەر شەهادەتی بیست‌و لەپیش حوکمدانا عەزل کراو دووبارە کرایەوە بە قاضی ئەوە واجبە ئەو شەهادەتە دووبارە وەربگرێتەوە •

ئەگەر کەسێك لای قاضی شکاتی کرد لە کەسێ کە لە ولاتەکەیدا حازر بوو واجبە لەسەری حازری بکا بە کاغەزێك یا بە مۆرێك یا بە کاربەدەستێك کە دانراوە بۆ ئەو جۆرە کارانە • جا ئەگەر کابرا نەهات بە زۆری حوکوومەت رایکێشێ‌و تەمێیشی بکا لەسەر ئەو نەهاتنەی • وە ئەگەر کابرا لە شوێنی ویلایەتی قاضی‌یەکەدا نەبوو واجب نی‌یە لەسەر قاضی حازری بکا بەلکو دەعواکەو شەهادەتی شاهیدەکان وەربگرێ‌و بنووسێ بۆ قاضی‌ی ولاتی کابرا بۆ وەرگرتنی حەقەکە • هەروەها ئەگەر کابرا لە شوێنی ویلایەتی قاضی‌یەکەدا بوو بەلام جێ‌نشینێکی لەو شوێنەدا

هەبوو • بەلام ئەگەر جی‌نشینی لەو شوینەدا نەبوو واجبە حازری بکا بو لای خوی • فەرموودەی راستتر ئەوەیە کە ئینسانی نەخوش‌و پیری بی‌تاقەت‌و ژنی کە خاوین‌و داپوشراو بی بانگ ناکرین بەلکو پیویستە قاضی خوی یا جی‌نشینی بچن بولایان یا فەرمان بدا کە ئەوان وەکیل بگرن‌و وەکیلەکە بیتە لای قاضی تا مەسەلەکەیان ببریتەوە • بەلی ئەگەر مەسەلەکە موناسبی قورس‌کردنی سویند بوو ئەوە پیویستە تا بکری حازر بکرین بو بەجی‌هینانی سویندەکە •

باسی دابەش‌کردنی مالی کە تیکەل‌بی

مالی کە تیکەل بی لە بەینی چەند کەسیکدا یا هاوبەشەکان خویان دابەشی ئەکەن یاخود پیشەوای موسولمانان یا کەسی کە ئەو دایدنابی دابەشی ئەکا ، وە لە صوورەتی پیشوودا ئەگەر هەموو هاوبەشەکان پی‌گەیشتوو بوون ئەوە باشە • وە ئەگەر منالیان لەناوا بوو ئەوە لەم‌حالەدا ئەگەر بەش کردنی ئەو مالە قازانج بوو بوی ئەوە واجبە لەسەر وەلی‌یەکەی دابەشی بکا • وە ئەگەر قازانجی تیدا نەبوو دروست نی‌یە ئەم وەلی‌یە داوای دابەش کردنی بکا • بەلام ئەگەر هاوبەشەکان داوای دابەش کردنی‌یان کرد پیویستە ئەمیش بە گوی‌یان بکا • وە ئەگەر منالەکە وەلی ئەمری نەبوو واجبە قاضی کەسیکی بو دابنی • ئەگەر قاضی لە ولاتدا نەبوو یا گوی‌ی بەمە نەدا واجبە لەسەر ئەهلی حەل‌وعەقدی ئەو شوینە ئینسانیکی عادل دابنین بوئەوە لەگەل هاوبەشەکاندا مالەکە دابەش بکاو بەشی منالەکە وەربگری •

شەرتی ئەو کەسەی کە پیشەوای موسولمانان یا هاوبەشەکان ئەیکەن بە حەکەمی خویان بو دابەش کردنی مالەکە ئەوەیە ئازادو بالغ‌و عاقل‌و عادل بی • وە ئەگەر بەش‌کردنەکە پیویستی بە پیوانەو ژمارە هەبوو ئەبی

ئەو کەسە کە ئەکری بە حەکەم پیوانەو ژمارە بزانی • وە ئەگەر دابەش‌کردنەکە پیویستی بە قیمەت دانان بوو بو هەندی لە مالە دابەش کراوەکە ئەبی دوو کەس دابنین بو قیمەت دانان ، بەلام بو وەکیلی هاوبەشەکان هەر ئەوەندە پیویستە بالغو عاقل بی ئیتر قەیدی نی‌یە ژن بی یاخود غەیرە عادل بی ، بەلی مادەم هاوبەشەکان منالیان تیابی ئەبی ئەوکەسەی کە لەلایەن قاضی‌یەوە دائەنری عادل بی •

پیشەوای موسولمانان ئەتوانی ئەوکەسەی کە ئەیکا بە حەکەم بیشیکا بە حاکم بو دانانی قیمەتی مالەکە ، وە لەم‌کاتەدا واجبە ئەوکەسە لە قیمەت دانانەکەدا پشت بە دووکەسی دادپەروەر ببەستی •

(بزانن) کری‌ی ئەوکەسەی پیشەوای موسولمانان ئەیکا بە حەکەم لە بەیتولمالی موسولمانانە لە بەشی مەصالیح • جا ئەگەر بەیتومال مالی تیا نەبوو یا ئەوەی کە بەیتولمالی بەدەستە نەیدا کری‌کەی ئەکەویتە سەر هاوبەشەکان ، وە لەم‌کاتەدا ئەگەر هاوبەشەکان لەگەل کابرادا ری‌کەوتن لەسەر ئەندازەی کری ئەوە باشە ، وە ئەگەر کری‌کەیان دیاری نەکرد ئەوە لەسەر نیسبەتی بەشەکان ئەبی کری‌ی هاوچەشنی ئەو ئیشە بو کابرای حەکەم تەواو بکریت • بەلام لە ریك‌کردنی زەوی‌دا کری لەسەر کەمو زوری‌ی زەوی‌یەکەیە چونکە تا زەوی‌یەکە زورتر بی ئازاری کابرا زورتر ئەبی •

جا هەر مالی کە بەهوی دابەش‌کردنەوە زیانی زوری پی بگات ئەوە ئەگەر سوودە مەبەستەکەی بە تەواوی بەتال بووەوە وەکو گەوهەری یا جلیکی خاوەن قیمەت یا جووتی خوف یا ئاشو حەمامیکی بچووك کە بوئەوە نەشین بکرین بە دوو ئاشی بچووك یا دوو حەمامی بچووك ئەوە هەرکاتی هاوبەشەکان داوای دابەش کردنیان کرد واجبە لەسەر قاضی

مەنعیان بکا • وە ئەگەر سوودە مەبەستەکەی نەدەفەوتا بەلام زیـانیـــکی زوری لی ئەکەوت ئەوە قاضی بەگوی‌یان نـاکـا بو دابـەش‌کردنی بـەلام ناتوانی ری‌یشیان لی بگری لە دابەش‌کردنیا مەگەر منداليان تیادا بی ئەوە لەو حالەدا قاضی لەبەر پاریزگاری‌ی حەقی منالەکە ئەتوانی مەنعیان بـکا لە دابەش کردنی مالەکە ، نموونەی ئەوە وەك شمشیریکی گەورە کـــە لەوانەبی بشکینری‌و چەند کیردیکی لی دروست بکری ، یا ئاشـــیك یـا حەمامیك کە لەوانەبی بکرین بە دوو ئاش یا دوو حەمامی بچووك •

ئەگەر یەکی لە هاوبەشەکان دەیەکیکی هەبوو وە ئـەوی‌تری هی هاوبەشەکەی بوو ئەوە ئەگەر خاوەنی نو بەشەکە داوای دابەش کـردنی کرد خاوەنی دەیەکەکە ناچار ئەکری بو دابەش کردنی • وە ئـەگـەر خاوەنی دەیەکەکە داوای کرد ئەوی‌تریان ناچار ناکری •

(بزانن) دابەش کردن سی جورە • یەکەم (تقسیم الاجزاء) واتە بەش‌بەش‌کردنی بەشەکانی شتە بەش‌کراوەکەیە کە بە عەرەبی پی‌یشی دەلین (تقسیم المتشابهات) واتە دابەش‌کردنی مولکی هاورەنگ ، وەکـو دابەش کردنی توپیك بلووری یا هوقەیەك ئالتوون یا زیو یا خانوویەك کە هودەکانی وەکو یەك وابن یا زەوی‌یەك کە پارچەکانی لە رەقی‌و نەرمی‌و چاکی‌و خراپی‌دا وەك یەك وابن • ئەم جورە مولکە ، مادەم هەندی لـە هاوبەشەکان داوای دابەش‌کردنی بکەن هاوبەشەکانی‌تر ناچار ئەکرین کە ئامادە بن بو دابەش کردنی ، وە بو بەش‌کردن پیویستە بەشەکان هەموو جیا بکرینەوە بە گەز یا پیوانە یا کیشانە ئەوەندەی سەری خاوەن بەشەکان ئەگەر وەکو یەك بەش ببەن •

ئەمجار ئەوەندەی بەشەکان پارچە کاغەز ئەبرری‌و لە هەر پارچـە کاغەزیك ناوی پارچەیەك لەو زەوی‌یە ئەنووسری • هەروەها ئەوەندەی

خاوەن بەشەکانیش کاغەز ئەبرری‌و لە هەریەکیکیان ناوی خاوەن بەشیك ئەنووسری • جا پارچە کاغەزی بەشەکان بە جیا یەکە یەکە لوولە ئەکرین‌و ئەدرین بە دەستی کەسیکەوە کە پیشان حازر نەبووبی لەویادا ، تا هەر لوولەیەك بخاتە سەر ناوی یەکیك لە هاوبەشەکان • یاخود ناوی کەسەکان لوولە ئەکری‌و ئەو پارچە کاغەزانەی کە ناوی بەشەکانیان تیایە دائەنرین تا کەسی ناوبراو هەرلوولەیەك بخاتە سەر پارچە کاغەزی لەوانە کە ناوی بەشەکانیان تیایە •

وە ئەگەر بەشەکان جیایی‌یان هەبوو وەکو نیوەو سی‌یەك‌و شەش‌یەك ئەوە مالەکە بەش‌بەش ئەکری لەسەر کەمترین بەش • مەسەلا لەم صوورەتەدا ئەکری بە شەش بەشەوە • بەلام لیرەدا چاکوایە هەر ناوی شەریکەکان بنووسریت‌و بدریتە دەستی کابرای ناوبراو تا دایان‌بنی لەسەر ناوی بەشەکان • جا کاتی ناوی کەسیکی لەسەر ناوی بەشیك دانا ئەگەر ناوی خاوەن شەش‌یەکەکە بوو ئەوە ئەو بەشە ئەبا وە ئەگەر ناوی خاوەن سی‌یەکەکە بوو ئەوە ئەو بەشە ئەبا لەگەل بەشیکی‌تر لەپالیا • وە ئەگەر ناوی خاوەن نیوەکە بوو ئەو بەشەو دووبەشی‌تر لەپالیا ئەبا بو ئەوە کە بەشەکان تیکەل نەبن •

وە ئەگەر ناوی بەشەکان لوولەکران پیویستە لەپیشا ناوی نیوە بدا بەدەستی کابراوە هەتا خاوەن نیوە تەواو بەشەکەی خوی لەپال یەکا وەربگری ، ئەمجار ناوی سی‌یەکەکە ، ئەمجار ناوی شەش‌یەکەکە • بەم تەرتیبە بەشەکان تیکەل نابن •

وە ئەگەر قیمەتی دوو خانوو یا دوو دووکان وەکو یەك بوو، وە یەکی لە هاوبەشەکان داوای ئەوەی کرد هەر خانوویەك بدری بە یەکیکیان یا هەر دووکانی بو یەکیك بی ئەوە زور ناکری لە هاوری‌کەی بو قوبوول کردنی ئەم وەزعە چونکە مەبەست لە شوین‌و وەزعی ئەماندا ئەگوریت ،

بەلکو ئەو هاوبەشە بێ‌یەوی نیوەی ئەم خانووەو نیوەی ئەو خانووە یا نیوەی ئەم دووکانەو نیوەی ئەو دووکانە وەربگری • بەلی ئەگەر لەناو خویاندا وایان بریاردا ئەوە باشە • بەلام ئەگەر دوو توپ بلووری لە جوردا وەکو یەك وابن‌و یەکی لە هاوری‌کان داوای کرد یەکی توپی ببەن ئەوە ئەو هاوبەشە ناچار ئەکری چونکە لە بەش‌کردنی یەکەیەکەی توپەکان هیچ مەبەستیك نی‌یە ، وە ئەگەر جورەکەیان جیاجیا بوون ئەوە زور لی‌کردنی تیدا نی‌یە •

جوری دووهەم (تقسيم التعديل)ە کە بریتی‌یە لە دابەش‌کردنی شتی کە نرخی بەشەکانی جیاجیا بی وەکو زەوی‌یەك کە هەندیکی نەرمە زەوی‌و هەندیکی شورەکات بی ، یاخود هەندیکی نزیکە ئاوو هەندیکی دوورە ئاو بی • فەرموودەی راستتر ئەوەیە لەم‌جورە دابەش کردنەشدا ئەگەر هەندیك لە هاوبەشەکان داوای دابەش‌کردنیان کرد ئەوانی‌تریان ناچار ئەکرین •

جوری سیهەم (قسمة الرد)ە کە بریتی‌یە لە دابەش‌کردنی زەوی‌یەك هەندیکی کانی ئاوی تیدا بی یا کانیکی تیدا بی وە ئەو هەندەی کە کانی‌یەکە یان کانەکەی تیایە بو دابەش کردن نەشی‌و ئەوی‌تری بی کانی یا بی کان بی • ئەوە لەم‌صوورەتەدا ئەو هاوبەشەیان کە ئەو پارچەیە هەل‌ئەگری کە کانەکە یا کانی ئاوەکەی تیایە بەپی‌ی نرخی پارچەکان پارە ئەگیریتەوە بو هاوبەشەکەی‌تر • کەواتە ئەگەر قیمەتی هەرکام لە دوو پارچە زەوی‌یەکە هەزار دینار بوو ، وە قیمەتی کانی‌یەکەیش یا کانەکەیش بە تەنها خوی هەزار دینار بوو پیویستە ئەوکەسەیان کە ئەو پارچەیەیان هەل‌ئەگری کە کانی‌یەکە یان کانەکەی تیایە پینج‌صەد دینار بدا بەوی‌تریان • ئەم دابەش‌کردنە ناچارکردنی تیدا نی‌یەو لە مەعنادا فروشتنە • لەبەرئەوە لە صوورەتی پیشوودا ئەو دوو

هاوبەشە زەوی‌یەکەیان وەکو یەك دابەش کردووەو ئەوەیان کـە کـانی یا کانەکەی وەرگرتووە بەشی هاوبەشەکـەی‌تری کـریوە بە پینج‌صـــەد دینــار •

(قسمة التعدیل)یش هەر لە مەعنادا فروشتنە ، هەرچـەنـد زور لی‌کردن لەو دابەش‌کردنەدا ناچاری‌یە • بەلام (تقسیم الاجزاء) هــەر جیا کردنەوەی حەقی شەرعی‌یە • بەشەرت گیراوە لە (قسـمة الرد)دا رازی بوونی هاوبەشەکان بە بەشەکەی خویــان لـەپاش دەرچوونی قورعەکە • هەروەها لە (قسمة التعدیل) داو لە هەر دابەش کردنیکدا کە زور لی‌کردنی تیدا نەبی ، مەسەلا پیویستە بلین رازین بەم دابەش کردنە یا رازین بەوە کە قورعەکە دەری‌خستووە •

ئەگەر لەپاش دابەش کردنەکە بە پی‌لی‌نـانی هاوبەش یــا بــە شەهادەتی شاهید هەلەیەك یا ناحەقی‌یەك لە تەقسیمی زور لی‌کەری‌دا ثابت بوو ئەوە ئەو دابەش‌کردنە بەتال ئەکریتەوە • وە ئـەگـەر یەکی لــە هاوبەشەکان ئیدیعای ستەمو ناحەقی‌ی کرد لە تەقســیمەکەدا ئەوە بوی هەیە سویندی هاوبەشەکەی بدا • جا ئەگەر سویندی خوارد کە ئاگام لە ستەمو ناحەقی نی‌یە ، ئەوە دابەش‌کردنەکە بە حـالی خوی ئەمینیتەوە •

ئەگەر یەکی لە هاوبەشەکان ئیدیعای کرد کە لـە دابەش‌کردندا هەلە کراوە یا ناحەقی‌ی لی‌کراوەو دابەش‌کردنەکـە بــە رەزامەندی‌ی هەموویان کرابوو ، وە مالە دابەش‌کراوەکەش لەوانە نەبوو کە (ربا)ی تیدا بی وەکو زەوی‌و پوشاكو بیشلیین ئەم جورە دابەش‌کردنە فروشـتنە بەوجورە کە دابەش کردنەکە (قسمة التعدیل) یا (قسمة الرد) بوو ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەو ئیدیعایە کار ناکاو بی‌ســـوودە • بەلام ئەگەر مالەکە لەوانە بوو کە (ربا)ی تیــدا بی وەکـــو پــارەو

خواردەمەنی ، ئەوە مادەم ناحەقی لی‌کرانی تیـــدا دەربکەوی دابـــەش کردنەکە بەتال ئەبیتەوە واتە دەرئەکەوی کە بەتال بووەو دانەمەزراوە •

وە ئەگەر بلیین ئەم دابەش‌کردنە جیاکردنەوەیە [افراز] بەوجورە کـە (قسمة الاجزاء) بی ئەوە ئەگەر هەلەکە ثابت بوو دابەش‌کردنەکە بەتال ئەبیتەوە چونکە ئەبی بە جیاکردنەوە لەگەل جیاوازی لە بەشـــەکانداو ئەمەش بەتالە • وە ئەگەر هەلەکە ثابت نەبوو ئەوە هەر حەقی ئەوەی هەیە هاوبەشەکەی سویند بدا کە ئاگای لە هەلە نی‌یە لەو دابەش‌کردنەدا کـە کردوویانە •

ئەگەر لەپاش دابەش‌کردن هەندی لەو مالە کە دابـەش‌کراوە بـە مالی کەسیکی‌تر دەرچوو ئەوە ئەگەر ئەو هەندە بلاو بوو وەکو چواریەك، مەسەلا چواریەکی مالەکە بە مالی یەکیکی‌تر دەرچی ، ئـــەوە دابـــەش کردنەکە لەو ئەندازەیەدا بەتال ئەبیتەوەو لە دابەش‌کردنی ئەوی تریـدا ئەو جیاوازی‌ی قسەیە هەیە کە لە(تفریق الصفقة)دا هەیە• واتە هەندی لە زانایانی شەرع لایان‌وایە دابەش‌کردنەکە دروستە بەلام هاوبەشـــەکان حەقی پەشیمان بوونەوەیان هەیە لەو دابەش‌کردنەدا کە کراوە ، وە لەلای هەندیکی‌تر دابەش کردنەکە لە هەموویدا بەتالە • لەم دوو فەرموودەیەدا فەرموودەی یەکەم جیگەی باوەرە •

وە ئەگەر لە هەر بەشیکدا ئەندازەیەکی دیاری بـە مـالی خـەلـك دەرچوو ئەوە ئەگەر ئەوەندەی یەك بوون دابەش‌کردنەکە لەوی‌تریـــدا دروستە • وە ئەگەر ئەو مالە کە بە مالی کەسیکی‌تر دەرچووە هەر لــە بەشی یەکیکدا بوو تەنها ، یا لە بەشی هەموو خاوەن بەشەکاندا هـــەبوو بەلام کەم‌و زور بوون ئەوە دابەش‌کردنەکە لــە هـەموو مـالـەکـــەدا بـەتـالـە •

ئەگەر لەپاش دابەش کردنەکەو پاش ئەوە کە زەوی یە دابەش کراوەکە کیلرا یا خانووی تیدا کرایەوە یا درەختی تیدا نیژرا ، هەندیکی بە مالی کەسیکی تر دەرچوو ، ئەوە ئەو حوکمانەی کە لەپاش دەرکەوتنی دانەمەزرانی فروشتن جاری ئەبن لیرەیشدا جاری ئەبن • بەلی ئەوەندە هەیە لەمشوینەدا کاتی کابرای هاوبەش خانووەکەی رووخاند یا درەختەکەی هەلکەند یا کشتوکالەکەی لابرد ، بژاردنی ناتەواوی ی زەوی یەکەی ناکەویتەسەر ئەوەندەی بەشەکەی خوی نەبی •

(بزانن) لە هەر شوینیکدا قورعە بکری لەبەرئەوە ناکری کە قورعە واجبە ، چونکە ئەگەر هاوبەشەکان لەناوخویاندا رازی بوون بە دابەش کردنی مالە تیکەلەکە بە بی‌قورعە ئەوە دروستە ، هەتاوەکو ئەگەر هەندی لە هاوبەشەکان مالەکەیان دابەش کرد لەکاتیکا کە هەندی لە هاوبەشەکان دیار نەبوونو ئەمان بەشی خویانیان وەرگرت ، وە کاتی کە هاوبەشە نادیارەکان هاتنەوەو پی‌یانزانی رازی بوون بەو دابەش کردنە ، ئەوە ئەو دابەش کردنە دائەمەزری لەوکاتەوە کە رەزامەندی‌یان لی پیشان داوە •

ئەگەر هەموو هاوبەشەکان یا هەندیکیان داوایان کرد لە قاضی مالیکی تیکەلیان لەنیواندا دابەش بکا دروست نی‌یە بەگوی‌یان بکا تا ئیسباتی خاوەن مولکیتی‌ی خویان نەکەن بو ئەو مالە هەرچەند کەسیکیش نەبی کە لەگەلیاندا لە هەرادا بی ، چونکە تەسەرروفی قاضی لە مەسەلەیەکدا کە داوا کرابی لی‌ی جیای بکاتەوە بە حوکم دائەنری‌و حوکم کردنیش بە تەنها قسەی خاوەن حەق دروست نی‌یە • وە ئەو شاهیدانەی لیرەدا ئەبی ببن پیویستە یا دوو پیاو یا پیاویك‌و دوو ژن بن ، ئیتر بە شاهیدیك‌و سویندیك مەسەلەکە ثابت نابی • بیستنی شاهید لەم صوورەتانەدا بی پیش‌کەوتنی دەعوا لەبەر ناچاری دروستە چونکە مەبەست ئەوەیە مەنعی

هاوبەشەکان بکرێ لەوە کە لە پاشەرۆژدا تەسەروفی قاضی بکەن بە بەلگە لەسەر خاوەن مولکیتیی خویان •

لە هەر دابەش کردنیکدا کە بە فروشتن دابنرێ هەرکام لە هاوبەشەکان ئاگادار بوو بەسەر عەیبیکدا لە بەشەکەی خویدا ئەتوانی دابەش کردنەکە هەلوەشینیتەوە وەکو لە فروشتندا دروستە •

(بزانن) دابەش کردن دروست نی یە لە قەرزیکدا کە تیکەل بی لەنیوان چەند کەسیکدا وەکو ئەوە کەسیك صەد دینار بە قەرز بدا بە کەسیکی ترو لەپاشانا بمری و ئەو قەرزە ببی بە مالی منالەکانی ، چونکە ئەمە یا فروشتنی قەرزە بە قەرز یا جیاکردنەوەی مالیکەکە لە ئەستودا بی و ئەمانەیش دروست نین • دەلیلی دانەمەزرانی جیاکردنەوەی مالیکیش کە لە ئەستودا بی ئەوەیە هیشتا وەرنەگیراوە •

باسی شەهادەتدان

شەهادەتدان لە شەرعدا بریتی یە لەوە کەسیك خەبەر بدا لە حەقی کە بەسەر کەسیکەوە بی بە لەفظیکی تایبەتی • شەرتی شاهید ئەوەیە بالغ و عاقل و ئازادو خاوەن پیاوەتی و فامیدەی کاروباری دنیاو دینی خوی بی ، وە لە هەر شتیکدا کە ببیسری پیویستە گوێی ببی و لە شەهادەتەکەیشیدا (متهم) نەبی •

گەلی لە زانایانی شەرع وەکو (اذرعي)و (غزي)و کەسانی تریش فەرموودەی هەندی لە زانایانی مەذهەبی ئیمام مالکیان هەلبژاردووە کە فەرموویانە لەکاتیکا کە فاسقی بلاو بووبیتەوە لە ولاتدا حوکمرانی شەرع ئەتوانی حوکم بدا لەسەر شەهادەتی شاهیدی فاسق ، بەلام پیویستە تەماشای ئەوە بکرێ شاهیدی کە فاسقی یەکەی کەمتر بی شەهادەتی پیش بخرێ لە شاهیدێ کە فاسقی یەکەی زورتر بی •

شەرتی عەدالەت ئەوەیە ئەو کەســـە خـوی بپاریزی لـــە هەموو گوناهیکی گەورەو لە هەر گوناهی کە وا بگەیەنی ئەوکەسە کەم موبالاتە بە ئایین ، وە خوی بپاریزی لە بەردەوام بوون لەسەر گوناهی بچووك لە یەك جور یا لە چەند جوریك • کەواتە ئەگەر یەك گوناهی گەورەی کرد عەدالەتی نامینی • هەروەها ئەگەر شتیکیوای کـــرد کـــە بیموبالاتی بگەیەنی بە ئایین ، یا ئەگەر بەردەوام بوو لەســـەر گونـــاهی بچووك بەوشەرتە خواپەرستنی زورتر نەبی لە گوناه کردنی • وە ئەگەر خـــوا پەرستنی لە گوناه کردنی زورتر بوو لە گوناهی بچووکدا بە جوری کە ژمارەی خواپەرستنی زورتر بوو لە ژمارەی گوناهە بچووکەکانی ئـەوە عەدالەتی نافەوتی •

(بزانن) گوناهی گەورە زورن ، بەلام ئەتوانری لە چەند شتیکدا کوبکرینەوە • یەکەم ئەوانەی هەرەشەی بەهیزیان لەسەر بی لە قورئانو حەدیثدا وەکو کوفرکردنو هاوبەش دانان بو خوداو کوشـــتنی نەفسی بیگوناەو فیتنەیی کردن لەناو خەلکداو هەولدان لای پیاوی دەسەلاتدار بو زیانگەیاندن بە گیان یا ناموس یا مالی خەلك بەتایبەتی مالی هـەتیوو مالی وەقفو غەشکردن لە موعامەلەداو خەیانەت کردن لـــە ئەمانەتداو فروفیلکردن لە خەلك بە سیحرو چاوو راوو دەستبرین بـــە هـــەر جوری بی •

دووهەم هەر گوناهی کە حەدی لەســـــەر بی وەکو زینـــاو ، بوختانکردن بو کەسیکی پاکی بەحەیاو شـــەرمو ، جـــەردەییو دزیو خواردنەوەی ئارەقو شەرابو هەرچی ئینســـــان ســـــەرخوش بکا • سیهەم تەرکی ئەو واجبانەی کە لە ئایینی ئیسلامدا هەن وەکـو نـویـژو روژوو زەکاتو حەجو خوگرتن لە جەنگی کافرانداو ئەو شتانەیتر کە

فەرزی عەینن وەکو واز لێهێنانی فێر بوونو خوێندنی ئەو شتانە کـــــە فەرزن لەسەر موسولمان •

لەو بەشە گوناهەیە کە خوا لە قورئانا هەڕەشەی لێ کردووە قومارو وەکو قومار وایە دامەو شەترەنجو ڕیزینو پشکیلانو فنجانێن ئەگـەر لەسەر مال بکرێن • بەلام ئەگەر لەسەر مال نەکران ئەوە حــەرام نین بەوشەرتە نەبن بەهوی فەوتاندنی پیویستی ئاینی ، ئەگینا حەرام ئەبن • وە لەم بەشەیە بەکارهێنانی ئەو ئالەتانەی کە بەپێی عادەت فاســـــــقو شەرابخور بەکاریان دەهێنن وەکو زورناو تـەموورەو کـــەمـــانچـەو جووزەلەو سەنجو دملەکو بلویر (شمشال) کە زیاتر لە قامیش دروست دەکریو شوان زیاتر لێی دەدەن بە فەرموودەی ڕاستتر • بەلام بەرابەر بەم فەرموودەیە فەرموودەیەکیتریش هەیە کە شمشــال حەلالەو ئیمامی غەزالی لەسەر ئەم فەرموودەیەیەو ئیمامی ڕافعیش هەر لەســـەر ئـەمە ڕویشتووەو بلقینیش ئارەزووی لەم فەرموودەیەیـە چونکە دەلیلـــکی جیگرتوو نییە بو حەرامیی شمشالو دروستە ئینسان بو خوی تەقلیدی فەرموودەکەی ئیمامی غەزالی بکات •

دەفلیدانو گوی لێگرتنی حەلالە خوای حەلقەی پیوە بی یا نە وە بەتەنها بی یا لەگەل شمشالدا بی ، وە بەتایبەتی لە خەتەنە سوورانی منالو شایی ژن هینانو لەکاتی خوشیدا وەکو ئەو کاتەی کە حاجی لە حـەج دیتەوە • بەلام (ابن الصلاح) فەرموویەتی ئەگەر شمشالو دەف کەوتنە یەك ئەوە حەرامن بە ئیتیفاقی قسەی ئەو زانایانەی کـە قسـەیان جیگەی باوەرە • تاج الدینی سبکیو غەیری ئەویش ئەم قسەیەی ابن الصلاحیان پەسەند نەکردووەو فەرموویانە دەف خوی حەلالەو شمشال لـەســـەر فەرموودەیەك هەر حەلالەو لە کوکردنەوەی دوو شــتی حەلالدا حەرامی پەیدا نابی • هەروەها ئەو تەپلە کە مەشهوورە بە (تەپلی باز)و ئەدریتە

پاڵ حەزرەتی غەوثو ئەوانەی کە سەر بەونو ، لە کاتی حەلقە بەستنی ذیکری خوادا لێی‌ئەدەن ، ئەوەیش حەلالە •

موسیقای لەشکری ئیسلام حەلالەو هەڵپەرکێیش حەلالە مەگەر خو شکاندنەوەی تیدا بێ لەسەر ئوسوولی ئەوانەی کە ژنانە هەڵئەپەرن • وە حەلالە شیعر خوێندنەوەو شیعر دانان مەگەر ذەمی موسولمانیکی تیدا بێ یا درۆی تیدا بێ یا ناوهێنانی ژنیکی دیاریی تیدا بێ کە هەر بە ئاشکرا ناوی بهێنرێ یا ناوونیشانی هەڵبدرێ • هەروەها ئەگەر ناوهێنانی یا ناوونیشان هەڵدانی کوریکی موو لێ‌نەهاتووی تیدا بێ •

بەلام پێویستە بزانین هەرکام لەمشتانە کە بە حەلال دانراون وەکو دەف لیدان یا شیعر خوێندنەوە یا هەڵپەرین یا تەپل لێدان ، هەرکاتی بوون بە هوی شتیکی حەرام وەکو تیکەل بوونی ژنو پیاو یا بوون بەهوی کردەوەی حەرام یا قسەی غەیبەتو بوختانو وینەی ئەمانە ئەوە ئەو حەلالانە هەموو حەرام ئەبنو پێویستە ئینسان ئاگاداری ئایینی خوی بێ •

پیاوەتی (مروّت) بریتی‌یە لەوە ئینسان لە هەر چینو تاقمیك بێو لە هەر جیگەیدا بێ لەو زەمانو شوینەدا لەبارەی جلو بەرگو خواردنو خواردنەوەو هەڵسانو دانیشتنەوە بە جوری بێ کە ئوسوولی ئەو چینو تاقمو جیگەیە بەکار بهێنی ، وە هەرچی پیچەوانەی ئەوە بێ کە باسمان کرد پیچەوانەی پیاوەتی‌یەو مەنعی قوبوولی شەهادەت دانی ئەوکەسە ئەکا وەکو ئەوە کە ژنی خوی لە بەرچاوی خەلکدا ماچ بکاو زیاد لە عادەت قسەی وا بکا کە ببی بەهوی پیکەنین • هەروەها ئەگەر جلو بەرگی کومەلیك لەبەربکا کە لە چینو تاقمەکەی خویەوە بگوری بو چینو تاقمیکی‌ترو خەلکیش بیناسنەوە ، یاخود زیاد لە عادەت گورانی بلی یا گوێی لێ بگری یا هەڵپەری •

پیاوەتی لەکەدار دەبی بە هەر کاسبی‌یەك کە پەستی‌ی تیدا بی لەلاینی کەسیکەوە کە شایانی ئەو کاسبی‌یە نەبی‌و بە ناچاری‌یش مەجبووری کردنی نەبووبی • بەلی ئەگەر کاسبی‌یە پەستەکە لایق بوو پی‌ی خوای پیشەی باوکی بی یا نە ، یاخود لایقی نەبی بەلام لەبەر ناچاری بیکا یاخود لە مالی خویدا بو شکاندنی نەفسی خوی هەندی ئیشی‌وا بکا کە لایق نەبی پی‌ی ئەوە پیاوەتی‌ی لەکەدار ناکات •

(توهمەت) بریتی‌یە لەوە شاهیدەکە بەهوی شەهادەتەکەیەوە سوودیك رابکیشی بو خوی یاخود زیانیك لە خوی دوور بخاتەوە خواه بو عەینی ئەوکاتە یا بو پاشەروژ • کەواتە شەهادەتی کەس وەرناگیریت بو باوك‌و بەرەوژوورو کورو بەرەوخواری خوی • هەروەها شەهادەت بو برایەکی کە مردبی بەمەرجه‌ی میراتگری‌وای نەبی هەموو مالەکە ببا • هەروەها شەهادەت بە مالی وەقف لە کەسیك وەرناگیری کە خوی لەو وەقفەدا بەشدار بی یا ئیشیکی تی‌یدا هەبی • شەهادەتی یەکیك لە چەند هاوبەش وەرناگیری لە سنووری بەشی شەریکەکانی‌تردا لەکاتیکا کە هەرایان لەبەیندا هەبی ، چونکە ئەمە ئەبی بەهوی هەلنەوەشاندنەوەی ئەو دابەش‌کردنە • هەروەها شەهادەت بە مال وەرناگیری بو قەرزاری کە مردبی یا قەرزاری لەبەر لات‌کەوتن حیجری لەسەر دانرابی •

شەهادەت وەرناگیری بە شیر خواردنی کچی کابرای شەهادەت‌دەر کەوا شیری دایکی کوریکی خواردووە کە داوای ئەم کچەی کردووە ، مادام ئەو کورە هاوکووفی کچەکە بی‌و ئەم کابرا مەنعی کچەکەی کردبی لەوە کە شوو بکا بەوکورە • هەروەها شەهادەت وەرناگیری لە کەسیکەوە لە ئیشیکدا کە خوی وەکیل یا (وصي) یا (قیم) بی لەو ئیشەدا ، وە شەهادەتیش وەرناگیری بە ئازادبوونی قەرزاریك کە ئەم شاهیدە ضامنی بی • وە شەهادەت وەرناگیری بە بریندارکردنی کەسیك کە ئەگەر ئەو

بریندارە بمری میراتەکەی بیتەوە بو ئەم شاهیدە • وە شـــــەهـــادەتی کەس‌وکاری پیاوکوژ وەرناگیری بە فاسقی‌ی ئەوانەی شاهیدی پیـــاو کوشتنەکەن • شەهادەتی ئەوکەسانەش وەرناگیری کە قەرزیان لەســـەر کەسیکی لات‌کەوتوو هەیە کەوا شاهیدی قەرزیکی تازە ، فاسقە • بەلام ئەم شەهادەتە قوبوول ئەکری ئەگەر دووکەس شەهادەتیـــان دا بو دوو کەس بە وەصیەتیك لە مالی کەسیکدا ، وە ئەو دووکەسەیش شەهادەتیان دا بو ئەو دوو شاهیدە بە وەصیەتیك لە عەینی میراتدا •

شەهادەتی کور دروستە لەسەر باوكو دایکی هەروەها شەهادەتی باوكو دایك لەسەر کوریان ، وە شەهادەتی کور لەسەر باوکی بـە تـەلاق‌دانی هەوی‌ی دایکی ، وە شەهادەت بو براو برازاو دوستان وە شەهادەتی ژن‌و میرد لەسەریەك وە بو یەك وە شەهادەتی ئینسان بو دوژمنی ، وە شەهادەتی بو کەسی کە دوژمنایەتی‌ی لەگەل هەبی لەبارەی دینەوە وەکو کـــافـــرو ئەهلی بیدعەت ، هەروەها شەهادەت لەسەر دانیشی دروستە • شەهادەتی ئەهلی بیدعەتیش دروستە بەو شەرتە شاهیدەکـە بەهوی بیدعەتەکەیـەوە کافر نەبی •

قوبوول ناکری شەهادەتی کەسی کە ئەوەندە بی‌ئاگـاو بی‌هوش بی رووداو بەپوختەیی وەرنەگری • هەروەها شەهادەتی کـــەسی کە بە بی ئەوەی داوای شەهادەتی لی‌بکری شەهادەت بداو شـــەهادەتەکەیشی بـــە خورایی نەبی •

(بزانن) مەبەست لە دوژمن کەسیکە رقی لە ئینسان بی بەجوری کە بە شادی‌ی ئەم خەفەتبارو بە خەفەتباری‌ی ئەم شاد ببی •

باسی شەهادەتی خورایی (حسبی)

شەهادەتی خورایی ئەوەیە کەسێك تەنها لەبەر رەزامەندیی خودا بڕوا بولای قاضی شەهادەت بدا • ئەم شەهادەتە قوبوول ئەکری لە حەقی خوادا وەکو نوێژو رۆژوو زەکاتو کەفارەتو حەج لەجیاتیی کەسێك کە مردبی ، وە لە مالی مزگەوتدا ، وە لە شتێکدا کە حەقی خوداو حەقی ئادەمیزادی تیدا بی بەلام حەقی خودا بەهیزتر بی وەکو تەلاقی (رجعی) یا (بائن) هەرچەند بە شیوەی خولع بی • بەلام بە نیسبەتی نەفسی تەلاقەکەوە نەك بو مالەکە • وە لە عەفو لە قیصاصو لەو حەددانەدا کە حەقی خودان وەکو حەددی (زنا)و حەددی ری‌گرو دزیو (احصان)و ئیسباتی سەفاهەتو ، لە نەسەبو لە بالغ بوونو لە ئیسلامو کوفردا ، وە لە وەصیەتدا بو جیهەتی عامە •

صوورەتی شەهادەتی حیسبی ئەوەیە شاهیدەکان بین بو لای قاضی بلین ئیمە شەهادەت ئەدەین بەوە کە فلانکەس نوێژ ناکا یا رۆژوو ناگری یا زەکاتی مالی لەسەرە یا فلان مزگەوت ئەوەندە حەقی هەیە لە مالی فلانکەسدا یا فلان کوری فلانە •

ئەگەر دوو شاهید شەهادەتیان دا ، وە قاضی لەسەر ئەو شەهادەتە حوکمیدا لەپاشا شاهیدەکان بە کافر یا بە فاسق دەرچوون ، ئەوە واجبە لەسەر قاضی ئیعلانی بەتالیی حوکمەکەی بکا • هەروەها لەسەر قاضیی‌تریش پیویستە بەیانی بەتالیی ئەو حوکمە بکا •

ئەگەر کەسی لەکاتی کافریی خویدا یا لەکاتی منالیدا شەهادەتیکی هەلگرت ، وە لەپاش موسولمان بوون یا بالغ بوون شەهادەتەکەی دا ئەوە قوبوول ئەکری • وە ئەگەر کەسیك لە حالی فاسقیدا شەهادەتی دا بە شتی وە لەپاش توبە کردنو تیپەر بوونی ماوەی پاكبوونەوە لە گوناه

[استبراء] کە سالێکە شەهادەتەکەی زووی دایەوە ئەوە ئیستەیش هەر ئەدریتە دواوە • بەلی ئەگەر زوو شەهادەتی نەدابوو ، وە لەپاش ثابتبوونی عەدالەت شەهادەتی دایەوە یا هەلگرتنی ئەو شەهادەتەو بەجێگەیاندنی لەپاش گەرانەوەی عەدالەتی بوو ئەوە شەهادەتەکەی لی قوبوول ئەکری •

ماوەی پاكبوونەوەی فاسق لە گوناه لەپاش توبەکردن سالێکەو پیویستە لەوسالەدا موعامەلەی وا بی کە ئەوکەسانەی ئاگایان لە ئەحوالیەتی باوەریان وابی کەوا ئەوکەسە لەو توبەکردنەیدا راست دەکا •

(بزانن) بو توبە کردن لە هەر گوناهی کە بە کردار بی یا بە گوفتار ، پیویستە دەست بەردار ببی لەو گوناهەو پەشیمان ببیتەوە لەوەی کردوویەتی یا وتوویەتی ، وە نیازیشی وابی تا ماوە نەیکاتەوە • وە ئەگەر گوناهەکەی بە قسە بوو ئەبی بە قسە مەسەلا بلیت ئەو (قذف)ەی کردوومە بەتالو درو بوو ، وە بە دلی لیی پەشیمانمو ناگەریمەوە سەری وەکو ئەوە کە لە تەوبە لە پاشگەز بوونەوەدا پیویستە بە زمان بلی (أشهد أن لا اله الا الله وأشهد ان محمداً رسول الله) وە من بەریم لە هەر ئاینی کە پیچەوانەی ئاینی ئیسلام بی ، ئەمە بو گوناهی کە بە گوفتار بووبی •

وە ئەگەر گوناهەکەی بە کردار بوو ئەوە وتن پیویست نی‌یە ، بەلکو ئەوەندە بەسە کە دەس‌بەردار ببی لەو گوناهەو پەشیمان ببیتەوەو نیازی نەکردنی ئەو گوناهە بکا لە پاشەروژدا ، هەر لەبەرئەوە کە گوناهە نەك هەر لەبەرئەوە کە زیانی هەیە بو گیانی یا بو مالی • بەلی ئەگەر لەبەرئەوە کە گوناهەو زیانیشی هەیە بو لەشی پەشیمان ببیتەوە هەر دروستە •

وە ئەگەر کابرا حەقیکی ئادەمیزادی لەسەر بوو ئەبی لەو حەقە خوی رزگار بکا خواە بەوە کە حەقەکە بداتەوە بە خاوەن حەق یاخود

خاوەن حەقەکە گەردنی ئازاد بکا • ئەگەر کابرا داوای حەقەکەی ئەکردو ئەم شەخصە مالی نەبوو واجبە کاسبی بکا تا ئەو حەقە ئەداتەوە • وە ئەگەر خاوەن حەقەکە مردبوو بیداتەوە بە میراتگرەکانی بەگویرەی میراتبردنیان • وە ئەگەر میراتگری نەبوو یا دیار نەبوون حەقەکە بدا بە قاضی هەلیبگری تا خاوەن حەق پەیدا ئەبی • ئەگەر قاضی نەبوو یاخود وەری نەگرت یاخود ستەمی تیدا ئەکرد ئەوە ئەم کەسە خوی ئەتوانی صەرفی بکا لە مەسلەحەتی موسولمانانا بەنیازی ئەوە ئەگەر خاوەن حەقەکەیش پەیدا بووەوە بوی بژیریتەوە • وە ئەگەر کابرای بی‌مال هیزی کاسبیی نەبوو یا ئەوەندەی دەست ئەکەوت لە مەسرەفی روژانەدا سەرفی بکا ئەوە واجبە نیازی وابی هەرکاتی دەستی رویشت ئەو حەقە بداتەوە • جا ئەگەر لەپیش دانەوەی حەقەکەدا مرد ئەوە لە روژی قیامەتدا ئازادە بەوشەرتە کە وەختی خوی ئەو حەقەی زەوت نەکردبی یا بو کردەوەی حەرام قەرزی نەکردبی ، ئەگینا ئەکەویتە مەیدانی رەحمەتی خواوەو مەیدانی رەحمەتی خوایش گوشادە •

ئەگەر گوناهی کابرای توبەکار ئەوەبوو کە غەیبەتی کەسیکی کردبوو ، وە غەیبەتەکەیش گەیشتبووەوە بە کابرا پیویستە داوای گەردن ئازادیی لی بکا ، ئیتر واجب نی‌یە بەیانی جوری غەیبەتەکە بکا • وە ئەگەر کابرا مردبوو یا نەیتوانی پیی بلی غەیبەتی کردووە ئەوە پیویستە داوای لی خوش‌بوون (استغفار) بکا بو ئەوکەسەو لە خوا بپاریتەوە کە خوا لە گوناهی خوش بی • وە ریوایەتیک هەیە لەسەرئەوە کە هەرکەسی هەموو روژی بیستو پینج جار بلی (اللهم اغفر لی ولوالدي وللمؤمنين وللمؤمنات) ئەوە ئەبی بە کەفارەتی ئەو غەیبەتانەی کە کردوویەتی • وە ئەگەر غەیبەتەکە نەگەیشتبووەوە بە کابرا ئەوە ئەوەندە بەسە کە داوای لی‌خوش‌بوونی بو بکا لە خوا • هەروەها (استغفر الله) کردن بەسە بەرابەر بەو حەسوودی‌یەی کە بە خەلکی بردووە •

هەرکەسیش زینای کردبی یا گوناهیك کە حەقی خودا بی وەکو ئارەق خواردنەوە سوننەتە بیشاریتەوەو لای خەلك باسی نەکاو هەر ئەوەندە پیویستە کە توبەی لی بکا وەکو بەیانمان کرد ، وە ئەگەر پی‌یشی لی‌نابوو سوننەتە لی‌ی پەشیمان بیتەوە • بەلام ئەگەر گوناهەکە (قذف) کردنی موسولمانیکی پاك بوو یا کوشتنی کەسیك یا برینی ئەندامیکی بوو واجبە پی‌ی لی‌بنی بو ئەوە کە ئەو حەقەی لی وەربگیری‌و توبەیش واجبە وەکو باسمان کرد • وە لە هەموو توبەیەکدا شەرتە کابرای توبەکەر نەگەیشتبی بەحالی (غرغرە) سەرەمەرگ ، ئەگینا توبەکەی قوبوول نابی •

باسی ژمارەی شاهید لە شەهادەت‌دانا

حوکم ناکری بە شەهادەتی یەك پیاو تەنها لە شەهادەتدا نەبی لەسەر چاوپی‌کەوتنی مانگی نوی‌ی رەمەزان ، وە لە شتیکدا کە تابیعی ئەمە بی وەکو پەلەکردن لە دانی سەرفیترەدا لە یەکەم روژی رەمەزانداو هاتنی مانگی (شوال)و کردنی نویژی تەراویح •

بە شەرت گیراوە بو ئیسباتی زیناو (لواط)و چوونە لای حەیوان چوار پیاو کە بە جاری هەموو چاویان کەوتبی بە ذەکەری کابرا لە فەرجی ئافرەتەکەدا مەسەلا‌،وە پیویستە ئەو شاهیدانە ئەو کردەوەیە روشن بکەنەوە ، مەسەلا بلین چاومان لی‌یەوە بوو لە حالی تەکلیف‌و ئیختیاردا هینی خوی کرد بە هینی ئافرەتەکەدا بە حەرامی ، بەلام پیویست نی‌یە باسی کات‌و شوینی ئەو کردەوەیە ، مەگەر یەکی لە شاهیدەکان لە خویەوە باسی کردبی ، ئەوە لەوکاتەدا پیویستە لەسەر قاضی پرسیاری کات‌و جیگا بکا لە شاهیدەکانی‌تر بوئەوە بەلکو خیلاف بکەویتە بەینی

قسەی شاهیدەکان‌و بێ بەهۆی شوبهە بۆ دەفعی حەددی زینا لە کابـراو دانەدواوەی شەهادەتەکان •

شەهادەتی ئەم چوار پیاوە بۆ مەسەلەی زینـا پێویستە • بەلام بۆ کەوتنی (حصانت) پاریزراوی‌ی کابرا یا نەمانی عەدالـەتی یـا کەوتنی تەلاقی کە بەسرابی بە زیناوە دوو پیاو کافی‌یە شـــەهادەت بدەن ، وە لەم کاتەدا بۆ ئەوە کە حەددی (قذف) نەدری لەم دوو شاهیدە پێویستە لەپێش شەهادەتەکەدا بلێن ئیمە شەهادەت ئەدەین لەسەر زینای ئەو کابرا بۆ ئەوە حەصانەتی یا عەدالەتی نەمێنی یا ژنەکەی تەلاقی بکەوی ، نـەك بۆئەوە کە حەددی زینای بکەویتە سەر ، ئەوجا شەهادەتەکەیان بدەن •

شەرتە بۆ ئیسبات کردنی سەرەتای زینا وەکو باوەش پیـاکردن‌و ماچ کردن ، وە بۆ ئیسبات‌کردنی چوونەلای بە شوبهە کە مەبەسـت ئیسبات‌کردنی نەسەبی منالەکە بێ ، شەهادەتی دوو پیاو • بەلی لە ئیسباتی چوونەلای بەشوبهەدا بۆ مەبەستی ئیسبات کردنی (مهر المثل)ی ژنەکە بە شەهادەتی پیاویك‌و دوو ژن قەناعەت ئەکری ، هەروەها بە شەهادەتی پیاویك لەگەل سویندی (مدعی)دا قەناعەت ئەکری • وە لـە شەهادەت بە وەطئی شوبهەدا پێویست نی‌یە بلێن چاومان‌کەوت بە سەری ذەکەری کابرا کە کردی بە فەرجی ژنەکەدا • شەرتە بۆ شەهادەت لەسەر ئیقرار بە زینا دوو پیاو شەهادەت بدەن • شەرتە بۆ ئیسباتی مـال عەین بێ یـا قەرز وە بۆ ئیسباتی هەرشتی کە مەبەست لەودا مال بێ لـە فروشتن‌و حەوالەو ضەمانەت‌و صولح‌و رەهن‌و شوفعەو موسابەقەو عیوەزی خولـع ئەگەر میردەکە یا میرات‌گری ئەو داوای بکەن ، وە بۆ ئیسباتی حەقی مالی وەکو (خیار) لە موعامەلاتدا وە لە وەعدەی دانەوەی حەقدا شەهادەتی دوو پیاو یا پیاویك‌و دوو ژن • بەلی بۆ ئیسباتی عەقدی شـــەراکەت‌و (قراض) قازانج بە شەراکەت‌و کەفالەتی شەخس پێویستە بە شەهادەتی

دوو پیاو • هەروەها بو ئیســـــباتی هەلوەشاندنەوەی نیکاح دوو پیــاو پیویستە •

بو غەیری ئەمانە لەو شتانە کە مال نەبن‌و مەبەستیش ئیسبات‌کردنی مال نەبی وەکو سزایەك کە حەقی خودا بی وەکـــو حـــەدی عـەرەق خواردنەوەو دزی‌و جەردەیی‌و سزای ئادەمی وەکـو قیصاص‌و حـەدی (قذف)و مەنعی میرات وەرگرتن مەسەلا میرات‌گرەکان ئیددیعای ئـەوە بکەن کە برا مردووەکەیان لە ژیانی خویا ژنەکـــەی بە تەلاقی (بائن) تەلاق دادە بوئەوە کە میرات وەرنەگری • وە لە هەر شتیکی‌ترا کە زیاتر هەر پیاو ئاگای لی بی وەکو نیکاح‌و تەلاقی (معلق) یا (منجز)و گیرانەوە (رجعە)ی ژن‌و موسولمان بوون‌و پاشگەز بوونەوەو (جرح)و (تعدیل)ی شاهیدو مردنی کەسیك‌و ئیسباتی لاتی‌و (ودیعە)و (وصایە)و شەهادەت لەسەر شەهادەت • وە بو ئیسباتی تەلاق هەرچەند بە عیوەزیش بی ئەگەر ژنەکە ئیددیعای بکا بوئەوە مەجالی ئەوەی ببی کە شوو بکا • بو ئەمانـەو وینەی ئەمانە پیویستە دوو پیاو شەهادەت بدەن ، ئیتر بە یـەك پیاوو دوو ژن ثابت نابن • (مع العلم) پیویستە بو شەهادەت لەسەر ئیسباتی نیـکاح ئەو شاهیدانە بەیانی تەئریخی ریك‌وپیکی ئەو نیکاحە بکەن ، مەسەلا بلین سەعاتی لەپیش نویژی جومعەی روژی یەکەمی فلان مانگدا عەقدەکە کرا یا پیش عەصر یا پاش مەغریب ، ئیتر بەس نی‌یە هـەر بلین لــە روژی جومعەدا عەقدەکە کرا بە بی‌ئەوە ضەبطی وەختی عەقـــدەکـــە بکەن ، لەبەرئەوە بو ئیسبات کردنی راستی‌ی نەسەبی منال لەو نیکاحەدا لەحظە ئەژمیرری •

هەر شتی کە بە تەنها لە ژنەوە ئەزانری یـا زیـاتـر وایـە ئـەوان ئەیزانن‌و پیاو نایزانی وەکو کچینی‌و بیوەژنی‌و پارچە گوشت‌و پارچـە ئیسقانی ناو فەرجی ژن‌و حەیز پیاداهاتن‌و منال بوون‌و شیر پی‌دان‌و عەیبی

ژیر جل‌و بەرگ وەکو بەلەکی‌و گەری ئەمانە هەموو ئیسبات ئەبن بە چوار ژن‌و بە دوو پیاو ، وە بە پیاویك‌و دوو ژن • ئیتر بە پیاویك‌و سویندیك ئیسبات نابن •

تیکرا هەرچی بە پیاویك‌و دوو ژن ئیسبات نەبی بە شاهیدیك‌و سویندیك ئیسبات نابی ، وە هەرچی بە پیاویك‌و دوو ژن ئیسبات ببی بە شەهادەتی پیاویك‌و سویندیکیش ئیسبات ئەبی تەنها عەیبی ژنانە نەبی ، ئەوە بە پیاویك‌و سویندیك ئیسبات نابی‌و پیویستە بە دوو پیاو یا چوار ژن یا پیاویك‌و دوو ژن • وە هیچ شتی بە شەهادەتی دوو ژن‌و سویندیك ئیسبات نابی • وە هەر شتی کە بە شاهیدیك‌و سویندیك ئیسبات ببی پیویستە لەپیشا شاهیدەکە شەهادەت بداو (تعدیل)ی بکری ، ئەمجار کابرای (مدعی) سویند بخواو لە سویندەکەیدا وەکو بەیانی ئیستیحقاقی خوی ئەکا بەیانی راستی‌ی شاهیدەکەیشی بکا •

وە ئەگەر لەپاش شەهادەتی شاهیدەکە کابرا سویندی نەخواردو داوای لە (مدعی علیه) کرد کە سویند بخوات ئەوە حەقی هەیە • جا ئەگەر (مدعی علیه) سویندی خوارد ئەوە حەقی (مدعی) ئەکەوی • وە ئەگەر ئەو سویندی نەخواردو گەراندیەوە بو سەر (مدعی) ئەوە حەقی هەیە • جا لەم‌کاتەدا ئەگەر (مدعی) هەر سویندی نەخوارد ئەوە حەقەکەی ئەکەوی •

وە ئەگەر چەند میرات‌گریك لەپاش ئیسباتی مردنی باوکیان مەسەلاو پاش ئیسباتی وەراثەتیان‌و حەصر کردنی میرات‌گر لە خویانا ئیددیعای مالیکیان کرد بو باوکیان‌و شاهیدیکیان رابووراندو یەکیکیان لەگەل شاهیدەکەدا سویندی خوارد کە باوکی موستەحەقی هەموو ئەو مالە بووە ئەوە هەر بەشی خوی بو ثابت ئەبی چونکە (حجت) هەر بو خوی

تەواو بووە ، وە لەو بەشەدا کە ئەو دەیبا میراتگرەکانی‌تر نابن بە هاوبەشی بەلکو هەرکەسی ئەتوانی سویندی خوی بخواو بەشی خوی وەربگری ، وە هەریەکیکیان نکوول بکا لە سویند خواردن لەپاش حازربوون ئەوە حەقی ئەکەوی •

وە ئەگەر میراتگرەکە مندال بوو یاخود شیت بو یا دیار نەبوو ئەوە بەشەکەی وەرناگیریت ، بەلکو چاوەروانی ئەکریت • جا ئەگەر لەپاش بالغبوونی مندالەکە یا چاکبوونەوەی شیتەکە یا دەرکەوتنی نادیارەکە سویندی خوارد ئەوە حەقی خوی ئەبا ، وە لەم‌کاتەدا پیویست نی‌یە بەوە کە شەهادەتی شاهیدەکە دووبارە بکریتەوە • بەلی ئەگەر ئەو شاهیدە حالی گورا مەسەلا لەپاش عەدالەت فیسقی بەسەردا هات ئەوە باقی ماوەی ئەو میراتگرانە کە زوو سویندیان نەخواردووە حەقیان نامینی‌و حەقیان ئەکەوی ئەگەر شاهیدی‌تر پەیدا نەکا چونکە حوکم بە مالەکە نەبەسراوە بە شەهادەتی کابراوەو پیویست بووە بە سویند ، وە مادام کە پیش سویندی کابرا حالی شاهیدەکە گوراوە ئەوە وای لی دی کە شاهیدی نەبووبی •

جا ئەگەر شەهادەت لەسەر کردەوە بی وەکو زەوت‌کردن‌و شیر پی‌دان‌و فەوتاندن‌و جینایەت لەسەر نەفس‌و مال بوون ئەوە پیویستە لە شەهادەتەکەیدا وەختی خوی چاوی لەو شتەوە بووبی‌و ئیستەیش بەیانی چاوپی‌کەوتنی بکا ، وە ئەم جورە شەهادەتە لە ئینسانی کەر وەرئەگیری ، وە هەرچی بە وتن بی وەکو عەقدو هەلوەشاندنەوەو پی‌لی‌نان پیویستە ئەو شاهیدە وەختی خوی ئەو قسەیەی گوی لی بووبی‌و کابرای خاوەن قسەی بەچاو بینیبی‌و ئیستەیش بەیانی بیستنی خوی بکا • ئەم جورە شەهادەتە پیویستی بەوەیە کابرا چاوی ببی •

ئەم شەهادەتە لە کویر نابیسری ، هەروەها لە کەسیك کـە کابرای دیبی ، بەلام باش جیای نەکردبیتەوە ، مەگەر شەهادەتەکەی لەســــەر بنچینەی ناوبانگ‌و بلاوی بی ، یاخود خاوەن قسەکە ئەو قسەیە بخوینی بەگوی‌یداو ئەم شاهیدەیش کابرا بگری تا ئەیباتە لای قاضی‌و شەهادەتی لەسەر ئەدا .

وە ئەگەر کەسی بە چاوساغی شەهادەتیکی هەلگرت‌و لەپاشان کویر بوو ئەوە ئەتوانی بە کویری شەهادەتەکە بدا بەوشەرتە کابرای شەهادەت لەسەر دراو شەهادەت بو دراو ناوو نەسەبیان مەشهوور بی .

هەرکەس قسەیەکی بیستبی یا کردەوەیەکی دیبی ، ئەگەر هەمـان کابراو ناوو نەسەبی زانی ئەوە لە حوزووریا ئەتوانی شەهادەت بدا بــە ئیشارە بو هەمان کابرا ، وە لــەکــاتی دیارنەبوونیــا یا لەپاش مردن‌و شاردنەوەی بە ناوو نەسەب شەهادەتی لەســـەربدا . بــەلی لــەپیش شاردنەوەیدا ئەتوانی شەهادەت لەسەر عەینەکەی بدا . وە لە صوورەتی شەهادەت بە ناوو نەسەبدا پیویستە ئەو ناوو نەسەبە بە شاهید ثابت ببن ، وە بە ئیقراری کابرای شەهادەت لەسەر دراو ثابت نابی چونکە شەهادەت حەقی خوای تیایەو پیویستی بە لیکولینەوەیە .

دروست نی‌یە شەهادەت لەسەر ژنی کە چارشیوو پەچەی دادابیتەوە بە پشت بەستن بە دەنگی ، چونکە دەنگ لە دەنگ ئەچی‌و مـەیـــدانی لی‌گورانە . بەلی ئەگەر بە عەین ئەو ژنە بناسی یا بە ناوو نەسەبی بیناسی ئەوە باشە . وە لەکاتی شەهادەتدا هەرچی ئەزانی لەناوو نەسەبی بەیـانی بکات ، ئەگینا ئیشارە بکا بو عەینەکەی . وە ئەگەر ناوو نەسەبی نەزانی رووی ژنەکە هەلمالی‌و نیشانەکانی وەربگری‌و بەیانی بکا .

دروست نی‌یە هەلگرتنی شەهادەت لەسەر ئافرەتیك کـــە چارشیوو

بەچەی دادابیتەوە بە ناساندنی پیاویك یا دوو پیاوی عادل ، چونکە شەهادەت بە یەك لە یەك بیستن پیویستی بەوەیە بە قسەی کومەلیکیوا بی کە ئەمین بن لەوە ری‌کەون لەسەر درو • بەلام ئەمرو بەپیچەوانەی ئەمە ئیش ئەکری کە بریتی‌یە لە ئیکتیفا کردن بە ناساندنی پیاویك یا دوو پیاوی عادل •

ئەگەر شەهادەت درا لەسەر عەینی کەسیك بو حەقیك‌و (مدعی) داوای کرد لە قاضی کە نیشانەکانی کابرای شەهادەت لەسەر دراو بنووسیتەوە نەك ناوی خوی‌و باوك‌و باپیری ، ئەوە ئەبی قاضی بەگوی‌ی بکا مەگەر کابرا لەوانە بی کە ناوو نەسەبی بە صوورەتی شەرعی ثابت بووبی •

باسی شەهادەت لەسەر بیستن

دروستە بو ئینسان شەهادەت بدا لەسەر ئەساسی بیستن (تسامع) بە نەسەبی یەکی لە باوکی یا لە دایکی یا لە هوزی یا لە شاری ، مەسەلا شەهادەت بدا بەوە کەوا کە فلان‌کەس کوری فلان پیاو یا فلانە ژنە وە لە فلان هوزەو خەلکی فلان شارە • مەسەلا بو کاتی کە خەلکی ئەو شارە یا ئەفرادی ئەو هوزە شتیکیان لەسەر وەقف کرابی‌و بمانەوی ئەو کابرایە بخریتە ناو ئەهلی ئەو شارە یا ناو ئەو هوزەوە • هەروەها دروستە شەهادەت بە بیستن لەسەر ئەسلی وەقفیکی دامەزراو وەکو ئەوە کە بلیت فلان مولك وەقفە • بەلام شەهادەت بە شەرتەکان‌و تەفصیلاتی وەقفەکە ئەوە بە لە خەلك بیستن ثابت نابی • ئەوەندە هەیە لە (تحفه)دا ئەفەرمویت ئەمە وەختی وایە کە شەهادەت بە شەرتەکان سەربەخو بی ، بەلام ئەگەر بە دوابەدوای شەهادەت بە ئەسلی وەقفەکەوە بی ئەوە دروستە وەکو ئەوە کابرا شەهادەت بدا بەوە کە فلان مولك وەقفە لەسەر فەقی‌ی

شافیعی مەذهەب بەوشەرتە فلان‌کەس سەرپەرشتی‌کەری ئەو وەقفە بی تا ماوەی ئەقیکانیش هەموو روژیکی خویندنی دەرس کتیبی (شرح منهج) بخوینن مەسەلا .

هەروەها شەهادەت بە مارەبرین بە بیستن دروستە ، مەسەلا بلین فلان پیاو فلان ژنی مارە کردو فلان میردی فلانەو فلانە ژن ژنی فلان پیاوە . وە دروستە شەهادەت بە بیستن لەسەر مولکایەتی ، مەسەلا بلین فلان خانوو یا فلان پارچە زەوی مولکی فلان‌کەسە بە بی‌ئەوە کە ئیضافەی ئەو مولکە بکری بو سەبەبی مولکیەت وەکو ئەوە کە کریویەتی لە فلان یا فلان پیی‌بەخشیوە چونکە سەبەبی مولکیەت بە بیستن ثابت نابی تەنها میرات نەبی .

هەروەها دروستە بەهوی بیستنەوە شەهادەت بدا بە ویلایەتی قاضی‌و موستەحەقیتی‌ی زەکات‌و شیر خواردن‌و جرح‌و تعدیلی شاهیدو لاتی‌و روشدی سەفیهی‌و میرات بردن‌و زەوت‌کردن .

شەرتی بیستن ئەوەیە ئەو شتە کەوا شەهادەتی پی ئەدا بیستبیتی لە کومەلیکی‌واوە کە ئەمین بی لەوە کە ئیتیفاقیان کردبی لەسەر درو . ئیتر پیویست نی‌یە ئەفرادی ئەم کومەلە نیرینەو عادل بن . بەلام شەرتی دروست بوونی شەهادەت بە بیستن ئەوەیە شتیکی بەهیزتر لەو بیستنە نەبی بە لزی بیستنەکەدا وەکو ئەوە کە ئەو کەسە کە شەهادەت ئەدری بە نەسەبی لە شەخصیی خوی ئینکاری ئەو نەسەبە بکا یاخود هەندی‌کەس طەعن بدەن لە نەسەبی ئەوکەسە هەرچەند خاوەن فیسق بن .

(ابن ابی الدم) بەشەرتی گرتووە کابرای شاهید بەئاشکرا نەلی بەلگەی شەهادەتەکەی بیستنە . هەروەها لە شەهادەت بە (استصحاب)دا وەکو ئەوە کە شەهادەت بدا بە فەقیری‌ی کەسیك لەسەر ئەساسی ئەوە کە

لەمەوپێش فەقیر بووە • وە لەپاشاندا ئەوەی هەلبژاردووە ئەگەر کابرای شاهید بەیانی (استفاضە)و (استصحاب)ەکە وەها بکا کە هێز بدا بە زانینەکەی مەسەلا لەپێشا شەهادەتەکەی بە جەزم بدا وە لەپاشانیش بلێت سەنەدم ئەوەیە کە بیستوومە لە کومەلێکی زور لە ئادەمیزاد ، یا سەنەدم استصحابە ئەوە ئەو شەهادەتە قوبوول ئەکری • بەلام ئەگەر هەر بە دوودلی‌و شکەوە ئەدای شەهادەتەکەی کرد وەکو ئەوە کە شاهیدەکە بلێت من خوم ئاگادار نیم بەلام مادەم خەلك ئەلێن شەهادەت ئەدەم کە فلان کوری فلانە یا بلێت مادەم فلانکەس دوێنی لات بوو شەهادەت ئەدەم کە ئیمرویش لاتە ئەوە ئەو شەهادەتە قوبوول ناکری •

وە ئەگەر شاهیدەکە شەهادەتەکەی ئەدا کرد بی قەیدو تەفصیل‌و دەرکەوت بو قاضی کە سەنەدی کابرا بیستنە ئەوە حەقی نی‌یە مەجبووری بکا بە بەیانی سەنەدەکەی ، مەگەر کابرا نەخویندەوار بی ئەوە ئەوکاتە دروستە داوای سەنەدی لی بکا چونکە وائەبی غەیری بیستنی شەرعی بە بیستن ئەزانی •

صوورەتی شەهادەت بە بیستن ئەمەیە کابرا بلێت شەهادەت ئەدەم ئەم شەخصە کوری فلانە یا ئەم مولکە وەقفی فلان مزگەوتە یا ئەم ژنە ژنی فلانکەسە ، وە نابی لەفظەکەی وا بلی ئەم مندالە لە ژنی فلانکەس لەدایك‌بووە یا فلانکەس ئەو مالەی وەقف کردووە یا ئەو ژنەی مارە کرد چونکە ئەم لەفظانە ئەوە ئەگەیەنن کە ئەم شاهیدە بە چاوی خوی دیتراوەکەی دیوە یا بە گویچکەی خوی لەفظی کابرای بیستووەو لە واقیعیشدا وا نی‌یە •

(بزانن) دروست نی‌یە شەهادەت لەسەر مولکی ئەرزو ئاوی یا دووکان یا خانوو یا شتێکی گویزراوە (مەنقوول) نەقد بی یا جینس بە تەنها لەژێر دەستا بوون (محض الید) چونکە دەستی رووت نابی بە هوی

مالیکیەت • هەروەها دروست نی‌یە شەهادەت بە مولك بەهوی دەستو تەصەروفەوە لە ماوەیەکی کەمدا چونکە قابیلە ئەم خاوەن دەستو تەصەروفە وەکیلی خاوەن مولکەکە بووبی • بەلی دروستە لە صوورەتی یەکەمدا شەهادەت بەوە کە ئەو مالە لە دەستی ئەم پیاوەدا بووە ، وە لە صوورەتی دووهەما بەوە کە لە دەستو تەصەروفیا بووە •

بەلام دروستە شەهادەت بە مولك بەهوی دەستو تەصەروفەوە لە زەمانیکی دریژدا بە عورف بە بی هەراو نیزاع بەوشەرتە تەصەروفەکە بە ئاشکرا سوودی بو مولکەکە ببی وەکو دەست دان لە خانوو رووخاندنی هەندی سووچیو کردنەوەو لی زیادکردنو گورینی دارو کولەکەیو هەلگیرانەوەی بانەکەیو بەکری‌دانیو دانانی لە رەهندا • کە ئەم جورە تەصەروفانەی چاو پی‌کەوت لە زەمانیکا کە بە عورف دریژ بی ئەتوانی شەهادەت بدا کە ئەو خانووە مولکی فلانکەسە •

وە دروستە شەهادەت بە حەق وەکو حەقی ئاو داپەراندن بو سەربانی کەسیكو رابووردن بە دالانی مالی کەسیکا بو سەربانو بو دەرگای خانووی لەسەرەوەو ، حەقی ئاو راکیشان لە خاکی یەکیکەوە بو باخی خویو حەقی هاتوچو بەناو باغی کەسیکا هەتا ئەگاتە باغەکەی خویو ، حەقی ئاودانی باخی خوی لە ئاوی کە لە باخو مولکی یەکیکی‌ترا دەرچی وەکو ئەو کانیاوانە کە لەناو هەندە باخیکا هەنو ئاوەکەیان بە جوگە ئەبری بو چەند باخیکی غەیری باخی خاوەن ئاوەکە،بەهوی ئەوەوە کە زەمانیکی بە عورفو عادەت زورکابرا چاوی پی‌کەوتبی ئەم کەسە ئەو حەقانەی وەرگرتووە چونکە ئەصل لە تەصەروفی موسولماندا ئەوەیە بە حەق بی ، وە کابرای خاوەن بان یا خاوەن باخو کانی ناتوانی مەنعی ئەم شەخسە بکا لەو حەقە • بەلی ئەگەر ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئەم

کابرایە بە زور ئەم حەقەی داگیر کردووەو ئیسباتی کرد ئەتوانی مەنعی بـکا •

(بیداربن) لە مەسئەلەی کانیی ناوباغەکەدا بەپیی شـــــەرع ئەوکانیی‌یە لە بنچینەدا بە مولکی خاوەن زەوی‌یـەکـە دائەنری کـە کانی‌یەکەی تیایەو ئیمە قسەمان لەوە نی‌یە ئەو کانی‌یە مولکی کابرا نی‌یە ، بەلکو قسەمان لەوەیە مادام کەسیك چەند سالیك لەو کـــانی‌یەوە ئاوی راکیشابی بو خوی ئیمە بەهوی ئەو تەصەروفە دریژەوە ئەلیین ئەم‌کەسە حەقی ئاو راکیشانی هەیە چونکە لەوانەیە وەختی خـــوی ئـــەو حەقی ئیجرایەی پی بەخشرابی یا بە کرین کریبیتی وە یـا بـە ریگەیەکی‌تری شەرعی دامەزرابی • وە ئەم کابرایە هەر ئەوەندە بلیت مـن ئـەوەنـدە ئەزانم چەند سالە ئەم ئاوە لەو باغەوە ئەهینین بو باغی خومان بی هەرا ، ئەوە ئیتر لی‌ی مەنع ناکری • بەلی ئەگەر ئیدیعای سەندن یا بەخشـینی کردو بوی ثابت نەبوو ئەوە کابرای خاوەن کانی ئەتوانی سویند لەسـەر خیلافی دەعوای کابرا بخواو مەنعی بکا •

شەهادەت بە لاتیی کەسیك دروستە بەگویرەی ئەو بەلگانەی کـە هوی ئەفقیرین وەکو رووتی‌و بی‌گوزەرانیی خیزان‌و داوا کردنی قـەرز لەلایەن خاوەن قەرزەوە بەجوری کە ئینسان باوەری بیتە سەر ئەوە کـە ئەوکەسە هەژارو لاتە • هەروەها بە (استصحاب) واتە بەهوی ئەوەوە کە بزانی دوینی لات‌و هەژار بووە •

باسی هەلگرتنی شەهادەت

هەلگرتنی شەهادەت فەرضی کیفـایـەیـە لـــە نیکاحو پی‌لی‌نانو تەسەروفاتی مالیو غەیرە مالیدا وەکو فروشتنو رەهــنو بـەکــری‌دانو مارەبرینو تەلاق دانو گیرانەوەو لە غەیری ئەمانەیشدا • بەلی هەلگرتنی شەهادەت لەوشتانەدا کە ئەبن بە هوی (حەد) وەکو زیناو قەذفو دزیو جەردەیی فەرز نی‌یە بەلکو دروستەو سوننەتــە ئــەگـــەر ببی بەهـــوی مەنع کردنی موسولمانان لە زیان لی‌کەوتن‌یانو ببی بە هوی ئەوە کە خەلك تووشی ئەم گوناهانە نەبن •

هەروەها نووسینی سەنەد فەرزی کیفایەیە لە شوینیکدا پیویست بی بەتایبەتی لە مالی هەتیوو مالی مەوقوفەداو لە سەفەرو شوینی غەریبی‌دا وە لە کاتی نەخوشی‌ی خاوەن موعامەلەکاندا •

جا ئەگەر لە مەسەلەیەکدا دووکەس شاهید بوون ئەوە فـــەرزی عەینە لەسەریان ئەدای شەهادەت بکەن • وە ئەگەر یەکیکیان شەهادەتی داو ئەوی‌تریان شەهادەتی نەداو وتی بە (مدعی)یەکە برو سویند بخــو لەگەل ئەو شاهیدەدا ئەوە گوناهبار ئەبی • وە ئەگەر شـاهید زور بوون ئەوە ئەدای شەهادەت لەسەر دوانیان فەرزی کیفایەیە وەکو هەلگرتنەکەی• کەواتە ئەگەر داوا کرا لە دووکەسیان بین ئەدای شەهادەت بکەن ئـەوە واجبە لەسەریان ئەدای بکەن (لەسەر فەرموودەی راستتر) • وە ئەگەر هەر تاقە شاهیدیك هەبوو وە داوای شەهادەتی لی کرا ئەوە واجبە لەسەری شەهادەت بدا بەو شەرتە مەسەلەکە لەوانە بی بە شاهیدیكو ســـویندیك ئیسبات ببی ئەگینا واجب نی‌یە •

ئەدای شەهادەت چەند شەرتی هەیە • یەکەم ئەمەیە کابرای شاهید

بانگ بکری بو ئەدای شەهادەت لە مەسافەیەکەوە کە لە مەسافەی نیوروژە ری (عدوی) زیاتر نەبی • ئەگەر لە مەسافەیەکەوە بانگ کرا کە لە مەسافەی نیو روژە ری زیاتر بوو واجب نی‌یە لەسەری بروا لەبەرئەوە کە رویشتنەکەی زەحمەتەو قابیلیشە شاهید لەسەر شەهادەتەکەی رابووزینی‌و ئەم شاهیدە فەرعە بروا شەهادەت بدا • دووەهەم ئەوەیە کابرا لەوانە بی کە شەهادەتی قوبوول بی ، ئەگینا ئەگەر فاسق بوو یا مانیعیکی تیدا بوو واجب نی‌یە بروا مەگەر قاضی لەوانەبی کە شەهادەتی فاسق وەربگری •

سیهەم ئەوەیە شەهادەتەکەی لەسەر شتی بی کە قاضی متمانەی پی هەبی هەرچەند ئەم شاهیدە خوی باوەری پی نەبی ، وەکو ئەوە کە کەسیکی شافیعی مەذهەب بروا شەهادەت بدا لای قاضی‌یەکی حەنەفی مەذهەب لەسەر شوفعەی دراوسی‌یەتی (شفعة الجوار) •

چوارەم ئەمەیە مەعذوور نەبی بە شتی کە ببی بە بیانووی واز لی‌هینانی نویژی جومعە ، ئەگینا واجبە یا شاهید لەسەر شەهادەتەکەی بگیریت وە یا قاضی یەکی بنیری کە شەهادەتەکەی لی ببیسی •

باسی شەهادەت لەسەر شەهادەت

شەهادەت لەسەر شەهادەت قوبوول ئەکری لە غەیری سزایەکدا کە حەقی خودا بی وەکو حەدی زیناو شەراب خواردنەوەو زنداری (احصان)ی ئەوکەسەی کە زینا کردنی ثابت بووە ، وە هەر شتی کە پاراستن (احصان)ی لەسەر راوەستابی ، خواە ئەو شتە سزای ئادەمی بی وەکو قیصاصی نەفس‌و ئەندامانی لەش‌و هیزو حەدی قەذف یا غەیری سزا بی وەکو حوقووقی ئادەمی‌زاد لە چەشنی پی‌لی‌نان‌و عەقدو

هەلوەشاندنەوەو شیر پیدانو منال بوونو عەیبی ژنانە یا حوقووقی خودا وەکو زەکاتو وەقفی مزگەوتو جیهەتی گشتیو مانگی یەکشـــــەوەی رەمەزان بو روژوو مانگی یەکشەوەی قوربان بو حەج کردنو غـەیـری ئەمـانـە •

هەلگرتنی شەهادەت لەسەر شەهادەت بە سی جور ئەبی • یەکـەم (استرعاء) یەعنی شاهیدە ئەسلیەکە داوا بکا لە کەسیك کە چاودیری شەهادەتەکەی بکاو رای بگری تـا لـە وەختی خویدا ئەدای ئەکـا • بەلی ئەگەر ئەم شەخصە ئاگای لی بوو کە ئەسلەکە ئیستیرعای کەسیکی کرد ئەوە دروستە بو ئەم کەسە ئەو شەهادەتە هەل بگری • صیغەی ئیســـتیرعا وەکو ئەوە ئەسلەکە بلیت من شاهیدم لەسەر فلان رووداوو تو ئەکەم بـە شاهید لەسەری لەجیاتی خوم یا بلیت شەهادەت بدە لەسەر شەهادەتی من یا بلیت هەرکاتی داوای شەهادەتیان لی کردی ئیذنت بی شەهادەت بدە لەسەر شەهادەتی من •

دووەم ئەوەیە ئەم فەرعە گوی‌ی لی بی کە ئەسلەکە شەهادەت ئەدا لای قاضی یا لای (محکمە) یا لای وەزیری یا لای میری چونکە ئەو کابرا شەهادەت نادا لەو شوینانەدا مەگەر لەکاتیکا جەزمی بە شـــەهادەتەکەی هەبی • کەوابی دروستە ئەو شەهادەتە هەل بگری •

سی‌هەم ئەوەیە ئەم فەرعە گوی‌ی لی بی ئەسلەکە شـــەهادەت ئەدا لەسەر شتیو سەبەبەکەیشی بەیان ئەکا • مەسەلا ئەلیت شەهادەت ئەدەم فلان کەس هەزار درەمی لەسەر فلان هەیە لە قیمەتی ئەو دووکانەدا کـە پی‌ی فروشتووە • لەم صوورەتەدا دروستە بو ئەوکەسەی ئاگای لـــەو شەهادەتە هەیە ئەدای شەهادەتەکە بکا ، چونکە ئیسنادی ئەو شەهادەتـە بو لای سەبەبەکەی مانیعە لە ئیحتیمالی تەساهولی کابرای شاهید • وە لەم

قیسمی دوایی‌یه‌دا وه‌جهیك هه‌یه ئه‌لی پیویسته شـاهیده ئه‌سله‌که ئیـذنی فه‌رعه‌که بدا ئه‌دای شه‌هاده‌ت بکا له‌جیاتی‌ی ئه‌و •

کافی نی‌یه بو شه‌هاده‌تی فه‌رعه‌که ئه‌مه که گوی‌ی له یه‌کی بی بلیت فلان ئه‌وه‌نده حه‌قی له‌سه‌ر فلان که‌س هه‌یه ، یا به شیوه‌ی خه‌بـــه‌ردان بلیت شه‌هاده‌ت ئه‌ده‌م فلان ده دره‌می له‌ســـــه‌ر فـلان هـه‌یـه یـــا بلی شه‌هاده‌تیکی وه‌هام له‌لایه •

پیویسته له‌وکاته‌دا که فه‌رعه‌که شه‌هاده‌ت ئه‌دا جیهه‌تی هه‌لـگرتنی ئه‌و شه‌هاده‌ته به‌یان بکا له هه‌رکام له سی به‌شه پیشووه‌که بی ، مه‌ســه‌لا بلیت فلان‌که‌س ئیستیرعای کردووم بو ئه‌م شه‌هاده‌ته یاخود بلی گـویـم لی‌بوو که لای قاضی شه‌هاده‌ته‌که‌ی ئه‌دا یا فلانه شه‌هاده‌تی ئه‌داو سه‌به‌بی شه‌هاده‌ته‌که‌یشی به‌یان کرد بوئه‌وه‌ی قاضی له جیهه‌تی شه‌هاده‌تی ئه‌م فه‌رعه حالی ببی • وه ئه‌گه‌ر جیهه‌تی هه‌لگرتنی شه‌هاده‌ته‌که‌ی به‌یان نه‌کرد به‌لام قاضی باوه‌ری هه‌بوو به زانینی ئه‌م فه‌رعه ئه‌وه به‌سه •

(بزانن) دروست نی‌یه هه‌لگرتنی شه‌هاده‌ت له‌سه‌ر شه‌هاده‌تی کـه بدریته دواوه وه‌کو شه‌هاده‌تی فاسق • وه دروست نی‌یه بو ژن شه‌هاده‌تی غه‌یر هه‌ل‌بگری چ پیاو بی‌و چ ژن بی ، چونکه ئه‌م شه‌هاده‌ت له‌ســـــه‌ر شه‌هاده‌ته له‌وانه‌یه که پیاو زیاتر ئاگای لی بی • که‌واته پیویسته هه‌ر پیاو ئه‌م شه‌هاده‌ته هه‌ل‌بگری • وه ئه‌گه‌ر فه‌رعه‌که ئه‌دای شـه‌هاده‌تی کـرد له‌کاتیکا که ئه‌سله‌که مردبوو یا نه‌خوش بوو یا دیار نه‌بوو یا شیت بووبوو یا کویر بووبوو یا لال بووبوو ئه‌وه دروسته‌و ئه‌م حالانه نابن بـه مانیعی شه‌هاده‌تی فه‌رعه‌که • به‌لی ئه‌گه‌ر پاشگه‌ز بوونه‌وه له ئیسلامی به‌ســه‌ردا هاتبوو یا فاسق بووبوو یا بووبوو به دوژمنی کابرای شه‌هاده‌ت له‌ســـه‌ر دراو ئه‌وه دروست نی‌یه فه‌رعه‌که ئه‌دای شه‌هاده‌ت بکا چونکه شه‌هاده‌تی

ئەم فەرعە تابیعی دامەزرانی شەهادەتی ئەسلەکەیەو ئەسلەکەش لەو صوورەتانەدا مانیعی لی پەیدا بووە •

وە ئەگەر کەسێك لەکاتی منداڵیدا یا لەکاتی فاسقیدا شەهادەتی لە ئەسلەکە وەرگرت و لە کاتی باڵغبوون و عەدالەتدا ئەدای کرد ئەوە قوبوول ئەکری •

ئەگەر دووکەس شەهادەت لە دووکەسەوە وەربگرن و ئەدای بکەن ئەوە دروستە بەوشەرتە کە هەریەکی لەم دووکەسە شەهادەتی هەردوو ئەسلەکەی وەرگرتبی ، وە لە فەرموودەیەکدا پیویستە بو هەلگرتنی شەهادەتی هەر پیاویك یا هەر ژنیك دوو پیاو • کەواتە هەلگرتنی شەهادەتی دووکەس پیویستی بە چوارکەسە •

(بزانن) شەرتی قوبوولی شەهادەتی فەرعەکان ئەوەیە کە شەهادەتدانی ئەسلەکان لەتواناداا نەبی بەمرەنگە کابرای ئەسل مردبی یاخود شەهادەتدانی زەحمەت بی وەك ئەوە کە زیاتر لە مەسافەی نیو روژ ریگە دوور بی یاخود پیر بی یا نەخوش بی یا عوذریکیوای ببی کە تەرکی جومعەی بو بکری •

پیویستە فەرعەکە لەکاتی شەهادەت دانا ناوی ئەسلەکە ببا بوئەوە کە قاضی بی‌یان‌ناسی و شەخصی شەهادەت لەسەر دراویش مەیدانی ئەوەی ببی کە رەخنە لە شاهیدەکان بگری • ئیتر پیویست نی‌یە ئەم فەرعانە تەزکیەی ئەسلەکەیان بکەن و بلین عادل بووە • ئەگەر تەزکیەشی بکەن فەیدی نی‌یە •

وە ئەگەر شەهادەتیان داو ناوی ئەسلەکەیان نەبرد ئەوە بەتالە چونکە ئەم وەزعە ئەبی بەهوی گرتنی دەرگای (جرح)ی شاهیدو ئەمەیش دروست نی‌یە •

ئەگەر فەرعەکان هاتن بو شەهادەتدانو لەپێش شەهادەتدانەکەدا ئەسلەکە حازر بوو ، ئەوە شەهادەتی فەرعەکە وەرناگیری • بەلام ئەگەر شەهادەتیان داو لەپاش ئەوە ئەسلەکە حازر بوو ئەوە نابی بە مانیعی شەهادەتی فەرعەکە •

باسی پەشیمان بوونەوە لە شەهادەت

ئەگەر هەندی لە شاهیدەکان یا هەموویان لەپێش ئەوەدا کە قاضی حوکمی خوی بدا پەشیمان بوونەوە لە شەهادەتەکەیان ئەوە ئیتر قابیل نیی‌یە قاضی لەو مەسەلەیەدا حوکم بدا • هەروەها ئەگەر یەکی لەو شتانەیان بە سەردا هات کە مانیعی شەهادەتدانە وەکو پاشگەز بوونەوە لە ئیسلامەتیو فاسقیو دوژمنایەتیو بوختان کردن •

وە ئەگەر لەپاش حوکمی قاضی پەشیمان بوونەوەو لەپێش وەرگرتنی حوکمی مالیدا ئەوە ئەو حەقە وەرئەگیری ، بەلام واجبە لەسەر ئەو شاهیدانە ئەو مالە بژێرن بو کابرای شەهادەت لەسەر دراو • هەروەها ئەگەر حوکم پێدراوەکە عەقد بی یا حەل وەکو تەلاق یا هەلوەشاندنەوەی نیکاح • وە ئەگەر لەپێش وەرگرتنی سزادا بوو وەکو قیصاصو حەدی قەذفو زیناو خواردنەوە ئەوە ئەو حەقانە وەرناگیرین چونکە پەشیمانبوونەوەی شاهیدەکان ئەبی بەهوی شوبهەو شوبهەیش مانیعی حەدە •

وە ئەگەر لەپاش وەرگرتنی عوقووبەت بوو ئەوە حوکمەکە تیك‌ناچی هەتا بو حاکمیش دروست نیی‌یە لەپاش دانی حوکمەکەی پەشیمان ببیتەوە چونکە ئەگەر حوکمەکەی بە ظاهیرو باطین جیبەجی ئەبوو ئەوە لەبەرئەوە کە بە ظاهیر دروستە تیکدانی دروست نیی‌یە • جا ئەگەر

ئەوەی بەهوی حوکمی قاضی‌یەوە وەرگیراوە قیصاص بوو یا کوشتن بوو بەهوی پاشگەز بوونەوەوە یاخود رەجم بوو بەهوی زیناوە یـا جەلـدەی زینا بوو ، وە شاهیدەکانیش لەدوای پەشیمانی وتیان وەختی خوی بـە عەمدی ئەم شەهادەتەمان داوە ئەوە قیصاصی ئینسانە مردووەکە ئەکەویتـە سەریان ، وە ئەگەر لە قیصاصەکە عەفو کران (دیـە)یـەکی قـورس ئەکەویتە سەریان •

وە ئەگەر قاضی لە حوکمەکەی پەشیمان بووەوە لەپـاش جی‌بەجی کردنی حوکمەکەی‌و ئیقراری کرد بەوە کە بە عەمدی حوکمی داوەئەوە قیصاصی ئەکەویتە سەر • وە ئەگەر لەگەل شاهیدەکاندا پەشیمان بووەوەو شاهیدەکانیش وتیان شەهادەتەکەی ئیمەیش عەمدی بـووە ئەوە قیصـاص ئەکەویتە سەر هەموویان •

وە ئەگەر هەموویان وتیان بە هەلەدا چووین ئەوە نیوە (دیە)یەکی سووك لەسەر قاضی‌یەو نیوە (دیە)یەك لەسەر شاهیدەکان • وە ئەگـەر کابرای تەزکیەکەر لەپاش جی‌بەجی‌کردنی حوکمەکە پەشیمان بووەوەو وتی تەزکیە ناحەقەکەم عەمدی بووە ئەوە قیصاصی لەسەرە • وە ئەگـەر وتی خەتا بووە (دیە)ی ئەکەویتە سەر • هەروەها ئەگەر وەلی بە تەنها پەشیمان بووەوە ئەوە لە صوورەتی عەمددا قیصاصی لەسەرەو لە صوورەتی خەتادا (دیە)ی لەسەرە • وە ئەگەر لەگەل شاهیدەکاندا پەشیمان بووەوە ئەوە قیصاص یا (دیە) هەر لەسەر وەلی‌یەکەیە چونـکە ئـەو خـەریکی جی‌بەجی‌کردنی حوکمی قاضی بووە بە خوی یا بەهوی جی‌نشینیەوە •

ئەگەر دوو شاهید شەهادەتیان دا بـە شـیرخواردن لەبەینی ژنو میردیکا یا بە تەلاقی بائین‌و قاضی ژنو پیاوەکەی لەیەك جیـا کردەوە ، ئەمجار شاهیدەکان لە شەهادەتەکەیان پەشیمان بوونەوە ئەوە ئەو جیـا

بوونەوەیە لەبەینی ژنو میردەکەدا هەر دەوام ئەکاو ئەندازەی (مهر المثل)ی ژنەکە ئەکەویتە سەر ئەو شاهیدانە بو میردی ژنەکە (مطلقا) ، وە لە فەرموودەیەکدا ئەگەر جیابوونەوەکە لەپیش چوونەلادا بوو نیوەی (مهر المثل) ئەکەویتە سەر شاهیدەکان •

وە ئەگەر دووکەس شەهادەتیان دا بە تەلاقی بائین لەبەینی ژنو میردیکا ، وە لەپاشاندا پەشیمان بوونەوە ، ئەمجار شاهید راست بووەوە لەسەر ئەوە کە ئەو ژنو میردە شیر خواردنیان لەبەیندا بووە ئەوە لەم کاتەدا (مهر المثل) ناکەویتەسەر شاهیدەکان چونکە بەهوی شاهیدی شیرەکەوە دەرکەوتووە کە ئەو نیکاحەی لەبەینیانا تیپەریوە دانەمەزراوە •

وە ئەگەر شاهیدی مال لەپاش حوکمدانو وەرگرتنی مالەکە پەشیمان بوونەوە ، ئەوە پیویستە ئەو مالە هەموو بژیرن بو ئەوکەسە کە مالەکەی لی وەرگیراوە • جا ئەگەر شاهیدەکان هەموو پەشیمان بوونەوە ئەوە مالەکە ئەبژیرن لەسەر حیسابی سەریان • وە ئەگەر هەندیکیان پەشیمان بوونەوەو نیصابی شەهادەت مابووەوە ئەوە بژاردنی مالیان لەسەر نی‌یە • وە ئەگەر نیصابی شەهادەت کەم بووەوەو ژمارەی شاهیدەکان لە وەختی خوی‌دا لەنیصاب زیاتر نەبوو،ئەوە ئەمشاهیدە کە پەشیمان بووەتەوە قیسطی خوی ئەبژیری • وە ئەگەر ژمارە لە نیصاب زیاتر بوو وەکو دووکەس لە سی شاهید ئەوە لە فەرموودەیەکدا قیسطی نیصابی پی‌ئەدەن کە نیوەیە ، وە لە فەرموودەیەکدا قیسطی ژمارە کە دوو سی‌یەکە •

وە ئەگەر پیاویکو دوو ژن لەپاش شەهادەتدان پەشیمان بوونەوە ئەوە پیاوەکە نیوەو دوو ژنەکەش نیوەیان لەسەرە • ئەگەر پیاویکو چوار ژن لەپاش شەهادەت بە شیر پەشیمان بوونەوە ئەوە پیاوەکە سی‌یەکیکی (مهر المثل)و ژنەکان دوو سی‌یەکی (مهر المثل) ئەبژیرن • ئەگەر هەر

ناقە پیاوەکە یا تەنها دوو ژن لە ژنەکان پەشیمان بوونەوە ئەوە هیچیان ناکەویتەسەر چونکە نیصاب ماوەتەوە • ئەگەر پیاویكو چوار ژن شەهادەتیان دا بە مالیك وە لەپاش حوکمدان پەشیمان بوونەوە ئەوە پیاوەکە نیوەی مالەکەیو ژنەکانیش ئەو نیوەکەی ئەبژیرن خواه لەگەل ئەودا پەشیمان بووبنەوە یا بە جیا • وە ئەگەر دوو ژن لەم چوار ژنە پەشیمان بوونەوە ئەوە هیچیان لەسەر نی‌یە چونکە نیصابی شەهادەت ماوە •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەگەر شاهیدی پاریزراوی (احصان) لەپاش ثابتبوونی زیناو جی‌بەجی‌کردنی حەد بەسەر کابرای زیناکەردا پەشیمان بوونەوە ، یاخود ئەگەر شاهیدی بەجی‌هاتنی صیفەت لە تەعلیقی تەلاق پەشیمان بوونەوەو حوکم بە کەوتنی تەلاقەکە کرابوو ئەوە ئەو شاهیدانە هیچ نابژیرن چونکە شاهیدی پاریزراوی شەهادەتیان نەداوە بە زینا کە سەبەبی حوکمە ، وە شاهیدەکانی صیفەت لە تەعلیقدا شەهادەتیان نەداوە بە تەلاق کە سەبەبی حوکم بە جیابوونەوەیە • ئاشکرایشە کە حوکم ئیضافە بو لای سەبەب ئەکری نەك بو لای شەرت •

باسی ئیددیعاو شاهید

ئیددیعا لە شەرعدا بریتی‌یە لەوە کەسیك لای قاضی ئیددیعای حەقیکی شەرعی‌ی خوی بکا لەسەر کەسیك بوئەوە کە قاضی ئەوکەسە ناچار بکات بە دانەوەی ئەو حەقە • شاهیدیش بریتی‌یە لەوکەسەی کە حەقەکەی پی ثابت ئەبی •

دەلیل لەم‌باسەدا ئەوەیە کە خوا فەرموویەتی (واذا دعوا الی الله ورسوله لیحکم بینهم) واتە ئەگەر بانگ بکرین بولای خوداو پیغەمبەر تا حوکمیان لەنیواندا بدا وە حەزرەت صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی (لو یعطي الناس بدعواهم لادعی اناس دماء رجال وأموالهم ، ولکن البینة

على المدعى واليمين على من أنكر) يەعنی ئەگـــەر ئادەمیزاد بە داواکردن مەبەستی خویان بدرایەتی هەندی کەس بـە ناحەق داوای خوین‌و مـالی هەندی کەسی‌تریان ئەکرد • بەلام شاهید لەسەر ئەوکەسەیە کە ئیددیعـا ئەکاو سویند لەسەر ئەوکەسەیە کە ئینکاری ئەکا • یەعنی لەبەرئەوە کە قسەی (مدعی) لاوازەو خیلافی ظاهیرە پیویستی هـەیـە بـە دەلیلیـکی خاوەن‌هیز کە بریتی‌یە لە شەهادەتی شاهید • وە لەبەرئەوە کە قســـەی (مدعی علیە) خاوەن هیزەو لەسەر ئەصل ئەروا کە پاکی‌ی ئەستویەتی لە حەقی خەلك بە سویندی رووت قەناعەتی پی‌ئەکری •

دەعوا چەند شەرتی هەیە وەکو لە باسی (قەســـامە)دا روونمان کردەوە • لەو شەرتانەیە ئەمە کە دەعوا لای قاضی یا لای کەسی بی کـــە کرابی بە حەکەم •

جا ئەو شتە کە داوا ئەکری ئەگەر سزایەك بوو کە حەقی خودایــە وەکو حەدی دزی‌و جەردەیی‌و شەراب خواردنەوە ئەوە دەعوای تیـــادا نابیسری • بەلی شەهادەتی خورایی تیا قوبوول ئەکری • وە ئـەگـــەر سزایەك بوو کە حەقی ئادەمیزادە وەکو قیصاص‌و حـەدی قـەذف ئـەوە پیویستە ئەو دەعوایە لای قاضی بکریت‌و لەپاش ثابت‌بوونی قاضی حەقەکە بسینی •

مادام قاضی لە ولاتا بی‌و موبالات بکا بە وەرگرتنی حەقی ئادەمیزاد دروست نی‌یە کابرای (مدعی) سەربەخو حەقەکەی بسینی لـەبـەرئەوە کە ئەبی بەهوی فیتنەو شورش لە ولاتدا • هەروەها دەعوا ئەبیســری لای قاضی ئەگەر دەعوای غەیری سزا بی بەلام لەو حەقانە بی کـە شەهادەتی خورایی‌یان تیدا وەرناگیری لە عەقدو هەلوەشاندنەوە وەك فروشـــتن‌و بەکری‌دان‌و مارە برین‌و تەلاق‌دان‌و پاشگەز بوونەوەو غەیری ئەمـانە • وە ئەگەر لەو حەقانە نەبی کە شەهادەتی خورایی‌یان تیــدا وەرئەگیری

ئەوە دەعوا پیویست نی‌یەو بە شەهادەتی خورایی قەناعەت ئەکری ، بەلام ئەگەر دەعوا کرا ئەو دەعوایە ئەبیسری •

وە ئەگەر مەبەست لە دەعوا مال بوو ، وە مالەکە عەینیك بوو لای کەسیك خواه داواکەی بەهوی مولکەوە بی یا بە کری‌دان یا وەقف یا وەصیەت بە قازانج یا بەهوی ویلایەتەوە بی وەکو ئەوە یەکی مالی منالیکی زەوت کردبی‌و کابرا نەتوانی بە بی‌هەرا ئەو عەینە وەربگریتەوە ئەوە لەگەل ئەوەدا کە دروستە دەعوای بکا لای قاضی دەعواکردن واجب نی‌یەو کابرا ئەتوانی سەربەخو بروات ئەو عەینە بهینیتەوە • وە ئەگەر ترسی هەراو ئاژاوەی هەبوو واجبە لای قاضی دەعوای بکاو بە زوری ئەو وەری‌بگریتەوە •

وەئەگەر مالەکەی قەرزیك بوو لە ئەستوی کەسیکدا کە ئینکاری نەئەکرد ئەوە دەعوا لای قاضی دروست نی‌یە بەلکو ئەبی بروا داوای بکا لەوەی کەوا لەسەریەتی‌و وەری‌بگریتەوە ، وە دروست نی‌یە لە مالی ئەوکەسە شتی وەربگری • وە ئەگەر قەرزەکەی لەسەر کەسیك بوو کە ئینکاری ئەکردو ئەم (مدعی)یە شاهیدی نەبوو یا شاهیدی هەبوو بەلام شەهادەتیان بو نەئەدا یا داوای مالیان لی ئەکرد یا قاضی بەرتیلی وەرئەگرت ئەوە (مدعی) ئەتوانی لە جینسی حەقەکەی خوی ئەوەندەی ئەو حەقە بە دزی‌و بەهەر شیوەیەك ری‌ی تی‌کەوی لە مالی کابرا وەربگری • وە ئەگەر لە جینسی حەقەکەی خوی نەبوو ئەتوانی لە غەیری جینسی ئەو حەقە وەربگری بەپی‌ی مەذهەبی ئیمامی شافیعی خوی •

وە ئەگەر قەرزەکەی لەسەر کەسیك بوو کە پی‌ی لی‌ئەنا بەلام نەی‌ئەدایەوە ، یاخود لەسەر کەسی بوو کە ئینکاری ئەکردو ئەم (مدعی)یەش شاهیدی هەبوو ئەوە وەکو ئەتوانی لای قاضی داوای بکا

ئەیشتوانی سەربەخو حەقەکەی وەربگری چونکە داوای لای قاضی‌و رابووراندنی شاهید زەحمەتە • بەلام هەندیك ئەلین لەم‌کاتەدا واجبە هەر لای قاضی داوای بکا چونکە شاهیدی هەیەو بە قاضی بەئاسانی وەری‌ئەگری •

هەروەختی کابرا بتوانی عەینی حەقەکەی لە جینسی ئەو حەقە یا لە غەیری جینسی لە مالی ئەوکەسە وەربگری‌و ئەمەی بو ری‌نەدەکەوت مەگەر بەهوی شکاندنی دەرگاوە یا بەهوی رووخاندنی پەرژین یا کون‌کردنی دیوارەوە ئەوە دروستە بو نەفسی خوی ئەمانە بکا ، وە دروست نی‌یە وەکیل بنیری ئەم ئیشانە بکا • بەلام ئەگەر خوی بەتەنها بوی نەدەکرا ئەتوانی یەکی لەگەل خویا ببا بوئەوە یارمەتی‌ی بدا لەو ئیشانەدا • بەلی لەم صوورەتا گەلی لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەگەر بەهوی قاضی‌یەوە حەقەکەی بو وەرئەگیرا دروست نی‌یە ئەم ئیشانە بکا چونکە ئەبن بەهوی فیتنەو هەرا لەناو خەلکدا •

جا ئەگەر خوی سەربەخو رویشت لە مالی کابرا مالیکی دەرهیناو ئەو مالە لە جینسی حەقەکەی خوی بوو ئەوە ئەتوانی لەجیاتی‌ی مالەکەی خوی تەسەروفی تیدا بکا ، بەلام بەبی نیازی کردن بە مولك نابی بە مولك بوی ، وە هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە ئەو مالە هەر بە وەرگرتن ئەبی بە مولکی •

وە ئەگەر لە غەیری جینسی حەقەکەی بوو ئەتوانی بە نەفسی خوی یا بەهوی وەکیلەوە بیفروشی‌و حەقەکەی خوی لی وەربگری • وە ئەگەر شتیکی لی مایەوە هەلی‌بگری تا بە هەرجوری بووە ئەیداتەوە بە خاوەنەکەی • هەندیکیش ئەلین واجبە لەسەری ئەو مالە بدا بە قاضی بیفروشی لەبەرئەوە کە قاضی بە ئەمینی گشتی ئەناسری‌و تەسەروفی

ئەویش ئەبی بەهوی دوورکەوتنەوەی ئەم کەسە لە توهمەتی خەیانەت •

ئەو مالە کە ئەم کەسە وەری ئەگری لە مالی کابرا خواه لە جینسی حەقەکەی بی یا نە ئەکەویتە ضەمانەتی ئەم کەسەوە • وە ئەگەر فەوتـا ئەندازەی حەقەکەی دائەشکیو واجبە لەسەری ئەوی تری بژیـری بـو خاوەنەکەی •

(بزانن) دروست نی یە بو خاوەن حەق کە زیاد لە حەقەکەی خوی وەربگری مەگەر بوی ری نەکەوی کە شـــــتیکی وا وەربگری ، ئەوە لەم کاتەدا دروستە شتە زیادەکە وەربگری لەبەر ناچاری • وە هەروەکـو دروستە لە مالی قەرزارەکەی وەربگری دروســـتە لـــە مالی قەرزاری قەرزارەکەیشی وەربگری بەم شەرتە دەستی نەگا بە مالی قەرزارەکەی • بەلام واجبە لەسەری هەردولا حالی بکا لەم واقیعە بوئەوە کە جاریکی تر کابرای قەرزاری ئەم خاوەن حەقە ئەو قەرزەی لەو قەرزاری دووەمـە وەرنەگری •

فەرموودەی ئاشکراتر ئەوەیە کە (مدعی) کەسیکە قسەی خیلافی ظاهیر بی کە بەرائەتی ذمەی کابرای (مدعی علیە)یەو ، (مدعی علیە) کەسیکە قسەی موافیقی ظاهیر بی کە بەرائەتی ذمەیەتی • دەی ئەگـــەر ژنو میردیکی کافر لەپیش چوونەلای یەك ئیســلام بوونو کـابـرا وتی بەیەکەوە موسولمان بووین کەواتە نیکاح لەبەینماندا ماوەتەوەو ژنەکە وتی نەخەیر بەرودوا موسولمان بووینو نیکاح لە بەینماندا نـەماوەتەوە ئـەوە کابرا بە (مدعی) ئەزانری لەبەرئەوە کە ئیسلام بوونیان بـەیـەکـــەوە خیلافی ظاهیرە ، وە ژنەکە بە (مدعی علیها) ئەزانری • کەوابی ئەگەر کابرا شاهیدی هەبوو لەسەرئەوە کە بەیەکەوە ئیسلام بوون ئەوە باشـە ئەگەرنا ژنەکە سویند ئەدری •

ئەگەر یەکێ ئیددیعای نەقدێکی پاك یا خلتە یا قەرزێکی وینـــەدار (مثلی) یا قیمەت بۆ دانراو (متقوم)ی کرد ئەوە شەرتە بۆ دامـەزرانی ئیددیعاکەی بەیانی جینس و جۆرو ئەندازەو ساغی و شکاویی نەقدەکـــە بکا • هەروەها هەر صیفەتێکی‌تر کە نیازی پێ‌بگۆڕی چونکە شــــەرتی دەعوا ئەوەیە کە دیاری کراوو (ملزم) بێ •

وە ئەگەر کەسێ ئیددیعای عەینێکی کرد کە حازر بوو لە ولاتەکەداو مومکین بوو بەعادەت حازر بکرێ و ضەبطی صیفەتەکانی بکرێ وەکـــو حەیوان و دەغل و دان ئەوە واجبە کابرای (مدعی) وەصـــفی بکا بـــە صیفاتی سەلەم چونکە بەتەواوی جیا ناکرێتەوە لە غەیری خۆی هـەتـــا بەیانی صیفەتی نەکا • وە ئەگەر قابیل نەبوو ضەبط بکرێ بە بـەیـــانی صیفەت وەکو گەوهەری یا یاقووتێك یا ئەلماسێك ئەوە واجبە کـابـرای (مدعی) بەیانی قیمەتەکەی بکات هەروەها بـەیـــانی جینس و نـەوع و رەنگیشیان بکا ئەگەر بەهۆی ئەمانەوە قیمەتیان بگۆڕێ•وە ئەگەر ئەو عەینە کە داوای ئەکا لای (مدعی) فەوتابوو ، ئەوە لەم‌کاتەدا ئەگەر (مثلی) بوو واجبە باسی صیفاتی بکا بۆئەوە لەپاش ئیسبات کابرای (مدعی علیە) ناچار بکرێ لەسەرئەوە کە وێنەی ئەو عەینە تەسلیم بکا ، وە ئەگەر (متقوم) بوو واتە شتێك بوو کە قیمەتی بۆ دائەنرا واجبە بەیانی قیمەتەکەی بـــکا لەبەرئەوە کە پێویستە (مدعی بە) دیاری بێ •

بەڵێ لە چەند شوێنێکدا ئیددیعای شتی نامەعلووم دروستە وەکـــــو ئیددیعای وەصیەت و ئیقرارو ڕێ‌گوزەر ، وە شوێنی هاتنی ئاو بۆ موڵکی خۆی لەناو موڵکی کەسێکی‌ترەوە ، مەسەلا کابرا ئیددیعا بکا لە هەندێ لە میرات‌بەرەکان کە باوکیان وەصیەتی کردووە بە شتێ لە ماڵی خۆی بـــۆ ئەو ، یا بڵێ بە کەسێك کە تۆ ئیقرارت کردووە بە شتێ لە ماڵی خۆت بۆ

من ، یا بلی حەقی هاتوچوم لە مولکی تودا هەیە یا حەقی ئەوەم هەیە کە لە مولکی تووە ئاو بینم بو مولکی خوم .

وە ئەگەر کەسێك ئیددیعای نیکاحی کرد لە ژنێك پیویستە تەفصیلی بدا بەوەڕەنگە کە بلی ئەو ژنەم مارە بڕیوە بە مارە بڕینیکی دروست بـــە ویلایەتی وەلی‌یەکی عادل‌و شەهادەتی دوو شـــــــــاهیدی عـــادل‌و بە ڕەزامەندی‌ی ژنەکە ، بەلام ئەم قەیدە دواییی‌یە بو کاتیـــکە ڕەزامەندی‌ی ژنەکە پیویست بی ، ئەگینا هەر بەیانی ڕەزامەندی‌ی وەلی‌یەکە بکا کـە باوك یا باپیرە بووە .

وە ئەگەر ئیددیعای عەقدیکی مالی‌ی کرد وەکو فروشتن‌و ســەلەم‌و بەخشین ئەوە لەمانەدا دەعوای موطلەق کیفایەت ئەکاو پیویست بە دریژە پی‌دان نی‌یە چونکە موعامەلاتی مالی وەکو نیکاح نی‌یە لە ئیحتیاط کردن‌و ئەهمیەت پیدانا ، بەلام پیویستە باسی دامەزرانی بکا مەسەلا بلیت فلان‌کەس بە فروشتنیکی دروست ئەو خانووەی پی‌فروشتووم .

وە ئەگەر دەعوا لەسەر مردوویەك بوو کە میرات‌گریکی تایبەتی‌ی نەبوو یا لەسەر کەسیکی نادیار بوو کە وەکیلی نەبوو یا لەسەر حیجر لەسەر دانراویك بوو کە لە چاودیری‌ی قازی‌دا بوو یا لەسەر (بیت المال) بوو ئەوە لەم صوورەتانەدا واجبە لەسەر قاضی یەکی دابنی بیکا بـــە (مدعی علیه) لەجیاتی‌ی ئەمانە بوئەوە دەعواکەی لی بکری وە ئەگەر دەعواکـە بو ئەمانە بوو واجبە لەسەر قاضی لەجیاتی‌ی ئەمانە (مدعی) دابنی بوئەوە کە دەعوایان بو بکا .

(بزانن) پاش ئەوە کە (مدعی) دەعواکەی کردو شـــــــاهیدی ڕابووراند ، (مدعی علیه) حەقی ئەوەی نی‌یە سویندی (مدعی)یەکـە بدا لەسەرئەوە کە موستەحەقی ئـەو حەقەیە چونـکە ئەمە ئـەبی بـــە

داواکردنی (حجّة) لەپاش (حجة)و ئەبی بە تانەیەکی ناحەق لە شاهیدەکان • بەلی دروستە بو خاوەن قەرز پاش ئەوە کە قەرزارەکەی شاهیدی رابووراند لەسەر لاتیی خوی سویندی بدا کە مالی نییە • هەروەها ئەگەر یەکی شاهیدی رابووراند لەسەرئەوە کە مالیکی عەینیکەو شاهیدەکان وتیان ئاگامان نییە لەوە کە ئەم مالەی فروشتبی یا بەخشیبیتی ئەوە بو خەصمەکەی دروستە سویندی بدا لەسەر ئەوە کە بە هیچ جوری ئەو عەینە لە مولکی خوی دەرنەچوە •

ئەگەر لەپاش دەعوا کابرای (مدعی علیه) وتی ئەو مالی تویە کە لەسەرم بووە داومەتەوە یاخود ئازادت کردووم لیی یا بە پارە کریم لیت یا بەخشیت پیم‌و داتە دەستم ، ئەوە ئەگەر بو ئیسباتی ئەمانە شاهیدی رابووراند باشە • ئەگینا قسەکەی بیسوودەو بەس ئەوەی بو هەیە کابرای (مدعی) سویند بدا لەسەر ئینکاری ئەم شتانە کە ئەم ئیددیعای کردوون • شەرتی بیستنی ئەو جورە دعوایە ئەوەیە کە لەپیش رابووراندنی شاهیدی (مدعی)دا بی یا لەپاش رابووراندنی شاهیدو لەپیش حوکمی قاضیدا بی ، وە ماوەیەکی وایش رابووردبی کە ئەو گویزانەوانەی تیادا مومکین بی • ئیتر لەپاش حوکمی قاضی ئەو دەعوایە نابیسری • بەلی (اذرعی)و (زرکشی)و (بلقینی) فەرموویانە لەپاش حوکمی قاضیش هەر دەبیسرین مادام کابرای (مدعی علیه) داوای کەوتنی ئەوانە بکا لەپیش حوکمی قاضیدا یەعنی بلیت هیشتا قاضی حوکمی نەکردبوو ئەو گەردن ئازادییە یا ئەو فروشتنە یا ئەو بەخشین‌و وەرگرتنە جیبەجی بوون چونکە ئەگەر کابرای (مدعی) ئیقرار بکا بەمانە ئەوە قازانجی هەیە بو (مدعی علیه) ، وە هەرچی قازانجی هەبی بو هەرکەس لە مورافەعاتدا ئەتوانی‌و دروستە دەعوای بکات •

دروستە بو (مدعی علیه) دەعوا بکا لە (مدعی)یەکەی کە ئەزانی

به فاسقیی شاهیدەکانی یا بە درو کردنیان ، وە لەم‌کاتەدا ئەبی (مدعی) سویند بخوا لەسەرئەوە کە بەوانە نازانی، وە ئەگەر ئەم سویندەی نەخوارد ئەوە (مدعی علیه) ئەتوانی سویند بخوا کە (مدعی) بە فاسقی یـا بـە درۆی شاهیدەکان ئەزانی‌و لەم‌کاتەدا شەهادەتەکەیان بەتال ئەبیتەوە •

وە ئەگەر کەسیك ئیقراری کرد بە شتیك بو کەسیك وە لەپاشـاندا ئیددیعای کرد کە ئەو ئیقرارەی لەرووی زانستی خویەوە نەبوە بەلـکو لەسەر تەماشا کردنی قەبالە بووە ئەوە ئەتوانی کابرای ئیقـرار بوکـراو سویند بدا لەسەر ئەوە کە ئیقرارەکەی لەسەر بنچینەی زانینی خوی بوە •

(بزانن) دروست نی‌یە بو (مدعی علیه) ئیـددیعـای ئـەوە بـکا کە شاهیدەکان درو ئەکەن‌و سـویندیان بـدا لەســەر ئـەوە کە لـەو شەهادەتەیان‌دا راستیان وتووە • هەروەها بوی دروست نی‌یە دەعوای ئەوە بکا لە قاضی کە زانیویەتی ئەو شاهیدانە درو ئەکەن‌و بە ناحەق حوکمی داوە چونکە شاهید سویند نادری‌و پایەی قاضی‌یش بەرزترە لەوە کە ئەم جورە توهمەتەی لەسەر بزمیرری • هەروەها ئەگەر یەکی دەعوای کرد لە (مدعی)و وتی تو وەختی خوی منت ئازاد کردووە لە دەعوا کــردن ئەوە ئەم قسەیە بی‌سوودە چونکە لە فەرزیکدا ئازادیشی کردبی لە دەعوا لی کردن ئازاد کردن لە دەعوا بەتالە •

ئەگەر یەکی مالیکی فروشت‌و پاشان دەعوای ئەوەی کرد کە ئـەو مالەی لەپیش فروشتندا وەقف یا نەذر کردووە لە کەسیك ئەوە ئەگــەر لەکاتی فروشتنەکەدا بەیانی ئەوەی نەکردبوو کە ئەو مالە مالی خویەتی ئەم دەعوایەی لی ئەبیسری‌و ئەتوانی شاهیدی لەسەر راست کاتەوە • وە ئەگەر لە وەختی فروشتنەکەدا بەیانی خاوەن مولکیتیی خوی کـردبوو ئەم دەعوایەی لی نابیسری‌و شاهیدی لی وەرنـاگیری • بـەلی ئـەتـوانی

کریارەکە سویند بدا کەوا ئاگای لەو وەقفو نەذرە نی‌یەو ماڵەکە لە وەختی فروشتنەکەدا مولکی فروشیار بووە •

ئەگەر (مدعی علیه) لەپاش دەعوای (مدعی)و رابووراندنی شاهید داوای مولەتی کرد لە قاضی بوئەوەی رەدی ئەم شەهادەتانە بکاتەوە واجبە لەسەر قاضی مولەتی بدا ، بەلام واجبە کەفیلی لی وەربگری یاخود پاسەوانیکی لەسەر دابنی نەوەك رابکا ، وە نابی ماوەی ئەو مولەتە لە سی روژ زیاتر بی • وە ئەگەر لەپاش سی روژەکە شاهیدی (جرح)ی هیناو داوای مولەتیکی‌تری کرد بوئەوەی (تعدیل)ی شاهیدەکانی خوی بکا یاخود تاقە شاهیدیکی هینابوو وە داوای مولەتی کرد بوئەوەی شاهیدیکی‌تریش بینی ئەوە قاضی سی روژی‌تریش مولەتی ئەدا •

وە ئەگەر ئەم (مدعی علیه)یە ناحیەی فاسقی‌ی دیاری کردبوو بو بەرپەرچ دانەوەی شاهیدەکانی (مدعی)و شاهیدی دەست نەکەوت بو ئیسبات کردنی فاسقی‌یان ، ئەمجار ناحیەیەکی‌تری دیاری کرد وەکو دوژمنایەتی‌ی شاهیدەکان لەگەلیدا ئەوە ئەم گورینەی لی قوبوول ناکری ئەگەر لە ماوەی مولەتەکەدا بی • وە ئەگەر لەپاش تەواوبوونی ماوەی مولەتەکە بوو قوبوول ئەکری •

وە ئەگەر تا ماوەی مولەتەکە تەواو بوو بەرپەرچی شاهیدەکانی بو نەدرایەوە بەلام گەرایەوە سەر قاضی کە (مدعی)یەکەی بو سویند بدا لەسەر ئەوە کە (مدعی علیه)ی ئازاد نەکردووە واجبە لەسەر قاضی بەگوی‌ی بکاو سویندی (مدعی)یەکەی بو بدا •

ئەگەر کەسیك ئیددیعای قەرزیکی خاوەن وەعدەی ئەکردو هیشتا وەعدەکە نەهاتبوو ئەوە ئەم دەعوایە نابیستری • بەلی ئەگەر هەندی لە

قەرزەکە وەعدی هاتبوو وە دەعوای گشتی کرد بوئەوە ئەو هەندەی کە وەعدەی هاتووە وەری‌بگری ئەوە دەعواکەی ئەبیسری •

(بزانن) وەکو لە (قەسامە)دا بەیانمان کرد شەرتی دەعوا ئەوەیە کە پیچەوانەی ئەو دەعوایە لەپیشەوە رانەبووردبی ، وە لەمجورەیە ئەمە کە فەرع ئەسلی خوی بەدرودا نەخاتەوە ، کەواتە ئەگەر پیاویك ئیقراری بەوە کرد کە لە نەتەوەی حەزرەتی (عباس)ەو پاشـــــان کورەکەی ئیدیعای کرد کە لە نەتەوەی حەزرەتی (علي)یە ئـەوە ئەم دەعوایـــە نابیسری •

لە هەموو دەعوایەکدا زانینی ئیـدیعـا کراوەکـــەو واجب‌بوونی لەسەر ئیدیعا لەسەرکراوەکەو عەدەمە مناقضە پیویستە تەنها لەو چەنـد ماددەیەدا نەبی کە بەیان کران بو دامەزرانی ئیدیعای شتی نەزانراو •

لە دەعوا لەسەر نادیارو مردوو منال‌و شیت‌دا پیویستە کابرای (مدعی) بلیت بە قاضی شاهیدم هەیەو ئەمەوی بیهینم شەهادەتم بو بدا • کەواتـە ئەگەر یەکیك ژنەکەی تەلاق داو ژنەکەی شووی کرد بە یەکیك‌و میردە کونەکەی لای قاضی ئیدیعای کرد کە ئەو ژنـە لـەپیش تـەواو بوونی (عده)یدا شووی کردوە ، پیویستە کابرای (مدعی) بلیت من لە فلان روژدا تەلاقم داوەو شاهیدم لەسەر ئەمە هەیە • کەواتە بەو حیســـــابە لەو روژەدا شووی کردووە (عده)ی تەواو نەبوەو نیکاحەکەی بەتالە •

پیویستە بو ئیدیعای فروشتن یا بەخشین لە کەسیك کە عەینەکـە بە دەستیەوەیە بلیت ئەو عەینەم کری لە فلان‌کەس یا بە بەخشـــــین لیم وەرگرت‌و لەوکاتەیشدا مولکی خوی بوو • وە لەکاتی دەعوا لەســـــەر مردوودا ئەگەر دەعوا لە میرات‌گریکی تایبەتی بوو پیویســـــتە بلی ئـەم میرات‌گرەیش ئەزانی بەو قەرزی منە مەسەلا ، وە شاهیدیشـــم هـەیـە لەســـەری •

ئەگەر کەسێك ئیدیعای هەزار درەمی کرد لە کەسێك و ئەویش وتی ئەو هەزار درەمە لە حەقی فلانە شتدا لیم وەرگرت پێویستە (مدعی علیه) دەس بەجێ ئەو هەزار درەمەی بداتە دەست چونکە هەردولا ریك کەوتوون لەسەر ئەوە کە هەزار درەمەکە هەیەو جیاوازی لە هوی بوونی هەزار درەمەکەدا زیانی نی یە • جا ئەگەر کابرا لەپاشاندا ئیسباتی ئەو شتەی کرد کە بایی هەزار درەم بووەو پێی فروشتووە ئەتوانی حەقەکەی لی وەربگریت •

دەعوای عەقدی دانەمەزراو ئەبیستری بوئەوە کە پارەکەی بو بدریتە دواوە • وە دەعوای عەقدی خیلافی ئەبیسری بوئەوە کە قاضی حوکمی پی بکا لەسەر مەذهەبی خوی ئەگەر (مجتهد) بی یا لەسەر مەذهەبی ئیمامە تەقلید کراوەکەی وەکو دەعوای شافیعی مەذهەب بو (شفعەی جوار) لای قاضی‌ی حەنەفی مەذهەب •

باسی جواب دانەوەی دەعوا

ئەگەر (مدعی علیه) جوابی (مدعی)ی نەدایەوەو بەردەوام بوو لەسەر بی‌دەنگی ئەوە دائەنری بە ئینکارکەریك کە نکوولی بکا لە سوێند خواردن ، وە لەم کاتەدا قاضی حوکم ئەکا بە نکوولی کردنی یا ئەلی بە (مدعی) سوێند بخو • ئەویش سوێند ئەخواو قاضی حوکمی بو ئەدا • ئیتر پاش ئەمە مەیدان نادری بە (مدعی علیه) سوێند بخوا لەسەر نەبوونی حەقی (مدعی) ، بەلام شەرتی ئەمە ئەوەیە کابرای (مدعی علیه) بزانی ئەنجامی بی‌دەنگ بوونی‌وا خراپە ، یا نەزانی‌و قاضی حالی‌ی بکا کە ئەگەر بی‌دەنگ بی بە نکوول کردوو دائەنری •

ئەگەر (مدعی) داوای دە درەمی کرد لە یەکێك و کابرا وتی دە

درەمم لەسەر نی‌یە ئەوە کافی نی‌یە لە جوابدا هەتا نەلی کەمتر لـــە دە درەمیشم لەسەر نی‌یەو سویند بخوات لەسەر ئەمە • ئەگەر هەر سویندی لەسەر نەبوونی دە درەم ئەخوارد ئەوە نیسبەت بە کەمتر لە دە درەم بـە نکوول کردوو ئەناسری • وە لەم‌کاتەدا (مدعی) ئەتوانی سویند بخـوا لەسەر ئیستیحقاقی کەمتر لە دە درەمو وەری ئەگری • بەلی ئەگەر قاضی هەر لەسەر نەبوونی دە درەم سویندی پی نیشان دا ئەویش وەها سویندی خوارد ئەوە (مدعی) بە بی دەعوایەکی تازە ناتوانی لەسەر ئیستیحقاقی کەمتر لە دە درەم سویند بخوات •

ئەگەر (مدعی) ئیستیحقاقەکەی خوی دایە پال عەقدیك ، مەسەلا ژنیك دەعوای کرد لە میردەکەی کە لەسەر پەنجا دینار مارەی کردووەو داوای ئەو مالەی کرد ئەوە بەسە کە کابرا لە جوابیدا بلیت بە پەنجـــا دینار مارەم نەکردووەو سویندی لەسەر بخوا • وە ئەگەر کابرا نکوولی کرد لە سویند ئەوە ئەو ژنە ناتوانی ئیدیعا بکا کە لەسەر چلو نو دینار مارەی کردووەو وەری‌بگری چونکە ئـەم دعوایـە پیچەوانـەی دەعـوا پیشووەکەیە • کەوابی لەپاش سویندی کابرا ئەم ژنە (مهر المثـــل)ی ئەکەویتە سەری •

ئەگەر یەکی ئیدیعای مالیکی کرد لە کەسیك‌و شـاهیدی نەبوو ، وە وتی بە (مدعی علیه) سویند بخو ، ئەویش وتی سویند ناخومو ئەوە مالەکەیە وەری بگرە ، واجب نی‌یە لەسەر (مدعی) وەری‌بگری بـــە بی‌ئەوە کە (مدعی علیه) ئیقرار بکا بەو مالە ، وە بوی هەیە ســـویندی بدا لەبەرئەوە کە ئەمین نی‌یە لەوە کە لە پاشەروژدا داوای ئەو مـالـــە بکاتەوە لە (مدعی)و لی‌ی بسینیتەوە • هەروەها ئەگەر (مدعی علیـــە) نکوولی کرد لە سویندو (مدعی) ویستی سویند بخواو (مدعی علیـە) وتی سویند مەخوو مالەکەت وەربگرە ئەتوانی (مدعی) وەری‌نەگری تـا

سویندەکە ئەخوا یاخود (مدعی علیه) ئیقرار ئەکا بە ثابت بوونی ئەو ماله لەسەری •

ئەگەر کابرا دەعوای مالیکی کرد کە بەسرابوو بە هویەکەوە ، مەسەلا وتی دە دینارم بە قەرز پیداوی پیمبدەرەوە ، کافی‌یە کابرای (مدعی علیه) بلیت هیچت لەسەرم نی‌یەو ئیتر باسی قەرز نەکا • یاخود دەعوای کرد کە حەقی شوفعەم لەسەرتە کافی‌یە بلیت هیچ حەقت لەسەرم نی‌یە یاخود موستەحەقی ئەوە نیت ئەو بەشە مالەت بدەمی ، ئیتر پیویست نی‌یە بەئاشکرا بلی حەقی شوفعەت نی‌یە چونکە ریك‌ئەکەوی لە ئەسلدا حەقی شوفعەی لەسەر بووبی بەلام بەهوی شتیکەوە ئەو حەقە نەمابی • وە ئەگەر ئیستە ناوی کەوتنی ئەو حەقە ببا بەهوی مانیعیکەوە ئیسباتی ئەو مانیعەی بو ناکری • کەواتە لەبەر ناچاری لی‌ی قوبوول ئەکری بە موطلەقی بلیت هیچ حەقت لەسەرم نی‌یە •

وە ئەگەر یەکیك دەعوای (ودیعه)ی کرد کافی‌یە (مدعی علیه) بلیت هیچت بە (ودیعه) لام دانەناوە ، یا بلیت موستەحەقی هیچ نیت لەسەرم یا مالەکەت فەوتاوە لام یا داومەتەوە پیت ، ئیتر بەس نی‌یە بلیت واجب نی‌یە لەسەرم بتدەمەوە چونکە ئەگەر (ودیعه)کەیشی لابی واجب نی‌یە لەسەری کە ئەم تەسلیمی بکاتەوە ، بەلکو هەر ئەوەندە پیویستە مانیع نەهیلی لەبەینی خاوەن وەدیعەو مالەکەیدا •

ئەگەر ژنیك داوای هەزار درەم مارەیی کرد ئەوە ئەگەر کابرا ئینکاری ژنو میردی‌ی ئەکرد لەبەینیاندا ئەوە بەسە بلیت پیویست نی‌یە لەسەرم هیچت بدەمی•وە ئەگەر ئیقراری ئەکرد بە ژنو میردی، ئەوە ئەم جوابە کافی نی‌یە بەلکو پیویستە قاضی لی‌ی بپرسی • جا ئەگەر کابرا ناوی ئەندازەیەکی‌تری برد ئەوە لەم صوورەتەدا ئەگەر هەردولا سویندیان

خوارد هەریەکی لەسەر ئەندازەیەك یاخود هەردولا نکوولیان کرد ئـەوە (مهر المثل) واجب ئەبی لەسەری • وە ئەگەر هەریەکیکیان سـویندی خوارد حوکم بو ئەویانە ئەدری بەو ئەندازە کـــە سـویندی لـەســـەر ئـەخـوا •

وە ئەگەر ژنەکە دەعوای تەلاقی کرد کافی‌یە کـابـرا بلی تـو ژنی منی • وە ئەگەر دەعوای نیکاحی کرد کابرا بلی تو ژنی من نیتو ئـەم لەفظە نابی بە تەلاق • جا ئەگەر کابرا سویندی خوارد لەسەر ئەوە کـە ئەو ژنە ژنی نی‌یە حەلالە بو کابرا خوشکی ئەو ژنە مارە بکا • یا ئەگەر سی ژنی‌تری بوو ئەتوانی ژنیکی چوارەم مارە بکا • بەلام مادەم ژنـەکـە ئیددیعای ئەوە ئەکا کە ژنی ئەو کابرایەیە ناتوانی شوو بکا هەتا کابرا بە صەراحەت تەلاقی ئەداو ماوەی (عدە) تەواو ئەبی ، وە لەم‌کـــاتـــەدا چاكوایە قاضی بە قسەی خوش بە کابرا بلیت کە بەو ژنە بلی « ئەگـــەر ژنی منی وا تەلاقم دای » •

(بزانن) (مدعی علیه) هەرچون وەرامی (مـدعی) بداتـــەوە بەگویرەی ئەو وەرامە سویند ئەخوا تا سویندەکەی موافیقی جوابـەکەی بی • مەسەلا ئەگەر وەرامی وا دایەوە وتی (قەرزت پی نەداوم) ئـەبی وەها سویند بخوا • وە ئەگەر وەرامەکەی موطلەق بوو یەعنی وتی هیچت لەسەرم نی‌یە ئەبی هەروەها سویند بخوا • وە لەم‌کاتەدا داوا لە (مدعی علیه) ناکری کە (تعرض) بکا بو نەفی کردنی سەبەبەکەی • وە ئەگەر خوی تعرضی بو کرد قەید ناکا • بەلام ئەگەر (مدعی) شاهیدی هینـــا لەسەر ئەو سەبەبەو لەپاشان (مدعی علیه) شاهیدی هینا لەسەرئەوە کـە ئەو حەقەی داوەتەوە یاخود (مدعی) ئازادی کردووە ئەوە نابیســـری چونکە ئەم (مدعی)یە زوو ئەم شاهیدەی بە درودا خستووەتەوە بەهوی نەفی کردنی سەبەبەکەیەوە •

وە ئەگەر یەکێ ئیددیعای قەرزێکی کرد لە کەسێكو ئەو قـەرزە وەعدەی هەبوو ، وە کابرا ناوی وەعدەکەی نەبرد ئەوە ئەوەندە کافی‌یە کە (مدعی علیه) وەرام بداتەوە بەوە کە ئیستە لازم نی‌یە لەسـەری تەسلیمی بکاو سویندەکەی لەسەر بخوا •

ئەگەر (مدعی علیه) سویندی خوارد لەسەرئەوە کە واجب نی‌یە لەسەرم هیچت بدەمێ جا (مدعی) هات ئیددیعای کرد وتی ئەو سویندەت لەبەرئەوە راست بوو کە لەوکاتەدا موفلیس بووی‌و ئیستا دەستت ئـەروا ئەوە ئەم دەعوایە لێ قوبوول ئەکری‌و (مدعی علیه) بەوە رزگار ئەبێ کە سویندی بو بخوات کە لە واقیعدا هیچ حەقی لەسەری نی‌یە •

(بیداری) ئەوەی کە وتمان کافی‌یە (مدعی علیه) لە جوابدا بلێ بە (مدعی) موستەحەقی هیچ نیت لەسەرم لە چەند صـوورەتیکدانابێ • یەکێ لەوانە ئەوەیە ئەگەر یەکێ ئیقراری کرد بەوە کـە هـەرچی‌وا لەمالەکەیدا مولکی ژنەکەیەتی‌و لەپاشاندا مردو ژنەکەی شاهیدی هینـا لەسەر ئەم ئیقرار کردنەو میراتگرەکان وتیان ئەم شتانە کە ئیستا لـەم مالەدان لەکاتی ئیقرار کردنەکەدا نەبوون ، ئەوە نابێ سویند بخون بـو ژنەکە بلێن تو موستەحەقی هیچ نیت لەسەرمان ، بەلکو ئەبێ بلێن ئاگامان لەوە نی‌یە کە ئەم شتانە هەموویان یا هەندیکیان لەم مالەدا بووبن •

ئەگەر کەسێك مالیکی رەهن‌کراو یا مالیکی بەکری لەلا بوو ، وە خاوەنەکەی داوای کردەوە ، کافی‌یە کابرا بلێت لازم نی‌یە لەسـەرم تەسلیمی بکەم ، وە ئەگەر ئیقراری کرد بو کابرا بە مولكو ئیددیعـای رەهن یا بەکری‌گرتی‌کرد واجبە لەسەری بە شاهید ئیسباتی ئەو رەهن‌و بەکری‌گرتنە بکا • کەواتە چارەی ئەمەیە بەو (مدعی)یە بلێت ئەگـەر ئیددیعای مولکی موطلەق ئەکەیت واجب نی‌یە لەسەرم تەسلیمت بکەم •

وە ئەگەر ئیددیعای مالی رەهن‌کراو یا مالی بەکری‌دراو ئەکەیت کـە لام بی بەیانی بکە تا جوابت بدەمەوە •

ئەگەر کەسیك دەعوای عەینیکی‌کرد لە کەسیك‌و ئەویش وتی ئەو عەینە هی من نی‌یە یاخود وتی هی پیاویکە نای‌ناسم یاخـــود مالی کـورە منالەکەمە یا وەقفە لەسەر فلان مزگەوت‌و مـن ناظرم لەسـەری ، ئـەوە فەرموودەی راستتر وایە ئەم جورە جوابە ئەو دەعوایە لانادا لەوکەسە ، بەلام عەینەکەش لە دەستی وەرناگیری ، چونکە فەرموودەی ئاشـــکراتر ئەوەیە ئەو عەینە کەوا لە دەستیا یا مولکی خوی بی یاخـــود کـابــرا موستەحەقی ئەوەبی کە لەلای بی ، بەلکو ئەگەر (مدعی) شـــــاهیدی هەبوو ئەوە باشە ، ئەگینا قاضی حەقی ئەوەی هەیە سویندی بدا کە واجب نی‌یە لەسەری ئەو عەینە تەسلیم بکا بوئەوە بەلکو ئیقرار بکا یاخود نکوول بکا لە سویندو (مدعی) سویند بخواو عەینەکەی لی وەربگری •

وە ئەگەر کابرای (مدعی علیه) ئیقراری کرد کە ئەو عەینە مـالی کەسیکە لەوشوینەدا حازرە یا زیاتر لە مەســـافەی (عدوی) نیو روژە ریگە دوور نی‌یەو ئەوکەسەیش قابیلی ئەوەبوو مورافەعەی لەگەلدا بکری ئەوە ئەبی قاضی پرسیاری لی بکا • جا ئەگەر باوەری بەم‌کەسە کرد ئەوە ئەو مورافەعەیە لە کابرای (مدعی علیه) لائەدا بولای ئەم کەسە • وە ئەگەر باوەری پی‌نەکرد ئەوە عەینەکە لەدەستیا ئەهیلریتەوەو مورافەعەی لەگەلدا ئەکری • جا ئەگەر (مدعی) شـــــاهیدی راست‌کردەوە ئـەوە باشە ئەگینا پیویستە کابرا ئیقرار بکا یا سویند بخوا یا ســویندەکە بداتــە دواوە بوسەر (مدعی) •

ئەگەر کابرای (مدعی علیه) ئیقراری کرد بەوە کە ئەو عەینە مالی کەسیکە لەو شوینە نی‌یەو لەمەسافەی نیوەروژە ری‌یەك دوورترە ، ئـەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە کیشە لەم‌کەسە لائـەدری‌و چاوەروانی ئـەوە

ئەکری ئەوکەسە نادیارە حازر بیتو مورافەعەی لەگەلدا بکری • جا ئەگەر (مدعی)یەکە شاهیدی هەبوو لەسەرئەوە کە ئەو عەینە مالی ئەوەو شەرتی (قضاء لەسەر غائب) هاتەجی ئەوە ئەبی قاضی حوکم بدا بەسەر نادیارەکەداو عەینەکە بداتە دەستی کابرای (مدعی) • وە مادەم مەسئەلەکە بوو بە مەسئەلەی (قضاء لەسەر غائب) پیویستە لەسەر (مدعی)یەکەیش سویند بخوا کە مالی خویەتی •

(بزانن) چاوەروانی لەم مەسئەلەیەدا هەر بو ئەوەیە کە عەینەکە نەدریتە دەستی (مدعی) • بەلام بو سوینددانی کابرا مەجالی هەیە • جا ئەگەر کابرا سویندی خوارد کە ئەم عەینە مالی غائیبەکەیە ئەوە باشە ، ئەگینا پیویستە بەدەلی عەینەکە بژیری بو (مدعی) تا کابرای نادیار حازر ئەبیو مورافەعەی لەگەلدا ئەکری •

ئەگەر (مدعی) شاهیدی هینا لەسەر ئەوە کە ئەو عەینە مولکی خویەتیو کابرای (مدعی علیە) هەم شاهیدی هینا کە مولکی کابرای نادیارە ئەوە بە شەهادەتی ئەم کەسە ئیش ئەکری بەوشەرتە کە ثابت بی وەکیلی کابرای نادیارە ، ئەگینا شەهادەتەکەی لی وەرناگیری بەنیسبەت ثابت بوونی مولکەکەوە بو نادیارەکە • خولاصە ئەگەر ئیدیعای ئەوەی کرد کە وەکیلی کابرای نادیارە ، پیویستە بو ثابتبوونی مولکەکە بو نادیارەکە ئیسباتی وکالەتی خویو ئیسباتی مالیکیەتی نادیارەکەیش بکا • وە ئەگەر هەر شاهیدی لەسەر مالیکیەتی نادیارەکە هینا ئەوە لیی نابیسری تەنها بو دەفعی توهمەتی درو لەخوی نەبی بوئەوە کە سویند نەدری • هەروەها ئەگەر ئیددیعای حەقیکی خوی لەو عەینەدا بکا مەسەلا بلیت بە رەهن بەلامەوەیە یا بەکری وەدم گرتووە ، وە لەم صوورەتەدا شاهیدی لی وەرئەگیریت لەسەرئەوە کە ئەم عەینە مولکی ئەوکەسە نادیارەیەو ئیستا لە رەهنی ئەم کەسەدایە یا بەکریی گرتووە •

(بزانن) ئەگەر (مدعی علیه) وتی ئەو عەینە مالی خومەو وا لە دەستی خومداو (مدعی) شاهیدی هینا کە مالی ئەوخویەتیو حوکمی حاکم بەمە دەرچو ، وە لەپاشان دەرکەوت کە عەینەکە لە دەستی (مدعی علیه)دا نەبوە ، ئەوە ئەگەر خاوەن دەست حازر بی ئەم حوکمەی قاضی جیبەجی ناکری ، وە ئەگەر دیار نەبیو شەرتی (قضاء لەسەر غائب) بیتەجی ئەوە حوکمی قاضی جیبەجی ئەکری •

هەرکەسی ئیددیعای حەقیك بکا بو غەیری خویو نە وەکیل بیو نە وەلی ئەمر بی بو ئەوکەسە ئەوە ئەم دەعوایە لی نابیسری بەمشەرتە ئیددیعای گواستنەوەی حەقەکە نەکا بولای خوی یاخود ئەو عەینە مالی کەسی بی کە قەرزاری ئەم کەسە بیو ئەم کابرایە عەلاقەیەکی هەبی بەو عەینەوە • نموونەی میسالی لقی یەکەم ئەوکەسەی قەرزی هەیە لەسەر میردی ژنیکی مردوو بلیت ئەو ژنە مارەیی هەیە لەسەر میردەکەی ، یاخود ژنیك ئیددیعای ئەوە بکا کە میردەکەی قەرزی لەسەر فلان کەس هەیە ، ئەوە ئەم دەعوایە نابیسری •

نموونەی لقیدووهەمیش ئەوەیە یەکیك بەشیکیجیا نەکراوەی لەمولکیك کریو لەکاتی دیارنەبوونی فروشیارەکەدا ئیسباتی کرد کە ئەو بەشەی ئەو کریویەتی لەو مولکە ئەو بەشەیە کە بە میرات پیی گەیشتووە لە میراتی باوکی • جا برای فروشیارەکە ئیددیعای ئەوەی کرد کە باوکیان وەختی خوی هەموو ئەو مولکەی بەخشیوەبەو ، وە شاهیدیشی لەسەر راست کردەوە ، ئەمجار کریارەکەیش شاهیدیکی راست کردەوە لەسەر ئەوە کە باوکی لەو بەخشینە پەشیمان بووەتەوە ، ئەوە ئەم ئیددیعایەو راست کردنەوەی ئەو یەك شاهیدەی لی قوبوول ئەکری • ئەمجار ئەم کریارە سویند ئەخوا لەگەل شاهیدەکەیدا چونکە ئیددیعای مولکی کەسیکیتر ئەکا لەگەل ئەوەدا کە ئەو مولکەیش گویزراوەتەوە بو لای خوی •

نموونەیەکی‌تری ئەم لقە وەکو ئەوە کە (خالد) ئیددیعای خانوویەك بکا کە بە دەستی (احمد)ەوە بیو بلی من ئەو خانووەم کریوە لە (محمود)و ئەویش کریویەتی لە (محمد)و ئەویش کریویەتی لە (احمد)و (احمد) ئینکاری ئەوە بکا ئەوە ئەو شاهیدە کە (خالد) راستی ئەکاتەوە لیی قوبوول ئەکری •

باسی چونیەتیی سویندو دەستووری سویند

سوننەتە بو قاضی کە سویندی (مدعی) قورس بکا ، یەعنی ئەو سویندەی کە (مدعی علیە) ئەیداتەوە بەسەریاو ئەو سویندەی کە لەگەل شاهیدیکدا ئەیخوا • هەروەها سوننەتە سویندی (مدعی علیە) قورس بکا هەرچەند خەصمەکەیشیان داوای قورس کردنی سویندەکە نەکا • ئەم قورس کردنی سویندە بو شتیکە نە مال بیو نە مەبەست لیی مال بی وەکو نیکاحو تەلاقو رجعەو وەکالەتو وینەی ئەمانە لەو شتانە کە بە پیاویكو دوو ژن ثابت نابن • هەروەها لە مالیکیشدا کە بگا بە حەدی زەکات کە دووصەد درەمە لە زیو یا بیست مثقالە لە ئالتوون ، وەکو لە باسی قورس کردنی سویندی (لعان)دا رابوورد • بەلی لەم بابەدا قورس‌کردنی سویند بەوە نابی کە لەلای کومەلدا بی یا بە دووبارەکردنەوەی کەلیمەکان بی •

جا ئەو شتەی کە کەسیك سویندی لەسەر ئەخوا ئەگەر کرداری خوی نەبیو کرداری غەیریکی عاقلیش نەبی بەم‌رەنگە هەر کردار نەبی وەکو ئەوە کە بلیت ئەو پەلەوەرەکەو نی‌یە یاخود کرداری غەیرە عاقل بی وەکو دەرچوونی روژ یاخود کرداری خوی بی چ لە ئیسباتو چ لە نەفیدا وەکو قسەکردنو قسە نەکردن لەگەل کەسیك ئەوە لەم صوورەتانەدا واجبە سویندەکەی جەزمی بی لەسەر ئەساسی ئەوەی

روویداوە ، مەسەلا بلیت واللە ئەو پەلەوەرە کـــەو نی‌یە ، واللە روز هەلهاتووە ، واللە قسەم لەگەل فلانا کرد یا نەکرد • هەروەها ئەگـــەر کرداری کەسیکی‌تر بی لەوانە کە عاقلن بەلام کردارەکە (مثبت) بی وەکو واللە فلان‌کەس ئەو قسەیە کرد یا ئەو شـــتەی نووسی یـا خود (نفی محصور) بی یەعنی نەفییکی تایبەتی‌ی دیاری بی وەکـو بلیت فلان‌کەس لە فلان مەجلیسدا ئەو قسەیە نەکرد ، ئەوە پیویستە ئەو سویندە بە شیوەی جەزم وە لەسەر بنچینەی روو‌داو بی •

وە ئەگەر کردارەکە کرداری کەســـیکی‌تر بی لە مەجالی نـەفی کردناو نەفیەکەش حەصر نەبی ، ئەوە سویندەکە لەسەر نەزانین ئەخوری وەکو ئەوە کە بلیت واللە ئاگام لەوە نی‌یە کە باوکت ئەو قەرزەی دابیتەوە پیمان ، وە داوای جەزم‌و نەفیی رووداني لی ناکری هەرچەند ئـەگـــەر سویند لەسەر جەزمیش بخوا باشتر لی‌ی قوبوول ئەکری •

بەلی ئەگەر غەیرەکە لە حوکمی نەفســـــی خویـــدا بوو وەکـــو حەیواناتیکی‌وا کە لە ئیدارەیدا بی ، وە یەکیك ئیدیعای ئەوەی لی بـکا کە ئەو حەیواناتە زیانیان بە زەراعەتی ئەم گەیاندووە ئەوە واجبە لەسەری سویند بخوا لەسەر جەزم‌و روو‌داو • مەسەلا بلیت واللە ماینـەکـــەم زەراعەتی توی نەخواردوە • چونکە مادام ئەم حەیوانە وا لە ژیردەستی کابرادا ئیشی ئەو وەکو ئیشی کابرا وایە • بویە ئەگـەر حەیوانەکە لای کەسیك بی کە ضامنی کردەوەی بی وەکو کری‌چی‌و مال خوازو مـــال داگیرکەرو شوان ئەوە ئیدیعای زیان گەیاندنی ئەو حەیوانانە لەســـــەر ئەوکەسەیەو پیویستە هەر ئەویش سویندی لەسەر بخوا • ئیتر ئیدیعای زیان گەیاندن‌و سویند خواردن لەسەر خاوەن مال نی‌یە •

جا ئەگەر کوریك داوای قەرزی باوکی کرد لە کەسیك‌و ئـەویش

وتی داوەمەتەوەو شاهیدی نەبوو ئەوە کورەکە سوێند ئەخـــوا ئەلی واللە ئاگام لەوە نی‌یە کە ئەو قەرزەت دابێتەوە •

(بزانن) لە هەر شوێنێکدا سوێند خواردن لەسەر نەزانین مەبەس بی پێویستە (مدعی) لە دەعواکەیدا باسی ئەوە بکا کە (مدعی علیـــە) ئاگای لەو شتە هەیە •

(بیدار کردنەوە) دروستە ئینسان سوێندی جەزمی بخوا بە هەموو بیرو باوەڕیکەوە • مەسەلا یەکێك ئەتوانی بە پاڵدان لەسەر نووسراوی خوی یا باوکی یا کەسێکی باوەر پی‌کراو سوێند بخوا لەسەر ئەوە کـە ئەو قەرزە دراوەتەوە یا نەدراوەتەوە یا ئەوەندەی ماوە یا قیمەتـەکـــەی ئەوەندەیە • هەروەها ئەتوانی لەسەر نووسراویکی باوەر پی‌کراو سوێند بخوا کە ئەوەندە قەرزی باوکی لەسەر فلان‌کەس هەیە • هــەروەهـــا نکوولی خەصمەکەی لە ســـــوێند خواردن ئەبی بەهوی هیـــزی بـاوەر لەسەرئەوە کە ئەو خەصمە حەقەکەی لەسەرەو سوێندی لەسەر بخـــــوا بەوشەرتە خەصمەکە لەوانە نەبی کە بە هەموو جوری خوی بپاریزی لـە سوێند خواردن •

پێویستە بوئەوەی کە سوێند قیمەتی ببی‌و کار بکا خەصم داوا بـکا لە قاضی‌و قاضی داوا بکا لە کابرا سوێند بخواو کەلیمەکانی سوێندەکـــە بەپی‌ی عورف یەك لەدوای یەك بن • لە سوێند خواردندا تەمـاشـــــای نی‌یەتی قاضی یا نی‌یەتی حەکەم یا نی‌یەتی ئەوکەســـــە ئەکری کـــــە دیاری‌کراوە بو وەرگرتنەوەی حەق لە خەلکی • هەروەها تەماشـــــــای عەقیدەی قاضی ئەکری ئەگەر (مجتهد) بی یا تەماشـــــــای عەقیدەی ئیمامەکەی ئەکری ئەگەر (مقلد) بی • کەوابی ئەگەر کابرای ســوێند خور لەفظیکی وت‌و مەعنایەکی‌تری مەبەســـــت بوو یا خیـــلافی ئـەو

سویندەی لا حەق بوو وەکو کەسیکی شافیعی مەذهەب کە خانوویەکی بە شوفعەی دراوسی‌یەتی وەرگرتبی‌و لای قاضی‌ی حەنەفی سویند بخوا کە فلان‌کەس حەقی شوفعەی لەسەرم نی‌یە (واتە بە مەذهەبی شافیعی) یاخود لەژیر لیوەوە بلی (ان شاء الله) بەجوری کە قاضی نەیبیسی ، ئەوە ئەم حالەتانە دەفعی گوناهی سویندی درو ناکەن • بەلام ئەگەر هەر خاوەن حەق سویندی کابرای دا یا خوی لە سەرەتاوە سویندی خوارد ئەوە ئیعتیبار بە نیازی خویەتی‌و لەسەر حیسابی دلی خوی سویندی ناکەوی • بەلام گوناهبار ئەبی بەهوی ئەوەوە کە حەقی خەلکی پی بەتال ئەکاتەوە • بەلی وتنی لەفظیك‌و مەبەست بوونی مەعنایەکی نهینی جگە لە مەعنا دیاری‌یەکەی لەفظەکە کە پی‌ی‌دەلین (توریة) سوودی هەیە بو نەکەوتنی تەلاق هەرچەند لای قاضی‌یش سویند بخوا • ئەگەر ئەو قاضی‌یە مەذهەبی لەسەر ئەوە نەبی کە تەلاق دانی خەصم دروستە وەکو قاضی‌ی شافیعی مەذهەب •

(بزانن) دەستووری ئەوکەسەی کە سویندی لەسەرە ئەوەیە هەرکەسی لەپاش دەعوای (مدعی) ئەگەر ئیقرار بکا ناچار بکری بە جی‌بەجی‌کردنی پیویستی ئیقرارەکەی ئەوە ئەگەر ئینکاری کرد سویندی لەسەرە • بەلی ئەم دەستوورە بە ئەغلەب وایەو چەند مادەیەك هەیە کە بەر ئەم دەستوورە ئەکەون ، کەچی کابرا سویند نادری • یەکەم ئەگەر دەعوای ستەم بکری لە قاضی سویندی نادری•دووەم ئەگەر ئیددیعای ئەوە بکری کە شاهید دروی کردووە ئەوە سویندی نادری لەسەر ئەوە کە دروی نەکردووە • سی‌هەم ئەگەر (مدعی علیه) بلی من منالم‌و هەل‌بگری قسەکەی راست بی سویندی نادری لەسەرئەوە کە دروی نەکردووە • بەلکو ئەو مەسئەلەیە رائەگیری تا بالغ ئەبی • چوارەم لە عوقووبەتی خودادا وەکو حەدی زیناو عەرەق خواردنەوە ئەگەر کابرا ئینکاری کرد

سویندی نادری • پینجەم ئەگەر (مدعی علیە) بلیت بە (مدعی) کە ئازادت کردووم لەم دەعوایە سویندی نادری چونکە ئازاد کردن لە دەعوا مەعنای نی‌یەو شتیکی بەتالە •

ئەگەر کەسیك تەعلیقی تەلاقی ژنەکەی کرد بە کرداری ژنەکە خویەوەو لەپاشان ژنەکە ئیددیعای ئەوەی کرد لە کابرا کەوا ئەو کارەی کردووەو تەلاقی کەوتووەو کابرا ئینکاری کرد ئەوە کابرا سویند نادری لەسەر نەزانین بەو کردارە • بەلکو ئەگەر ژنەکە ئیددیعای جیابوونەوەی کرد کابرا سویند ئەدری لەسەرئەوە کە تەلاقی نەکەوتووەو جیا بوونەوەی لە میردەکەی نەهاتوەتەجی •

ئەگەر کەسیك ئیددیعای شوفعەی کرد لە کەسیك‌و ئەویش وتی ئەو بەشەم بو کورەکەم کریوە ، ئەوە کابرا سویند نادری • وە ئەگەر کوریك ئیددیعای کرد لە باوکی کەوا بە روشدەوە بالغ بووەو باوکیشی پی‌ی‌ئەزانی‌و پیویستە هەر مالیکی لایەتی بیداتەوەو ، باوکی ئینکاری کرد ئەوە سویند نادری • وە ئەگەر ئیددیعای کرد لە قاضی کە ژنیکی شیتی لی مارە بریوەو قاضی ئینکاری کرد سویندی نادری•هەرچەند ئەگەر ئیقرار بکا ئەو نیکاحە بەتال ئەبیتەوە• ئەگەر پیشەوای موسولمانان ئیددیعای کرد لەو کاربەدەستەی کە زەکاتی موسولمانان کوئەکاتەوە کەوا زەکاتی فلان‌کەسی وەرگرتووەو ئەویش ئینکاری کرد ئەوە سویند نادری • ئەگەر (احمد) قەرزی لەسەر (محمود) هەبوو ، وە ئیددیعای کرد لە (حامد) کەوا ئەو مالەی وا بەدەستیەوە مالی (محمود)ەو پیویستە ئەو قەرزەی ئەوی لی‌بداتەوە ، ئەویش ئینکاری کرد ئەوە سویند نادری •

ئەگەر کەسیك قەرزی لەسەر مردوویەك هەبوو وە ئیسباتی کردو حوکمی بو درا ، ئەمجار مەحزەریکی هینا ئەبتی مولکی کابرا مردووەکەی

تیدا بوو بوئەوە ئەو مولکە بفروشری‌و حەقەکەی ئەوی لی بدریتەوە ئەوە دروستە هەرچەند میرات گرەکان نەیان‌کردبی بە وەکیل بو ئەم ئیسپات کردنە •

(بزانن) سویند ئەوەندە هیزی هەیە کە لەئیستەدا هەراو ناکوکی‌یەکە ئەبریتەوە • ئیتر نابی بەهوی ئەوە کابرا لە حەقیقەتدا ئەستوی پاك ببیتەوە لە حەقی خاوەن‌حەق • کەواتە ئەگەر لەپاش سویندی (مدعی علیه) کابرای (مدعی) شاهیدی راست کردەوە لەسەر حەقەکەی هەرچەند یەك شاهیدیش بی کە خوی سویندی لەگەلدا بخوا ئەوە حوکم ئەکری بەم شەهادەتە یا بەم شەهادەت‌و سویندەو حەقەکەی لی ئەسەنریتەوە • هەروەها ئەگەر (مدعی علیه) سویندەکەی گیرایەوە بو سەر (مدعی)و ئەمیش ئیستە نکوولی کرد لە سویند ، وە لەپاشان شاهیدی راست کردەوە لەسەر حەقەکەی ، ئەوە ئەو حەقەی بو ثابت ئەبی چونکە قابیلە ئەو نکوول لە سویندەی لەبەر کەرامەتی نەفس‌و لەبەر پاریز بووبی •

(بزانن) ئەگەر یەك دەعوای نەنیا دەعوای گەلی حەقی تیدابوو ئەوە (مدعی) ئەتوانی کە (مدعی علیه) سویند بدا لەسەر هەموویان بە جاری یا سویندی بدا لەسەر هەندیکیان‌و بەس‌و ئەیشتوانی کە یەکەیەکە لەسەر هەموو حەقیکیان سویندیکی تایبەتی‌ی بدا • بەلام ئەگەر دەعواکان یەکەیەکە لە یەك جیا کرابوونەوە ئەوە قابیل نی‌یە بە یەك سویند کابرا رزگار ببی هەرچەند (مدعی)یەکەیش قەناعەت بکا چونکە ئەم دەعوایانە بەشی خوایان تیدایە کە تەماشا کردنیانە بە جیاجیا بەگویرەی جیا کردنەوەی (مدعی)یەکە •

وە ئەگەر کومەلیك حەقیکیان لەسەر کەسیك هەبوو ئەوە پیویستە

ئەو کابرا بو هەریەکیکیان سویندیکی تایبەتی بخواتو بە تاقە سویندیك قەناعەت ناکری هەرچەند رازی بن بە سویندی • ئەگەر (مدعی) شاهیدی هینا لەسەر حەقەکەیو لەپاشان وتی ئەم شاهیدانە شەهادەتەکەیان بە درو بوو ئەوە حەقی ئەو کابرایە بەتال ئەبیتەوە •

ئەگەر (مدعی علیه) وتی سویند ناخوم پیویستە (مدعی) سویند بخواو بەتەنیا سویند نەخواردنی (مدعی علیه) حوکم نادری بو (مدعی)•

سویند نەخواردن ئەوەیە کابرا بلی ئامادە نیم سویند بخوم یاخود قاضی پی‌ی‌بلی سویند بخو ، ئەویش بلی سویند ناخوم • وە یا ئەگەر بی‌دەنگ بوو قاضی حوکم بکا بە سویند نەخواردنی • وە ئەگەر قاضی بلی بە (مدعی) سویند بخو ئەوە حوکمە بە نکوولی (مدعی علیه) • ئیتر ئەم ناتوانی پاش ئەوە سویند بخوات مەگەر بە رەزامەندی‌ی (مدعی) • جا لەم‌کاتەدا دروستە سویند بخوات • وە ئەگەر سویندی نەخوارد (مدعی) حەقی سویند خواردنی نامینی چونکە خوی بە ئارەزووی خوی حەقی سویندەکەی خوی فەوتاندووە • وە لەم‌کاتەدا غەیری راست‌کردنەوەی دوو شاهید یا شاهیدیكو سویندیکی خوی حەقی هیچی نامینی •

ئەگەر (مدعی علیه) نکوولی کرد لە سویند خواردنو لە مەجلیسی حوکمەکە دەرچوو ، هیشتا قاضی سویندی نەدابوو بە (مدعی) ئەوە قاضی ناتوانی پاش ئەوە سویند بدا بە (مدعی) •

دروستە بو (مدعی) لەپاش‌ئەوە کە شاهیدیکی راست کردەوە خوی سویند نەخواو سویند بدا بە (مدعی علیه) • جا ئەگەر سویندی خوارد ئەوە حەقی (مدعی) ئەکەوی • وە ئەگەر سویندی نەخوارد (مدعی) لەپاش ئەمە ناتوانی سویند بخوا ، بەلکو هەر ئەوەی بو ئەمینیتەوە کە دوو شاهید راست‌کاتەوە ، وە ناتوانی شاهیدیك راست کاتەوەو سویندی لەگەلدا بخوا چونکە خوی سویندەکەی خوی فەوتاندووە •

(بزانن) ئەو سویندەی کە لەلایەنی قاضی‌یەوە یا لەلایەنی (مدعی علیه)یەوە ئەدریتە دواوە بوسەر (مدعی) مادەم (مدعی) خواردی لە فەرموودەیەکدا وەکو دوو شاهید یا شاهیدیكو سـویندیك وەهایە • فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە ئەو سویندە وەکو پی‌لی‌نانی (مدعی علیە) وایە ، وە بینا لەسەر ئەم فەرموودە دیاری‌ترە هەر لەپاش ئەوە کە (مدعی) سویندەکەی خوارد بە بی موحتاج بوون بە حوکمی قاضی حەقەکە واجب ئەبی بو (مدعی) • وە ئەگەر (مدعی علیه) لەپاش ئەم سـویندی (مدعی)یە شاهیدی راست کردەوە لەسەرئەوە کـە وەختی خوی ئـەو حەقەی داوەتەوە بە (مدعی) یاخود (مدعی) ئازادی کردووە یا لەسەر شتیکی‌تر کە حەقەکەی بفەوتینی ئەوە ئەو شاهیدە نابیستری ، چونکە ئەو پی‌لی‌نانە تەقدیری‌یە کە لە سویندی (مـدعی)یـەوە پـەیـدا ئەبی ئـەم بەلگەیەی خوی بەدرودا خستووەتەوە • بەلام (دمـیری) لە زانـایـانی زەمانی خویی گیراوەتەوە کەوا ئـەگـەر (مدعی بە) عـەین بی ئـەو شاهیدانە کە (مدعی علیه) راستیان دەکاتەوە لەپاش سـویندی (مدعی) سوودیان هەیە • شیخی (ابن حجر) لە (تحفە)دا ئەم قسەیەی بە باش زانیوەو لەسەر ئەم ئەساسەیە کە (ابن الصـلاح) فتوای داوە ئەگـەر کەسیك ئیددیعای بەشیك بکا لە مولکیك کەوا بەدەست براکەیەوە بەهوی میراتەوە ، وە براکەی ئینکاری کرد بەلام سویندی نەخواردو سویندەکەی گیرایەوە بو سەر (مدعی)و ئەویش سویندی خواردو قاضی حوکمی بو دا ، جا پاش ئەمە ئەو برا (مدعی علیه)یە شاهیدی راست کردەوە کـە باوکی لە ژیانی خویدا ئیقراری کردووە بەوە کە ئەو عەینە وا لە دەستی ئەم کورەدا مالی خویەتی ، ئەوە واجبە لەسەر قاضی حوکمی پی بکاو ئەو عەینە لە (مدعی)یەکە بسینیتەوە بو ئەم برا (مدعی علیه)یە •

ئەگەر لەپاش ئەوە کە قاضی یا (مدعی علیه) سویندیان گیرایەوە بو

(مدعی)و ئەمیش سویندی نەخواردو عوزری بە هیچ نەهینایەوەو داوای مولەتی نەکرد یاخود وتی من نکوولم هەیە یا هـــەر بیدەنگ بوو ، وە قاضی حوکمی کرد بە نکوولی ، ئەوە ئیتر (مدعی) حەقی ســــویندی نامینیو حەقی داواکردنی لە خەصمەکەیش نییە مەگەر سا شاهید راست بکاتەوە لەسەر (مدعی علیە) •

وە ئەگەر بیانووی بەوە هینایەوە کە لەوەلا شاهید دینی یـا داوای مولەتی کرد تا تەماشای حیسابی خوی بکا ئەوە تا سی روژ مولەتی ئەدری• وە ئەگەر لەپاش سی روژەکە حاضر نەبوو بو ســـویند خواردن بە بی عوزری شەرعی ئەوە ئیتر حەقی سویند خواردنی نامینی • بەلام ئەگــەر (مدعی علیە) لەوکاتەدا کە داوای سویندی لیکرا داوای مولەتی کرد ، بە بیرەزای (مدعی) دروست نییە مولەتی بدری چونکە بەپیی شـــەرع ناچارە لەسەر ئیقرار بە حەقی (مدعی) یا بە سویند لەســـــەر نەفیی حەقەکەی • بەلام (مدعی) بە ئارەزووی خویەتی ئاخو داوای حەقەکەی ئەکا یا داوای ناکاو تەفرەی ئەدا •

بەلی ئەگەر (مدعی علیە) لە سەرەتای مەجلیسەکەوە داوای مولەتی کرد بو ئەوە پرسیار لە ئەهلی شەرع بکا یا تەماشای دەفتەری حیســابــاتی خوی بکا ئەوە تا ماوەی ئاخری ئەو مەجلیسە مولەت ئەدری ئەگەر قاضی بە مەسلەحەتی بزانی •

(بزانن) ئەگەر (مدعی) لەپاش دەعوا سویندی (مدعی علیە)ی نەداو داوای کەفیلی کرد لە (مدعی علیە) تا شاهیدەکانی دەهینی واجب نییە لەسەر (مدعی علیە) قوبوولی بکاو کەفیل بینی • بەلام ئەگەر لەپاش راست کردنەوەی شاهید داوای کەفیلی کرد لە (مدعی علیە) تـا تەعدیلی شاهیدەکانی ئەکری، ئەوە ئەو (مدعیعلیە)یە ناچار ئەکری بە حازرکردنی

کەفیل • وە ئەگەر نەیهێنا حەپس ئەکری تا ماوەی تەعدیلی شاهیدەکان تەواو ئەبی •

ئەگەر داوای زەکات کرا لە کەسێكو ئەویش وتی داومە بە زەکات کوکەرەوەیەکی‌تر یا وتی تەخمین‌کەرەکە غەلەتی کردووە ئەوە سوننەتە سویند بدری • وە ئەگەر سویندی نەخوارد داوای هیچی لی ناکری • وە ئەگەر بلیین واجبە سویند بخواو سویندەکەی نەخواردو قابیلیش نەبوو سویندەکە رەدبکریتەوە بوسەر (مدعی) لەبەرئەوە کە موستەحەق حەصر نەبی لە چەند کەسیکدا ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە زەکاتەکەی لی وەرئەگیری نەك لەبەر نکوول ، بەلکو لەبەرئەوە کە ئەوەندەی هەیە بگاتە حەدی زەکاتو سالی بەسەردا تیپەریوە •

ئەگەر کەسیك داوای مالی مردووی بی‌میراتبەری لی کرا یا داوای وەقفی عامی لی کرا یا داوای وەقفی مزگەوتی لی کراو شاهید نەبوو ئیسباتی بکا ئەوە حەپس ئەکری تا یا ئیقرار ئەکا یا سویند ئەخوا کە لەسەری نی‌یە •

وە ئەگەر وەصی‌ی مردوو ئیددیعای کرد لە میراتبەرەکان کە فلان‌کەس وەصیەتی کردووە بە سی‌یەکی مالەکەی بو فەقیرو هەژارو ئەوانیش ئینکاریان کردو سویندیان نەخوارد ئەوە حەپس ئەکرین تا ئیقرار ئەکەن یا سویند ئەخون •

ئەگەر وەلی‌ئەمری مندال یا شیت ئیددیعای قەرزی ئەمانەی کرد لە یەکیكو ئەویش ئینکاری کردو نکوولیشی کرد لە سویند خواردن ئەوە ئەو وەلی‌یە ئەگەر ئیددیعای موباشەرەی سەبەبی فەرزەکەی کردبی خوی ئەتوانی سویند بخوا ، ئەگەر نا دروست نی‌یە سویند بخواو مەسەلەکە

ماتل ئەکری تا منداڵەکە بالغ ئەبی یا شێتەکە خوش ئەبێتەوە جا خویان سوێند ئەخون •

وە ئەگەر ئیدیعای قەرزی منالی خوی کرد لە یەکێکو ئیسپاتی کرد ، جا (مدعی علیه) ئیدیعای ئەوەی کرد کە زوو ئەو قەرزەی داوەتەوە ، بەڵام شاهیدی نەبوو ئەوە واجبە ئیستە قەرزەکەی لی وەربگیری • جا کاتی کە منالەکە بالغ بوو ئەبی سوێند بخوا لەسەر ئەوە کە ئاگای لەوە نی‌یە کە ئەو کابرایە زووتر ئەو قەرزەی دابێتەوە •

وەصی‌ی منداڵو (قیّم)ی مزگەوتو ناظری وەقف وەکو منداڵ وەهان لە وینەی ئەم دوو مەسئەلەیەدا کە بەیانمان کردن •

باسی ئەوە کە شاهید لە دوو لاوە بەرانبەری‌ی یەك بکەن

ئەگەر دووکەس دەعوای عەینێکیان کرد ئەوە ئەو عەینە یا وا لە دەستی کەسێکی غەیری خویاندا یا وا لە دەستی هەردوکیانا یا وا لە دەستی یەکێکیانا یا لە دەستی هیچیاندا نی‌یە • جا ئەگەر عەینەکە لە دەستی کەسێکی غەیری ئەماندا بوو ، وە هەرکام لەم دووکەسە شاهیدیان راست کردەوە ئەوە هەردوو شەهادەتەکە پەکیان ئەکەوی چونکە بە گژی یەکدا چوونو شتێکیش نی‌یە لایەکیان بەهێز بکات • کەواتە وەکو ئەوە وایە هیچیان شاهیدیان نەبی خوای هەردوو شاهیدەکان ریك بن لە تەئریخدا یاخود یەکێکیان تەئریخی ببی‌و ئەویان نەیبی یاخود هیچیان تەئریخیان نەبی ، وە لەمصوورەتەدا پیویستە لەسەر کابرای خاوەن دەست بو هەریەکی لەوکەسانە سوێندیك بخوا کە مالی تو نی‌یە ، ئەمجار عەینەکە بو خوی ئەمێنێتەوە •

وە ئەگەر کابرای خاوەن دەست ئیقراری کرد بو یەکیکیان خـوای لەپیش هینانی شاهیدەکاندا بی یا لەپاش ئەوە ، ئەوە هیز ئەدا بەو یەکیانە • وە ئەگەر تەنها یەکی لەو دووکەسە (مدعی)یە شـاهیدی هەبوو ئـەوە حوکم بو ئەو ئەدری •

وە ئەگەر مالەکە لە دەستی هەردوکیانا بوو وەکو ئەوە یەکیـــك بمریو دوو کوری لەپاش بەجیبمینیو خانوویەکی بییو کورەکان لـــە خانووەکەدا بن ، بەلام هەموو یەکی لەوانە ئیددیعای ئەوە بکا کە بـاوکی پیش مردنی خانووەکەی داوە بەو ، وە هەرکامیشیان شـاهید لـەسـەر دەعواکەی راست کاتەوە ، ئەوە ئەو عەینە هـەروەکـو لـەوەپیش لـــە دەستیاندا ئەهیلریتەوە •

وە ئەگەر عەینەکە بە دەســـتی کەســـەوە نەبوو ، وە هەر دوو (مدعی)یەکەیش شاهیدیان راست کردەوە ، هەرکام لەسـەر مالیکیەتی خوی ، ئەوە ئەبی بە چونیەك لەبەینی هەردوکیاندا دابەش بکری • وە ئەگەر لە دەستی یەکیکیاندا بیو (مدعی)یەکـان هەردوکیان شـــاهید راستکەنەوە ئەدری بەویانە کە عەینەکەی لایە لەبەر هیزی دەستەکەی•

(بزانن) ناکوکی لە بەینی ئەم شەهادەتانەدا لە وەختیکدایە کە لـە هیچلایەکەوە شتیکیوا نەبی تەرجیحی بدا بەسەر ئەویتریاندا ، ئەگینـا ئەو لایە پیشئەخری کە تەرجیح دەری هەیە •

ئەســـبابی تەرجیحدان زورە • یەکـــەم وەکو ئەوە یەکی لـە شەهادەتەکان بەیانی نەقلی مولك بکا • مەسەلا شاهیدی یەکیکیان شەهادەت بدا بەوە کە ئەو عەینە مولکی مەحموودەو شاهیدی ئەولایان شەهادەت بدا بەوە کـە ئـەو عـەینـە مولـکی (أحمـد)ەو لـــە (حـــامـــد)ی کـریوە • دووهـەم وەکـــو ئـەوە کـــە ئـەو مـالـە لـــە دەستی یەکیکیـاندا بی یـا لـە دەســـتی یەکیکدا بی کـــە ئیقراری کـــردبی بو یەکیکیان خوای شاهیدی هەردوولا سەبەبی مولك بەیان بکا یا نـە •

وە ئەگەر بەیانی سەبەبیان کرد ئەو سەبەبانە یەك بن یا جیا بن • هەروەها ئەگەر مولکەکەیان دایە پاڵ ئەسڵ فەرق نی‌یە لەوەدا کە هەردولایان بیدەنە پاڵ یەك کەس یا هەر لایەك بیداتە پاڵ یەکێك • مەسەلا شاهیدی یەکێکیان بلێت لە (احمد)ی کڕیوەو شاهیدی ئەویان بلێت لە (محمود)ی کڕیوە ، ئەوە هەر شاهیدی کابرای خاوەن دەست پێش ئەخرێت‌و خاوەن دەست پێی‌ئەڵێن (داخل)و خەصمەکەی پێی‌ئەڵێن (خارج) • وە لەکاتی مورافەعەدا شاهیدی کابرای (داخل) نابیسرێ تا شاهیدی کابرای (خارج) شەهادەت ئەدا • بەڵی هەندی‌کەس وتوویانە شەهادەتی (داخل)یش لەپێشدا ئەبیسرێ لەبەر نووسینی شەهادەتەکەی ، بەلام پێویستە لەپاش شەهادەتی (خارج) دووبارە بکرێتەوە •

دەلیلی پێش‌کەوتنی شەهادەتی (داخل) دوو شتە • یەکەم حوکمی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) بە پێش‌خستنی شەهادەتی (داخل) • دووەم هێزی دەست‌و تەصەروفە هەرچەند شاهیدی (خارج) دوو پیاو وە شاهیدی (داخل) پیاوێك‌و سوێندێك بێ • جا مادەم هوی پێش‌کەوتنی شاهیدی (داخل) دەستە ، ئەگەر شاهیدی (خارج) وتی ئەم (خارج)ە ئەو عەینەی کڕیوە لە خاوەن دەستەکە یا لەوکەسە کە ئەو فرۆشتوویە بەو یا وتی ئەوکەسەی کە بەوی فرۆشتووە زەوت‌کەر بووە یا ئەم خاوەن دەستە زەوتی کردووە ، ئەوە لەم صوورەتانەدا شاهیدی کابرای (خارج) پێش شاهیدی (داخل) ئەخرێ • وە ئەگەر شاهیدی (خارج) وتی کابرای (داخل) ئەو عەینەی زەوت کردووەو شاهیدی (داخل)ە کە وتی لە فلان‌کەسی کڕیوە ئەوە هەر شاهیدی (داخل) پێش ئەخرێ چونکە نەقلی ڕاستی گێڕاوەتەوە •

ئەگەر دووکەس هەرایان بوو لەسەر حەیوانێك‌و یەکێکیان کەل‌وپەلی بە کوڵی حەیوانەکەوە بوو ، یا هەرایان بوو لەسەر زەوی‌یەك‌و

زەوی یەکە زەراعەتی یەکیکیانی تیدا بوو ، یاخود هەرایان بو لەسەر خانوویەك کە کەلوپەلی یەکیکیانی تیدابوو ، وە هەردوکیان شاهیدیان لەسەر مولکی موطلەق راست کردەوە ئەوە شاهیدی ئەوەیان پیش دەخری کە کەلوپەلی بە کولی ولاخەکەوەیە یا لە مالەکەدایە یا تووی لە زەوی یەکەدا چاندووە • خاوەند شت بویە پیش ئەخری چونکە ئەم بەکارهینانە وەکو دەستو تەصەروف وایە •

سیهەم وەکو پیشکەوتنی تەئریخی مولکی یەکیکیان • مەسەلا شاهیدی لایەکیان بلیت دوو سالە ئەم عەینە مولکی (زید)ەو شاهیدی ئەولاکەیان بلیت سی سالە مولکی عەمرە ، یا وەکو ئەوە کە شاهیدی لایەکیان بلیت ئەم بزنە مولکی (زید)ەو شاهیدی ئەولا بلیت ئەم بزنە لە حەیوانی (خالد) لە دایكبووە ، یاخود شاهیدی لایەکیان بلیت ئەو خانووە مولکی (زید)ەو شاهیدی ئەولا بلیت ئەو خانووە بە میرات لە باوکی (عمر)ەوە هاتووەتەوە بو (عمر) •

چوارەم وەکو ئەوە شەهادەتیکیان (ناقلە) بیو ئەویان (مستصحبە) بی وەکو کوشتنی کەسی کە میراتگری ئیدیعای بکاتو شاهید لەسەر کوشتنەکەی راست بکاتەوەو شاهیدی ئەولا بلیت لە مالی خویدا مردووە • یەکەم ناقلە لە ئەسلەوە کە مردنیەتی لە جیگەی خویا بو حالەتی کوشتن • دووەمیش ئیستیصحابی ئەو ئەسلە ئەکاو ناقلەکە پیش ئەخری •

جا ئەگەر عەینی بە دەستی یەکیکەوە بوو ، وە کەسیکی (خارج) وتی ئەو عەینە مولکی منەو کریومە لە توو (داخل) وتی نەخەیر هەر مولکی خومە وە هەردولا شاهیدیان راست کردەوە ئەوە شاهیدی (خارج)ەکە پیش ئەخری لەبەرئەوە کە زیادە زانستی هەیە بەهەوی ئەوەوە کە ئاگای لە گواستنەوەی ئەو عەینەیە لە (داخل)ەوە بو (خارج)•

هەروەها ئەگەر شاهیدی (خارج) بلی ئەو عەینە مولکی (خارج)ەو بە ئەمانەت لای (داخل) داویناوە ، یاخود کابرای (داخل) زەوتی کردووە لەم (خارج)ە یا ئەوکەسەی فروشتوویەتی بە (داخل) زەوتی کردووە لەم (خارج)ە ئەوە هەر شاهیدی (خارج)ەکە پیش ئەخری •

بەلی ئەگەر شاهیدی (خارج) شەهادەتەکەی موطلەق بوو ، وە شاهیدی (داخل) شەهادەتەکەی (ناقلە) بوو ، مەسەلا شاهیدی داخل بلیت ئەو عەینە مولکی (زید)ەو لە (عمر)ی کریوەو شاهیدی (خارج) هەر بلیت مولکی (خارج)ەکەیە ئەوە شاهیدی کابرای (داخل) پیش‌ئەخری • هەروەها ئەگەر (خارج) بلی مولکی منەو لە باوکمەوە بە میرات وەرم‌گرتووە ، وە (داخل) بلی مولکی خومەو لە باوکی توم کریوەو شاهید لەسەر ئەمانە راست‌کەنەوە ، هەر شەهادەتی شاهیدی (داخل) پیش ئەکەوی • وە ئەگەر هەردوولایان (ناقلە) بوون‌و عەینەکەیش لە دەستی یەکیکیانا بی ئەوە لەم صوورەتەدا شاهیدی خاوەن دەست پیش‌ئەکەوی • مەسەلا شاهیدی (خارج) ئەیوت مولکی (خارج)ەو لە (داخل)ی کریوەو شاهیدی (داخل) وتی مولکی (داخل)ەو لە (خارج)ی کریوە ئەوە شەهادەتی (داخل) پیش ئەکەوی •

پینجەم بەهوی ئەوەوە کە شاهیدەکە بەیانی مالیکیەتی ئیستاکەش بکات ، مەسەلا شاهیدی لایەکیان بلی ئەم عەینە مولکی (زید)ەو بەس ، وە شاهیدی ئەم لا بلی مولکی (عمر) بووەو ئیستەش هەر مولکی (عمر)ە • شەشەم وەکو ئەوە حوججەتی یەکیکیان دوو شاهید بی‌و حوججەتی ئەولا شاهیدیك‌و سویندیك بی ئەوە دوو پیاوەکە پیش ئەکەون •

وه لەو صوورەتانەیە کە (داخل) پێش ئەکەوێ ئەمە ئەگەر یەکێ فەرشێکی لە مالێکدا دەرهێناو وتی فەرشی خومەو لـــە مالی تودا بووە ، خاوەن مالیش وتی مالی خومەو شاهیدیان نەبوو ، ئەوە ئەمر ئەکرێ بـــە (خارج) کە فەرشەکە بداتەوە بە (داخل) • وە ئەگـــەر هـــەردولا شاهیدیان هەبوو ئەوە شاهیدی خاوەن مال لەپێشە • وە ئەگەر یەکێ وتی هەزار دینارم لە فلان وەرگرت چونکە مالی خوم بوو لەسەری ، کابرایش وتی ئەو پارەیە مالی خومەو شاهیدیان نەبوو ئەوە ئەمر ئەکرێ بـە کابرای (خارج) پارەکەی پێ بداتەوە • وە ئەگەر هەردوولا شـــاهیدیان بـــە موطلەقی هەبوو ئەوە شاهیدی داخل پێش ئەخرێ • وە ئەگـەر هـــەر یەکێکیان شاهیدی هەبوو ئەوە حوکمی دیارە •

وە ئەگەر خاوەن مال‌و کرێ‌چی هەرایان بوو لە شتێکدا کـــــە لکابوو بە خانووەکەوە وەکو رەفەو پەیژەی قایم کراو ئەوە باوەر بـــە خاوەن مال ئەکرێ • وە ئەگەر هەرایان هەبوو لە شتێکدا کە نەلکابوو بە خانووەکەوە وەکو سەماوەرو تەشتی بەردەست ئەوە باوەر بـە کرێ‌چی ئەکرێ • وە هەر شتێ لەوانە بێ کە قابیلی ئەوە بێ بلکێ بە خانووەوەو جیایش بکرێتەوە وەکو مێخی جل هەلواسین ئەوە هەرکام لەوان سوێندی خوارد حەقی ئەوکەسەیە • وە ئەگەر هەردولایان سوێندیان خوارد ئەوە دابەش ئەکرێ لە بەینیاندا •

(ابن الصلاح)یش فتوای داوە لەبارەی درەختێکەوە کـە لـەنـاو حەوشی خانوودا بێ کەوا خاوەن دەست ئەوکەسەیە کە تەصەروف ئەکـا لەو درەختەداو میوەکەی ئەچنێ • جا لەسەر ئـەم ئەســـاسە ئـەگـــەر بەرگدروو خاوەن مال هەرایان بوو لەسەر مەقەستو دەرزی‌و مەکینـەی بەرگدروون ئەوە باوەر بە بەرگدرووەکە ئەکرێ بە سوێند •

وه ئەگەر ژنو میرد هەرایان کەوتە بەینەوە لە کەلوپەلی ناومالداو شاهیدیش نەبوو ئەوە ئەگەر ئیختیصاصی بە یەکیکیانەوە بوو بەهوی تەصەروف لەوشتەدا وەکو خشل بو ژنو خەنجەر بە ناوقەدی خویەوە ئەوە خاوەن ئیختیصاص سویند ئەدری •

وه ئەگەر ئیختیصاصی کەسیان نەبوو بەوشتەوە ئەوە دروستە بو هەرکام لەوان ئەوی تریان سویند بدا • جا ئەگەر هەریەکی لەوان سویندی خوارد ئەوە هەر مالی ئەو یەکەیە یا ئەو شتەیش بو ئەو نەشی وەکو خشل بو پیاو ، وه ئەگەر هەردوانیان سویندیان خوارد ئەوە بەش ئەکری لە بەینیاندا هەرچەند هەر بو یەکیکیان بشی •

ئەگەر بەهوی شاهیدەوە عەینەکە لە کابرای (داخل) وەرگیراو لەپاشان ئەم (داخل)ە شاهیدی راست کردەوە لەسەر مالیکیەتی خوی لەپیش لابردنی دەستیدا لەسەر عەینەکەو عوزری هینایەوە بەوە کە شاهیدەکانی دیار نەبوون ، ئەوە ئەم شاهیدانەی لی وەرئەگیریو عەینەکەی پی ئەدریتەوە چونکە ثابت بووە کە خاوەن دەستی شەرعی ئەم کەسە (داخل)ەیە •

ئەگەر کەسی ئیقراری کرد بە عەینیك بو کەسیكو لەپاشا داوای کرد بوخوی ئەوە ئەم دەعوایە نابیسری مەگەر لەم دەعوایەدا بەیانی نەقلی عەینەکە بکا بولای خوی بە وەزعیکی شەرعی • بەلام ئەگەر کەسیك عەینیکی بەهوی شاهیدەوە لیوەرگیراو لەپاشان ئیددیعای مولکیەتی کرد بو خوی ئەوە شەرت نی‌یە باسی گواستنەوەی بکا بو لای خوی بەپیی فەرموودەی راستتر •

مەذهەبی ئیمامی شافیعی لەسەر ئەوەیە کە زوریی ژمارەی شاهیدەکان لەلایەکەوە نابی بەهوی هیزی ئەولایە مەگەر ئەوەندە زور

بن بگەن بە ئەندازەی (تواتر) ، وە لەم‌کاتەدا پیش ئەخری چونکە ئەبی بەهوی عیلمی قەطعی • هەروەها شەهادەتی دوو پیاو پیش‌ناخری لەسەر شەهادەتی پیاویك‌و دوو ژن • وە شەهادەتی کە بەیانی تەئریخ نەکا پیش ناخری لەسەر شەهادەتی کە بەیانی تەئریخ بکا • بەلی شەهادەتی دوو پیاو یا شەهادەتی پیاویك‌و دوو ژن پیش‌ئەخری لەسەر شاهیدیك‌و سویندی (مدعی) وەکو لەمەوبەر بەیانمان کرد •

ئەگەر شاهیدی لایەك شەهادەتی دا بە مولکیەت لە سالیکەوەو شاهیدی ئەولا شەهادەتی دا بە مولکیەت لە شەش مانگەوە ئەوە یەکەمیان پیش ئەخری بەوشەرتە مولکەکە بە دەستی هیچیانەوە نەبی یا بە دەستی هەردوکیانەوە بی • بەلام ئەگەر بە دەستی ئەویانەوە بی کە شاهیدەکانی ماوە کەمەکەیان بەیان کردووە ، ئەوە هەر شاهیدی ئەم خاوەن دەستە پیش ئەخری • هەروا ئەگەر بە دەستی ئەولاوە بی کە شاهیدەکەی ماوەی زوری بەیان کردووە ، ئەوە بی‌گومان پیش‌ئەخری‌و ، کە حوکم بو هەرکەس درا هەر قازانجی کە لە وەختی شوموولی شەهادەتەکەوە پەیدا بووە ئەدری بەم‌کەسە کە مولکەکەی بو ثابت بووە ئەگەر بە دەستی خویەوە نەبووبی •

(بزانن) شەرتی قوبوولی شاهیدی مولك ئەوەیە یا بلی ئیستە مالیکی ئەو مالەیە یا ئەگەر بەیانی مالیکیەتی لەمەوپیشی کرد بلی ئیستەیش هەر مولکی ئەم‌کەسەیە یاخود بلی وە ئاگام نی‌یە لەوە کە ئەو عەینە لە مولکی ئەم‌کەسە دەرچووبی لەو وەختەوە تائیستە ، ئەگینا شەهادەتەکەی قوبوول ناکری •

(بزانن) دروستە ئینسان شەهادەت بدا بە مالیکیەتی شەخص بە ئیعتیماد لەسەر ئەوە کە لەمەوپیش مالیك بووە • بەلی ئەوەندە هەیە ئەگەر

شەھادەت بە مالیکیەت بە ئیعتیماد لەسەر میرات‌گرتن بوو لە کەسیکەوە یا کرین لە کەسیکەوە پیویستە بزانی ئەوکەسە کە مولکەکە لەوەوە ھاتووە بو ئەم مالیکی شەرعی بووە •

وە ئەگەر شاھید شەھادەتی دا لەسەر ئەوە کە ئەو (مدعی علیە)یە دوینی ئیقراری کردووە بەوەکە ئەو عەینە مولکی (مدعی)یەکەیە ئەوە حوکمی ئەو ئیقرارە دەوامی پی‌ئەدری ھەرچەند شـاھیدەکان باسـی مالیکیەتی ئەمرویشی نەکەن چـونکە ئیقراری (مدعی علیـە) حوججەتی قەطعی‌یە •

ئەگەر یەکی شاھیدی راست کردەوە لەسەر ئـەوە کـە خاوەنی حەیوانیك یـا باخیك یـا درەختیکەو باسی مالیکیەتی زوویان نەکرد ئەوە ھەر ئەمەریك ئیستا بو دارو باخەکە ببی یا ھەر بەچکەیەك جیا بووبیتەوە لە حەیوانەکە نابی بە مولکی ئەم کابرایە • بەلی ئەگەر بەچکەیەك لە سکیا بی ئەوە ئەبی بە مالی ، ھەروەھا ھەر بەری کە لەمەولا ئەو دارو باخـە بیگرن بو ئەم کابرایە •

ئەگەر کەسـیك شتیکی کری‌و بە حوججەتیکی موطلەقە لی‌ی وەرگیرا ئەگەریتەوە بوسەر فروشـیارەکە بەو قیمەتە کە پی‌ی‌داوە • ئەگەر یەکی دەعوای مولکی موطلەقی کردو شاھیدەکان شەھادەتیان دا بە مالیکیەتی‌و بەیانی سەبەبی مولکەکەشیان کرد ئەوە زیانی نی‌یە • بـەلام ئەگەر (مدعی) بەیانی سەبەبیکی کرد وەکو کرین‌و ئەو شـاھیدانـە بەیانی سەبەبیکی‌تریان کرد وەکو میرات مەسەلا ئەوە زیانی ھەیە بـوی چونکە ضدی دەعواکەی ئەمە بو مولکیەت بەو سەبەبە تایبەتی‌یە •

باسی یەكنەكەوتنی قسەی (مدعی)و (مدعی علیه) لەبارەی عەقدەوە

(زید) وتی بە (عمر) تەواوی خانووەكەت پیداوم بە كری بو سالی بە ١٠ دینار ، وە (عمر) وتی تەنیا هودەیەكم لەو خانووە پیداوی بەوپارەیە ، وە هەردوكیان شاهیدیان هینا ، خواە هەردوو شەهادەتەكە موطلەق بن یاخود یەكیكیان موطلەق‌و ئەویان (مقید) بی بە تەئریخەوە یاخود هەردوكیان (مقید) بوون بە تەئریخەوەو تەئریخەكەیان یەكیك بوو یاخود جیاواز بوو بەلام (متفق) بوون لەسەر ئەوە كە هەریەك عەقدی بەكری‌دان تیپەریوە ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەو دوو شەهادەتە لەگەل یەك (متعارض)ن‌و هیچیان قیمەتی نی‌یە • جا لەم‌كاتەدا پیویستە هەردولا لەسەر مەبەستی خویان‌و پیچەوانەی ئەویان سویند بخوا ، جا ئەو عەقدە هەل‌دەوەشیتەوە •

بەلام ئەگەر تەئریخیان جیاواز بوو ، وە اتفاقیشیان لەسەر یەك عەقد نەبوو مەسەلا شاهیدی لایەكیان وتی ئەو هودەیە داوە بە كری بو سالیك لە مانگی رەمەزانەوە ، وە ئەوی‌تریان وتی خانووەكەی پیداوە بە كری بو سالیك لە مانگی شەوالەوە ، ئەوە ئەو شەهادەتەیان ئیعتیباری هەیە كە تەئریخەكەی لەپیش‌ترە • جا ئەگەر شەهادەتی پیشوو لەسەر بەكری‌دانی خانووەكە بوو ئەوە شەهادەتی دوایی بەتال ئەبیتەوە • وە ئەگەر پیشوو لەسەر بەكری‌دانی هودەیەك بوو ئەوە شەهادەتی دوایی ئەبی بە دەلیلی بەكری‌دانی هودەكانی‌تریش ، وە لەم‌صوورەتەدا مەعنای رەفتار بە شەهادەتی پیشوو ئەمەیە كە ناكوكی لە بەینی شەهادەتەكاندا نامینی ، خواە ئەوی‌دوایی بەتال بكریتەوە وەكو صوورەتی یەكەم یاخود رەفتار بە هەردوكیان بكری وەكو صوورەتی دووهەم •

ئەگەر دووکەس دەعوای عەینێکیان کرد کە لە دەستی کەسێکی سیهەمدا بوو ، وە هەردوولا شاهیدیان هەبوو ئەوە ئەگەر ئەو کەسە سیهەمە ئیقراری کرد بو یەکێك لەو دوو (مدعی)یە ، مالەکە تەسلیمی ئەو ئەکریو ئەوی تریشیان ئەتوانی سویندی بدات بو ئەوە بەلکو ئیقرار بکات بو ئەمیشو بەدەلی عەینەکەی بو ببژیری • وە ئەگەر ئینکاری (مدعا)کەی هەردوکیانی کردو ئەوانیش شاهیدیان نەبوو ئەوە بو هەریەکی لەوانە سویندی ئەخواو عەینەکە هەر لە دەستی ئەمدا ئەمینیتەوە • وە ئەگەر هەردولا شاهیدیان راست کردەوە بەلام شاهیدی لایەك وتی ئەم کەسە سیهەمە ئەم عەینەی زەوت کردووە لە (مدعی)و شاهیدی ئەولا وتی ئەم سیهەمە ئیقراری کردووە بەوە کە زەوتی کردووە لە (مدعی)یەکە ئەوە شاهیدی پیشوو پیش ئەکەوی چونکە شاهیدی عەیانە •

وە ئەگەر شاهیدی هەردولایان شەهادەتی دا بەوە کە (مدعی)یەکەی ئەو عەینەی کریوە لەو کەسە سیهەمەو عەینەکەی وەرگرتو کریار قیمەتەکەی تەسلیم کرد ئەمە ئەگەر میژوویان جیاواز بوو حوکم ئەکری بەو شەهادەتە کە میژووەکەی پیشترە چونکە مەعلووماتی زیادەی لایەو ئەوی دوایی ئەگەر لە واقیعدا عەینەکەی کریبی ئەوە لەوکاتەدا کریویە کە عەینەکە لە مولکی کابرا دەرچووەو فروشتنەکەی بەتال بووە • بەلام ئیمامی (بلقینی) ئەوەی جیا کردووەتەوە کە ئەگەر (مدعی) ئیدیعای فروشتنی دوایی بکا لە ماوەی خیاری فروشتنە پیشووەکەداو شاهید شەهادەتی لەسەر بدا ، ئەوە ئەم شاهیدی فروشتنی دواییە پیش ئەخریو کریاری یەکەم پارەکەی پی ئەدریتەوە • هەروەها ئەگەر شاهیدی دوایی تەعەروزی کرد بو ئەوە کە لەکاتی فروشتنەکەدا مولکی فروشیار بووە ، ئەوە هەر شەهادەتە دواییەکە پیش ئەخری •

خولاصه هەرکام لەو دوولایه شەهادەتی دا به مالیکیەتی فروشیار بو ئەو عەینه لەکاتی فروشتنەکەدا ، یاخود شەهادەتی دا بو کریارەکە که ئیسته مالیکی ئەو عەینەیه یا شەهادەتی دا به تەسلیم کردنی پاره به فروشیارەکەو شاهیدی ئەولا ئەمەی بەیان نەکرد ئەوه پیش ئەخری چونکه مەعلووماتی زیادەی لایه ، وه تعرض بو تەسلیمی قیمەت باعیثی تەسلیمی عەینەکەیەو شەهادەتەکەی‌تر باعیثی تەسلیم نی‌یه لەبەرئەوه که لەپیش وەرگرتنی قیمەتدا له کریار فروشیار حەقی حەپس کردن‌و راگرتنی عەینەکەی هەیه ٠

وه ئەگەر تەئریخیان جیاواز نەبوو بەم جوره هەردوو شەهادەتەکه موطلەق بوون ، یاخود یەکیکیان موطلەق بوو وه ئەویان تەئریخی دیاری کرابوو ، یاخود هەردوکیان تەئریخیان دیاری کرابوو به یەك تەئریخ ئەوه تعارض ئەکەن‌و هەردوکیان ئەکەون ٠ جا ئەگەر کابرای سیهەم ئیقراری کرد بو یەکیکیان ئەوه ئەو عەینه ئەدری بەوکەسه ٠ وه ئەگەر ئیقراری کرد بو هەردوکیان بەش ئەکری لەبەینیانا ٠ ئەگینا ئەوکەسه بو هەریەکی لەو دوو (مدعی)یه سویند ئەخواو عەینەکه لەدەستی خویا ئەمینیتەوەو هەر پارەیەکیان داوه بەو سیهەمه لەسەر شەهادەتی شاهیدەکان وەری‌ئەگرنەوه لی‌ی چونکه به شاهید ثابت بووه که وەری‌گرتووه ٠ وه تعارضی شاهیدەکان هەر به نیسبەت عەقدەکەوەیە، بەلام ئەمه وەختی وەهایه که تعرض نەکەن بو وەرگرتنی فروشراوەکە ، ئەگینا هەرکەسی که شاهیدەکان وتیان فروشراوەکەی وەرگرتووەو به خاوەن دەست ناسرا ئەوه شاهیدەکانی پیش ئەخرین‌و کەسیشیان حەقی نی‌یه داوای پارەکه له کابرای سیهەم بکات چونکه ئەو پارەیه دامەزراوە بوی بەهوی وەرگرتنی فروشراوەکەوه ٠

ئەگەر عەینیك لە دەستی یەکیکدا بوو ، وه دوو کەس دەعوایان

کردو هەرکامیان وتی ئەو عەینە مالی خوی بووەو فروشتوویە بەوکەسە بە دە دینار مەسەلاو داوای پارەکەی لی‌کردو شاهیدی لەسەر راست کردەوە ، ئەوە ئەگەر تەئریخی هەردوکیان یەکی بو تعارض ئەکەن‌و هەردوو ئەکەون • وە ئەگەر تەئریخەکەیان جیاواز بوو کابرای عەین بەدەست هەردو قیمەتەکەی ئەکەویتە سەر چونکە هەردو دەعواکە ئیحتیمالی ئەوەیان هەیە واقیعی بن • کەوابی پیویستە ماوەکە قابیل بی بو عەقدی یەکەم‌و گواستنەوە بو فروشیاری دووەم‌و عەقدی دووەم ، ئەگینا سویند ئەخوا بو هەردولایان‌و پارەی ناکەویتەسەر • هەروەها ئەگەر هەردوو شاهیدەکان موطلەق بن یاخود یەکیکیان بە موطلەقی ناوی هیناو ئەویان بەیانی تەئریخی کرد • وە لەم‌کاتەیشدا پارەی هەردولای ئەکەویتە سەر چونکە مادەم جیاوازی‌ی زەمانی موعامەلەکان‌و راستی‌ی هەردوو شاهیدەکە قابیلە ناکەون • ئەم مەسئەلەیە جیا ئەبیتەوە لە مەسئەلەی پیشوو بەوە کە قابیل نی‌یە عەینەکە لە یەك کاتدا ببی بە حەقی دووکەس ، کەوابی شاهیدەکان (تعارض) ئەکەن • وە لیرەدا مەبەست دوو قیمەتەکەیە ، وە (ذمە)ی شەخص قابیلی هەلگرتنی هەردوکیانە ، کەواتە واجب ئەبن ، وە شەهادەتی هەردولا لەسەر ئیقراری کابرا وەکو شەهادەتە لەسەر فروشتنەکان ، کەواتە هەردوو قیمەتەکە واجب ئەبی لەسەری • مەگەر تەئریخی هەردوو شەهادەتەکە یەکی بی یا زەمان ماوەیەکی‌وای نەبی کە قابیلی گواستنەوەکان بی ئەوە ئەو دوو قیمەتەی ناکەویتە سەرو بە دو سویند رزگار ئەبی •

باسی قیافەت

هەرچی بو شاهید شەرت بی بو قیافەت شوناسیش شەرتە • هەروەها ئەوەش شەرتە کە بەراوردکرابی ، مەسەلا کەسیك جاریك

منالیکی نیشان بدری لەناو چەند ژنیکا غەیری دایکی منالەکە ، وە جاری دووهەم لەناو چەند ژنیکا کە دایکی منالەکەیان لەناودا بی • جا ئەگەر لە هەردوو صوورەتەکەدا زانی بەوە کە ئەو منالە لەو ژنەیە ئەوە بە قیافەت شوناسی تەجرەبە کراو دائەنری •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە شەرت نی‌یە قیافەت شوناس زور بی ، هەروەها شەرت نی‌یە لە هوزی (بنی مدلج) بی •• جا ئەگەر دوو کەس ئیدیعای نەسەبی منالیکی مجهول النسب‌یان کرد ئەوە مندالەکە پیشانی قیافەت شوناس ئەدری • هەروەها ئەگەر دوو کەس شەریك بن لەوەدا کە هەردوو بە شوبهە چووبنە لای ژنیك‌و ژنەکە مندالیکی لی بووبوو ، جا ئەو دوو پیاوە بوو بە هەرایان لەسەر منالەکەو ، هەرکامیان بە منالی خویی ئەزانی ، ئەوە ئەو منالە لەگەل هەردوو پیاوەکەدا پیشانی قیافەت شوناس ئەدری‌و قیافەت شوناس بە منالی هەرکامیانی دانا حوکمی بو ئەدری • بەلی ئەگەر حەیض کەوتە بەینی چوونی ئەو دوو پیاوەوە بو لای ژنەکە ئەوە ئەو منالە ئەدری بە کابرای دووهەم ، مەگەر پیاوی یەکەم میردی ژنەکە بی‌و لە نیکاحی دامەزراودا چووبیتەلای ، ئەوە مندالەکە لەم حالەدا بو کابرای یەکەمە • لەم صوورەتانەدا فەرق نی‌یە لە بەینی ئەوەدا کە (مدعی)یەکان جیا بن لە موسولمانەتی‌و ئازادی‌دا یا وەك یەك بن •

ئەگەر دووکەسی قیافەت‌شوناس حازر بوون‌و یەکیکیان ئەو منالەی دا بە یەکی لە (مدعی)یەکان بەهوی ئیعتیباری شیوەیەکی ظاهیرو ئاشکراوەو ئەویان دای بە (مدعی)ی دووهەم بەهوی ئیعتیباری شیوەیەکی پەنامەکی‌ی واوە کە هەر قیافەت شوناسی زورزان ئەیزانی ، ئەوە منالەکە ئەدری بە (مدعی)ی دووهەم چونکە دەرئەکەوی کە ئەو قیافەت شوناسە زور زیرەکە لە قیافەت شوناسیدا •

(بزانن) هەر مەسرەفی کە بکری بو ژنی دووگیان بەهوی

سکەکەیەوە ، یا لەسەر ماڵی کە کابرای مەسرەف‌کەر بە ماڵی خۆیی بزانی ، وە لەئەنجاما ئەو سکە یا ئەو ماڵە بدری بە کەسێکی‌تری جگە لەوە کە مەسرەفەکەی بۆ کردووە ، ئەوە ئەم کەسە پێویستە ئەو مەسرەفە بداتەوە بەو کەسەی کە کردوویەتی ، چونکە کابرای مەسرەف‌کەر بە هیوای دەسکەوتنی ئەو ماڵە ئەو مەسرەفەی کردووە ٠

* * *

ئومێدەوارم بە میهرەبانی‌ی خودای میهرەبان ئەم کارەمان لە نامەی کاردا بە کردارێکی پاکو بێ‌گەرد بۆ بنووسی‌و بە لوطفی خۆی جەزای خێرمان بداتەوە ٠ سبحان ربك رب العزة عما يصفون ، وسلام على المرسلين ، والحمد لله رب العالمين

لە سایەی خواوە لێ‌بوومەوە لە نووسینی
بەرگی چوارەمی کتیبی (شەریعەتی
ئیسلام) لە چێشتەنگای رۆژی
یەکشەممە یازدەی مانگی شەعبانی
١٣٨٠ی هیجری ڕێکەوتی بیستو
نوی کانوونی‌دووهەمی ١٩٦١ی
میلادی، لە حوجرەی مەدرەسەی
مزگەوتی حەزرەتی شیخ
عبدالقادری گەیلانی
ڕەحمەتی خوای
لێ بێ لە شاری
بەغدا

بابەتەکانی ئەم بەرگە

بـابـەت	لاپـەڕە
باسی وەصـیـەت	٥
باسی مەرجەکانی قیصاص	١٧
باسی گورانی حالی جینایەت لی‌کراو یا جینایەت کەرەکە	٢٥
باسی شەرتی قیصاصی ئەندامو برین کردنو لابردنی هیز	٢٦
باسی چونیەتیی قیصاصو قیصاص وەرگر ، وە یەك‌نەکەوتنی میراتگرەکان لە قیصاص وەرگرتنو عەفوکردنا	٣٠
باسی جیاوازیی قسەی کابرای جینایەتکەرو کابرای موستەحەقی خوین	٣٦
باسی موستەحەقی قیصاصو قیصاص وەرگرو هەندی بابەتی‌تر	٣٩
چی لە جینایەتی عەمدەوە پەیدا ئەبی ؟	٤٦
باسی (دیـە)	٥٠
باسی (دیەی)ی برین کردن لە روخسار	٥٤
باسی ئەو ئەندامانە کە بژاردنی دیاریی‌یان هەیە	٥٩
باسی لابردنی هیز لە گیانی ئادەمیزاددا وە هەندی شتی‌تر	٦٥
باسی لابردنی کچیتی	٦٩
باسی ئەوەی کە حوکمرانی شەرع بریاری ئەدا بەرابەر بە هەندی برین	٧١
باسی هەندی لەو شتانە ئەکا کە ئەبن بەهوی واجب‌بوونی (دیـە)	٧٣
باسی ئەوە کە دوو کەس لەیەك‌بدەن وە هەندی شتی‌تریش	٨٥
لەیەك‌دانی کەشتی	٨٧
باسی چونیەتیی کەوتنی (دیە) لە ئەستوی کەس‌وکـار (عاقـلە)	٩٠
باسی بژاردنی حەقی منالیك کە لە سکی دایکیدا بکوژری	٩٢

لاپـەڕە	بـابـــەت
٩٤	باسی کەفارەتی کوشتن
٩٥	باسی ئیددیعای خوین‌و سویندی خاوەن حەق
٩٩	باسی قەســامە
١٠٥	باسی ئەو جینایەتانە کە ئەبن بەهوی قیصاص یا (دیە)
١٠٧	باسی هەلمەت هینان‌و بەرگری کردن
١١١	باسی روانین بو خیزانی خەلك
١١٢	باسی ئەو شتانە کە لە تەمی کردنەوە روو ئەدەن
١١٣	باسی هەندی دەسکاری کردن لە منالدا وە لە لەشی ئینسان خوی‌دا
١١٥	باسی زیان گەیاندنی حەیوان
١٢١	باسی پیشەوایەتی‌ی موسولمانان
١٢٤	باسی ئەوانەی کە یاخی دەبن لە پیشەوای موسولمانان
١٢٦	باسی پاشگەز بوونەوە (ردّە)
١٣١	باسی (زنــا)
١٣٥	باسی حەددی بوختان بە دەمەوەکردن (قذف)
١٣٧	باسی حەددی دزی
١٤٤	باسی هەندی شت کە بەسراون بە دزی‌یەوە
١٤٧	باسی شەرتی دز بو دەس برینی
١٤٧	دزی بە چی ئیسپات ئەکری
١٥٠	باسی ری‌گرو جەردە (قطاع الطرق)
١٥٣	باسی کەوتنەیەکی چەند حەددیك
١٥٤	باسی خواردنەوەو حەددی خواردنەوە
١٥٦	باسی تەعزیــر
١٥٦	باسی غەزاو ئەو شتانەی کە بەسراون بە غەزاوە
١٦٥	باسی پیاوو ژن‌و منداڵ‌و مالی کافران کــە بکەونە دەستی موسولمانان

بابەت	لاپەڕە
باسی (دار الاسلام)و (دار الکفر)و کوچ کردن لە (دار الکفر)ەوەو ، ڕاکردنی دیل	١٧٣
باسی ئەماندان بە کافران	١٧٤
باسی (جزیـە)	١٧٦
باسی ئەندازەی (جزیە)	١٧٩
باسی ئەو واجبانە کە لەپاش عەقدی (جزیە) پەیدا ئەبن	١٨٠
باسی صولح لەگەل کافراندا (هدنە)	١٨٣
باسی پیشبرکە (مسابقە)و تیرئەندازی (مفاضلە)	١٨٥
باسی سویند خواردن (ایمان)	١٩٠
باسی کەفارەتی سویند	١٩٣
باسی سویند لەسەر دانیشتنو ، لەگەل دانیشتنو هەندی شتیتر	١٩٤
سویند لەسەر قسەکردن	٢٠٤
باسی سویند لەسەر خواردنو خواردنەوە	٢٠٥
باسی هەندی صوورەتی جیاجیای سویند	٢٠٩
باسی سویند لەسەر موعامەلەو عەقد	٢١٤
باسی داوەری	٢١٨
باسی حەکەم دانان (تحکیم)	٢٢١
باسی هەندی ئەحوالی قاضی	٢٢٣
باسی ئادابی قەضاوەت	٢٢٥
باسی هەندی لە ئادابی قاضی	٢٢٧
باسی قەضاوەت لە سەر کەسی کە خوی حازر نەبی	٢٣١
باسی حازریو ناحازریی ئەو مالەی کە ئیدیعای ئەکری	٢٣٦
باسی مەسافەی حازر نەبوونی (مدعی علیە)	٢٣٨
باسی دابەشکردنی مالی کە تیکەل بی	٢٤٠
باسی شەهادەت دان	٢٤٨
باسی شەهادەتی خورایی (حسبی)	٢٥٤

بابـــەت	لاپـەڕە
باسی ژمارەی شاهید لە شەهادەت‌دانا	٢٥٧
باسی شەهادەت لەسەر بیستن	٢٦٣
باسی هەلگرتنی شەهادەت	٢٦٨
باسی شەهادەت لەسەر شەهادەت	٢٦٩
باسی پەشیمان بوونەوە لەسەر شەهادەت	٢٧٣
باسی ئیددیعاو شاهید	٢٧٦
باسی جواب‌دانەوەی دەعوا	٢٨٧
باسی چونیەتیی سویندو دەستووری سویند	٢٩٥
باسی ئەوە کە شاهید لە دوولاوە بەرانبەری یەك بن	٣٠٥
باسی یەك‌نەکەوتنی قسەی (مدعی)و (مدعی علیه) لەبارەی عەقدەوە	٣١٤
باسی قیـافـەت	٣١٧

هەرکەس شوبهە لە بابەتیکی ئـەم کتیبە بکا ، بـا بگەریتـەوە سـەر شاکتیبەکانی فیقهی شافیعی . جا ئەگەر بوی دەرکەوت ئیمە بەهەلـەدا چووین با هەلەکە لای خوی راست‌کاتەوەو ئیمەش ئـاگادار بکا ، چونکە کەس نیە هەلە نەکاو ، پیشەکیش سوپاسی زوری ئەکەین ؟

ستوونی چەوت و راست

تکایە بەر لە خویندنەوە ئەم هەلانە راستکەنەوە

لاپەرە	دیر	چەوت	راست
٥	٢	خویەوە	خوی
١٧	٨	کافریکی	موسولمانیکی
٢٧	١	داهیە	دامیە
٨٧	١٥	وارکەسە	چوارکەسە
٩٤	٤	مالە	منالە

ئەم هەلانەش لە بەرگی دووەمدا راست نەکراونەتەوە تکایە راستیان کەنەوە

لاپەرە	دیر	چەوت	راست
١٩	٢١	مەرو بزن	مانگاو بزن
٤٤	٢٣	ئەو مالە شتیك	ئەو مالەی کە سەلەمی تیدا کراوە شتیك
٥٥	٢٣	کریارە	کریارەی
٥٦	٢	نەکردبی	کردبی
٦٠	٥	دەرنەکردبوو	دەرکردبوو

هەروەها لە بەرگی سیهەمیشدا ئەم هەلانە هەن و راست نەکراونەتەوە ، تکایە راستیان کەنەوە

لاپەرە	دێر	چەوت	راست
٤٢	٨	بەشەکانیان	بەشەکانیان ، تەنها ژن و میرد نەبی
٥٢	١٠	مامی فلانکەس	فلانکەس
٥٤	٨	دایکی باوکی باوك	دایکی باوك
٦٣	٦	دایکییەکان یەك ژن بوون	دایکییەکە یەك ژن بوو
٦٧	١٤و١٥	نیوە شەشە	نیوەی باقی شەشە
٦٨	٧	پازدە	پازدە
٧٩	١٣	میسالی دووەم	میسالی یەکەم
٧٩	١٤	بی ، مەسەلا یەکیك بە شوبهە بڕواتە	ــــــ
٧٩	١٩	لای کچی	کچی
٨٠	١٠	بەتەنها	تەنها بە
٨٤	٩	چوار بو باوکەکەو	چوار بو باوکەکەو حەفدەی ئەمینیتەوە . جا ئەگەر سکەکە دوو کچ یا زیاتر بوو ئەوە شازدە سەهم بو ئەوانەو سەهمی بو باوکەکەیە بە تەعصیب . وە ئەگەر کچی بوو ئەوە دوازدە سەهم لەو حەفدەیە بو ئەوەو باقی بە تەعصیب بو باوکەکەیە ، وە لە غەیری ئەم صوورەتانەدا هەرچی مایەوە خواه یەك کور بوو یا زیاتر یا کورو کچ بن ، یاخود عەولی

لاپەرە	دیر	چەوت	راست
			پیویست بی وەکو ئەوە کەسی بمری باوکو دایکو ژنیکی دووگیانی لی بەجی‌بمینی ، لیرەدا بریار ئەدەین سکەکە دوو کچە ، وە بە ئیعتیباری (ثلثان) بو ئەوانو (ثمن) بو ژنەکە مەسئەلەکە لە بیستو چوارە ، عەول ئەکری بو ژنەکەو هەشت بو باوکو دایکەکە یەکی چوار ، وە شازدە ئەمینیتەوە
٨٤	١٦	لەگەل کچا ،	کچا ، ئەوە حەقی خویانە وەری‌بگرن بە تەعصیب
٨٤	١٦ـ١٩	ئەوە دیسان مەسئەلە لە بیستو چوارە وە لەو شازدە بەشە هەشت‌یەکی ژنەکەو شەش‌یەکی باوکو دایکەکە تەواو ئەکەینو ئەوی‌تری ئەدەین بە ئەولادەکانی بە تەعصیب ٠	
٩١	١٥	باوکی‌و دایك	باوکی‌و دایکی
٩١	١٧	دایکەکەیش شەش‌یەك ئەبا کە یەکە	———
٩١	٢٩	لە حەوت بەش	لە شەش سەهمی حەوت بەشی
٩٣	٢٤	شەش‌یەکی	شەشی
٩٤	٢٣	هەیەو	نی‌یەو
٩٧	٢٢	چوار	شەش
٩٧	٢٣	هەشتاو	شەصتو

لاپەرە	دێر	چەوت	ڕاست
١٠٠	٤	بێ	بێ
١٠٩	٤	مەسئەلەی یەکەمدا	مەسئەلەی یەکەمدا ، وە لەکاتی (تباین)دا ضەرب ئەکری لە تەواوی بەشی مردووی دووەم لە مەسئەلەی یەکەمدا
١٠٩	١٠	باوکی	باوکیو دایکی
١٠٩	١٣	باوکییەکە	باوکییەکەو یەکیکی بو خوشکە دایکییەکە
١١٠	٥	خوشکە باوکییەکان	خوشکە دایکیو باوکییەکان
١١٣	١٣	تیایدا بوی	ــــــ
١١٤	٦	رادەەی	رادەی
١١٥	١٩	باورە	باوەر
١١٨	١٩	پی پیچ	بی پیچ
١٢١	٢٣	دوام	داوم
١٢٣	١١	زیرینی کچم	زیرینم
١٢٣	١٧	ئەبی	نەبوو
١٣٢	١٤	بەلام	وە
١٤٣	٧	ئەبی	نەبی
١٤٤	٨و٩	وە هەر ئافرەتیک شیری باوکو دایکی بە نەسەب یا بە شیر خواردنی توی خواردبی	ــــــ
١٤٥	١٠	نەویش	ئەویش
١٤٨	٢٣	ئافرەتەکە	ئافرەتەکە یا بەهوی مولکیەتەوە
١٤٩	٦	ئەگەر کەسیك بە شوبهە چووەلای	ئەگەر دووکەس بە شوبهە چوونەلای
١٦٩	٧	ئاموزایەتی	ئاموزازایەتی

لاپەرە	دێر	چەوت	ڕاست
١٨٨	١٩	لی‌نابا	لی‌نابا ، وە لەپیچەوانەکەدا بەپیچەوانەیە
١٨٨	٢٠	کچەکەی	کچەکەی با کچەکەش بلی درویە
١٩١	٢١	ناو هاوکووف	ناهاوکووف
١٩٧	٦	هەیە	هەیە دوای ئیذن درانی بو نیکاح کردن
٢٠٠	١٦	گوی	گوی‌ی
٢٠١	١٤	ئەگەر	وە ئەگەر
٢١٠	٨	پینجیان	سی‌یان
٢٢٢	٥	پی‌بدا	بدا
٢٢٧	٦	ئەبی	ئەبی کە لەپیشاکراوە
٢٢٨	٥	ببری‌و	ببری‌و دانانی حەقە مارەیی عائید بە وەلی‌ئەمر نەکردبی
٢٣١	١٤	دانراوەکەی	دانەنراوەکەی
٢٣٢	١٦	بی	نەبی
٢٣٥	٢٣	مارەیی	(مهر المثل)ی
٢٤٠	٦	بە ئیذنی	بەبی ئیذنی
٢٤٣	١٩	ئەکاو	ئەکا
٢٥٨	١٦	نجاتە	بخاتە
٢٥٩	١٢	وەکیلی پیاوەکە ، وە	وەکیلی کابراکە
٢٦٨	١٤	ئەبوو	نەبوو
٢٧٥	٨	با	یا
٢٨٣	١٥	لەسەر بی	لەسەرە
٢٨٤	١١	وەوە	وە
٢٨٥	٨	نەداتەوە ژنەکە نەتوانی	نەداتەوە ژنەکە ئەتوانی
٢٨٧	٢٢	دەینارم	دە دینارم

لاپەرە	دێر	چەوت	راست
٢٨٨	٥	پارەکەی پیبدا	پارەکەی لە مالی خوی پیبدا
٢٩٦	١٨	بەلام	یا زوری پینەچوو بەلام
٣١٦	١٠	ئەیدا بە	ئیددیعای ئەکا لە
٣٢٠	٢٠	خوی‌و خوی‌و خوای	خوی‌و خوای خوی
٣٢٨	١٣	وەك ئەو	ئەو
٣٤٠	٥	بووەو	لە قسەی کابرادا بووەو
٣٤٢	١٩	بووەنەوە	بوونەوە
٣٥٦	١٦	بە ژنی	بە دوو ژنی
٣٥٧	١٩	تەرتیب	تەرتیبی پیشوو
٣٦٠	٢٣	هاتەوە	هات
٣٦٣	٢٢	پاکی‌یەوە	پاکی‌یەوەیە
٣٦٥	١	تەلاقیکی	تەلاقی
٣٦٥	١٣	نەچووبیتە	چووبیتە
٣٦٦	٦	مەسلەحەت	مەسلەحەت وە تەلاقی ژنی نابالغ‌و تەلاقی (مولی)
٣٦٨	١	عمیر	عویمر
٣٦٨	٥	عمیر	عویمر
٣٧٢	١٥	بو عەهد بی	بو عەهدی شەرعی بی
٣٧٤	١٧	وسلم ـ و	وسلم ـ و زەمانی خەلافەتی ابو بکرو عمردا
٣٨٢	٢	لەپیشەوە	لە دواوە
٣٨٩	١٦	چووە	چووبووە
٣٩٦	١٩	سیازدەیە	یازدەیە
٣٩٧	١٠	ناکا	ناکا
٣٩٧	٢٢	نابی	نەبی
٤٠٠	١٩	زەراعەتەکە	زەراعەتەکە
٤١٦	١٢	خوینی	خوی بی

لاپەرە	دێر	چەوت	ڕاست
٤٢٩	١٤	چوار کەس بن	چوار مامان بن ، یا دوو پیاو یا پیاویکو دوو ژن بن،
٤٣٨	٧	بە (ظهار)	بە (ظهار)و بە (ایلاء)
٤٤٢	١٨	شوبهاندنە بەمانەو	شوبهاندن بەمانە
٤٥١	١١و١٢	هەرگیز نەگەوتووەتە حەیزەوە	لەمەوپیش حەیزی بووبوو ، وە ئیستە ئەو حەیزەی لەبەر نەخوشی یا هویەکی تر نەمابوو
٤٥٨	٦	ئەوەو	ئەوە
٤٥٨	٧	زەیسانی	زەیسانیو
٤٧٠	٧	شتیوا ٠	شتیوا ، مادەم ژنەکە لە هوزیك نەبی کە دەستووریان وایە ئەو شتانە بو خو ئەکەن
٤٧٤	٢١	قەرزی	فەرزی
٤٧٧	٥	وە ئەگەر لە میرات	وە ئەگەر لە نزیکیدا یەك بوون بەلام لە میرات

لــه بازارایه :

جواهــر الفتــاوی

به سی بەرگ

ئەو فتوا شەرعی‌یانەن کە زانا بەناوبانگەکانی ئەم سەدانەی دوایی کوردستان بلاویان کردوونەتەوە • لەلایەن نووسەری ئەم کتیبەوە کوکراونەتەوەو ریکخراون •

بــەم نزیکانە :

(١) دیوانی فەقی قادری هەمەوەند

(٢) دیوانی نالی

(٣) دیوانی سالم

لەگــەل لیکدانەوەو لەسەرنووسینی دانــەری

ئــەم کتیبەدا ، دوابــەدوای یــەك دەرئــەچن

١٩٧٢ ساڵی کتێبە
لە نێو دەوڵەتانی جیھانا

لە نامەخانەی نیشتمانیی بەغدادا ژمارەی ٣٤٠ی ساڵی ١٩٧٢ی دراوەتێ

(٣٠٠٠) ١٥/٦/١٩٧٢

نرخی (٧٥٠) فلسە